

# حوسێن بەفرین بە تووڕەیی نامەیەک ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات



# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

www.bedrxan.net
Facebook: دەزگای بەدرخان
bedirxanpp@gmail.com

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی رووناکبیری گشتییە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم

**دیاری رۆژنامەی بەدرخان لە یادی (١١٧) ساڵەی رۆژنامەنوسی کوردی**
**وێنەیەکی بڵاونەکراوەی مام جەلال (پیرۆت)**
ل٢٣

## بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە ١١٧ ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی و ١٧ ساڵەی دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا

**ڕۆژنامەنوسانی ئازیز**



تێپەڕبوونی (١١٧) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی (کوردستان) مێژوویەک و شانازیەکی گەورەی گەلی کوردە، دەکرێت وەکو ڕێنیسانسێکی، نیشتیمانی و میدیایی کوردی سەیر بکرێت. لەپاڵ ئەوەشدا دەستکەوت، ئەزموون و ئەفراندن. و لایەنە گەش و پرشنگدارەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەمڕۆمان. درێژەی هەمان کاروانی کوردستان و میقداد مەدحەت بەدرخان و سەدان قەڵەم و نووسەر و ڕۆشنبیری شەهیدو و مێژووی خەبات، تێکۆشانی سیاسی، میدیایی، کلتوری و فەرهەنگی ڕابردوو و ئێستایە.

هاوکات لەگەڵ (١١٧) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی و (١٧) ساڵەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. ئەرک و کارو ڕۆڵی نیشتمانی، میدیایی ئێوە و ئێمە، قورستر و گەورەتر دەبێت. چ لە ڕووی بەرپرسیارێتی میدیاییەوە. کە دەبێت مامەڵەی بەرپرسیارانە لەگەڵ ڕوداو، هەواڵ و پێشهاتەکان بکەین، یاساو ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەبەرچاو بگرین. چ لە بواری نیشتمانی، میدیا ببێتە فاکتەری پێداگری لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان، یەک گوتاری و ڕوو بەڕوو بونەوەی مەترسیەکان، بەتایبەتی لەکات و ساتێکی وەک ئێستادا. کە لە لایەن گروپگەلێکی وەک داعش و هاوشێوەکانی کە هەڕەشەن لەسەر کۆی سیستمی سیاسی هەرێم و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان، ئازادی ڕاگەیاندن و عەقیدەو بەیان و ڕۆژنامەنووسان، بۆیە ڕەنگە ئێستا لەهەر کاتێک زیاتر، میدیا ئەرک و بەرپرسیارێتی بکەوێتە سەرشان.

لە ئێستاو لەم هەل ومەرجەدا، زیاتر لە هەر کارێکی تر میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردی بەهەموو ئایدیا، بۆچوون و دەربڕینێکەوە، بە هەموو ڕەنگ، بۆچوون، زمان و پەیامێکەوە. پێویستیمان بە هاوهەڵوێستی و یەکگرتوویی گوتاری کوردی هەیە، کە هەڕەشە و مەترسیەکان ڕونبکرێتەوە، میدیاکانی کوردستان هاوشانی سەنگەر و بەرخودانی هێزی پێشمەرگە، ڕۆڵی ئەفراندن و هۆشیاری فکری تاکەکانی کۆمەڵگا ببینن. کە دڵنیایین زۆریان کردوو کەمیان نەوتووە.

بەڵام سەبارەت بەڕەهەند و ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەری ئەرکی پەرلەمان، دادگاکان، حکومەت و دام و دەزگاکانیەتی، کە ڕێز لەپیشەی پیرۆزی ڕۆژنامەنوسان بگرن و کار بە بەند و مادەکانی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەری لە کوردستان و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری بکەن. مافە یاسایی، مادیی و پیشەییەکیان دەستەبەر بکەن. تا ئەوپەڕی ئازادی و دور لەهەر سانسۆرێک فەزای ئازاد فەراهەم بکرێت، پێویستە کەیسەکانی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەدۆزینەوەی بکەرەکانیان، ببرێنە بەردەم دادگاو سزا بدرێن، بەدواداچوون بکرێت، بۆ ڕاپۆرتە زۆرو زەوەندەکانی لیژنەی داکۆکی. لە بەرامبەردا ڕۆژنامەنوسانیش دەبێت پابەندی ئەو یاسایانەو ئەرکە پیشەییەکانی خۆیان بن. واتە هەردوولا بە بەرپرسیارێتییەوە دەتوانن تەواوکەری پرۆسەکە بکەن.

سەرەڕای ئەوەی لە پێشوو ڕامانگەیاندووە، کە سەندیکا سەکۆی کۆبونەوەی هەموو ڕۆژنامەنوسانە، بە جیاوازی ئایدیا، ڕەنگەکانەوە و داکۆکی سەرسەختی هەمیشەیی ئەوان بووە و دەبێت. لە ئێستاشدا سەرەڕای خزمەتکردنی ڕۆژنامەنوسان بە مافی ئەندامێتی، دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥) و یاسای ماف و بەدەستهێنانی زانیاری، ڕاپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، الاحفی، یاسای خانەنشینی، ڕاژەو خزمەت بۆ ئەندامانی، کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر چەتری خۆیدا. هاوکاریان، خول و پڕۆژەو ڕاهێنان، جەختکردنەوە لەسەر کارکردن بە گرێبەست لە نێوان رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن، وەرگرتنی زەوی، ئەندامبوونی لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسان نێودەوڵەتی (IFJ) وەکو یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی بێ دەوڵەت، لە ئاستی جیهاندا، بەشداری لەزۆربەی کۆڕ و سیمینارەکان لە مەحفەلی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. کە بێگومان هەموو ئەو دەستکەوتانە ئەگەر کەمیش بن لەئاستی ڕۆڵ و قوربانیدانی رۆژنامەنووسان نەبن. بەڵام بەدڵنیاییەوە بەپشتیوانی و هەوڵی هەموو رۆژنامەنووسانی دەزانین.

لەپاڵ ئەوەشدا لە ئێستادا بۆ پاڵپشتی یاسا و کارەکانی ڕابردووی، سەندیکای رۆژنامەنووسان (مانیفێستی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)دا ڕایگەیاندووە، بەڵام دیسان ئەم یادە بەرز ڕادەگیرێت و خوازیارە ساڵیادی رۆژنامەگەری ئەمساڵ ببێتە سەرەتایەکی باشتر لەرابردوو بۆ میدیایەکی نیشتیمانی، نەتەوەیی و یەکگوتاری لەبەرامبەر هەموو مەترسییەکان، سەرەڕای تێڕوانینە جیاوازەکان، چونکە میدیایە کەدەتوانێت ئاشتەوایی نیشتیمانی، کۆمەڵایەتی سیاسی و بگرە کوردستانیش دروستبکات و ئیتر ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت لەسەر شتە بچوکەکان بوەستێت و دور بکەوێتەوە لەقۆناغی حیزبایەتی بەرتەسک و کارو روماڵی لۆکاڵی. پێویستە میدیای کوردی ببێتە میدیایەکی گلۆباڵ، پردی پەیوەندی، هەستی نیشتیمانی، ئازادیخوازی، عەدالەت و خۆشگوزەرانی، مژدەی ئایندەیەکی گەشدارتر و پڕ ئومێدتر بێت بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، کەبەقۆناغی دوای ڕاپەڕیندا، دەگاتە کۆنگرەی نەتەوەیی و تا بۆ یەکەمینجارە هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دژ بەداعش دەبنە بەرەیەک و ڕەنگدانەوەی گەورە و گرنگی هەبوو لە میدیای کوردیدا. هەروەک لەم پێناوەدا لەسەر کۆششەکانمان بەردەوام دەبین بۆ پێکەوەنانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری رۆژنامەنووسانی هەرچوار پارچەی کوردستان.

لە کۆتاییدا جەخت دەکەینەوە لەسەر میدیایەکی یەکگوتاری نیشتیمانی، بە ڕەنگ، روخسار و بۆچونی جیاوازو لێوان لێو لە دەستەبەرکردنی ئازادی و پراکتیزەکردنی چەمکەکانی ئیتیک، پیشە و بەرپرسیارێتی و ئەفراندنی فەزایەکی دیموکراسیانە بۆ سەرجەم میدیاکان، هەنگاونان بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی و پێدانی ئەو مژدەیە لە ڕێگەی کەناڵ و دەزگا و میدیاکانی هەموومانەوە بە خەڵکی کوردستان.

**پیرۆزبێت (١١٧) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی**

**ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان**
**٢٠١٥/٤/٢٢**

## لە یادی ١١٧ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی
## سڵاو لە مامۆستا گیو موکریانی یەکێ لە رابەرانی رۆژنامەنووسانی کورد



پاشکۆی گیونامە ل٢٨-٣٣




کەمال محێدین ئەسعەد ل٢



مەهاباد ئیبراهیم ل٢١



مستەفا شێخ محەمەد ل٧



چڕۆ شەهاب ل١١

# پرسی دەستور و سەرۆکی هەرێمی کوردستان



پارێزەر کەمال محێدین ئەسعەد

دەستوور لە ڕووی زمانەوانییەوە لەسەرەتادا ووشەیەکی فارسییە، بۆ یەکەمجار لە نووسراوێکی ئیسماعیل صەفەوی سەرۆکی ئێران کە بۆ سوڵتان بایەزیدی عوسمانلی نووسیوە لەم نووسراوە ووشەی دەستووری بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی سوڵتان بایەزید ڕێگەی ئێرانییەکان بدات لە قەراغەکانی ڕووباری ئەڵوەند کشتوکاڵ بکەن، واتە لەم نووسراوە دەستوور لە جیاتی ڕێگەدان بەکار هاتووە، واتە دەستوور بەمانایی ڕێگەدان یان روخسەت یا ئیزن دێت بەو جۆرە ووشەی دەستوور کەوتە ناو زمان وئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانلی و پاشان ئەو ووشەی دەستوورە کەوتە ناو زمانی عەرەبی و لەوێشەوە گەیشتە ناو زمانی کوردی تا ئەمڕۆش زۆرێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوور ئەم ووشەیە بەکار دێنن لە جیاتی ڕێگەدان یاروخسەتدان وەک یەکێک بە هاورێکەی بڵێت دەستوورم پێ ئەدەیت ئەم کارە بکەم یان قسە بکەم، لە زمانی فەرەنسیش بەمانای دروستکردن یان پێکهێنان دێت، بەڵام دەستوور لە ڕووی پێناسەی سیاسی ویاسایی بریتییە لە زنجیرەیەک دەق و بەندی زۆر بەرزو بەهێز بۆ دانانی نەخشە ڕێگای دروستکردنی هەر کۆمەڵێک کە لە خێزانەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە تایفەو هۆز و نەتەوەو گەل و پارتە سیاسی و ئایینی و حکومەت و دەوڵەت... دەتوانم بڵێم تاکەکانیش پێویستیان بە دەستوور هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تایبەتی خۆیان.

**دەستوور واتە ئەو دەق و ماددانە لە ڕووی دانانیان دوو جۆرن:**

١-دەستووری نووسراو: کە بریتییە لە داڕشتن و چەسپاندنی دەق و بەندەکان لە دیکۆمێتێکی نووسراو و ڕوون و بێ پێچ و پەنا، کە لەلایەن پسپۆرانی یاسایی و سیاسی پلە بەرز پەسەند ئەکرێت و دواجاریش ئەخرێتە بەردەستی میللەت لە ڕێگەی ریفراندۆم دەنگی لەسەر ئەدرێت پاش پەسەند کردن و ڕاگەیاندنی بۆ ماوەی سی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژنامەی فەرمی دەوڵەت میللەت و حکومەت پابەند دەبن بە هەموو دەق و بەندەکانی.

٢-دەستووری نەنووسراو: ئەم دەستوورانە پێیان دەوترێت دەستووری عورف و عادەت واتە (الدستور العرفی)وەک دەستووری ئینگلیزی کە پشتی بەستووە بەو بۆچوون و ڕەزامەندی و هەڵبژاردەو شکۆدارییانەی کە میللەتی ئینگلیز ڕێزیان لێدەگرێت و پەیڕەویان ئەکات واتە ئەم جۆرە دەستوورانە بە قۆناغەکانی دەستووری نووسراودا نا ڕۆن و لەناو دیکومێنتێکیش نەنووسراونەتەوەبە هاسانیش هەموار ناکرێتەوە، بۆ وێنە سەدەها ساڵە میللەتی ئینگلیز دەستەو دوعا وەستاون بۆ ڕێزگرتن و خۆشەوستی بۆ شاژنی خۆیان و سیستمی شاهانیشاهی وڵاتەکەیان.

**دەستوور لە ڕووی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەیی دوو جۆرە دەستوورن:**

**یەکەم/** دەستووری جامد (الدستور الجامد) ئەم چەشنە دەستوورانە بە ئاسانی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەیی بەسەردا ناکرێت بەڵکو زنجیرەیەک کۆسپ و مەرجی جۆراوجۆری بۆ دانراوە تا هەمواردەکرێتەوە یا گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت.

**دووەم/** دەستووری (المرن)واتە دەستووری نەرم، ئەم چەشنە دەستوورانە گۆڕانکاری و هەمواركردنیان سووک و ئاسانە پێویستە بەو قۆناغە دوورو درێژ و توندانە نییە وەک بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری جامد پێویستە بۆیە ئەگەر لە دەستووری (المرن) دەقێکی یاسایی بەپێچەوانەی دەقێکی دەستووری (المرن) دەربچێت ئەوا دەقە یاساییەکەی جێ بەجێ ئەکرێت و دەقە دەستوورییەکە هەموار دەکرێتەوە بەبێ بڕیاری تایبەتی بۆ ئەو هەمواركردنەوەیە.

بیرۆکەی دانان و سەروەریی دەستوور لە بیرمەندەکانی شارەزا لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە چەرخەکانی ١٧ و ١٨ئەوروپایی پەیدا بووە، بەڵام ئەم بیرۆکانە نەکەوتنە مەیدانی پەیڕەو کردن و گەڵاڵەکردنیان تا شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە مادەی ٦ی دەستووری ئەمریکا هاتووە و ئەڵێت: (ئەم دەستوورە بەرزترین یاسایە بۆیە هەموو ئەو یاسا و پەیمانە دەوڵەتیانەی دەسەڵاتانی ئەمریکا واژۆی لەسەر ئەکات ئەبێ گونجاو بن لەگەڵ دەستوورەکەو هەموو دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانی ئەمریکا پابەندبن بەم دەستوورە ئەگەر لەگەڵ دەستووری هەرێمەکانیش گونجاو نەبێت).

هەروەها لە دەستووری یەکێتی سۆڤیەتی رووخاو مادەیی ١٧٣ئەڵێت: (دەستووری یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٧ هێز و دەسەڵاتی لەسەرەوەی هەموو یاساکانی وڵاتە). هەروەها دەستوورەکانی ئەرووپاش.

کەواتە دەستوور لە سەروی هەموو یاساو رێساو بڕیارو ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتە کە مافەکانی حاکم و مەحکوم دەستنیشان ئەکات لەگەڵ چۆنییەتی دروستکردنی دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاودێرکردنی ئارامی و کامەرانی هەمیشەیی بۆ گەل و نیشتیمان، بۆیە دەستوور ئەو ستوونە گەورەو بەهێزەیە کە دەوڵەت لەسەری ڕادەوەستێ، واتا بەبێ دەستوور ژیان بەردەوامی نابێت لە هیچ شوێنێک.

سەد مخابن کە ماوەی زیاتر لە ٢٢ ساڵە خاوەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانین و سەرۆک هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، بەڵام ستوونە بەهێزەکەمان نییە تا لەسەری بووەستین و گەشە بکەین ئەویش نەبوونی دەستووری هەرێمی کوردستانە.

بەڵێ هەوڵدراوە بۆ دانانی دەستوور بەڵام بە بیانووی لاوازی جۆراوجۆر دەستوورەکە لە دایک نەبووەو هەموو هەوڵەکان چەقیان بەستووەو تازە بە تازە ڕەشنووسی دەستوورێکمان گەڵاڵە کراوە بەڵام نەکەوتۆتە قۆناغی پەسەندکردن و جێبەجێ بوونی لەبەر ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەری، ئەیانەوێت ئەم ڕەشنووسەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە هەمواربکرێتەوە، جا تەنانەت خوا ئەزانێ بە چەند ساڵی دیکە هەموار دەکرێتەوە و ڕووناکی ئەبینێت، بۆیە بەلای ئێمەوە فەریکە دەستوورێک باشترە لە نەبوونی دەستوورێکی تەواو گونجاو، چونکە فەریکە دەستوورە کە بە ئاسانی هەموار ئەکرێتەوەو لە نەبوونی دەستوور ڕزگارمان دەبێت.

خوێنەری بەڕێز لێرەدا بە ڕاشکاوانەو بێ دوودڵی و تەرەفداری ئەڵێم با فێڵ لە خۆمان نەکەین و هەر یەک لەلایەنە سیاسی و ئەیینی و پارتەکانی ناوەو دەرەوەی حکومەت با پێکەوە سەنگ و دەنگی خۆمان و ئەزموونەکەمان کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە بیزانین با دوژمن و نەیارەکانی گەلی کورد و کوردستان دڵخۆش نەکەین بە کێشە پەیداکردن و نا ئارامی و ئاژاوە نانەوە لە کوردستان با حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان بپارێزین لەو تیرە بارانکردنەی ناحەزانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان با بەم پیلان گێرانە بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستانمان قبوڵە بەهەموو ئەو کێشەو کەموکورتیانەی کە بەشی هەرە زۆری خۆمان لێیان بەرپرسیارین، بۆیە لە ئێستادا ووروژاندنی هەموارکردنەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان کە بە زەق و نهێنی مەبەستەکەی دیارە ئەویش کەمکردنەوەو سنوور دارکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان قبوڵی کردووە، کە ڕەنگە لەم دۆخەی ئەمڕۆ ببێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ دوژمنان و سەرکەوتنی پیلانەکانیان.

بەڵێ یانزە ساڵ زیاترە لەبەر چاوی ئەو لایەنانەی ناوەوە و دەرەوەی حکومەت و گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی دەسەڵاتەکانی خۆی پەیڕەو کردووە لەم ماوەیە زۆر کاتی گونجاو هەبوون کە داوای هەموارکردنەوەی ئەو ڕەشنووسی دەستوورە بکرێت بەڵام نەکرا، بۆیە لێرە لەو لایەنانە ئەپرسم ئەڵێم خێرە ئەمڕۆ لەو کاتە ناسک و دژوارو پڕ لە مەترسییە ئەم کێشەیە دروست ئەکەن، بە هەر کێشان و پێوانەیەک ئەم هەڵوێستە لێک بدەینەوە دەرئەکەوێت لە باشترین حاڵدا هەڵوێستێکی نا دروستانەیە بۆ گەل و نیشتمانەکەمان، خزمەتی نەیارەکانمان ئەکات، بەڵێ کەموکورتی زۆرن هەندێکیشی ڕەنگە کەمەرشکێن بن، بەڵام باوەڕتان هەبێت ئەم هەڕەشەو لێدوانە زبرو پڕ لە قین و دوور لە یاساو بەرژەوەندی گشتی و دواخستنی دەستوورێکی باش بۆ کوردستان نەک زۆر زۆر زەرەرمەندترن لە کەم و کورییەکانی ئێستامان بە نەبوونی دەستووریشەوە جگە لەوەش ئەبێتە هۆی بێ متمانەیی کۆمەڵانی خەڵک بە جوڵانەوەی ئازادی خوازانەی گەلی کورد و دابەزینی ورەی پێشمەرگە قارەمانەکانمان کە بە هەژاری و بێ موچەی شایستە بە ماندوو بوون و خۆ بەخت کردنیان لە پێناو پاراستنی سنوورەکانی کوردستان و دژی هەموو ئەوانەی چاویان بڕیوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان لەپێش هەموو شیانەوە ڕێکخراوە خوێن ڕێژەکانی تیرۆر بەسەرۆکایەتی داعشەکانی دوور لە ئیسلام و مرۆڤایەتی..

قەت نەم شاردۆتەوەو ناشی شارمەوە خۆشم لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەم کە نابێ یاسا بەزێن بین ناش بێ لە ڕێڕەوی دیموکراسیەت و یەکتر قبوڵ کردن و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی هێمنانەو مەدەنیانە دوور نەکەوینەوە،

> **خۆم وەک یاسا ناسێک ڕەنگە لە زۆر کەس زیاتر دژی بەزاندنی یاساکانم، بەڵام نابێ لە بیر یاساناسەکان و هەموو ئەوانەی نایانەوێ سەرۆکی هەرێم لە سەرۆکایەتی بمێنێ، ئایا کەسێکیان ئامادەن ببن بە سەرۆکی هەرێم لەم کاتە پڕ مەترسی و هەڕەشەی هەمەلایانەی لەناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ نەخێر کەسێک نییە، ئەگەر هەشبێ بۆی ناکرێت**



شنەی شاخ

رەهبەر سەید برایم

*** حاڵ گرتن!**

دوو پ.م دەچنە ماڵی قالە دێگەڵ لە شۆڕشی ئەیلول، قالە دێگەڵ خۆی دەروێش بوو دەروێشی شێخ محەمەدی گاپلێۆن بوو دەروێشەکانی شێخ محەمەدی سەیر بوون یەک بە تەماتەی تورە دەبوو دەروێشێکی دیکەی هەبوو بە باینجان، قالە دێگەڵیش بە شەش ناوان تورە دەبوو جنێوی دەدا، ئەو دوو پێشمەرگەیەش قالە دێگەڵیان وا تورە کرد بوو هەموو ناوەکانیان هێنا بوو (دێگەڵ، بانەلە، میاو، کێشامەوە، مام جەلال کەچەڵە، عومەر دەبابە عەرەبی نازانێ) قالە دێگەڵ ئیمانی نامێنێ لە تاوان حاڵ دەگرێ و زەرگەکەی لە گووپی خۆی دەدا دەرگایان لەسەر دادەخا، وا تورە دەبێت و دەڵێت هەر ئێستا داکتان دەگێم، هەر چەند هاوار دەکەن دەڵێن دەروێش قادر تۆبە لە ڕاهی خوای، وا دەترسێن لەبەری، قالە دێگەڵیش دەڵێ تۆبەی چی خەلاستان دەکەم و دایکتان هەر دەگێم یەک لە پێشمەگەکان خۆی لەبن لانکەکەی شاردبۆوە، یەک سەری لە کولانەکە نابوو وا تۆقی بوون، سەرەنجام حەمید ڕەشاش دەگاتێ و قالە دێگەڵ هێور دەکاتەوە، زەرگەکەی لە گوپی دەردەهێنێ، ئەوانیش وا تۆقی و نەما بوون، ئارەقەی ڕەش و شینیان کردبوو.

*** ڕادیۆ و تەسجیل!**

مامۆستا ئیبراهیم مسجلەیەکی بچووکی هێنا بوو، قالە دیگەڵیش تەسجیلی نەک دی بوو هەر نە بیست بوو، ڕۆژێک لە ئەشکەوتی مالومە بەسەرهاتێکی خۆش دەگێڕتەوە ئەوەندە بە جوانی و بە تام و خوێ باسی دەکات حەمید ڕەشاش و ئەسعەد ووشە بە ووشە بۆی تۆمار دەکەن، بە ئەسعەد دەڵێ کوڕە ئەسە لە بەینی خۆمان بێ کەس باسی نەکات و نەیگێڕیەوە کەس نەزانێ، ئیدی لە بنەبانی ئەشکەوتی مالومە دەبن، حەمید ڕەشاش دەڵێ کاتی ئێستگەیە ئەو ڕادیۆیە بهێنن، گوایە ڕادیۆ دەکەنەوە، حەمید ڕەشاش پت بە دۆگمەی تەسجیلەکە دەدا، مامۆستا ئیبراهیم لەوێ دەبێ، دەڵێ دەروێش قادر ئەوە دەنگی تۆیە، دەروێش قادر بە یەکێ لە پێشمەرگەکان دەڵێ «هەی دایکت بگێم» من بە نهێنی قسەم بۆ کردوون کوێرا دونیاتان تێ گەیاند و ناردتانە بەغدا قسەکەی من لێ بدەنەوە!!.

*** زەرزی و دەرزی!**

مامۆستا عەلی باپیر مەفرەزەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی بە چاوساغی مامۆستا محەمەدی زەرزی لە جادەی سەرەکی سلێمانی-دوکان دەپەڕنەوە، بەرەو گوندی زەرزی، (زەرزی) گوندێکە لە چەمی ڕەزان شوێنەواری (قزقاپان)ی لێیە کۆن و مێژوویە، پێشمەرگەکان ماندوو دەبن و هەر دەڕۆن و ناگەنێ مامۆستا محەمەد زەرزی خەڵکی ئەوێ بوو بست بە بست شارەزا بوو وەڕز دەبن بۆیە مامۆستا عەلی باپیر دەڵێ ئەرێ مامۆستا محەمەد زەرزی ئەوە چ بوو هەر نەگەیشتین، زەرزی مان لێ بوو بە داو و دەرزی!.

*** ڕێزی ترس!**

مراد ئەحمەد کوێخا حەوێزی شاخە پیسکەیی ناسراو بە مراد شاخە پیسکەیی بە دوو نازناو شیعری دادەنا (دیار و دڵپاک) نەوەی کوێخا حەوێزی شاخە پیسکەیی بوو، ماڵی لە گوندی شاخە پیسکە بوو دوکانێکی هەبوو لەوێ شیعری خۆش و قسەی خۆشی هەبوو، پیاوێکی خانەدان و ڕاستگۆ بوو، شیعرێکی لەسەر جاشان دانا بوو بەو شێوەیە:

ئامریە ئەڵێ بە جاش
لە بن بەرد و لەناو تەراش
دێکان تێک دەن هێواش هێواش
خوا کەریمە بۆ ڕۆژی پاش

ساڵی ١٩٨٥ تۆفیق قەیسەری فەرماندەی کەرتی تیپی ٩٣ی کۆیە بوو دەچێتە گوندی شاخە پیسکە لە دوکانی مراد شاخە پیسکەیی دەبێت مام مراد سامێکی لە تۆفیق قەیسەری دەکرد و لە ڕادەبەدەر ڕێزی دەگرێت و فەرموو فەرمووی لێ دەکات بۆ لای سەرەوە، تۆفیق قەیسەریش سەیری پێ دێت، مام مراد شاخە پیسکەیی پێی دەڵێت «وا مەزانە ئەوەندەم خۆش دەوێیت بەو خوایە بە قەد قاسماغای جاش لێت دەترسێم».



چونکە مێژوو دەری خستووە کە تاک ڕەوی و قۆرغکردنی دەسەڵات تا سەر بۆ کەس نابێت.
ئەو لایەنانەی هەموارکردنەوەی ڕەشنووسی دەستوورو ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەخەنە خانەی پر مەترسی دارو دروستبوونی ڕووداوی دڵ تەزێن و هەڕەشەی خوێناوی، ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە نەک خزمەتی خۆیان و میللەتەکەیان ناکەن، بەڵکو دڵە راوکێ و بێ ئومێدی و نائارامی ئەخەنە ناو میللەت و بازاڕ و خوێندنگاو دامەزراوەکانی وڵات شلۆق ئەکەن ە دوژمنیش دڵخۆش ئەکەن.
بەڵێ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم تەواو بوو، بەرامبەر چەند دەستکەوتێکی تەسکی کەسایەتی و حزبایەتی دووساڵیان بۆ درێژکردەوە بەپێشێلکردنی یاسا پێش دروست بوونی ناکۆکی نێوان بەغداو هەولێرو سەرهەڵدانی داعش و بڕینی موچەی کوردستان و هاتن و پەیدابوونی چەندین تیرۆرست و شانە خەوتووەکان لە کوردستان، پێش ئەم وەزعە ناخۆش و ترسناکە یاسایان بەزاندن ڕەوا بوو، بەڵام ئەمڕۆ یاسا بەزاندن کوفرو تاوانەو جێگای قبوڵ نییەو ئەبێتە بومە لەرزەیەک تەڕو ووشک بەیەکەوە ئەسوتێنێ، ئای کەوانییە!!!
خۆم وەک یاسا ناسێک ڕەنگە لە زۆر کەس زیاتر دژی بەزاندنی یاساکانم، بەڵام نابێ لە بیر یاساناسەکان و هەموو ئەوانەی نایانەوێ سەرۆکی هەرێم لە سەرۆکایەتی بمێنێ، ئایا کەسێکیان ئامادەن ببن بە سەرۆکی هەرێم لەم کاتە پڕ مەترسی و هەڕەشەی هەمەلایانەی لەناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ نەخێر کەسێک نییە، ئەگەر هەشبێ بۆی ناکرێت، واتا جێگای سەرۆکی هەرێم بەتاڵ ئەبێت، ئەوسا ئەبێ هەرێمێکی بێ سەرۆک و پێگەو کەسایەتیمان دا ئەبەزێت و هیچ یاسایەک ناکەوێتە قۆناغی جێبەجێ کردن و نوێنەرایەتی هەرێم دیار نابێ و پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەوەستن و ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە کار ئەکەوێت.
ئەوەندەی هەوڵمداوە لە قەیرانەکانی کوردستان بێ دەنگ بم، بەڵام لەم قەیرانە ناکرێت هیچ کورد پەروەرێک بێدەنگ بێ، چونکە ئەمە قەیرانی کێشە نییە دژایەتی فلان و فلان نییە بەڵکو ماڵ وێرانییە و تێکدانی هەرێمەکەیە بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانەو بێ تەرەفگیری ئەڵێم:
١-دانانی دەستوور و یاساکان لەلایەن میللەت دائەنرێن هەرکاتێ بەرژەوەندی گشتی پێویست بکات ئەم دەستوورو یاسایانە قابیل بە گۆڕان و هەموارکردنەوەن تا بەزاندن بە رەزامەندی پەرلەمان.
٢- لەبەر ئەوەی کە گومانم نییە لەوەی کە هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان پاڵێوراوی نییە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئەگەر هەر کەسێک خۆی پاڵاوت و بوو بە سەرۆکی هەرێم بێگومان ناتوانێت سەرکەوتووبێت لە کارەکانی چونکە ئەو کەش و هەوا سیاسیەی کوردستان و هێزی چەکداری حزبایەتی و نەبوونی (سیستمێکی دیموکراسی و هەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی ڕاستەقینە) و دەستی دەرەکی و بێ ئەزموونی میللەتەکەمان ڕێگرن لەم سەرکەوتنە.

**خۆزگە لەم کاتە ناسک و دژوارو پڕ مەترسییە سەرۆکە ئازاو زاناو زیرەکەکەمان (مام جەلال)ی بەرێزمان لەناو بایەو گرێی کوێرەکانی بەئاسانی بۆ کردباینەوە، دواجار ئەڵێم سازان بۆ بەرژەوەندی گشتی ئازایەتی و دڵسۆزییەو مێژوو ونی ناکات هیوادارم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشەنگ بێت لەم ئازایەتی و دڵسۆزییە کە هەمیشە پیشەی بووە**

٣- جا بۆ ئەوەی کورسی سەرۆکایەتی چۆڵ نەبێت و تووشی مەترسییەکانی بێ سەرۆکی نەبین بەپێویستی ئەزانم پەرلەمانی کوردستان لەماوەی یەک هەفتە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ ئەم پرسە بکات و پەردە لەسەر ڕاستییە شاراوەکان هەلگرێ و لەژێر تیشکی بیرۆکەی پێویستی و بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان و پەیڕەوکردنی ڕێبازە کۆنەکەی ڕۆمانی هەزاران ساڵ پێش ئێستا کە ئەڵێت سەلامەتی گەل و نیشتمان لەسەرووی هەموو دەستوورو یاساکانە ئەم بیرۆکەیە و بۆچونە ئێستا لە ئەمریکا و ئەڵمانیاو فەرەنسا پەیڕەو ئەکرێت و هەروەها هێگڵ و ئەهرنگ کە دوو پسپۆرو ناوداری ئەڵمانیان ووتویانە یاسا وەسیلەیەکە بۆ پاراستنی کۆمەڵ ئەگەر ئەو ئامانجە جێ بەجێ نەکات ئەوا پێویست ناکات سەرشۆڕی قانون بین. سەرۆکی ئەمریکا بەڕێز (لینکۆڵن) لەکاتی شەڕدا بەبێ ترس و دوو دڵی بەشێک لە بەند و دەقەکانی دەستووری ئەمریکای ڕاگرت لەپێناو بەرژەوەندی گەلی ئەمریکی هەروەها لە فەرەنسا لە مادە ١٤ی بەڵێننامەی ساڵی ١٨١٤ و کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیش لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨یش سوودیان لە تۆری (ضرورة القصوى)وەرگرتووەو بۆ بەرژەوەندی گشتی سنوورەکانی هەندێ دەق و بەندی دەستوور و یاساییان بەزاندووە. هەروەها ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆما لەکاتی دروستبوونی قەیرانە زۆر مەترسیدارەکان پیاوێکی ئازاو توندیان دا ئەنا لە جێگای سەرۆکی ئیمپڕاتۆرییەت بۆ چارەسەری ئەو چەشنە قەیرانە، دوای ئاسایی بوونەوەی کەش و هەوای وڵات سەرۆکەکەی پێشوو ئەگەڕێننەوە سەر کورسی دەسەڵات، واتە زۆر بە ئاسانی سەرۆکی هەرێم ئەتوانێ سوود لە باری نائاسایی کوردستان وەربگرێت بە رازامەندی پەرلەمانی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندی ڕاستەقینەی گەلی کورد و دروست نەبوونی بۆشایی سیاسی و وەستانی ژیان لە کوردستان بە هانا بردن بۆ تیۆری (ضرورة القصوى) لەپێناو بەرژەوەندی گشتی کوردستان، بەڵام ئومێد دەکەم لایەنە سیاسیەکان دوور بین ترو ووردبین تر و خۆشبین تر بن گرێکانی دەست نەخەنە ددانەکانیان و ژیرانە بەبێ مزایەدەی سیاسی و دڵراگرتنی ئەولا و ئەولا یان سوود گەیاند بە ئەجێنداکانی ناحەزان بۆ ئەوەی کێشەکان کەم بکەینەوەو ئەوەی کەمیش نەکرێتەوە بۆ کاتێکی گونجاو دوایان بخەین با هەموو کات و هەوڵ و تواناکانمان بخەینە خزمەتی بەرەکانی شەڕ و پاڵپشتی ڕۆڵە قارەمانەکانمان کەوا شەو و رۆژ گیان لەسەر دەستان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمان.
خۆزگە سەد خۆزگە لەم کاتە ناسک و دژوارو پڕ مەترسییە سەرۆکە ئازاو زاناو زیرەکەکەمان (مام جەلال)ی بەرێزمان لەناو بایەو گرێی کوێرەکانی بەئاسانی بۆ کردباینەوە دواجار ئەڵێم سازان بۆ بەرژەوەندی گشتی ئازایەتی و دڵسۆزییەو مێژوو ونی ناکات هیوادارم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشەنگ بێت لەم ئازایەتی و دڵسۆزییە کە هەمیشە پیشەی بووە، لە هەمان کاتدا هیوادارم جەنابی کاک مەسعود و حزبە سیاسی و ئاینییەکان و میدیا فەرمی و نا فەرمییەکان ڕێگا نەدەن چیتر ئەم رۆژگارە بەلای هەڵدێردا نەبەن ئەگینا هەموومان ملمان ئەشکێت و دوژمنان و شانە خەوتووەکان کەسەر بە صەدام حسێن و داعشەکانن گورزی خۆیان ئەوەشێنن و بەغداش پێشوازیان لێ ئەکات، لە هەموو جیهان سەرۆکێک نییە کە عەیاری ٢٤ بێت بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش عەیار ٢٤ نییە هەر حزب و لایەنێک یەکێکی عەیار ٢٤ی هەیە با خۆی بپاڵێوێت و بە دڵ و بە گیان دعایەی باشی بۆ ئەکەم دەنگی ئەدەمێ بەڵام یەکێک لە مەرجەکانی عەیار ٢٤ی ئەوەیە بتوانێ کارەکانی جێ بەجێ بکات و سەرکەوتنی مسۆگەر بێت.

**حاجی قادری کۆیی ئەڵێت:**
**حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ ئەپێوێ**
**گوێی لێدەگرن زەریفە دەنا بەڵا لە خۆتان**
**هەولێر ٢٠١٥/٤/١٦**



بۆچوون

حەسەن یاسین

# ناو و ناودێر

ناونانی هەر کەسێک، پاش لەدایکبوونی ئەرکی باوانە، بەڵام جاری وا هەیەباپیر، داپیر، یان کەسێکی نێو خێزان ئەو ئەرکەدەگرێتەئەستۆ.
لەنێو هەندێ خێزانی لای خۆمان ناونان بەگوێرەی تیرو پشکە، واتەلەنێو ئەندامانی خێزاندا، هەر ئەندامێک ناوێک لەسەر پارچەکاغەزێک دەنووسێ و دەخرێتەنێو تورەکەیەکەوەو پاش سەروبنکردن و باش تێکەڵاوکردنی کوتەکاغەزەکان، بچوکترین کەسی نێو خێزان، دەست دەخاتەنێو کیسەکەوەو ئەو کوتەکاغەزەی کەهاتەناو دەستی دەریدێنێ و هەر ناوێکی لەسەر نووسرا بێت، ئەو ناوەلەساوا تازەلەدایکبووەکەدەنرێت.
لەنێو خێزانی ئێمەدا، من و سەباحی برام، ناونانەکەمان بەو پرۆسەی تیروپشکەدا تێپەڕنەبووەو باپیرەمان ناویناوین، ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی کەئەوکات ئێمەلەنێو ماڵی گەورەدا دەژیاین و باپیر گەورەی ماڵ بوو!
پاش ئەوەی تیروپشک بوو بەنەریت بۆ ناونان لەماڵی ئێمەدا، باوکم، کەمەلایەکی رووناکبیربوو، مەرجی لەسەر هەر ئەندامێک دادەنا، دەبێ ئەو ناوەی دەینووسێ ناوێکی کوردی بێت، ئەگینا ئەگەر ناوەکەکوردی نەبێت، لەتیروپشکەکەشدا دەریشبچێت، ئەوا بەدەرچوو دانانرێت و نابێ بەناوی ساوا تازەکەمان، ئیدی خوشک و براکانم، بەو پرۆسەدیموکراتییەکوردا نەیەناودێرکراون.
بەداخەوەلەنێو کوردەواریدا بەشێک لەباوان، ئەرکی ناونانی منداڵەکانیان، کەلەئەستۆی ئەوانە، زۆر بەخراپی و بەشێوازێکی (لەداهاتوودا زیانمەند بۆ منداڵەکە) جێبەجێ دەکەن.
برادەرێکم باسی برادەرێکی خۆی بۆ کردم، گوتی فلان کەس ناوی گاوانە، واتەبەپێی ناوەکەی، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێ سایەو مایەی خێر بێت بۆ دەوروبەرەکەی خۆی، کەچی تا بینەقاقای لەنێو گەندەڵی و ساختەو درۆو دەلەسەنقوم بووە، پاش ئەوەی کوڕێکی بوو ناوینا (پاشا) ، ئێستا ئەو کوڕەبەستەزمانەبۆتەجێگەی تانەی خەڵک و دەڵێن کابرا خۆی شایانی گاوانی و شوانی نەبوو، کەچی دەیەوێ لەگەندەڵیدا کوڕەکەشی ببێ بەپاشا.. کێشەکەئەوەیەئەو کوڕەدوو جار ستەمی لێدەکرێ، جارێک لەلایەن باوکەگەندەڵەکەیەوە، کەبۆ کوڕەکەی بووەبەکێشەو ناوبانگێکی خراپی لکاندووەبەخێزانەکەوە. جاری دووەمیش ئەو کوڕەبەهۆی ناونانەکەیەوەستەمی لێدەکرێ کەناوی پاشای لێنراوەو هەندێ کەس بەهۆی باوکییەوەتانەلەویش دەدەن و پێیدەڵێن پاشای گەندەڵ.
برادەرێکیترم باسی باوکێکیدیکەی بۆ کردم. لەساڵی ١٩٦٣ پاش ئەوەی بەعسییەکان لە٨ی شوباتی ئەو ساڵەدا لەعیراق کودەتایان کرد و فەرمانڕەوایی عیراقیان گرتەدەست، هێزێکیان بەناوی حەرەس قەومی (پاسەوانی نەتەوەیی)یەوەپێکەوەناو ئەو هێزەبەشێوەیەکی دڕندانەهێرشی کردەسەر ناوچەهاوسنوورەکانی کورد- عەرەب، ئیدی باوکی لەساڵی ١٩٦٤ کوڕێکی دەبێ و ناویدەنێت بەور. باوکەکەبەئومێد بووەئەو کوڕەلەئایندەدا تۆڵەی کورد لەبەعسییەکان بکاتەوە، کەچی کوڕەی بەستەزمان زۆر دوور بوو لەو تەمەننایەی باوکی و پاشان لەچل ساڵیدا ناوەکەی خۆیشی گۆڕی و لە (بەور)ەوەکردی بە (عوسمان)!

# نارام سین و پەرستگای زەردەشتییەکان
# سەنگاو و قەرەداغ و دەربەندیخان، ئەنفال و مامەریشە!



محەمەد گۆران

هەموومان لەسەر شەقامی کەرکووک بەرامبەر پەیمانگای تەکنیکی شاری هەولێر کۆببووینەوە، ناوی خوامان لێهێنا و سواری سەیارە بووین، بەیانییەکی فێنک و بەهاری بوو، گەشتەکەمان بەنیازی بینینی قەرەداغ و دەربەندیخان بوو، چونکە زۆربەمان ئەو ناوچەمان نەبینی بوو.
هاوسەفەرانی گەشتەکەم، دکتۆر (شوان سلێمان) کە هەر بەخۆشی شۆفێربوو، هەر بەسەیارەکەی ئەویش (پرادۆ) چووین کە هەموو پێداویستییەکی سەفەری تێدایە، چەندینجاری دیکەش گوتوومە «سەفەری شوێنان هەر لەگەڵ دکتۆر خۆشە، لەدەرزی دروومان بگرە تاوەکو چادری خەوتنی شەش کەسی پێیە!». جگە لەدکتۆر هاوگەشتەکانی دیکەم ڕۆژنامەنووس (ڕەسول بەختیار) مامۆستا (ئەحمەد زراری) مامۆستا (هێرش نوری) بوون، نزیک بەکاتژمێر ٩ی بەیانی بەڕێکەوتین و لەڕێگای پردێ گەشتەکەمان دەستپێکرد. بەدەم قسەکردنەوە ملی ڕێگامان گرت، بەو بەیانییە جگە لەقسەی ئاسایی و باسکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژ، هێشتا کەس سەلیقەی نەبوو، سەربخاتە سەر ئەوەی دیکە!.
کاتێ گەیشتینە بازگەی شێراوە، هەر زوو بەدکتۆر شوانم گوت، «لەهاتنەوە بەو ڕێگایەدا ناهێینەوە، چونکە بۆ ماوەکی زۆر دەمانووەستێنن، لەچاوەڕوانی دەمانهێڵنەوە و لەناو سەیارە بێزار دەبین». بازگەکە لەچوونی خۆشە و تەنها بەڕێکردنە، بەڵام لەهاتنی بۆ ناو هەولێر وانییە و دەبێ ماوەکی زۆر لەڕیزی دوورودرێژی سەیارەکان بووەستیت.
لەپردێ لاماندا و هەندێ میوە و شتمان کڕی، وەک دەڵێن پردێ بەخاس و توور و تورشی و ماسی بەناوبانگە، بەڵام ئێمە هیچکام لەو شتانەمان نەکڕی!.
سواری سەیارەبووینەوە، پاشئەوەی کەرکووک و قەرەهەنجیر و چەمچەماڵمان ڕەتدا، دوبارە لەسەر ڕێگا لاماندایە چێشتخانەیەک و نانمان خوارد. ئیدی دوای نانخواردنەکە، هەرچەندە کاتژمێرێک زیاتری مابوو بۆ ژەمی نیوەڕۆ، هەستمکرد برادەران وردە دەستیان بەگاڵتە و قسەی خۆشکرد.
ئەو ناوچانەی ئێمە پێیدا ڕەتبووین، وابزانم هۆکارەکەی زیاتر ئەوەبوو کە نەچووینەوە ناو ئاوەدانی و هەر لەسەر شەقامی قیرتاو ڕۆیشتین، لەڕووی باڵەخانەی حکوومی و گۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و گوزەرانی خەڵکەکە، جیاوازییەکی زۆرم نەبینی لەگەڵ هەولێر، بەتایبەت کەرکووک، وا هەستدەکەم زۆرتر لەهەولێری دوای ٢٠٠٣ دەچێت، بەردەوام لەگۆڕانکاری و فراوانبوون دایە.

## سەنگاو و ریشە

لەسەنگاو لەبەردەم کتێبخانەی گشتی دابەزین و چەند وێنەیەکمان بۆ یادگاری گرت، پاشتر چووینە لای دوکاندارێکی منداڵ و پرسیاری ڕێگا و دوکانی قەسابیمان لێکرد، هەر لەماوەی ئەو چەند خولەکەی سەنگاوم بینی، هەستم بەماندوویێتی خەڵک و خاکەکەی کرد. ناوچەکە تاوەکو ئێستا بۆنی شەڕ و ئەنفال و شەکەتی و مەغدووری لێ دێت.
سەنگاو ناحیەیە، بەڵام فەرمانگەی ناحیە و پۆلیس و نفووس و بانکم نەبینی، بێگومان ئەو فەرمانگانەی هەمووی لێیە بەڵام لەخانوو و شوێنی بچووک دان و باڵەخانەی چەند نهۆمی نابینی کە لەدوورەوە سەرنجت ڕابکێشی!.
هەر لەناو بازارەکە چووینە لای پیرەپیاوەک کە تازە بەرخێکی کووشتبۆوە و خەریکی کەولکردنی بوو، کاتێ پرسیاری خێرەکەیم لێکرد؟ ئەوەی ئەو گوتی قازانجەکەی لەنێوان دە بۆ پانزە هەزاربوو! هەر بەدیارییەوە وەستابووم و بیرم لەوە دەکردەوە کەسوکاری بەرپرسەکان چۆن لەداهاتی ئەو وڵاتە دەخۆن و دەبەن، پیرەپیاوەکی حەفتا ساڵیش چۆن قووتی ژیانی پەیدا دەکات. سێ کیلۆ گۆشتمان کڕی و چەند وێنەیەکیشمان لەوێ گرت و ئەوجارە چووین بۆ مزگەوت و نوێژی نیوەڕۆمان لەوێ کرد.
مزگەوتەکە زۆر گەورەبوو، تازە دروستدەکرا و هێشتا بەفەرمی نەکرابۆوە، پیاوەک کە

**هەر لەسەر ئاوی سیروان پەرستگای زەردەشتییەکانمان بینی، چووینە ناوی و چەند وێنەیەکمان گرت، بەڵام کە سەیری پەرستگاکە دەکەی، زگت بەخۆت و زەردەشت و بەکوردیش دەسووتێ! شوێنەکە وەک هەوێز و تەویلە و خان وایە، مەڕومالآت و ڕەشەوڵاغ تەڕاتێنی تێدا دەکات**

خەڵکی ناوچەکە دیاربوو، گوتی ئەوە ماڵی خودایە، دەرگاکە بکەنەوە و بڕۆنە ژوورەوە. ئێمەش وامانکرد.
سواری سەیارە بووینەوە، بەدەم ڕێگاوە سەیری دەشت و درە ماندووەکەی سەنگاوم دەکرد، فەرهاد سەنگاوی و دەنگی گەلی کوردستان و مامەریشە و کەرتی چواری جەباریم لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەهاتەوە خەیاڵ، هەستم بەشوێنپێ و ڕاکەڕاکە و هەناسەی ریشە دەکرد لەو ناوچانە.
ڕابەری سیاسی لەکەرتەکەی مامەریشە، کەرتی چواری جەباری (هاوڕێ کرێکار) دەڵێ، سنووری چالاکی کەرتەکەی ئێمە لەکەرکووک و قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ و سەنگاو و قادر کەرەم و لەیلان بوو، بەڵام ئێمە بۆ شەڕ دەچووینە زۆر شوێنی دوورتر و هەندێجار تاوەکو بن سلێمانی دەڕۆیشتین. «کەرتەکەی ئێمە ناوی کەرتی چواری جەباری بوو بەفەرماندەی شەهید مامەریشە، سەر بەتیپی ٥٧ی سەگرمە بووین بەفەرماندەی ئازاد سەگرمە. ئەو سنورەی ئێمە هەمووی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، زۆر بەزەحمەت خەڵکی تێدا ڕزگار بووە».
هاوڕێ کریکار، دەشڵێ ئەو ناوچانەی ئێوە گەشتان بۆی کردووە، هەمووی سنووری تیپەکەی ئێمە بوو تیپی ٥٧ سەگرمە کە کەرتی چوری جەباریش سەر بەو تیپە بوو، ئەو ناوچە خەڵکی قارەمان و دلسۆزی زۆر لێیە، بەهەزاران شەهید و پەککەوتە و دەیان هەزار ئەنفالیان هەیە... «هەر لەو ناوچانە کەرتەکەمان ١٢٧ شەهیدی هەیە و تیپەکەمان ١٢٣٦ شەهیدی هەیە».
لەزۆربەی ئەو شوینانەی پێیدا ڕەتبووین، دابەزین و وێنەمان گرت، قۆپی قەرەداغ دیمەنەکی یەکجار دڵڕفێنی هەبوو، لەناحیەی (سێوسێنان) لەسەر مەزاری شەهیدانی کیمیاباران فاتیحامان خوێند و زۆرمان حەزکرد مۆزەخانەکەش ببینین کە تایبەت بوو بەکەلوپەلی شەهیدان، بەڵام چونکە ئەو ڕۆژە پشووبوو، دەرگاکەی داخرابوو. کاتی نوێژی عەسر گەیشتینە ناحیەی (خۆشێن) لەوێ لای مەڕدارێک باروبنەمان خست و گۆشتمان لەسەر سێر سوور کردەوە و نانی ئێوارەمان خوارد!

## دەربەندیخان و پەرستگای زەردەشتییەکان

بەر لەرۆژئابوون گەیشتینە ناو شاری دەربەندیخان، لای دوکانێک لاماندا لەسەر جامخانەکەی نووسرابوو «دۆندرمە بەئاوی کانی». من لەحیکمەتی ئەو دێرە تێدەگەیشتم، چونکە پێشتر زانیاری ئەوەم هەبوو کە بەرزترین ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لەدەربەندیخانە و هۆکارەشی ئاوی پیسی خواردنەوەیە لەو شارەدا. نووسەر (سەرداری مەحموی حەمەمورادە) دانیشتووی دەربەندیخان و دەڵێ ئاوی دەربەن چەند جارەک پشکنینی بۆ کراوە، ماددەکانی جیوە و هەندێ ماددەی کیمیایی قورس لەئاوەکەدا هەیە، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان تەنانەت خواردنی ماسییەکانی دەربەندیخانیش ترسناکە، بەڵام بۆ چارەسەر ناکرێت؟ ئەوە حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەزانن کە تەنها لەکاتی هەڵبژاردن ئەو مەسەلەیان بیر دێتەوە.
دەربەن بەشاخەکانی زمناکۆ و بەرانان و گوڵان سێ لای گیراوە، شاخەکانی خۆشک و بەمۆ و هاوینەهەواری سەرتکی لێ نزیکە. شوێنەواری ساسانی و گۆتۆ و لۆلۆ و ئەشکەدەی زەردەشتی و پەیکەری دەربەنی گەورەی لێیە. ئەشکەوتی کونەبای لێیە کە دەکرێت ببێتە جێگای گەشتیاران بەڵام فەرامۆشکراوە.
سەرداری مەحموی حەمەمورادە، دەڵێ «دەربەندیخان لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان هەر زوو وەک شار ئاوەدان بووە، زۆر زوو زێرابی بۆ کراوە، بەهۆی ئەوەی شەریکەی ئەمەریکی و بیانی لێبووە و شوێنی ئیشوکاربووە، دوو هۆتێل و کۆمەڵێک پرد لەنێوان ناوچە ئاوەدانییەکان و بەربەستی دەربەندیخانی لێ دروستکراوە. خەڵکی ئیسلام و مەسیحی و کاکەیی، سوننە و شیعە و ئەرمەن و ئاسووری و تورکمان و عەرەبی لێ کۆبۆتەوە و دانیشتوانەکەی هەمەرەنگ بووە«ئێوارەکەی پیاسەسەکی ناو دەربەندیخانمان کرد، ئەوەی لەو ماوە کورتە تێبینیم کرد، شەقامەکامی فراوان و پاکبوو، پیش دوکان و ناوبازاڕەکەی زۆر خاوێنبوو، ئافرەتەکانی باڵایان مامناوەندی، بەڵام باریک و چاوڕەش بوون. لەچەند کەسەک پرسیاری میوانخانەمان کرد؟ پۆلیسەکی هاتوچۆ ڕێنمایی کردین کە ڕێگاکەی پێشمان بگرین تاوەکو دەگەینە سەر ئاوی سیروان، لەوێ هۆتێل و مۆتێلی لێیە.
بەر لەوەی بچین شوێنەک بۆ خەوتن دابین بکەین، هەر لەسەر ئاوی سیروان پەرستگای زەردەشتییەکانمان بینی، چووینە ناوی و چەند وێنەیەکمان گرت، بەڵام کە سەیری پەرستگاکە دەکەی، زگت بەخۆت و زەردەشت و بەکوردیش دەسووتێ! شوێنەکە وەک هەوێز و تەویلە و خان وایە، مەڕومالآت و ڕەشەوڵاغ تەڕاتێنی تێدا دەکات.
پەرستگاکەمان جێهێشت و هەر لەنزیک ئەوێ، دوو ژوورمان بەهەشتا هەزار بۆ پێنج کەس بەکرێ گرت، مۆتێلەکە لەسەر ئاوەکە بوو و شوێنەکی گەشتیاری و خۆشی هەبوو، ئەو کوڕە شاگردەی کلیلەکەی هێنا و ڕێنمایی کردین بۆ ژوورەکان، دەیگوت «من بەبنەچە عەرەبم و خەڵکی فەلوجەم، لەساڵی ٢٠٠٥ەوە هام لەدەربەندیخان!».
باروبنەمان دانا و جارەکی دیکە چووینەوە ناو بازاڕەکەی دەربەند، ئەو ڕۆژە من باسی نووسەرەکی هەولێریم کرد و دەمگوت کە دەڵێ (بەداخەوە) زۆر سەیر وشەکە گۆ دەکات و دەڵێ (بەداخخخەوە)، برادەرانیش باسی دکتۆرێکی ناودریان کرد و گێڕایانەوە کە ڕۆژەک لای دانیشتوونە ئەویش زۆر سەیر وشەی (شەریف پاشای) وتووە، بۆیە کە هیچ نەدەما باس بکرێ، یان بەداخەوە! یان شەریف پاشا بوو!
شەوەکەی گەڕاینەوە مۆتێل و نانەکی سووکمان خوارد و پشووەکمان دا، ئینجا دەرگای گفتوگۆی سیاسی و ئەدەبی کرایەوە! من دەمگوت نەسەیری تەلەفزیۆن و سەتەلایت دەکەم، نەرۆژنامە و گۆڤار دەخوێنمەوە، بەڵام پێشبینیم بۆ مەسەلەکان هەیە و ڕاستیش دەردەچێ! ئیدی (ڕەسوڵ بەختیار) قسەکەی



گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە ٢٠١٥/٤/٩



دکتۆر شوان سلیمان لە نێو پەرستگای زەردەشتیەکان – دەربەندیخان ٢٠١٥/٤/٩



بەربەستی دەربەندیخان ٢٠١٥/٤/١٠

نەدەچووە عەقڵ و ئەوانی دیکەش پیدەکەنین! رۆژی پێش گەشتەکە لای پیاوەک دانیشتبووم قسەی بۆ دەکردم، برادەران هەموویان دەیانناسی! ئەو پیاوە باسی مێژووی کوردی دەکرد و دەیبەستاوە بەحزب و سەردەمی ئێستا، هەر زوو زووش دەیگوت «ئاگات لێبوو کو قسەکەم سوڕاند! بینیت قسەکەم چۆن سوڕاندەوە؟! چم لەقسەکەی کرد؟». ئەوەشم بۆ برادەران گێڕایەوە، ئیدی بۆیان بوو! هەرچەند خولەک جارەک یەکێ دەیگوت، چم لەقسەکەی کرد! بردمەوە کوێ؟ کوم سوڕاند!



سروشتی دلڕەفینی دەربەندیخان ٢٠١٥/٤/٩

لەو کاتانەش هەمووان پێدەکەنین.
بەیانییەکەی زوو لەخەو هەڵستاین و باروبنەمان تێکنایەوە و بۆ نانی بەیانی چووینە ناو بازاڕەکەی دەربەند، برادەران نان و قەیماغیان خوارد و منیش کەباب! بەکەبابچییەکەم گوت، کەبابی تیژ هەیە؟ تیژ چییە؟! گوتم توون! گوتی ئەها! هەردووکمان پێکەنین.
بەو بەیانییە بەناو سرووشتی دەربەن گەڕاین و زۆرم دڵ بەگوندەکانی دەکرایەوە، چونکە لەوێ هێشتا گوند خانووی قوڕە و وەک لای خۆمان نییە! سەرکەوتین تاوەکو گوندی سەرتک و بەمۆ نەوەستاین و نزیک بەسنووری ئێران بووینەوە.
دوبارە هاتینەوە خوارەوە و سەرێکمان لەبەربەست و دەریاچەکەی دەربەند دا و سەیرەکی ئاو و کارەبایەکەمان کرد، لەوێش چەند وێنەیەکمان گرت، ئەوجارە بەنیازی بینینی پەیکەری نارام سین و قەرەداغ سواری سەیارە بووینەوە.

## نارام سین و قەرەداغ

قەرەداغ یەکێکە لەقەزاکانی پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە خۆرئاوا و باشوری شاری سلێمانییەوە، ناوچەیەکی شاخاوییە و بەچەمی دێوانە و قۆپیەکان و چیای بەرانان و چەندان زنجیرە چیای دیکە دەناسرێتەوە و یەکێکە لەو ناوچانەی زەوی کشتوکاڵی کەمە و گەنم و جۆو دانەوێڵە و برنجی لێ بەرهەم دهێنرێت و زیاتر لەبارە بۆ ئاژەڵداری، هەمیشە خەڵکی ئەم ناوچەیە زیاتر چینی هەژار بوون و زۆرکەم دەوڵەمەدی تێدا هەڵکەوتووە.
خەڵکی قەرەداغ بەزمانی سلێمانی دەدوێن و جلوبەرگ و تەواوی هەڵسوکەوتەکانیان بەهۆی نزیکبوونیان لەسلێمانییەوە لەوان دەچێت ووەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان خاوەن خەسڵەتێکی جیاوازی کلتوری و زمانەوانی خۆیان نین، وەک گەڕەکێک لەسلێمانی دەردەکەون.



لە حزووری گۆشت فرۆشێکی سەنگاو


قەرەداغ وەک خەڵکەکەی ئاماژەی پێدەکەن تەواوی گوندەکانی زیاتر خزم و کەسی یەکترین و بەسەر چەندان بنەماڵەی شێخ و جافدا دابەشبوون وهەر لەزووەوە پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە و گونجاویان بردووەتە سەر، هەربۆیە شەڕ و دوژمنایەتی خێڵەکی خوێناوی زۆرکەم و بگرە هەر نەبووە.
ئەگەر سەیرێکی ژمارەی دانیشتوانی قەرەداغ بکەین دەبینین زۆرینەیان خوێندەوارو خاوەن ئاستێکی بەدەستهاتووی خوێندنن، هەربۆیە بەردەوام خەڵکی رۆشنبیر و ناوداریان هەبووە و هەیە. ئێستا قەرەداغ ئاوەدانە و زۆربەی گوندەکانی گەڕاونەتەوە و تاڕادەیەک خزمەتگوزارییەکانی بۆ کراوە، بەڵام ئێستاش خەڵکی قەرەداغ خەڵکێکی مامناوەند و هەژار و کەم دەرامەتن چونکە وەک خۆیان دەڵێن کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش وەک جاران نەماوە و بازرگانی و پیشەسازیش لەم ناوچەدا سفرە و زۆرینەی خەڵک موچەخۆر و بێکار دانیشتووە، تەنانەت لەڕوی گەشتوگوزاریشەوە ئەم ناوچە نەیتوانیوە پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە ببینێ.
ناوچەی قەرەداغ، سرووشتەکی یەکجار دلڕفێنی هەیە، داری زۆرە و سەوزاییەکەشی جیاوازبوو لەلای ئێمە و هێشتا لەوێ سەرەتای بەهارە، ئێمە لەگەڕانمان لەو ناوچەیە زیاتر مەبەستمان پەیکەری (نارام سین) بوو، دوای ماندووبوونەکی زۆر، دواجار گەیشتینە بەردەم پەیکەرەکە.
ئەکەدییەکان لە ٢٢٣١ – ٢٣١٧ بەر لەزاین لەنیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون و لەناوەڕاستی عێراقدا نیشتەجێبوون و شاری (ئەکەد)یان کردووە بەپایتەختی خۆیان. وەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن زۆربەی خاکی عێراقیان گرتووە و پەلیان هاویشتووە بۆ ئەنادۆل و گەیشتوونەتە دوورگەی قوبرس.
سەرجۆنی ئەکەدی ئیمپراتۆرییەتەک دادەمەزرێنێ و دواتر (نارام سین) کوڕەزای بەناوبانگترین پادشای ئەکەدی پاشئەوەی تەختی پاشایەتی وەردەگرێ لەگەڵ لۆلۆییەکان و گۆتییەکان کە دانیشتووی کۆنی کوردستانن جەنگاوە و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئەو سەرکەوتنەی لەسەر میلێک تۆمار کردووە بەناوی میلی سەرکەوتن کە ئێستا کەوتۆتە ناوچەی قەرەداغ لەدەربەندی گاور!
هەر بۆیەش کاتێ گلەیی ئەوەم کرد کە بۆچی ئەو پەیکەرە دانسقەیە ئاوا فەرامۆشکراوە؟

**خەڵکی قەرەداغ بەزمانی سلێمانی دەدوێن و جلوبەرگ و تەواوی هەڵسوکەوتەکانیان بەهۆی نزیکبوونیان لەسلێمانییەوە لەوان دەچێت ووەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان خاوەن خەسڵەتێکی جیاوازی کلتوری و زمانەوانی خۆیان نین، وەک گەڕەکێک لەسلێمانی دەردەکەون**

چەند کەسێک پاساویان بەوە هێنایەوە کە نارام سین کاتی خۆی هاتووە کوردستانی داگیرکردووە و باپیرانی ئێمەی کوشتووە!.
نارام سینمان جێهێشت و بۆ نیوەڕۆیەکەی چووینە ناو قەرەداغ و نانمان خوارد. من داوای قۆزییەکم کرد. بەوە زانیم کە لەوێ ئیش کەمە و کەسابەت نییە، چونکە ئەو خواردنەی من نۆشم کرد لەهەولێر نرخەکەی لەپانزە هەزار کەمتر نییە، بەڵام لەقەرەداغ تەنها حەوت هەزاری قیمەت بوو!
سواری سەیارە بووینەوە و بەبازیان و گوندی کانی شەیتان و ئاغجەلەر هاتینەوە و لەگوندی گۆپتەپە لاماندا و فاتیحایەکمان لەسەر گۆڕی شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە خوێند کە لە ١٩٨٨/٥/٣ بەر کیمیای کەوتوون و بەشەکی زۆر لەدانیشتووانەکەی شەهید بوون.
بۆ بینینی چەند هاوڕێیەک چووینە تەقتەق و ئێوارەکەشی لەوێ ماینەوە و نانمان خوارد، پاشتر لەرێگای دێگەڵە هاتینەوە هەولێر و کۆتایمان بەو گەشتەش هێنا.



ناوچەی قەرەداغ- رەسوڵ بەختیار - مامۆستا ئەحمەد - محەمەد گۆران ٢٠١٥/٤/٩



**با هەبێ (٦٠)**

**سەنگەر زراری**

## ئەرێوەڵڵا کوفرە و زیاتریش

سوێند بخۆم، سوێندم ناکەوێ، لە نزیکەی دووسەد مەتر ڕێ ڕۆیشتنی جادەیەکی نیمچە سەرەکی ئەم هەولێرە، دە تابلۆم بەسەر خانوو و دوکان و باڵەخانەکانەوە دیت کە بە هەردوو زمانە فەرمییەکەی حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ (کوردی و عەرەبی)، لەسەریان نووسرابوو، ئەم خانووە بۆ کرێ، ئەم باڵەخانەیە بۆ فرۆشتن، ئەم دووکانە بۆ کرێ. شقق للایجار، دار للبیع... باسی جادە سەرەکییەکانیش هەر مەکە، خۆ لەبەر تابلۆ گەورەکانی (بۆ کرێ) و (بۆ فرۆشتن)، نازانی ئەو شوێنەی تابلۆکەی لێ دراوە چ شوێنێکە و بۆچی گونجاوە؟! یاخود بە کەڵک دێ پیاو بە کرێی بگرێ یان بیکڕێ؟! یاخود نا؟!! تەنانەت زۆر جار لەتێکی تابلۆکان کەوتوونەتە شوێن و دوکانی تابلۆکانی تەنیشت خۆیانەوە و لایەکی دوکان و خانووی تەنیشت خۆشیان شاردۆتەوە.

پێشتر چەندان دەڵاڵت دەکرد، بەشکوو ئەمە خوایە خانووێکی قیچەک موناسبت بە کرێ دەسکەوێ، کرێیەکەی زۆریش با، مەمنوون دەبووی، بەڵام ئێستا خودی دوکانی ئەو دەڵاڵانە، بە خەتی پان و بەرین و تابلۆی گەورە نووسیویانە، بۆ کرێ.. یان بۆ فرۆشتن.. ژمارەی مۆبایلەکانی ژێر ئەم (بۆ کرێ) و (بۆ فرۆشتن) ـانەش ئەوەندە جوانن، ڕەنگە ئەگەر لەسەر ئەو تابلۆیانە نەبن و تەلەفۆنت بۆ بکەن، زەندەقت بچێ و نەوێری بە دانیشتنەوە وەڵامیان بدەیەوە.

برادەرێکی دەڵاڵ دەیگوت: خەریکە عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوور بچنەوە، پشتمان دەشکێ و خانووی ئەم کۆمەڵگایانە کەس بەکرێیان ناگرێ. ئەمە وەزعی ئەو کەسانەیە کە پێشتر بەشێکی باشی دارایی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوە بووە و بەم هەموو باڵەخانە و دوکان و خانووە کرێیانە، وڵاتیان بەڕێوە بردووە، دەبێ خەڵکی فەقیر و هەژار چی بکەن؟!

دەڵێن لەوەتە ئەم قەیرانە دەستی پێکردووە، بیست و هەشت هەزار کرێکار بێکار بووە. ئەرێ لەمە خراپتر دەبێ؟!!

حکوومەتیش زوو زوو سوپاسمان دەکا لە بەرامبەر خۆڕاگریمان و شوێن نەماوە سوپاسی لێ دانەنێین!!

باش نییە حکومەت سوپاسیشمان دەکات، هەندێ بەرپرس هەن هێشتا گاڵتەیان بە میللەت دێ و زوو زوو دەڵێن: دەی بابە دەی.. کوفر بوو دوو مانگ مووچە دواکەوت؟!!

گوێی لە دەنگی میللەتیش نییە کە دەڵێن: ئەرێوەڵڵا کوفرە و زیاتریش، خۆ جەنابت مووچەشت نەبێ، بایی ئەوەندە بازرگانی دەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ ملت ئەستوورتر بێ.

# بەدرخان لە ڕۆتردام.. پەنجەرەیەک بە ڕووی شارە نۆژەنەکەی هۆڵەندا



**ئا: سالار محمد قادر**
**٢٠١٥/٣/٥ ڕۆتردام**



هۆڵەندا .. وڵاتی پرد و تەختایی و بێ گرد و بێ شاخ و داخ، جوانیەکی ناوازە و خەڵکێکی ژیارمەند و نیشتمانێکی سیستماتیک.

دیارە کە ڕۆتردامیش شارێکە لە هۆڵەندا و لە هەرچی جوانی و پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتەیە هاوبەشە، بگرە لە هەموو شارەکانی دیکە بەوە جیا دەکرێتەوە کە سەرتاپای باڵاخانە و ڕێ و بانەکانی نۆژەن و مۆدێرنە، لەبەر ئەوەی لە جەنگی دوەمی جیهانیدا لە لایەن ئەڵمانیانیاوە بە ماوەی بیست ڕۆژ ئاساری لەسەر پاتاری نەماوە و تەواوی ئەو شارە وێران کراوە تەنها چەند خانوچکەیەک نەبێ کە ئەوانیشیان وەک یادگاریە ترش و تاڵەکانیان بۆ دیدەنی هێشتۆتەوە. دوای تەواو بونی جەنگ لە ماوەی بیست و شەش ساڵدا تەواوی ئەو شارە بە نوێترین شێواز نۆژەن کراوەتەوە لەبەر ئەوەیە کە ڕۆتردام شارێکی سیما جیاواز و سەرنج ڕاکێشی هۆڵەندایە.

هۆڵەندا یان نێزەرلاند ..لە ناوەکەیەوە دیارە کە مانای نزمە زەوی یا قوڵە زەوی دەدات. ڕۆتردامیش هەر تەختایی و نزمە تەنانەت شوێن هەیە مەترێک یا چەند مەترێک لە ئاستی دەریا نزمترە. بەڵام ئەندازیارانی ئەو وڵاتی کە لە زانستی بەنداو و هایدرۆپاوەر و هایرۆمیکانیک لە پلەی هەرە باڵای پێکەوتندان لە سەر ئاستی دنیادا توانیویانە بە جوانترین و بە مەحکەمترین و تەکنۆلۆجیترین شێوە شارەکانیان لە بن ئاو کەوتن بپارێزن و بەداو و بەربەستی وایان دروستکردوە کە جێگەی سەر سوڕمانی گەشتیاران بێ.

**سەنتەری ڕۆتردام:**

ئارامرین و گەرموگوڕترن و بە جموجۆڵترین و بە بازاڕترین شوێنی ڕۆتردامە، باڵاخانەی بەرز و مارکێتی ناودارو مارکەی گرانبەها



و دوکانی جوان جوان کە هەر یەکەیان بە جۆرێک دیزاین کراوە..لە سەنتەردا بە دی دەکەی. وێستگەی شەمەندەفەر کە گەشتی ڕۆژانەو سەعاتانەی بۆ شارەکانی هۆڵەندا چەند وڵاتێکی دەوروبەریش هەیە کەوتۆتە ناو سەنتەری ئەو شارە.

**پردی ئیراسمۆس** Erasmus :

پردێکی بە ناوبانگە کە لسەر گەورەترین بەندەری ئەوروپا داندراوە و لەسەر شێوازی ئامێری مۆسیقای هارپ دیزاین کراوە. کە هەر دوو بەشی باکور و باشوری ئەو شارە بە یەکتر دەبەستێەوە و بە پردی قورینگ ناسراوە. کە لەلایەن ڤان بێرکلڕ دیزاین کراوە و درێژاییەکەی ١٣٩ مەترە و بۆنە و ئاهەنگە موسیقاییەکان لەوێدا ساز دەکرێن.



**ئاشەبا** (wind mull)**کانی ڕۆتردام:**

یەک لە سیماکانی ئەو شارە ئەوەیە کە پتر لە هەموو شارەکانی دیکەی هۆڵەندا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەو ئاشەبایانەی تێدایە کە هەندێکیا ماوەی پتر لە ٢٠٠ ساڵە هەر ئیش دەکەن.

**پەروانەبا** (wind propeller)**یەکانی دەروبەری ڕۆتردام:**

کە لە ڕۆتردام بەرەو شارەکانی دیکەی هۆلەندا بەرێ دەکەوی چاوت بە دەیان و سەدان عامودی زەبەللاحی بە پەروانە دەکەوێ .. پەروانەکانی ئەو عامودە زەبەللاحانە بە زەبری (با) دەسوڕێنەوە و هەر دەسوڕێنەوە. دیارە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا گەلێک ڕێگای جۆراو جۆر هەن... یەکێک لەو ڕێگا نوێیانەی کە زۆر پەرەی پێ دەدرێ ئەو ویند پرۆپێللەرانەیە کە هەر یەکەیان ١-٢ میگا کارەبا دەدەن ... هیوادارم وەکو تێست یەک لەو پرۆپێللەرانە لە هەولێر دامەزرێنین کە دەتوانی کارەبایەکی بەردەوامی ٤ ئەمپێری بۆ ١٠٠ ماڵ یدات کە کولفەکەی ٢-٣ ملیۆن دۆلاری تێدەچێ. ئێستاش ئێمە پێویستمان بەو سیستەمە هەیە بۆ پڕ کردنەوەی کەموکوڕی کارەبای هەولێر و کوردستان.

**خانوە شەش پاڵوەکانی ڕۆتردام:**

تەلارسازی هۆڵەندی ( پیت بلووم Piet Blom ) کە لە ١٩٣٤ لە دایک بوە و لە ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردوە. لە ساڵی ١٩٨٤ پرۆژەی ٣٨ خانوی شەش پاڵوویی (cube house) ی لی شاری ڕۆتردام بە جێگەیاند و ئایدیای سەرەکی لەو جۆرە خانوانە جگە لە لایەنی فانتازییەکەی، چارەسەرکردنی کێشەی زۆری ڕێژەی دانیشتوان و هەروەها تێکەڵبونەوەی کۆمەڵایەتیانەی خەڵکیش بوو. روبەری هەر یەکەیان ١٠٠ م٢ و لە سێ تابق پێکهاتون. ناوەوەی خانوەکان بە گۆشەیی هەڵکەوتونە، بۆ خێزانێکی بچوکی سێ نەفەری دەست دەدات. خەڵکیان تێدا دەژی و کڕین و فرۆشتنیان لەسەرە. ئەو خانمەی بۆ توریستەکان شەرحی دەکرد کوردێکی بە ئەسڵ زازایی بوو بەڵام لە چەند وشەیەک بترازێ هیچی دیکەی بە کوردی نەدەزانی. نرخی چونە ژورەوە ٣ یۆرۆ بوو.

**یۆرۆماست تاوەر:**

سیمایەکی دیکەی ئەو شارە ئەو تاوەرە بەرزەیە کە بەرزاییەکەی ٣٨٢ مەترە و خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافێی تێدایە و بەم تاوەرە دەتوانی هەموو جوانیەکانی ئەم شارە ببینی.

ڕۆتردام بە هەموو واتایەک مانای شاری تێدا هاتۆتەدی تەنانەت لە ٢٠٠١ بە جوانترین شاری ئەوروپا هەڵبژێردرا. شاریش ئەو پێناسەی هەیە کە بتوانێ تەواوی داخوازیەکانی ژیانت بێنێتەدی.





# شەمەندەفەری دەستوری هەرێم بەرەو کوێ؟



مستەفا شێخ محەمەد

ئەگەر بوونی دەستور، واتایی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا بگەینێت و ببێتە چەترێک بۆ کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا لە سایە ی کۆمەڵێک برگە و بابەتی دەستوری،خەڵک متمانەی پێببەخشێت،ئەوا بە پێچەوانەوە، نەبوونی دەستور پشێوی و فەوزا، بێ یاسایی و نارێکخرابوون، ئەگەینێت، چونکە دەستور بەرزترین یاسای وولاتە، چوارچێوە بۆ ماف و ئەرک و بەرپرسیاریەتی بۆ تاک و گروپە سیاسی و ئابوریەکان لە کۆمەڵگا دیاری ئەکات، بەم پێورەش بێت،وەک لای هەموان روونە، هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی دەستور، گیرۆدەی، کۆمەڵێکی زۆر لە کێشەی جۆرا و جۆرە، گرینگترینیان، کێشە سیاسی و یاسای و ئابوریەکان ....هتد.

ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری باشوری کوردستان،لە ماوەی ٢٤ ساڵی رابردوو، نیشانی ئەدات، ئەم هەرێمە بە بێ بوونی دەستورێکی دیموکرات، ئاسان نیە، بەردەوام بێت، تا دێت کێشەکان لە باری سیاسی و ئابوری قولتر ئەبنەوە، بۆ ئەوەی پشێویەکی تەواو رووی لە هەرێمی کوردستان نەکات، پێویستە چارەسەرێکی خێرای دەستوری و دیموکراتی لە ئارا دابێت.

هەر چەندە بە کردەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ هەرێمی کوردستان خاوەنی حکومەتە، بەڵام بوونی ئەم حکومەتە، بە هیچ یاسایەکی دەستوری نەبەستراوەتەوە، بۆیەش تا دێت، بەهۆی ئەو کارە نا یاسایانەی ئەکرێن، حکومەتی هەرێم، سەرە رای هاتنی پارەیەکی یەکجار زۆر و دەوڵەمەندی لە رادەبەدەری بە سامانی سروشتی، نەیتوانیوە، بە سەر کێشە سەرەتایەکانی ژیان زال بێت، بەرە بەرش لە لای خەڵکی کوردستان قەیرانی بروانەبوون سەر هەڵدەدات، ئەوەش کۆسپە گەورە کەیە! چونکە باشوری کوردستان هەر چەندە لە گەڵ داعش لە جەنگێکی قورس دایە، لە لایەن بەغداش گەمارۆی ئابوری خراوەتە سەر، لە ناوەخۆش قەیرانی نەبوونی متمانە لە نێوان هێزەکان، یەکێکی ترە لەو مەترسیە گەورەیەی کە ئەم هەرێمە ٥ ملیۆن کەسیە، رووبەرویان بۆتەوە، سەر باری کێشەکان قورستر کردوە.

بەشێکی زۆری چاودێرانی سیاسی و یاساناسان پێیان وایە : بۆ دەرچوون لەم گێژاوە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە چارەسەری بنەرەتی هەیە، ئەمیش بە هەموارکردنەوەی دەستور و گۆرینی سیستەمی سیاسی بۆ پەرلەمانی، کە دەکرێت سەرۆک لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و کۆتای بەم کێشەیە بێت، شەمەندەفەری دەستوریش، بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکە بوەکانی تر بەرێ بخرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی چارەسەریان بکات.!

کێشەی دەستور کێشەیەکی چەند ساڵەیە پەرلەمانی کوردستان بەبڕیاری ژمارە (٢٦) لە ٢٠٠٢/١١/٧ دا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی دروستکردوە، لە ٢٠٠٦/٨/٢٢ پەرلەمان پرۆژەی دەستوری پەسەند کرد، هەروەها بە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاری لە سەر دەستورەکە داوە و کۆمەڵێک میکانیزمیشی دیاری کردوە، بۆئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەری، دواتر بە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کردوە، یاسای ژمارە (٩)ی ٢٠٠٩ لەگەڵ هەمواکردنی چەند برگەیەکی یاساکەی پێش خۆی، لە رێکەوتی (٢٠٠٩/٧/٢٥) دیاری کردوە ، بۆ بەرێوەچونی پرۆسەی ریفراندۆم، لەسەر پرۆژەی دەستورەکە، بەڵام بەچەند هۆیەکی نادیار، ئەم بریارە جێبەجێ نەکرا، ئەوە بوو کات گەیشتە ٣٠ حوزەیران ٢٠١٣ ئەمجارە پەرلەمانی کوردستان بە بریاری (١٩) ژمارە بریاری گەراندنەوەی دەستوری دا بۆ پەرلەمان، بەمەبەستی هەموارکردنەوەی بەسازانی هێز و لایەنە سیاسیەکان، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریاری رۆژی ١٣/ ٤/ ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی پەسند کرد کە لیژنەیەکی ٢١ کەسی بۆ پێداچوونەوە بە رەشنوسی دەستور دروست دەکرێت،لە ماوەی (٩٠) رۆژ کارەکانی تەواو ئەکات، بەڵام یەکێک لە کێشەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەوەیە ئالیاتی دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەکە، نادیارە...

سیستەمی سیاسی بە پێی رەشنوسی پرۆژە یاسایی ئێستای دەستوری هەرێم (پەرلەمانی کۆماری دیموکراتە) جیاوازی لایەنە سیاسیەکان، لە سەر ئەوەیە سیستەمەکە پەرلەمانی یاخود سەرۆکایەتی بێت، لەم بوارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئارەزوی بە سیستەمی سەرۆکایەتیە، چەند لایەنی دیکەشە، پێیان وایە، ئەبێت سیستەمەکە پەرلەمانی بێت.

ئەو کێشانەی کە لە بەردەم پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان هەن بریتین لە سازانی هێز و لایەنەکان و جێگیر کردنی سنوری باشوری کوردستان، هێنانەوەی ناوچە کێشە لەسەرە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و گرینگترین بەشیش بۆ رەزامەندی پێکهاتە ئەتنی و ئاینیەکانی ناو کوردستان، دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەم پێکهاتانە ئەبێت، لە چوارچێوەی دەستور! کە بە پێ رەشنوسی ئێستا بەشی زۆری ئەو کێشانە یەکلای نەکراونەتەوە..!

لە ئێستا دا هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسی و دەرفەتی هاوتا دایە، ئەم دۆخەش لە سەرو بەندی ئالو گۆرێکی سیاسیی گەورەی ناوچەکە دایە، یەکگرتووی گوتاری سیاسی لە ئاست پرسە چارنوس سازەکان و سازشکردن بۆ یەکتر گرەنتین، بۆ چەسپاندنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە.

لە ئێستا دا خەڵکی کوردستان بەهیوایە هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆرە پانی سیاسی، لە ئەنجامی بە ئاکام گەیاندنی دەستورێکی دیموکراتی، هێزە سیاسیەکان پێش برکێ بکەن، بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە بەرێخستنی شەمەندەفەری دەستوری هەرێم ئەبێت، تا هەرێمی کوردستانیش نەبێتە خاوەنی دەستور، ئەستەم بتوانرێت بیر لە پێشکەوتنی کوردستان بکرێتەوە، چونکە ئێستا هێزەکان یاساکان لە گەڵ بەرژەوەندیەکانیان ئەگونجێنن، بەڵام ئەگەر دەستور کاربێت، گەل پەسەندی کردبێت،ئەوکات هێزەکان ناچار ئەبن، خۆیان لە گەڵ دەستور بگونجێنن... بەڵام ئایا لە دوای ٢٤ ساڵ ئەتوانرێت هەرێمی کوردستان ببێتە، خاوەنی دەستور؟ ئایا شەمەندەفەری دەستور قەیرانەکان قەبەتر ئەکاتەوە یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئەو پرسیارانە، چاوەروانیەک ئەخوازن.

# بە تەنیشت یادەکانەوە



تەها سلێمان

هەموو ساڵێک و لە سەرەتای مانگی شوبات تا کۆتایی مانگی چوار، کۆمەڵێک یادو یادەوەری خۆش و ناخۆش دەرگاکانمان دەکوتێ و بە ویستن و نەویستن دەبینە بەشێک لێیان. قسەی ئێمە لەم ووتارەدا بۆ ئەوە نیە بچینەوە نێو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو یادو یادەوەرییانە، بەڵکو بۆ ئەوەیە سەرنج بخەینە سەر شێوازی بەرێکردنی مەراسیمەکانیان.

وا راهاتووین، هەموو ساڵێک لە یادەکاندا کۆمەڵێک دروشم بەرزبکەینەوە، کۆمەڵێک ووتار بنوسین و بخوێنینەوە، کۆمەڵێک بەڵێن بە چین و توێژەکانی خەڵک بدەین، لە یادە خۆشەکاندا هەوڵدەدەین بیانهێنینە پێکەنین و لە یادە ناخۆشەکاندا بیانهێنینە گریان، ئەمە لە حاڵەتەوە پەڕیوەتەوە بۆ دیاردە، بەڵکو بوە بە کلتوور.

لێرەدا چەند نموونەیەک دێنینەوە، وەک یادی «رەپەڕینی ساڵی ١٩٩١، یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، یادی پەلامارو تاوانەکانی ئەنفال، یادی جەژنی نەورۆز»، کە تیایانداو لە بەردەم جەماوەردا، بەڵێنی گەورەو فرە رەنگ دەدرێ، تۆنی بەرژەوەندی سیاسیش بەسەر تەواوی بەڵێنەکانەوە بە روونی دیارن و هەژموونی خۆیان دەسەپێنن.

گرفتی سەرەکی لە کۆی ووتارو بەڵێنەکاندا، لێرەوە دەست پێدەکەن، بەوەی راستەوخۆو دوای مەرسیم و یادەکان قسەو بەڵێن و ووتارەکان، بیردەچنەوەو کەمترینیان ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش تورەییەکی گەورە لە بەرامبەر خاوەنی بەڵێن و قسەکان دروست دەکات و بوەتە هۆکاری درزێکی گەورە لەنێوان خەڵک و ئەواندا.

لە ساڵی ١٩٩١وە تا ئەمرۆ ٢٠١٥ ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، کە پێمان وایە ئەمەش یەکێکە لە کوشندەترین دیاردەکان و نەزانی و بێباکییەکی گەورەیە لە لایەک لە ئاست یادو یادەوەرییەکان و پێویستی کارکردنی جددی لە سەرجەوهەری پەیامەکانیان و لەلایەکی تریش لە بەرامبەر خەڵک و خوست و داواکارییەکانیان.

ئەگەر بمانەوێ رێزی جددی لە یادو یادەوەرییەکان بگرین و لە ئاست بەرپرسیارێتی مامەڵەیان لە گەڵ بکەین، بە نموونە «بۆ یادی راپەڕین، بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ یادی جەژنی نەورۆز، بۆ یادی پەلامارو تاوانەکانی ئەنفال» دەبێت لەوێوە تێهەڵچینەوەو دەست پێبکەین، پێویستە چی بکەین بۆ جێبەجێکردن و بە دیهێنانی پەیامی راپەڕین؟ چی بکەین بۆ هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان؟ چی بکەین بۆ پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی لە چوارچێوەی چەژنی نەورۆز؟ چی بکەین بۆ یادو بیرەوەری پەلامارو تاوانەکانی ئەنفال؟

نەک بە پێچەوانەوە هەموو ساڵێک یەک جۆر قسە دووبارە بکەینەوەو دوای مەراسیمی یادەکان بیانخەینە ئەرشیفەوەو بۆ ساڵێکی تر بیرمان بکەوێتەوە؟ بەردەوامبونیش لەسەر ئەم شێوازە بەرەو کەناری تری پرسیاری وردو جددی و بابەتیمان دەبات و وەڵامەکانیش قورس دەبن و لاواندنەوەو دغ دغەدانی هەستی خەڵک لە روانگەی سۆزەوە داد نادات...

## پانتایی



بورهان ئەمین-ئەڵمانیا

# شاشەکەی هامبۆرگ

چەن جارەی بەبەردەم زانکۆی هامبۆرگدا تێدەپەڕم کلۆڵی وبەستەزمانی میللەتەکەم دێتەیاد دڵم لەخۆمان دادەمێنێ لەئاست ئەو زوڵم وغەدروغدورەی حکومەتەکەی لێی دەکات بەوەی سەروەت وسامانی ئەو نیشتیمانە بۆ قەبەکردنی گیرفان وباخەڵی چەند کەسانێک بەکاردێ وپارەوپولی ئەو وولاتە بەدزیەوە تەخشان وپەخشان کراوەو دەکرێ .

هامبۆرگ هەرێمێکی سەربەخۆیەو شارێکی گەورەوی دوو ملیۆنی وخاوەن کارگەو بەرژەوەندی ئابوری زۆرەو بەندەرێکی قەبەی بازرگانی لێیەو لەهەموو جیهان کەل وپەلی لێ هاوردەدەکری ودەهێندرێت، لەبەردەم یەکێ لەزانکۆکانیدا کە دەکەوێتە نزیکی سەنتەری شار شاشەیەکی گەورەی دیگیتاڵی دانراوە وەک ئەوەی بازاڕی بۆڕسەی جیهانی و سەرجەمی پارەی کۆگاکراوی شارەکەو قەرزوقوڵەکانی نوسراوەو بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە ،خەڵکی شار لە سەرمایەو پارەوداهات وقازانج وزیانەکانی ئاگادار دەکاتەوە بەکورتی هاوڵاتی ( بەسرِ و ترِی) پارەی حکومەتەکەی دەزانێ ،ئەوەش هێمای شەفافیەت ودەستپاکی وڕاستگۆیی پارێزگاو شارەوانی و پەرلەمان وحکومەت سیستەمی ولاتەکەیە لەگەڵ خەڵکەکەی ولەبەرامبەریشدا هاوڵاتی لەلایەک متمانەی زیاتر بەو حکومەتەی دەبێ ولەلایەکی تریش زانیاری تەواوی لەبەردەستدایە لەسەر پارەوپولی دەزگا ڕەسمیەکان.

بەپێی زانیاری پەرلەمانتاران ومیدیا لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان 112ملیار دۆلاری بە داهاتی نەوت و ناوخۆ وئەو بودجەیەی کە لە حکومەتی بەغداوە بۆ هاتوە ، بەشی زۆری ئەو برە پارانە بەشێوەیەکی خراپ و بەگەندەڵی خەرجکراوە،سەرەڕای ئەوەش حکومەت هێشتا 17 ملیار دۆلار قەرزاری کۆمپانیاو بانک وپرۆژەو مووچەو سولفەکان قەرزارەو بارێکی زۆر قورسیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دروستکردوە خۆ ئەگەر بیکەیتە دینار وئەو هەموو ترلیۆنە مێشکت لەجێی خۆی جام دەبێ ، ئەو هەموو پارەیە چی لێهات ولەچی خەرج کرا ؟ ئەی لەماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا بۆچی حیزبێک ،کەسێک ،دەستەوتاقمێک لەو پارانەیان نەپێچایەوە، کوا دەستەی نەزاهەو دەستپاکی وچاویری و ئەو هەموو جوامێرو کۆنە پیشمەرگەو خەباتگێڕانەی کە ساڵانێک لەپێناوی ئەو میللەتەدا خۆیان دەکردە قوربانی ؟ کوا ئەوانەی بۆ پیرۆزی نیشتیمان خۆیان ئەدابەکوشت وئیستا لەناو حکومەتدا مانگانە ئەو کاربەدەست و باڵا دەستن ؟ بۆچی لەئاست ئەو ناهەقیانەدا بیدەنگ بوون ؟ ئەو بارە لەوانەیە بۆ حکومەتێکی بێ پلان وبێسەروبەری وەک ئێستا ئاسایی بێ وهەر ئەوەی لیدەکەوێتەوە ولەوانەیە هێشتا ئەو قەرزەزەبەللاحانە بەشی پڕکردنی گیرفانی گەندەڵکارانیش نەکات، بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە تا بەغدا مووچەی هەرێمی نەبڕی ،کەس بەو سەروەت وسامان وئەو قەرزانەی نەدەزانی، نە خەڵکی ئاسایی و نەمیدیاو نەپەرلەمانتارانیش نەیاندەزانی حکومەتەکەمان ئەوەندە گەندەڵ ودەست پیسە، کەمالیکی پارەی بڕی ئەوکاتە پۆخڵەواتەکان دەرکەوتن.

لەوەرزی داهاتوودا دەبێ دان بەوە دابندرێت کەهەر گەندەڵیە پشتی ئەو میللەتەی شکاندوەو زۆرینەی کردۆتە قوربانی کەمینە،بۆیە شاشەیەکی هاوشێوەی هامبۆرگ کە خەڵکی دەستپاک وڕاستگۆ ونیشتیمانپەورەری لەپشتەوە بێت پێویستە وبەڕاستی عەیبە ئیدی پارەو داهات لەو خەڵکە داماوە بدزن وبشارنەوە.

# مەلا ئاوات لە نێوان کۆمەڵە و ئاڵای شۆڕشدا

**عەبدولوەهاب شێخانی**

**بەشی دووەم**

دووبارە هاتنەوە دووم بۆ گوندی دەربەندۆک پاش ئەوەی لە خەلیفان ئەو شوێنانەیان بەسەرکردبۆوە کە گومانیان لێی هەبوو بۆ راهی کردنی کاری قوتابخانەو بەرێوەبەرایەتی ناحیەکە بەسەر بکەمەوە سۆراغێکیان دەست نەکەوتبوو بە هەلەداوان بەدوامەوە گەڕابوونەوە گوندی مەنەدەنی ئەوەیان کردبوو پێم نەزانیوە بڕیاری دەستگیرکردنم هەیە لەبەر قوتابخانەو منداڵەکانم بۆ گوند گەڕایمەوەو بەهیچ لایەکدا نەچوومەو دڵنیا بوون بۆ دەبەندۆک گەڕایمەوە.

بەڵام جاری یەکەم کە بەدوامدا هاتبوون زۆر بە بایەخ پێدانی دەستگیر بوونم ببوون و بەدوای بەڵگەو بڵاوکراوەی نهێنی دا گەڕابوون و ئەو هێزەی لەگەڵیان هاتبوون لەگەڵ مستەفا گۆجی چۆمانی مەفرەزەی ئیستخبارات بە هەنجەتی ئاو خواردنەوە لە ماڵەکان درکاندبویان ئەو مامۆستایە ز بیاپرێزن و ڕادەستی بکەن دەیکوژن ئەوانیش لە وەڵامدا وتبویان ئێمە هیچ لە مامۆستا نازانین تەنها دەزانین ڕۆژانە لە قوتابخانەیە و دیارە سەفەری کردیە و ئەورۆ لە قوتابخانە نەبووە.

خەڵکی گوندی بەتەڕدەستی کەسێکی بە پیکەب دەنێرنە خەلیفان بۆ دۆزینەوەو دەربازکردنم ناوی جحێلێ حاجی قادر بوو بە ڕێکەوت لە خەلیفان دۆزیمیەوەو بە پیکەبەکەی گەیاندمییەوە گودندی ، بەڵام هەر کە گەیشتمەوە لای منداڵەکانم دەمزانی لە خەلیفان بێ ئومێد بن لە دۆزینەوەم بەدوامدا دێنەوە، منیان دەستنەکەوێ منداڵەکانم دەستگیر دەکەن بۆیە تەگبیری منداڵەکانم کرد بچنە ماڵی مەلا ئەحمەدی دراوسێمان و ئەوانیش ئەورۆژە دیارە نانیان کردووە دەست بەجێ لەبەر نانی دانیشتوون دەستیان بە نان کردن کردبوو، ئەوەش تەگبیری حەلیم بووە، خەڵکەکەش خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا کە لە خەلیفان دەستگیر نەکراوممنیش کەوتبوومە پرسیارو باس کردنی چۆنییەتی هەڵس و کەوتی مەفرەزەکە و ناسیویانن یان نا ڕەفتاریان چۆن بوو سەر بە ئەمن بوون یان ئیستخبارات لەو قسانە بووین گوتیان مامۆستا ئەوە هاتنەوە بۆ گوند منیش جل و بەرگم گۆڕیبوو کە لە خەلیفان گەڕامەوە هەروەکو خەڵکەبووم بەبێ ئەوەی مەفرەزەکە هەست بکەن خۆم پەناکرد و یەکیشە بەرەو دەرەوەی گوندو ناو شاخ و لێرەوار ملی ڕێگام گرت، ئەوانیش بۆ کۆنە هەوار و ماڵەکەم هەر لەناو قوتابخانە بوو وەک پیشەی هەمیشەییان کون و قوژبنی ماڵەکەیان نۆڕیبوو لە خەڵکەکەیان پرسیبوو ئەو مامۆستایە چیلێهات! منداڵەکانی کوا وەڵامیان دابوونەوە لە خەلیفان گەڕاوە ترومبێلی پێبوو سەربردەکەی لە منداڵەکانی زانی یەکسە منداڵەکانی هەڵگرت و ڕۆیشت ئێمە هیچی لێنازانین پەروەردە بۆ قوتابخانەی گوندەکەمانی ناردووەو ئێوەش بەدوایدا دەگەڕێن ئێمە لەو کەین و بەینە ناگەین. گوتبویان نەخێر مامۆستاکەش و منداڵەکانیانتان شاردۆتەوە، ئێمە گوند دەپشکنین گوتبوویان ئێمە چەکداری میرین و پیاو هۆزی سورچین ڕێگەتان نادەین بچنە ناو ماڵ و منداڵمان کاتێکیش بەرەو ئێوارە نزیک دەبۆیەوە زیاتر خۆیان گیر نەکردبوو ئەوشوێنەی من خۆم لێ حەشار دابوو بەرز و تیشە شاخ بوو چاوم لێبوو کە گوندیان بەجێهێشت ئاشتی و ئاوات و ڕەنجدەریش منداڵەکانم لێ دیار بوو وەک پەڕە سێلکە لەناو خەڵکەکە ئام و شۆیان دەکرد نەیان ناسیبوون ئەوە منداڵی منن دایکیشیان خەریکی نان کرد بوو لەو ماڵە دراوسێیەی قوتابخانە نەیان ناسیبۆوە. منیش لە ڕێگا گەیشتمە چەکدارێکی گوندی ناوی لوقمان بوو ماوەیەک بوو باوکی گیرا بوو هەندێ تی ئێن تی کە بۆ تەقاندنەوەی شاخ بەکار دەهات لە کاتی ئیش کردنیان لە فەرمانگەی ڕێگاو بان خۆی شۆفێری بلدۆزەر بوو سیخوری دەزگای داپلۆسێنەر قسەی لەسەر کردبوو ئەویش بۆ ڕاوە ماسی هێنابوویەوە لە ئاکامی لێکۆڵینەوە ناوە ناوە ئەمن بە مەفرەزە دەهاتن ناوێک دوو ناوی یان لە گوند داوا دەکرد و دەیان بردن، لوقمانیش شەش مەخزەن کلاشینکۆفی لە خۆی بەستابوو چونکە مام عەبدەی باوکی گیرا بوو دەترسا ئەگەر پیاوی میری و مەفرەزە بێتە گوندی. پرسی مامۆستا ئەوە چییە؟ ووتم نازانم بۆ ئێوە هاتوون بۆ من هاتوون بۆ جەیش ناشەعبی بمگرن بۆ یە وا باشە خۆمان لەبەرچاوانیان بزرکەین تا دەڕۆن ، وتی بەخوا بۆ ئێمە هاتبن تا دەکوژرێم شەرییان دەکەم منیش شەیدای یاوەری و چەکەکەی بووم بۆیە تا پێمکرا ڕشت ترم کرد تا یاوەرم بێت دیار بوو ئەو لەمن بەتاڵوکەتر بوو بەغاردان بەدووام کەوت منیش جێگایەکی زۆر قایم و سەختم پێدەزانی و بەرزبوو بەسەر هەموو گوندەکەشدا دەڕۆنی بەرزاییەکە لە خوارەوەی تەخت بو خۆم شۆڕکردەوە تەختاییەکەو قەدی شاخەکە قڵیشابوو جێگای دوو کەسی تێدا دەبۆوە پاش بێ ئومێد بوونیان و کاتێکیش بەرەو ئێوارە دەبۆوە گوندیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن. منیش تا ئێوارە گەڕامەوە گوندو لە قوتابخانە نزیک نەبوومەوە لە دانگەی گوندی لە بناری شاخ و هەرەتی گوندی لە ماڵێک پشووم دا و منداڵەکانم بۆ بەیانی ئامادە کرد و ڕاسپاردەم پێدا ناردنەوە هەندێ کەس.

خۆم بە باشم دەزانی دەست نیشانم کردن کە سەردانم بکەن و قسەیان لەگەڵدا بکەم ئەو کەسانەی لەو ماوەیە ڕێکم خستبوون ئەرکی ڕێکخراوەییان پێ بسپێرم و سۆراغی هاوڕێیانی شاخم بۆ بکەن، تا لەگەڵیان کۆببمەوە بزانم فەرمانیان و بڕیار لەسەر شێوەی کارکردنی من چییەو چ بکەم.

هاوڕێیان سەردانیان کردم ئەوجا بڕیارم دا ئەو گوندە بەجێ بهێڵم و بچمە بەڕانەتی و پەیوەندی بە هاوڕێیانی شاخ بکەم، شەوێک کاتژمێر دوانزەی شەو چوومە ماڵی کاک حاجی ترومبێلەکی کراونی هەبوو هاتووچۆی هەولێری دەکرد منیش ئەو چەند ڕۆژە خەڵکم ڕاسپاردبوو بزانم ناوم لە بازگەی سپیلک نییە بۆ ئەوەی بەبێ ترس ئەو بازگەیە ببڕم خۆشم دەفتەری خزمەتی سەربازیم زۆر دروست و تەواو بوو چونکە پێشتر لێژنەی پزیشکیم کردبوو بەوهۆی نەخۆشی گەدەو چاوەکانم لە خزمەتی سەربازی بواردرابووم بڕیارێک بۆ مامۆستای نەخۆشی دەرچووبوو گەر لە لیژنەی پزیشکی بە سەربازی بێ چەک دەربچێت و مامۆستاش بێت لێی دەبوردرێت من هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتی سوودم لە دەفتەر خزمەتی سەربازی وەرگرت بەیانی بەبێ تر بە ڕێگای لای خەلان و سبیلک بۆ هەولێر لەگەڵ کاک حاجی کەوتینە ڕێگا لە پیرزین لاماندا بۆ ماڵی کاک خدری کویخا برایمی ماونانی ڕۆژی ١٩٨٦/٦/١٠ بوو هەر ئەو ڕۆژە کاک خدر گەیاندمییە بەحرکە شەهید سدیقی حاجی ونسم دیت و نووسراوێکم بۆ شەهید دڵشاد نووسی، لێپرسراوی بنکەی شەهید مەناف بوو لە ١٩٨٦/٧/٢ شەهید دڵشاد بە نووسراوێک وەڵامی دامەوە بە بڕیارێک لەبەرئەوەی من دەفتەری خزمەتی سەربازیم تەواوەو ئەو ترسەم نییە وە تەنها ئەوانەی گیراون پێدەزانن من بڕیاری گرتنم هەیە و خەڵکیتر نازانن ئەو شوێنەی لێی مامۆستا



مەلا ئاوات لە نێو هەڤالانیدا

چونکە ئەو کاتە ١٩٨٦/٣/٢بوو کاک بەختیار و هاوڕێیان پشکۆو نەصر شێخ عەلی ((خوولە کەشکۆڵ))لە ١٩٨٥/١١/٢ گیرا بوون هاوڕێیان لەناو ی.ن.ک زۆر دەرباز نەبووبوون ئەوەی پەیوەندی بە شاخ کرد بوو زۆر نەبوون بەشێوەی پارتیزانی هاوڕێیانم ئەوانەی هەبوون مەفرەزەی بچووک بچووک دەهاتنە پێدەشتەکانی هەریرو بەڕانەتی و دەشتی هەولێر زۆر بە نهێنیش پەیتا پەیتاش لەناو ڕیزەکانی ی.ن.ک یش تەنگاو بکرابان پەیوەندیان بەو مەفرەزانەوە دەکرد کە لەو ناوە بە شێوەی پارتیزان دەسووڕانەوەو بنکەو بارەگای دوورە دەستیش دانرابوون بۆ پشوودان و حەوانەوە.

گوندی دەربەندۆک چ ماڵێک دەبوون نزیک گوندی سرێشمەی خەلیفان بوو بەرامبەر چیای برادۆست و پورەفات و گوندی خەلان بوو، براگەورەیان خوالێخۆشبوو (حوسێن ئاغا) بوو دەست ڕۆیشتووی ناوچەکە بوون لەگەڵ خەڵک و خۆیان یەکگربوون زۆریان هاوکاری کردم، چەند ڕۆژێک لەو گوندە مامەوەو تا کارەکانم تەواو بوو هاوڕێیان شەهید مارفە ڕەش و هاوڕێ خدری ماونان سەردانیان کردم، ڕاسپاردەم کردن شەهید دڵشاد و شەهید وریا بچکۆلیان دیبوو هەواڵی منیان پێڕاگەیاندبوون.

ئەو چەند ڕۆژەی لە گوندی دەربەندۆک مامەوە زۆر هاوکاریان کردم، جل و بەرگی ئەوانم لەبەرکردبوو واتە جلی سورچیایەتی، ناوی خۆشم گۆڕیبوو ناوم (عەزۆی کەریمە ڕەش) بوو زۆر بەنهێنی مامەوە هەر شەوە لە ماڵێک دەمامەوە کارێکی وام دەکرد خاوەن ماڵیش تا کاتژمێر ١٢ی شەو نەزانێ لە ماڵەکەی ئەوان ئەو شەوە میوانم و دەمێنمەوە. پاش ئەوەی کارەکانم لەگەڵ شار تەواو کرد چونکە چەندجارێک لە شار بوومە دوورە دەست بوو لە هەولێر نزیک نەبوو وە ڕێکخستنێکی زۆرم لابوو پاش دروست بوونی جیاوازی بیرکردنەوەمان لەگەڵ کۆمەڵە لە ڕێگای شاخەوان مەولود درابوونەوە ڕێکخراوی کۆمەڵەو شەهید بەهرۆز قەشقە (شوان) ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کارمان کردبوو شەهید دڵشاد ئاگاداری کردمەوە بەنهێنی و خۆشاردنەوە لە هەولێرو ئۆردوگاکانی پیرزین و شاوێس و بەستۆرەو بەحرکەو قەرەمورتکان و هەولێر بمێنمەوە بۆ کاری ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش سوود لەو پەیوەندییە ڕێکخراوەیی کۆمەڵە وەربگرمکە پێشتر بەیەکەوە کارمان کردووەو لێپرسراویان بوومە ئەوە لەلایەک و لەلایەکی تر ئەوانەی ئاشکرا دەبن و ناتوانن لەنا و یەکێتی بمێننەوە هاوکاری ئەو هاوڕێیانە بکەین بۆ دەربازبوونیان و چاوساغیان بۆ بکەین پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی ئاڵای شۆڕشەوە بکەن، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر ناخۆش بوو خۆشاردنەوەو ئەو ماڵ و ماڵ کردن و گۆزە گۆرزی ئۆردوگاکان و شار بەڵام بۆ ڕێکخستن خزمەتێکی باش بوو لە هەولێر زۆر لە ماڵی خوا لێخۆشبوو مام عەزیز خۆشناو دەمامەوە بە چەند ڕۆژ چونکە پێشتر پەیوەندیم بەهۆی کاک ڕێباز لەگەڵ ماڵی خوالێخۆشبوو مام عەزیز خۆشناو هەبوو، کاک کاک ڕێباز لێپرسراوی هێڵێکی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو شەهید هاشم شەمامک و کاک وەرزێر ڕادەستیان کردبووم تا جیا بوونەوەیان بەیەکەوە کارمان کرد، ئەو ماڵە بە مام عەزیزەوە زۆر خەۆشەویست و تێکۆشەرو هاوکار بوون لە ڕووی بیرکردنەوەش باش و چەپ بوون ئەو کەس و لایەنانەی ئام و شۆشیان دەکردن خەڵکی باش و جێگای گومان نەبوون و لەگەڵ یەکتر گفتوگۆو بیروڕامان دەگۆڕیەوە ئێمە گروپێکی مارکس لینین چەپ بووین، باوەڕمان وابوو چینایەتی و نەتەوایەتی هاوتەریبن نابێ یەکێ بە قوربانی ئەویتر بکەین شێلگیرانە لەوپێناوە خەبات بکەین کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوەو یەکسانی کۆمەڵایەتی بنیاد بنێین و باوەڕمان بەوە هەبوو لەسەر ئەو بنەمایە خەڵک وشار بکەینەوە بۆ ئایندە، خەڵک پەروەردە بکەین بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی فاشی باوەڕمان بە گفتوگۆ نەبوو لەگەڵ بەعس لەبەر دەمانزانی و واش خەڵکمان وشیار دەکردەوە کە بەهیچ جۆرێک بەعس باوەڕی بە دیموکراسی نییە، باوەڕمان بە شۆڕشی گەلانی چەوساوە هەبوو پەیوەندییان لەگەڵ ببەستین و هەڵوەستەمان لەسەر یەکیەتی سۆڤیەت هەبوو، زۆربەمان سۆڤیەتمان بە ئیمپریالیزم دەزانی بێجگە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ سەدام حوسێن و بەعس باش بوو هاوکاری دەکرد و چەکی پێدەدا، هەندێکیشمان ئەوە بە قەڵای سۆشیالیزم دەزانی و زۆر دۆستی حزبی شیوعی بوون، پێچەوانە بیریان دەکردەوە سەبارەت بە یەکیەتی سۆڤییەت ئەمن خۆم بە ئیمپریالیزم دەزانی و جارێکیان لە گەرمەی شەڕی خواکرک ئێمە سەنگەرەکەمان لە شوێنێکی زۆر سەخت بوو لەناو تیشە شاخی خوا کورد بوو چونکە کۆتایی ئەنفال بوو بەعس حەوت قۆناغ ئەنفالی لە ناوچەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامدبوو هەرچی کەوتبووە بەردەستی لە خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و دەشتی کۆیەو جافایەتی و شارە زوورو شاربازێڕ و دۆڵی خەلەکان و بەری مەرگەو بیتوێن و پشدەرو باڵەکایەتی و بەری روستێ و خۆشناوەتی ئەنفالی کردبوو بە دڕندەترین شێوە بزری کردبوون خەڵکەکەی بە کیمیاو ناپاڵم و هەموو جۆرە چەکێک وێران کردبوو خاپوور کردبوو بە حەوت قۆناغ قۆناغی هەشتەم هەموو هێزەکەی لە جاش و سەرباز بۆ بادینان هێنا بۆ بەری گارەو ناوچەی بارزان و مزووریان و تا دەشتی خەبات و بەرازگر و نێروەوە و ڕێکان و خواکورک لە خواکورک بۆ چل و دوو ڕوژ شەڕ درێژەی کێشا. شەرەکی سەخت بوو لە خواکورک پێش مەرگەیەکی بەتەمەنی تا حەوتا ساڵی حزبی شیوعی زۆر بە پێشمەرگە تێگیشت ووشیاری نەخوێندەواری هەر زێنەت بوو گوێ لە قسەکانی رابگری و پەند و وانەی لێ فێر ببی زۆر خزمەتگوزار بوو بۆی ناکرا لە پێشمەرگایەتی لە پارتیزانی بچێتە خوارەوە بۆ دێهات و شارەکان بۆیە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کورتانی دەدروی بۆ وڵاخەکانی بارەگاو ولاخەکانی مەفرەزە و کە تەواو دەبوو وای دەزانی گەورەترین چالاکی ئەنجامداوە لە تۆپ بارانی فڕۆکەکانی دوژمن ئەنگاوتراو شەهید بوو زۆر خەفەتبار بووم و وام زانی مامێک و باوکمە شەهید بووە بۆیە بە پەرۆشەوە گوتمە (هاوڕێ ئەبو تارا)ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی بوو بەداخەوە ناوەکەی پێشمەرگەکەم لە یاد نەماوە ئەو پێشمەرگەیەو شەهید کرد ئەویش وتی هاوڕێ ئەوە خەبات و بەرخودانە بەری داری ئازادی بە خوێنی من و تۆو ئەو هاوڕێیە دەستەبەر دەبێ من دوو بارەو سێ بارەم کردەوە گوتی چییە مەلا ئاوات دەڵێی دەترسێی، ووتم نەخێر جێگای من و تۆ هێندە قایمە هەموو هێزی دوژمن بە بە جاش و سەربازەوە ناگەنە من و تۆ بەڵام ئێوە پشتگیری سەدام حوسێنتان کرد بۆ یەکیەتی سۆڤیەت تانک و تۆپ و فڕۆکەی دایە سەدام ئەویش مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی پێ بۆردومان دەکا ئەو تێکۆشەرەی پێ شەهید دەبێ بۆیە دەڵێم ئێوە شەهید تان کرد، ئەویش وتی فەریکە مارکسی وەک ئێوە پەیدا بووە بۆیە جولانەوەی چەپ لە کوردستان و عیراق بەو ئاقارە گەیشت.

منیش ووتم بەڵێ ئێوەی مارکسی عەیار (٢٤) پێتان وابوو بە چوونە ناو بەرەکەی سەدام حوسێن سۆشیالیزم لە عیراق دادەمەزرێنن بۆیە وتتان (یدن بلید نحوبنا الإشتراکیة).

**پۆزش: ژ: ١٧٣**
**- جەمیل ڕەنجبەر بە ڕەنجدەر نووسراوە**
**- ڕەشدی عەزیز لە ژیان ماوە.**


# چلەی کۆچی دوایی مامە رووتە لە کۆیە تەموزی ١٩٩٣

**ئا: رزگار مامە رووتە**
**بەشی چوارەم**

**ئەم وتارە لە لایەن بەڕێز د. فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراقی ئێستا لە چلەی مامە رووتە لە ساڵی ١٩٩٣ خوێندراوەتەوە.**

**خوشک و برایانی بەڕێز:**

ئیمڕۆ کۆبوونەوەکەمان بەبۆنەی مامە رووتەیە کاک عەبدولرەحمان مامە رووتە بەشێکە لە مێژووی سەردەمی خۆی کە تەماشا دەکەین تەماشای لاپەڕەکانی شۆڕشی کوردستان بەتایبەتی ساڵی ١٩٦ دەبینین مامە رووتە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە دەورێکی تەساسی بووە لەو شۆڕشەدا تاکە کەس بووە کە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی هاتووەو چووە سیقەیەکی وای پێکراوە کە نامەکانی بەدەم بینی و ببا نامە چ نامە شۆڕش دەست پێ بکا یا دەست پێ نەکا چۆن دەست پێ بکا کە ئەوە ڕۆڵێکە بە هەموو کەس ناکرێ جێگای بڕو پایی هەموان بووە بۆیە هەر جاری کە هاتووچوی کردووە هەموویان گوێیان داوەتێ بزانن چ دەڵێ هەر هەمان مامە رووتە دەورەکەی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بوبێ بەڵکو درێژەی پێداوە لە شۆڕش ئەمجارەش زۆر جار لە شاخەکانی کوردستان کە هەندێکجار بارەگاکانمان ئەشکەوت بووە یا ئاخە لیک بووەو گەڵای بەسەردا دراوە دیومانە لەناکاو مامە رووتە پەیدا بووەو دەنگو باسی هێناوەو تەوجیهانی ی.ن.ک وشۆرشی بردوو بۆ تەنزیماتەکانی شار لەکاتێکدا ماوەیەک سەر بە ڕێکخستن نەبوو، تەنزیمی نەبوو بەڵام جێگای متمانەی هەموومان بوو بەڕاستی ئەو نەوعە شەخصانەش کەمن دەتوانم بڵم نەک کەمن بەڵکو زۆر کەمن جگە لەوەش مامە رووتە یەکێک بووە لەوانەی بەدڵ و بە گیان شاری کۆیەی خۆشدەویست هەمیشە هەوڵی بۆدەدا، تەنانەت هەر جارەک کێشەیەک بووبێت ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی ناو شار یا کێشەیەک لەناو حکومەت مامە رووتە هەوڵی بۆ داوە بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەری بۆ بکات بۆ خزمەتی شارەکەی، بێگومان هەرکەس شارەکەی خۆی خۆش بوێ مانای ئەوەیە وڵاتەکەی خۆش دەوێ، جا بۆیە لە خۆشەویستی مامە رووتە بۆ شاری کۆیە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو کوردستانی خۆش دەویست هەر واش بووە بەڕاستی شاری کۆیەش هەر بەو بۆنەیەوە دەتوانم


مامە رووتە


بڵێم هەمیشە ئەو سەربازە نەناسراوانەی هەبووە هەروەکو هەمیشە زاناو داناو شۆرشگێری سەربازی دیاری هەبووە، هەرچەندە ناحەزانی شارەکەمان هەوڵیان دا دوای بخەن یا پەکی بکەوێ یا دووری بخەنەوە لە خەزارەت هەمیشە محارەبە بکرێ بەڵام ئەم شارە زیندووە هەمیشە ئیسپاتی کردووە دەری خستووە کە شارێکە مومکین نییە هەرچەندە هەوڵ بدرێ لە دژی ئەو بە شاعیرەکانی بەتایبەتی بە پێشمەرگەکانی ئەگەر بێت و دەفتەری شەهیدەکانی تۆمار بکەین ناوی شەهیدەکانمان بنووسی شەهیدەکانی شاری کۆیە گەلێ گەلێ زۆرترە لەوەی کە دابنرێت بە شەهیدی شارێک شەهیدی چەند شارێک کۆبکەیەوە ئینجا بەقەد شەهیدی ئەم شارە قارەمانەیە ئەوە نەک هەر لە مەیدانی خەبات و فیداکاریدا بەڵکو لەزۆر مەیدانی تردا ئەو بیلمەتانەی کە لە کۆیە دەرکەوتوونە ئەگەر کۆیی نەبان و وەزعی کۆیە وانەبا کورد نەبان لەوانەبو لە دنیادا دەنگیان بدابایەوە مەلای گەورەی کۆیە لە محەمەد عەبدە کەمتر نییە بەڵکو گەلێ زیاترە، حاجی قادری کۆیی گەلێ لە شاعیرەکانی دەوروپشتمان بەرزترە بەڵام حاجی قادری کۆیی لەبەرئەوەی کوردەو کوردیش هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە بشاردرێتەوە و لێ بدرێ ردەنا حاجی قادری کۆیی یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی کە لە دنیا ناویان بمێنێ و لە هەموو وڵاتێک دراسەی شیعرەکانی بکەی هەروەها جەنابی مەلای گەورەو زۆر زانای تر مامە رووتە ئەوانی خۆشدەویست ئەو شارەی خۆشدەویست، کەواتە مامە رووتە هەموو کوردستانی خۆشدەویست بێ گومان لە بارو دۆزی ئەمڕۆ کە ساڵی ١٩٩٣یە کە بارودۆخێکی ناخۆشە دیسانەوە شاری کۆیە تەحەمولی زۆر ناخۆشی کردووە


د. فوئاد مەعسوم

وەزعی ئابورییەکەیی و ڕێگەوبانەکە و زۆر کێشەی تر کە ئومێدەوارین لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزعی کۆیە بەرەو باشتر بڕوا، بەرەو پێش بکەوێ، جارێکیان لە بۆنەیەکی ئەوها بەڵێنێکم داوە ئێستای برای خۆشەویست و ئازیزمان کاک کۆسرەت کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە بێگومان لەسەر هەمان ڕەئی یەو ئومێدەوارین هەوڵی تەواوی بۆ بدا بۆ ئەوەی شاری کۆیە ببێ بە پارێزگا کە ئەوە بەشێکی کەمە لەو وەفادارییەی کە پێشکەش بەو شارەی دەکەین کە وەکو خۆشی لە دانیشتنەکانمان باسمانکردووە کە هەوڵێکی جدی بۆ ئەو وەزعە دەدا تەنانەت لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی لە کۆبوونەوەکانی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودیش هەمان مەسەلەیان باسکردووە کە هەموویان پشتگیری لەو هەنگاوە دەکەن کە بهاویشترێ ئەوجا ئومێدەوارین باری ئابووریمان ئەگەر بەرەو پێشووتر ڕۆیی کە ئومێدی زۆرمان هەیە وابێ ئەوکاتە ئەو بڕیارە بدرێ ئەو هەنگاوەش بهاویشترێ کە بێ گومان ئەمە یەک بوو لە ئاواتە سەرەکییەکانی مامە رووتە هەر مامە رووتە بوو هەوڵی زۆری دا دوای ئەوەی حکومەتی بەغدا بڕیاری دا کە شاری کۆیە بە قەزا نەمێنێ و بکرێ بە گوند ئەو بوو هەوڵی زۆری داو چوو لە بەغدا بەوەی کە شارەکەی بەرەو پێش دەچێ کە وەزعی ئابووری گەشە دەکا هەزاران سڵاو بۆ مامە رووتە بۆ مامە رووتەی قارەمان و خۆشەویست ئومێد دەکەین ئێستا لە بەهەشتی خۆشدا بێ. زۆر سوپاس.

لە مەراسیمی چلەی کۆچی دوایی مامە ڕووتە لە ساڵی ١٩٩٣ لە کۆیە
لە مردن ناترسن ئەوانەی لە ڕێگەی گەل و نیشتیمانەکەیان سەر دەنێنەوە بەڵکو شەهید و مردن لێیان دەترسن بەتایبەتی پ.م.

## هەرجاری سەرهاتییەک



**عیدۆ باباشێخ**

# خۆزگە بە عەقلی تۆ!

ل دوماهی سالێن هەفتیان، من ل بەغدا دخوند، کۆلێجا مە پرنێزیکبوو ل کۆرا زانیاری کورد، ل خەزنا پرتوکێن کوردی کابرایەک ل ژ دەڤەرامە تێدا کاردکر وەکو موچە خۆر، مرۆڤەکی سوحبەت خۆشی و جوامێر بو، وەلێ دووری ئەدەب و بیرو سیاسەتێ بو، هەر هەیامەکێ ئەم دچۆن لای وی کابرای بۆ کرینا پرتوکایان بۆ سوحبەتا، گەلەگ جارا نڤیسکارو شاعیرێن کوردێن ناڤدار مە ددیتن و ب رێکا وی کابرای مەدناسین یەک ژ وان هێژایا شاعیر و خەباتکەرێ کورد (هێمن مهابادی) بو هەلبەت (هێمن) ژ رۆژهەلاتا کوردستانێ بو، هەر ژ دەمێ کۆمارا مهاباد کەفتبو ژ ناڤ سیاسەت و تێکۆشانێ و هەر ژوی دەمیدا مژوولی ئەدەب و سیاسەت و نیشتیمانپەروەریی بو وسەرێ وی کەفتە دەردوبەلایا و مام هێمن ب سالان دوری مهاباد و هەڤال و کەس و کارێن خۆ ژیا، چاخێ من دیتی پیرەمێری لێ دیار بو وەلێ دلێ وی تەڕبو، ب لەشێ خۆڤە بچووک و لاواز ب وەلێ ب بیرو باوەرو ڤیاناخۆڤە پر مەزن بو ل وا هۆزانێن وی ئەڤینا ئاخ وەلات و ژن و جوانی و کوردەواری هەمو ل خۆ گرتبو. شعرێن خۆ ب زمانەکی کوردەواری سادەو خۆشی دنڤیسین، لەوا گەلەک هۆزانێن وی بونە ستران و گۆانی بۆ نموونە هۆزانا (عیشق و ئازادی) کوهونەرمەندێ نەمر (محەمەد جەزا) ب دەنگێ خۆی خۆش دگۆت، مامۆستا هێمن چەندین دیوان و بەرهەم هەبون، ژوانا دیوانا (تاریک و روون)و پەرتوکا (تحفە موزەفەری یە) کو ڤە کۆلین بو، بەرهەمێن وی ل وی دەمی ب دەست نە دکەفتن ب تایبەت ل وی وەختی خوندەوار پر بون نەمازە خویندکارێن کۆلێج و پەیمانگەها بۆ نموونە چاخێ دیواناوی (نالەی جودایی) دەرکەفتی ل کۆری زانیاری کورد هەر کۆلێجەکی بەهرا وی دیارکربوون، لەوا وەختی ئەم چۆین بکرین کابرای گۆت بەهرا کۆلێجا وە نەمایە چنکو کورد لە کۆلێجا مە زاڤ بوون و زوو چۆبون لەوا ئەو دیوانە نەما بو، ب هێڤی یا دناسینا کابرای مە ئەو پرتوکە پەیداکر، مام هێمن خۆشتڤیبو ل ناڤ گەنج و خوێندکاران، جارەکێ کورەک ل کۆمەلا رۆشنبیری کوردی ل بەغدا هەبوو، مامۆستا هێمن دەما هاتی یە ژۆر ب چپەل قوتانەکا زۆر پێشوازی لێهاتکرن وەلێ دەما وەزیرەکی کوردی هاتی هەمو بێ دەنگبون هەرچەند رژێمێ بەعسی ئاسن ب ساری دژەنی جارەکێ ئەز و چەند برادەرەک چۆین کۆرێ زانیاری کورد ل جەم وی کابرایێ مە، مە دیت مامۆستا هێمن هات، وی کابرای ئەم پێ دان ناسین و مامۆستاژێ پر کەیفاخۆ ئینا پاشی هەردو کەفتن ناڤ سوحبەتا، هەلبەت وەکو مە گۆتی مام هێمن چەندین سالێن ژیانا خۆ دووری مال و هەڤال و دەڤەرا خۆ برنە سەر چنکو ژ بەر رژێمی شاهی نەدکاری بچیت رۆژهەلاتێ لەوا هەردەم باسێ دووری و دەردو نەخۆشیێن دووریێ و بی مال و کەس و کارێن خۆ دکروەلێ چنکو ئەو کابرایا مژوولی ژیانا خۆیا تایبەت بو و دووری دنیایا سیاسەت و تیکۆشانێ بو لەوا یەکسەر بەرسڤ داو گۆت: (دێ مامۆستا ژنەکێ بخۆبینە) وەسا دزانی ژن ئینان بۆ شاعیرەک و خەباتکەرەکی شێست هەفتی سالی کارەکی ئاسانە، مامۆستاژێ سەرێ خۆ هەژاند و ب گرنژینەکا سار ڤەگۆت: خۆزگە بە عەقلی تۆ! هەروەکو بێژت. ئەز لە چی دنیایێ دەمینم و تو ل چی دنیایێ، یان وەکو کوردا گۆتی (تول گوهێ گای دا نڤیستی؟!) مخابن وی کابرای ب کول و دەردو کەسەرێن مامۆستا هێمن و هەڤریێن وی نە دزانی، مام هێمن پشتی نەمانا ڕژێمی شاهی ڤەگەری یا و ب دیتنا وارو هەڤال و کەس و کارێن خۆ شا بو وەلێ مخابن گەلەکە نەما چۆ بەر دلۆڤانی یا خودێ پشتی چەندین ساڵ ب دەردی سەری و دووری ئاخ و مرۆڤێن خۆبریە سەری وەلێ چەندین دیوان و پەرتوک ل پێ خۆ هێشتی کوناڤ و ڤیناوی هەر زێندی دەمینت ل بیرەوەریا مرۆڤی کورد ب تایبەت تێکۆشەرو روشەنبیرو خوندەڤانا. هەزار سلاڤ ل گیانێ پاکێ (هێمن مهابادی) یێ نەمر.

# گۆڤارێکی شایستە بە تاوانەکانی جینۆسایدو ئەنفالکردنی کوردو کوردستان

**ئا: بەدرخان**

دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، کە ساڵی رابردوو لەلایەن نووسەرو لێکۆڵەر لە بواری جینۆسایدو ئەنفال «تەها سلێمان» دامەزرا، جگە لە دامەزراندنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراو جۆر لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان، ١٤-٤ یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «جینۆساید»ی چاپ و بڵاو کردەوە،لەم بارەوە «تەها سلێمان» بەرێوەبەری دەزگاکەو سەرنووسەری جینۆساید بۆ بەدرخان وتی»: ئێمە پرۆژەی دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفالمان گەڵاڵە کرد،یەکێک لە ئامانجەکان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو دیکۆمێنتکردن بوو،ئەم گۆڤارەش دەچێتە چوارچێوەی ئامانجەکانمان،هەروەها گۆڤارەکەش تایبەت نیە بە ناوچەیەک یان شارێک، هەروەک لە یەکەم ژمارەی دەردەکەوێ بابەت و بەڵگەنامەو لێکۆڵینەوەی تیایە لە سەر جینۆسایدی فەیلیەکان، جینۆسایدی بارزانیەکان، جینۆسایدی هەڵەبجە، جینۆسایدو ئەنفالی ١٩٨٨، جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، جینۆسایدی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان و هتد بەم کارەش کەمێک لە بەرپرسیارێتی مێژوویی و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی خۆمان بە جێ دەگەیەنین.




## رۆشنبیری یاسایی ٣



مافپەروەر: حوسامەددین سەرداری

ئاشکرایە پێش دەرچوون و پەسەند کردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی ژمارە (35ی ساڵی2007) ی پەرلەمانی کوردستان، یاسای سزاکانی ژمارە (111ی ساڵی 1969) لە مادەی 433 و 435 لەسەر هاوڵاتیان و رۆژنامەنووسان لەکاتی ئەنجام دانی تاوانی ناوزڕاندن و تەشهیر پەیڕەو دەکرا، ئەویاسایەش مافی دابووە هەردوو دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە بە راگرتن (توقیف)ی تۆمەتبار (رۆژنامەنووس) و دادوەری دادگای کەتن بە بەندکردن (حبس) ی تۆمەتبار بۆماوەی ( 24 کاتژمێر تا 5ساڵ)، دادوەریش دەسەڵاتی رەهای هەبوو لە بەندکردنی (رۆژنامەنووس) چونکە دەقی مادە 433 ئاماژە بەوەدەکات کە لەکاتی بڵاوکردنەوەی ناوزڕاندنەکە لە میدیاکان (رۆژنامەو رادیۆ و تیڤیەکان) سزاکە قورستر وباری توندکەر (ظرف مشدد) پەیڕەو دەبێت ،هەروەها بۆ دادوەر هەبوو بڕیاری داخستنی دەزگا میدیاکارەکە بە پێی یاسای جۆراوجۆر بدات .بەڵام دوای پەسەند کردن و بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی کوردستان یاسای ژمارە (35 ی ساڵی 2007) وپەیڕەو کردنی لە دادگاکانی کوردستان بەهیچ جۆرێک سزای (بەندکردن) بۆ رۆژنامەنووسان لەسەر پیشەکەی نەما چونکە یاساکەی پەرلەمان بووە جێگرەوەی یاسای سزاکانی ژمارە (111ی ساڵی 1969) ی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ و لەمادە (12) ی یاساکەی کوردستان دا هاتووە (کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمی ئەم یاسا یە بێت) و تەنیا بە سزای بژاردن (غرامة) لەسەر رۆژنامەنووس پەیڕەو دەکرێت ئەگەر تاوانەکەی لەسەر سەلمێنرا .هەتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا دادوەر بڕیاری راگرتن (توقیف) لە دژی رۆژنامەنووسەکە نادات ئەگەر تەنیا بە پسولەی پێراگەیاندن و لە کاتی دیاریکراو لە بەردەم بنکەی پۆلیس و دادگای لێکۆڵینەوە ئامادەبێت . هەروەها بە پێی برگەی (پێنجەم لە مادە 2 ی یاساکە) دادوەر بۆی نیيە بڕیاری قەدەغەکردنی دەرچوونی رۆژنامەکە یان دەستبەسەرگرتنی رۆژنامەکە بدات . بەڵام جاربە جار گوێبیستی راگرتنی (توقیف) ی رۆژنامەنووسێک بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە لە سەر کاری رۆژنامەگەری دەبین و کەچی یاسای ژمارە (35) دەڵێت رۆژنامەنووس لەسەر کاری رۆژنامەگەری ناگیرێت !!! بۆ روونکردنەوەی ئەم خاڵە بە پێویستی دەزانم هانی هاوپیشە بەرێزەکانم لە رۆژنامەنووسان بدەم کە لەکاتی ئاگادارکردنەوەیان لە لایەن دادگای لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی بنکەکانی پۆلیس پێویستە لە رۆژی دیاریکراویان ئامادەبن و ئیفادەی خۆیان بدەن نەوەک کەمتەرخەمی بکەن لە ئامادەبوونیان و بۆ دووەم جار و سێیەم جار پسولەی پێراگەیاندنیان بۆ بچێت و ئامادە نەبن ، ئەو کاتەدا یاسای (بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی) لە مادە (97 ی ئصول) ڕێگە دەدات بە دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی گرتن (أمر قبض) لە دژ رۆژنامەنووسەکە دەربکات و بۆ چەند رۆژێک لە بەندیخانە رایبگرێت بە هۆی پەیڕەو نەکردنی بڕیاری ئامادەبوونی لە بەردەم دادگا نەوەک بە هۆی پیشەکەی. کەوابوو لە کاتی تۆمار کردنی سکاڵا لە دژ رۆژنامەنووسێک و پێراگەیاندنی بە پسوولەی پێراگەیاندن پێویستە رۆژنامەنووسەکە پابەندی یاسا بێت و لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبێت و ئیفادەی خۆی بدات و ئاگاداری سەندیکای رۆژنامەنووسان بکات تا سەندیکاش پارێزەری بۆ بگرێت و داکۆکی لێبکات.

# بنەما سەرەکییەکانی هەواڵی میدیایی



نەجات روستی

**چۆن هەواڵ دەناسین**

وەڵامدانەوە لەسەر ئەو پرسیارەی دەڵێت (چۆن پێناسەی هەواڵ بکەین؟) وادیارە ڕوون وئاشکرایە، هەواڵ ئەوەیە کە نوێیە یان ئەوەیە کە لە روداوەکاندا نوێ دەبێتەوە، گەر بۆ فەرهەنگ بگەڕێینەوە دەبینین هەواڵ وا شیکراوەتەوە کە(ڕاپۆرتێکە لە ڕووداوێک کەلە دواساتەکاندا ڕوویداوە، یان زانیارییەکە کە پێشتر نەزانراوە) بەڵام زۆربەی ئەوانەی رۆژانە لە جیهاندا ڕوودەدەن ڕێگەی خۆیان لە رۆژنامەنووسی یان ئەو هەواڵانەی لە شەپۆلە کاریگەرەکاندا بڵاودەکرێنەوە نابینێتەوە.

کەواتە چی وا دەکات کە ڕوداوێک یان سەرگوزشتەیەک شایستەی ئەوە بێت ببێت بە هەواڵ یان شایەنی بەهەواڵ بوونە بەڕادەیەک پێویست بکات بڵاوبکرێتەوە یان پەخش بکرێت؟

وەڵامی ڕاستەقینە ئەوەیە: ئەمە پشت بەکۆمەڵێک هۆکار دەبەستێت، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ ئەو زانیارییانەیە کەکاریگەرە بە گرنگییەکی فراوان لای هەوادارانی.

لەبەرئەوە ئەوەی کە هەواڵێک گرنگ دەبێت لە(بۆینس ئایرس) پێدەچێت هەر هیچ گرنگ نەبێت لە(باکۆ)، ڕۆژنامەوانانن بڕیاری ئەو هەواڵانە دەدەن کە پێویستە بەدواداچوونیان (رومالی) بۆبکرێت بە گوێرەی ئەم(پێوەرە هەواڵییانە)ی خوارەوە:

**کاتی گونجاو:**

ئایا بەم دواییانە هیچ ڕوویداوە؟ یان ئایا ئێستا پێمان زانیوە؟ ئەگەر ئەو حاڵەتە وابوو ئەوا هەواڵەکە دەبێت شایەنی بەدواداچوون (روماڵ) بێت، مانای(بەم دواییانە) بێگومان بەگوێرەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبێت.

سەبارەت بەگۆڤارێکی هەفتانە هەر شتێک ڕوویدابێت تا کاتی دواژمارەی لە هەفتەی ڕابوردویدا ئەوا لەڕووی کاتەوە گونجاوە، بەڵام سەبارەت بە تۆڕێک یان ئاژانسێکی هەواڵ کە پەخشنامەی هەواڵی(نشرە الاخبار) وبەرنامە کاتژمێرییەکان (واتە هەمووسەرە سەعاتیک) بڵاودەکاتەوە ئەوا گونجاوترین هەواڵ لەڕووی کاتەوە دەبێت نوێترین هەواڵ وپێشهات بێت، یان هەر شتێک لە دوایین ساتدا ڕودەدات ودەکرێت یەکێک لەو پەیامنێرانەی لەو گۆڕەپانەدایە بەدواداچوونی (روماڵ) بۆ بکات.

**کاریگەری:**

ئایا ئەم هەواڵە کاریگەری لە ژمارەیەکی زۆری خەڵک یان ژمارەیەکی کەمی خەڵک دەکات؟ پیسبوونی تۆڕێکی ئاو کە پێویستییەکانی (٢٠) هەزار کەس لە شارۆچکەیەکی دیاری کراودا دابین دەکات بەهەواڵێک ئەژمار دەکرێت کە پێگەی هەیە چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە.

هەروەها بەهەمان شێوەش ڕاپۆرتێکی پەیوەندیدار بە گیان لەدەستدانی (٨) منال لە ئەنجامی خواردنەوەی ئاوێکی پیسبوو لە ئۆردوگایەکی فلان شار بەهەواڵێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت چونکە خەڵک بەسۆزەوە لەگەڵ ئەو ڕوداو ومەسەلەیەدا مامەڵە دەکات.

بەڵام ئەگەر بەهەڵە یەکێک لە کرێکارەکان هێڵێکی کارەبایی بپچڕێنێت نابێتە هەواڵێکی گرنگ ئەگەر پچڕانەکە نەبێتە هۆی برانی تەزوی کارەبا لە سەرانسەری شارەکە وتەنها برانی کارەبای بۆ چەند سەعاتێک لێکەوتبێتەوە.

ڕوداوی نزیک:

ئایا هیچ لە نزیک شارەوە ڕویداوە؟ یان کەس لێرە پێوە بووە؟ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە(بەسرە) ناونیشانی ڕۆژنامەکانی (عیراقا) داگیردەکات .

بەڵام پێویست نییە ناونیشانی ڕۆژنامە سەرەکییەکانی(کوردستان) داگیر بکات ئەگەر بێتو لە نێوان سەرنشینەکانیدا هاووڵاتیی(کوردی)یان تێدا نەبێت.

هەواڵ لەوتووێژدا دەوروژێ:

ئایا خەڵک ناکۆکن بەهۆی ئەو هەواڵەوە؟

سروشتی مرۆڤـ وایە گرنگی بەو هەواڵانە بدات کە پەیوەندیدارن بە ململانێی وباری پشێوی، یان ئەو هەواڵانەی وتووێژی گشتی دەوروژێنن.

خەڵک حەزی لە لادانە بەلای یەکێکدا دژی ئەوی تر، یان لەوە نزیک بێتەوە کەلەو ململانێیەدا سەردەکەوێت.

ململانێ هەموو کاتێک بەباری بۆچوونەکان یان ڕای کەسێک دژی ئەوی تردا ناشکێتەوە، داستانەکان لەسەر پزیشکانێک هەوڵی نەهێشتنی نەخۆشی دەدەن یان لەسەر هاووڵاتیانێک لە دژی یاسایەکی نارەوا ڕادەپەڕن، بەهەمان شێوە ململانێ لەخۆدەگرێت.

**ناوبانگ:**

ئایا کەسێکی ناسراو هەیە هەواڵەکە بگێڕێتەوە؟ چالاکی و ڕوداوە ئاساییەکان دەکرێت لە پێشینەدا بن ئەگەر کەسێکی بەرچاو بگرێتەوە وەک سەرۆک وەزیران یان ئەستێرەیەکی ناوداری سینەمایی، لەسەر ئەوە ڕوداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە لە(بەسرە) پێشینەی هەواڵەکانی جیهان دەگرێت ئەگەر بێت و بۆ نموونە سەر نشینێکی فڕۆکەکە ناودارێکی گۆرانی بێژی موسیقیی(ڕۆک) بێت.

بەردەوام وتنەوە:

ئایا خەڵک ئەو هەواڵە بەردەوام دەڵێتەوە؟ کۆبونەوەیەکی حکومەت سەبارەت بەسەلامەتیی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت ئەگەر بێتو کۆبوونەوەکە پاش ڕوداوێکی ناهەمواری ئۆتۆمۆبیلێک نەبێت.

هەروەک پێدەچێت ڕووداوێک لە یارییەکی تۆپی پێدا لاپەڕەکانی هەواڵی ڕۆژنامەکان تا چەند ڕۆژێک داگیر بکات چونکە پێدەچێت بابەتێکی سەرەکی بێت بۆ گفتوگۆکان لە وڵاتدا.

**نامۆیی:**

ئایا ئەوەی ڕویداوە نا ئاساییە؟ یان وەک دەوترێت شتێکی باوە؟

ئەگەر سەگێک گاز لەپیاوێک بگرێت ئەمە هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێک گاز لە سەگێک بگرێت ئەوا ئەمە هەواڵێکی گرنگە، ئەوەی نامۆ وسەمەرە ولە ڕادە بەدەر بێت وچاوەڕوان نەکراو بێت شانازیی سروشتی وسەرنج لای مرۆڤـ ڕادەکێشێت.

ئەوەی بەهەواڵێکی گرنگ دادەنرێت پشت بەسروشتی خەڵک وجەماوەر دەبەستێت نەک تەنها بە شوێنی نیشتە جێبونیانەوە، ئەو کۆمەڵە کەسانەی لە خەڵک جیاوازن شێوازی ژیان وگرنگی پێدانی جیاوازیشیان هەیە کەوای لێدەکات گرنگی بەجۆرەها هەواڵی جیاواز بدات،

بۆ نموونە:

بەرنامەیەکی ڕادیۆیی کەمەبەست لێی گوێگرانی منال و لاوانە پێدەچێت ناوەڕۆکی هەواڵەکە لەسەر ئەستێرەیەکی ناوداری مۆسیقا یان گۆرانی وتن یان وەرزش بێت، ئەمەش لەڕۆژنامەیەکی تایبەت بەکاروباری بازرگانیدا بڵاو ناکرێتەوە کە مەبەست لێی خوێنەرانی تەمەن گەورە و زۆر دەوڵەمەند بێت، ئەو گۆڤارە هەفتانەیەی بەدواداچوونی (روماڵی) هەواڵی پزیشکیی دەکات پێدەچێت باسی تاقیکردنەوەی دەرمانێک بکات وئەو پزیشکانەی گۆڤارەکە دەخوێننەوە ناچار بکات گرنگی بەو هەواڵە بدەن.

بەڵام ئەگەر بێتو وانە بوو کە ئەو دەرمانە نەخۆشییەکی ناسراو و گرنگ چارەسەر دەکات ئەوا ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئەو مەسەلەیە پشت گوێ دەخەن، پێدەچێت یەک حاڵەتی جیاواز هەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە لەو شارەدا دەربچێت کە توێژینەوەی پزیشکیی تیادا دەکرێت لەسەر دەرمان.

دامەزراوە هەواڵییەکان کاری خۆیان بەخزمەتکردنێکی گشتی دادەنێن لەبەرئەوە هەواڵ پێکدێت لە چەند زانیارییەک کە خەڵک پێویستیی بە زانینی هەیە بۆ بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە، وەهەروەها بۆ ئەوەی هاووڵاتی بەبەرهەم بن لە سیستمی دیموکراسیدا، هەرچەندە زۆربەی دامەزراوە هەواڵییەکان دامەزراوەی بازرگانین کەپابەند دەبن بەوەی قازانج بەدەستبهێنن تاپارێزگاری لە مانەوەیان بکەن، لەبەرئەوە هەواڵەکانیان پێدەچێت بۆ ڕاکێشانی جەماوەر وخوێنەران بێت وەک چەند داستانێک کەخەڵک حەز دەکات شتێک لە بارەیانەوە بزانێت تەنها لەبەرئەوەی وروژێنەرە بۆ گرنگی پێدان، ئەم دوو سیفەتە نابێت لەیەکتر جودابن، لەوانەیە هەندێک لەگرنگترین هەواڵ ڕۆژێک لەڕۆژان ببێتە وروژێنەر وتامەزرۆ، بەڵام شتێکی تاڕادەیەک باوە لە دامەزراوەکانی هەواڵدا هەواڵ بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش کراوە: هەواڵی سەرەکی یان هەواڵی گرنگ لەگەڵ هەواڵی کەمبایەخ یان ڕاپۆرتی هەواڵ لەسەر بابەتی کەمبایەخ.

**چۆنیەتی هەواڵ:**

هەواڵی سەرەکی وگرنگ لەبنەڕەتدا ئەوەیە کە ڕوودەدات لەهەواڵ لەو ڕۆژەدا، ئەو هەواڵا□نەیە کە لە لاپەڕەکانی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دەبینرێن یان لەسەرووی پێگە ئەلکترۆنییەکان، یان ئەوانەی لە سەرەتای وەشانی هەواڵدا(نشرە الاخبار) پێشکەش دەکرێن، بۆ نموونە هەواڵی جەنگ وسیاسەت وکارەکان وتاوانەکان ئەو بابەتانەن کە لەهەواڵە گرنگەکاندا زۆر دوبارە دەبنەوە، بوونی هەواڵێک سەبارەت بەمانگرتنێک کە شۆفێرانی ئۆتۆمبیلە گشتیەکان (پاسەکانی گواستنەوە) ڕایانگەیاندووەو بەهۆیەوە هەزاران هاووڵاتی ناتوانن بگەنە شوێنی کارکردنیان بە هەواڵێکی سەرەکیی گرنگ دادەنرێت وهەواڵێکە دەبێ دەستبەجێ بڵاو بکرێتەوە، هەروەها هەواڵێکی وروژێنەرە بۆ وتووێژو کاریگەرییەکی فراوانی لەو شوێنەدا دەبێت وکۆمەڵگە پێویستیی بە زانیاری هەیە لەسەری چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، وە بەپێچەوانەشەوە چیرۆکی وەرزشەوانێکی بەناوبانگی جیهانی کە لەپەناگەیەکدا پەروەردە بووە وپێگەیشتووە لە بەشی هەواڵی کەمبایەخ یان ناسەرەکیدایە، ئەوە چیرۆکێکی خۆشە وجێگەی گرنگی خەڵکە وپەیوەندیی بەکەسایەتیەکی ناوداری وەرزشییەوە هەیە وداستانێکی نائاساییە وخەڵک حەز دەکات قسەی لەسەر بکات لەگەڵ هاوڕێکانی، بەڵام هۆکارێک لە ئارادا نییە کە دەبێت لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بڵاو بکرێتەوە، بە پێی پێناسەکەی بە ڕاپۆرتێکی تایبەت دادەنرێت، زۆرێک لە ڕۆژنامە وپێگە ئەلیکترۆنییەکانی ئینتەرنێت بەشی تەرخانکراویان هەیە بۆ ڕاپۆرتی تایبەت سەبارەت بە شێوازی ژیان و ماڵ و خێزان وهونەر وتەسلییە، بگرە ڕۆژنامە گەورەکانیش پێدەچێت پاشکۆی هەفتانەیان هەبێت کە بابەتی دیاریکراوی وەک خواردەمەنی وتەندروستی وزانست ولەو بابەتانە لەخۆبگرێت.

هەروەها چۆنێتیی بابەت تەنها هۆکار نییە کە هەواڵی سەرەکی لە هەواڵی ناسەرەکی جیابکاتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا داڕشتنی هەواڵی سەرەکی جیاوازە لە داڕشتنی هەواڵی کەمبایەخ، هەواڵی سەرەکی بە شێوەیەکی گشتی بە جۆرێک دادەڕێژرێت کە خوێنەری بتوانێت گرنگترین زانیاریی دەستبکەوێت لە کەمترین کاتدا، بەڵام نوسینی بابەتی تایبەت بە شێوەیەکی باو وتارەکانیان بەگێڕانەوەی چیرۆکێک یان ڕوداوێک یان نموونەیەک دەست پێدەکات ئەویش بەمەبەستی ڕاکێشانی گرنگی پێدانی جەماوەرەکەی، لەبەرئەوە چیرۆکەکە پێدەچێت کاتێکی زۆری بوێت تا دەتگەیێنێتە خاڵی سەرەکی.

هەندێک چیرۆک هەن کە ئەم دوو ئاراستەیە یەکانگیر دەکەن، چیرۆک وابەستە نییە بە کاتێکی دیاریکراوەوە بەڵام تەوەرەکانی دەربارەی بابەتی گرنگن و زۆرجار ناوی (ڕاپۆرتە هەواڵی تایبەت)ی لێدەنرێت، گەرهاتوو باس لەهەوڵی کۆمەڵگە بکات بۆ نموونە دژی نەخۆشیی ئایدز ئەوا بە ڕاپۆرتە هەواڵی تایبەت دادەنرێت بەڵام گەر بێتو باس لە

ئەگەری چارەسەرێکی نوێ بکات بۆ ئەو نەخۆشییە ئەوا بەهەواڵێکی سەرەکیی جدی دادەنرێت.

ڕاپۆرتە تایبەتییەکانیش بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێن بۆ ئاشکراکردنی ئاراستەکان وکێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکان لەسەر خەڵک وئەو ئەزموونانەی ئەو خەڵکانە دەیانبینن.

**ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس**

تەکنەلۆژیای نوێ وایکردووە هەموو کەسێک کە کۆمپیوتەری لە بەردەستدا بێت دەتوانێت زانیاری بڵاوبکاتەوە بە شێوەیەکی فراوان کە مەوداکەی دەگاتە توانای دامەزراوە وئاژانسە هەواڵییەکان، هەرچەندە بوونی پێگەی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی باش نەخشێنراوە، ئەمە بێجگە لە ڕادەی باوەڕپێکردنی ئەوەی تیایدا دەنووسرێت یان ئەو خێراییەی بەهۆیەوە زانیارییەکان تیایدا نوێ دەبنەوە نابێت بەو سەرچاوەیەی کە پشتی پێ قایم بکرێت لە دەستکەوتنی هەواڵدا، ڕاستییەکە ئەوەیە لەم جیهانە ئاڵۆزەی تیایدا دەژین کە وای لێهاتووە زانیارییەکان وەک کاڵایەکی دەگمەن نەماون کە پێشتر وابوون، ئێستا ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس گرنگیی زیاتری هەیە لە چاو ئەوسادا.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە دروستکەرانی پڕوپاگەندەکان دەیکەن، ڕۆژنامەنووس هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی ئەو زانیاییانەی لایەتی ودواتر بڕیاری ئەوە دەدات کە پێی وایە چی نرخی هەیە ودەکرێت باوەڕی پێ بکرێت، پێش ئەوەی بیگەێنێتە جەماوەر، ئەو چیرۆکانەی لە هەواڵەکاندا دەوترێنەوە ئەگەر چی هەواڵی گرنگ بن یان کەمبایەخ دەبێت چیرۆکی ورد وڕاست بن، ڕۆژنامەنووسان تەنها کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێویستیان پێیانە تا بتوانن قسەی لەسەر بابەتێک پێبکەن بەس نییە بۆیان، بەڵکو لەسەریانە لە ڕاستیی زانیارییەکان بکۆڵنەوە



پێش ئەوەی بەکاریان بهێنن، ڕۆژنامەنووسان پشت بەوە دەبەستن کە خۆیان بە گوێرەی توانا دەیبینن پاشان ڕاوێژ لەگەڵ چەند سەرچاوەیەک دەکەن تا تەئکید لەوە بکەنەوە ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتووە ڕاستن، بێجگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن ئەوان ئەو سەرچاوانە ڕادەگەێنن کە زانیارییەکانیان لێ دەستکەوتووە تاوەکو جەماوەر بتوانێت پێوەری ڕاستگۆییەکەی بکات.

هەرچەندە تەنها ڕۆژنامەنووسی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست وباوەڕپێکراو نییە، دەکرێت هەروەها پڕوپاگەندەش بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما ڕاستییەکان، بەڵام ئەو ڕاستییانەی بە شێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن بە جۆرێک کار لە ڕای جەماوەر بکەن، هەروەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتیەکانیش ڕاستییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام لەوانەیە قسە لەسەر یەک لایەن لە بابەتەکەدا بکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن لە پێناو پێشکەشکردنی چیرۆکەکان بەتەواوی وبەبێگەردی، هەروەها تێدەکۆشن لە پێناوئەوەی چیرۆکەکان ورد وڕاست بن لە ڕاوبۆچوونی خۆیان یان ڕاوبۆچوونی کەسێکی دیکە.

هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان ڕۆژنامەنووسی وهۆکارەکانی تری

> **ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن لەپێناو گەڕان بەدوای پاکی وبێگەردی لە بابەتەکانیاندا بەوەی شتێک لەسەر تەنها لایەنێک نەنووسن یان لەسەر یەک بۆچوون وبەس، ئەوان دەگەڕێن بەشوێن ڕای بەرهەڵستکارانە وبەبێ لادان بەلای لایەنێکدا، ئەمە بێجگە لەلێکۆڵینەوە لەڕاستی وباوەڕپێکردنی ڕاستییەکان**

بڵاوکردنەوەی زانیاری، ئەویش ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان هەوڵی تەواوی ئەوە دەدەن سەربخۆ وجیابن لەو کەسانەی بەدواداچوونی روماڵی هەواڵەکانیان دەکەن، کەچی ئەوانەی لەبواری پەیوەندییە گشتییەکاندا بۆ دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێک ئیش دەکەن هیچ شتێک نانووسن کە خراپ بشکێتەوە بەسەر ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکەن, بەڵام ڕۆژنامەنووس هەوڵ دەدات مەسەلەکان بەتەواوی پێشکەش بکات ئەگەر چی بێتو ئیجابیش نەبێت.

ڕۆژنامەنووسان گوێزەرەوە نین بۆ ڕاوبۆچوونی خۆیان یان ئەو زانیارییانەی پێشکەشی دەکەن، ئەوان راپۆرتی بنچینەیی ئامادە دەکەن وڕاستی و ڕا وشتی باو تێکەڵ ناکەن وبڕیاری ڕاست دەدەن لەوەی کە تایبەتە بە ئامادەکارییەکان، هەروەک (بیل کیلەر)ی سەرنوسەری جێبەجێکاری ڕۆژنامەی(نیۆیۆرک تایمز) دەڵێت لێپرسراوێتی سەرەکی لە ڕۆژنامە گەریدا بریتی یە لە (بڕیاردان لەسەر ئەو زانیارییانەی هەیە).

ڕۆژنامەنووسان جیا لەکەسانی تر لەوانەی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا دەکەن، وەلائی سەرەکییان بۆ جەماوەر هەیە، هەروەک لە میساقی شەرەفی ڕۆژنامەی (مۆنتریاڵ گازێت)ی کەنەدی-دا هاتووە (مەزنترین ئەوەی هەر ڕۆژنامەیەک هەیەتی ئەمانەتێتی(ئەسپاردە)و ڕێزگرتنە لەو ئەمانەتە کە پڕ لەئازارە، بەڵام لەکیسچوونی زۆر بەئاسانی ڕوودەدات، بۆ پاراستنی ئەو ئەسپاردەیە ڕۆژنامەنووسان ئەوپەڕی هەوڵیان دەخەنەگەڕ بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان ئەگەر چی ئەوە ڕاستی بێت یان چاوەڕوانکراو.

**بابەتی و ڕاستی:**


مانای بابەتی لە میدیادا نزیکەی سەدەیەک دەبێت دەرکەوتووە ئەویش وەک کاردانەوەیەک بۆ شێوازی وروژاندن و ئەو بابەتانەی ملکەچی ڕایەکی دیاریکراون ئەمەش ئەوەیە کە ئەو کاتە لە ئارادا بوو لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا، گوزارشتی بابەتی بەکارهێنراو هەر لەو کاتەوەی بەکارهات لەوەسفی شێواز یان تێڕوانینیی ڕۆژنامەنووس بۆ بابەت ئەو سەردەمانە ڕۆژنامەنووسان هەوڵیان دەدا بەشێوەیەکی بابەتییانە هەواڵەکان پێشکەش بکەن بێ ئەوەی ئەمە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی بۆ لادان بەلای کەسێتییەکی دیاریکراو یان لایەنێکی دیاریکراودا هەبێت.

لەگەڵ تێپەڕبونی ڕۆژگار بابەتی ڕەواجی پەیدا کرد تەنانەت لە هەڵسوکەوت وشێوازی خودی ڕۆژنامەنووسان خۆشیاندا، لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین کە(لیۆنارد داونی) سەرنووسەری جێبەجێکاری ڕۆژنامەی(واشتن پۆست)ی ئەمریکی لەگەڵ مەسەلەی بابەتی بەجدییەکی زۆرەوە مامەڵە دەکات بەڕادەیەک ئەوە ڕەتدەکاتەوە ناوی لە لیستی پاڵێوراوان تۆماربکرێت، هەرچەندە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لەم کاتەی ئێستاماندا تەسلیمی ئەوە دەبن کە بابەتیی تەواو ئەستەمە، لە ساڵی ١٩٩٦ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا وشەی بابەتی دەڕوخێنێت لە پرۆتۆکوڵی ئیتیکی پیشەیدا کەدایـنابوو، ڕۆژنامەنووسان پێش هەموو شتێکی تر مرۆڤن، پەرۆشن کە پیشەکانیان لە دەست نەچێت، هەر وەک ڕای تایبەتی خۆیان هەیە و بانگەشەکردن بەوەی ئەوان بەتەواوی بابەتین وا دەکات باوەڕیان بە(نرخ و بایەخداری) نەبێت، ڕۆژنامەنووسان تاڕادەیەکی زۆر ڕێککەوتن کە دەبێت هۆشیار بن بەڕا تایبەتییەکانیانەوە تا بتوانن چاودێریی ڕەنگدانەوەکانی ئەو هۆشیارییە بەبەردەوامی بکەن، دەبێت خوێنەر هەست بەڕای ڕۆژنامەنووس نەکات کاتێک وتارێکی دەخوێنێتەوە، هەروەها پێویستە شێوازێکی بابەتی وزانستییانە بەکاربهێنێت لەلێکۆڵینەوی زانیارییەکاندا، ڕۆژنامەنووسان دەتووانن لەسەر بابەتەکان بنووسن بە جۆرێک ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان تیایدا ڕەنگ نەداتەوە هەروەک دەبێت بابەتەکەش بێلایەن وپاک بێت.

ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن لەپێناو گەڕان بەدوای پاکی وبێگەردی لە بابەتەکانیاندا بەوەی شتێک لەسەر تەنها لایەنێک نەنووسن یان لەسەر یەک بۆچوون وبەس، ئەوان دەگەڕێن بەشوێن ڕای بەرهەڵستکارانە وبەبێ لادان بەلای لایەنێکدا، ئەمە بێجگە لەلێکۆڵینەوە لەڕاستی وباوەڕپێکردنی ڕاستییەکان، ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن بۆچوونەجۆراو جۆرەکان بزانن لەو حاڵەتانەی کە تیایدا ڕاستییەکان جێگەی ململانێن، هەرچەندە پاکی و بێگەردی (دەست پاکی) بەمانای هاوسەنگی نایەت، هاوسەنگی واتا دوو ڕا هەبێت لەسەر یەک بابەت کە ئەمە بەدەگمەن ڕوودەدات، هەر لایەنێک دەبێت سەنگێکی یەکسانی بدرێتێ، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەوڵی بەدیهاتنی ئەم جۆرە هاوسەنگییە دروست کراوە لە بابەتەکانیاندا دەدەن بەرەو ئەو کۆتاییە دەچن کەبەدواداچوونی (رومال) بابەتەکانیان بەشێوازێک بکەن زۆر دووربێت لە ووردبینی، بۆ نموونە، زۆربەی پسپۆڕانی سەربەخۆی ئابوری ڕێککەون لەسەر ئاکامەکانی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی سەرفکردنی دیاریکراو، لە کاتێکدا ڕایەکی جیاواز هەبێت لە هەندێک لە پسپۆڕانی تر کە تەئکیدن لە هەڵەی ئەزموونەکانی پێشووتریان، واتە هەر بابەتێک لەم دووانە کاتێکی یەکسان یان ڕوبەرێکی یەکسان بدات بەڕای هەریەک لەو دوو گرووپە ئەوا بابەتێکی بەردەوام دەبێت.

بەرەنگاریی نموونەیی لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا بەدواداچوونی هەموو بۆچوونە گرنگەکانە بەشێوەیەک عادیلانە وپاک وبێگەرد بێت سەبارەت بە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە تا وێنەیەکی تەواو پێشکەش بەجەماوەر بکەن.

بەگوێرەی ئەوەی(دان گیلمۆر)ی ڕۆژنامەنووس دەیڵێت کە خاوەنی پێگەی ئینتەرنێتیە(دادوەری ودەستپاکی گوێگرتنە لە ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر وبەرقەرارکردنی لەڕۆژنامەگەریدا، ئەوە بەمانای درۆ وشێواندن نایەت لەپێناو بەدیهێنانی ئەو یەکسانییە تەمبەڵەی کە وا لە هەندێک ڕۆژنامەنووسان دەکات هەوڵی بەدەستهێنانی قسە و وتەی نەیارانە بدات کاتێک ڕاستییەکان بەشێوەیەکی سەرکوتکەرانە پشتیوانی لەڕاوبۆچونێکی دیاریکراو دەکەن.



**چرۆ شەهاب***

# ڕۆڵی میدیا لە ئیدارەدانی قەیرانەکان

میدیا ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کارتێکردن لە باری دەرونی وەرگر،ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بڕینی سەرجەم سنورەکان بەشێوازێکی خێرا، لێرەدا بۆ مان دەردەکەوێت کە بەهۆی خێرا گەیشتنی بەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بێگومان کاریگەریە دەروونیەکان بەجێدەهێڵێت لە سەر تاک پاشان خێزان ودواتریش کۆمەڵگە.

ئەمڕۆ میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لە ئیدارەدانی قەیرانەکات،بەتایبەت ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ لە ڕوی ئەمنیەوە تێی کەوتووین، بە نمونە مێدیاو ئیدارەدانی قەیرانی شەڕی دژ بەتیرۆر، لە کاتێکدا دەبینین کە شەڕی دژ بە تیرۆر ئەمڕۆ لە مێدیای کوردی بە تایبەتی بووەتە هۆی خزمەتکردن بە بەرەی دژ هەندێک جار ئەو خزمەتە ڕاستەوخۆیە یاخود ناڕاستەوخۆ،بە قەصدە یان بەقەصد نیە،هەموو ئەم گریمانانە و چەندین گریمانەی تر،لە رووماڵکردنە مێدیاییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان بەدیدەکران.

لێرەدا دەبینین کە چۆ ن بە وشێوەیە کاریگەری خۆی لە خزمەتکردنەکان بۆ هەر بەرەیەک بیەوێت بۆیان دەچێتەسەر،هەر بەهەمان شێوەش دەکرێت مێدیا ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ئیدارەدانی ئەم قەیرانە کە ئەمڕۆ کوردستانی تێکەوتووە،چۆن دەبینین بەردەوام هێزەکانی پێشمەرگە پڕچەک دەکرێن و ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر دەستی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی و شارەزای بواری سەربازی، بە هەمان شێوەش گرنگە و دەکرێت لە سەر دەستی شارەزایانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بواری مێدیا کۆنفرانسێکی گەورە ببەسترێت بۆ سەرجەم بەرپرسی جێبەجێکار یاخود تەنفیزی دەزگاکانی مێدیا لە کوردستان،پەیامنێرەکانی بەرەی جەنگ لە ڕووی زانیاری شێوازی رووماڵکردنەکان پڕچەکی زانیاری بکرێن.

دەشێت مێدیاکار لە بوارەکەی خۆی هەڵگری پەیامی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بێت بەتایبەت لەم قەیرانە گەورەیە کە ژیانی هەموو تاکێک لەم کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە ،ئەمەش بەتەنیا بە خودی خۆی ناکرێت ئەگەر بەرپرسی تەنفیزی دەزگاکە لە پشت ئەم پارێزگاری کردنەوە نەبێت،کەواتە هەر دەزگایەکی مێدیایی لە کوردستان دەشێت بەتەواوەتی خۆی بخاتە ژێر ئەم بەرپرسیارێتیەوە .

هەندێک لە مێدیای کوردی چەندین جار کەوتە ئەو داوەی کە مێدیای تیرۆریستەکان بۆیان دانابوون و وایان لێهاتبوو ئەگەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بوبێت لە خزمەت تیرۆریستاندا بوون،بەو مانایەی لە کاتێکدا تیرۆریستان چالاکیەکی خۆیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکردەوە،لێرەوە دەگوازرایەوە سەر لاپەڕەی مێدیای ئەلیکترۆنی و پاشان بۆ مێدیا بینراوو بیسراوەکان.

کێشە و قەیرانی مێدیایی لێرەوە دەستی پێکرد،لێرەوە ناپرۆفیشناڵێتی دەرکەوت،لێرەوە زانین و نەزانین دەرکەوت،لێرەوە قەیران قەیرانی بەدوای خۆیدا هێناو تائێستاشی لەگەڵ بێت بەشێک لە مێدیاکانمان لە ناو ئەو گێژاوە نەهاتونەتە دەرەوە.

لە یەکێک لە وتارەکانمدا باسم لە بوونی پسپۆڕی سەربازی کرد وەک ڕاوێژکار لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی نەکەوتنە هەڵەی هەواڵی سەربازی بەرەکانی جەنگ، بەتایبەت لە بوونی ئەم جەنگە نەخوازراوەدا،بەڵام جگە لە لەچەند مێدیایەکی کەم نەبێت گوێ بەم مەسەلە یە نەدرا،هەر بۆیە مێدیا لێرەدا شکستی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی رووماڵکردنە سەربازیەکان بەتایبەت تر ڕوماڵکردنە ڕاستەخۆیەکان.

لێرەوە دەکرێت مێدیاکان پێدا چوونەوەیەک بە پلان و بەرنامەکانی خۆیان لەرووی سەربازیدا بکەنەوە،دەکرێت هەماهەنگی لەنێوانیاندا ئەنجامبدرێت لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان،پێویستە ئەکادیمیەکانمان دەستەوسان نەوەستن لە بەڕێکردنی ئەم قەیرانەدا و تەنها کۆنفرانسە لۆکاڵیەکان لە بۆنە و یادەکاندا بەس نیە،لایەنی ئەکادیمی تەنها ئەوە نیە لە ناو هۆڵەکانی خوێندن لە رووی تیۆرییەوە بە چی بە خوێندکارەکانیان دەڵێن،دەشێت لەڕێگەی یەک خستنی دەنگ و پلان و بەرنامە کانیان لۆدێکی ناوخۆیی و دەرەکی دروست بکەن و هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکی گەورەبن وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا،چونکە وەک دەزانرێت تیرۆریستان بەردەوامن لە بەکارهێنانی باشترین تەکنیکی مێدیایی،کە بێگومان مەبەستیانە جەنگە دەروونیەکەیان بگاتە ناو هەموو خێزانێک،دەیانەوێت داگیرکردنەکان لە ناوخۆوە هەڵبقولێت بە ڕوخانی باری دەرونی تاکەکان،لێرەوە مێدیاکان هەنگاوی جدی بنێن لەپێناو ئیدارەدانی ئەم قەیرانە.

*** مامۆستای پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سلێمانی**



**محمد واني**

# تعطيل الدستور؛ بداية التصدع والتفكك

الدستور العراقي الحالي عالج اهم مشكلتين ظل العراقيون يعانون منها لفترة طويلة ، وربما مع تأسيس الدولة العراقية ، المشكلة الاولى ؛ مشكلة الاكراد المزمنة التي وجد لها حلا مثاليا من خلال المادة ١٤٠ الخاصة بالمناطق المتنازع عليها بين اقليم كردستان والحكومة الاتحادية ، وخاصة مدينة»كركوك»الغنية بالنفط . والمشكلة الاخرى تتعلق بالتعايش المضطرب والثقة المفقودة بين المكونات والمجتمعات العراقية المختلفة طائفيا وقوميا وثقافيا وعالجها وفق المادة ١١٩ التي اجازت للمحافظات باقامة اقاليم شبه مستقلة مع وضع دستور خاص لكل اقليم ، فاذا كان التعايش المشترك بين السنة الشيعة في مجتمع واحد صعب ومستحيل وله انعكاسات خطيرة على ارض الواقع ـ كما نراها ـ فلم لا يفترقان عن بعضهما بالمعروف ويشكلان اقليمهما الخاص ضمن عراق فدرالي ديمقراطي؟ كما هو الحال مع الاقليم الكردي؟ فما الضير من ذلك؟ لم التخوف من الفدرالية مادامت تعالج الازمة الطائفية والاثنية بالطرق السلمية؟ .. فلو عمدت حكومة»ابراهيم الجعفري(٢٠٠٥) الى تطبيق هاتين المادتين المهمتين من مواد الستور فقط ، ولم تتجه نحو الاحتكار والتفرد وارساء دعائم الطائفية في الحكم استجابة لاجندات خارجية ، لما وصلت الحالة العراقية الى وضعها الحالي الذي لا يسر عدوا ولا صديقا ، ولما تجرأ بضع مئات من عناصر تنظيم متطرف ارهابي اجتياح المدن العراقية والاستيلاء على مدينة»الموصل»الاستراتيجية ..

وسار»نوري المالكي»الذي جاء من بعده على نهجه وراح يكمل ما بدأه ، ولكن بصورة اعنف واوحش ، حاول جاهدا تعميق الحالة الطائفية وترسيخ الخلافات القائمة بين تلك المكونات ، ومن اجل تحقيق هذا الهدف ، خاض حربين مريرتين على جبهتين مختلفتين ادتا في النهاية الى انهاك قوى العراق ؛ جبهة السنة ؛ وسخر لها كل امكانيات الدولة المالية والعسكرية والميليشياوية الطائفية التي شكلها ودعمها ومولها واشرف عليها ، لم يكتف»المالكي»بخوض صراع لاهوادة فيه ضد الاحزاب والحركات والعشائر السنية العراقية التي انتفضت ضد الحكومة»عام ٢٠١٢» مطالبة بحقوقها الدستورية في تشكيل اقليم خاص في مناطقها ، واطلاق سراح المعتقلين الابرياء وايقاف نهج الحكومة الطائفي والغاء المادة ٤ ارهاب السيئة الصيت التي اطلقت يد الحكومة في اعتقال واعدام المعارضين السنة بحجة»الارهاب»، بل راح يقدم الدعم والمساندة اللامحدودة لنظام»بشارالاسد»الطائفي ويمده بالاموال والاسلحة و الميليشيات الطائفية في حربه ضد الشعب السوري ، هذا الامر الذي اجج الشعور الطائفي لدى السنة في المنطقة وحول مسار المواجهة الى حرب طائفية مفتوحة ، وهو ما ساعد وساهم بصورة مباشرة في ظهور تنظيم الدولة الاسلامية»داعش»، وقد اقر الرئيس الامريكي»باراك اوباما»مؤخرا بهذه الحقيقة وحمل»المالكي»جانبا كبيرا من تبعات التصاعد الطائفي في العراق وظهور التنظيم الارهابي .. الجبهة الثانية التي حارب فيها»المالكي»بضراوة ، هي الجبهة الكردية ؛ ظلت مطالب الكرد الدستورية تشكل دائما عقبة كأداء امام طموح الاحزاب الشيعية في بسط سلطتها المطلقة في العراق ، لذلك حاولت دائما ان تخلق مشاكل وازمات جانبية مع الاقليم الكردي للتهرب من تلبية تلك المطالب ، بدأت العلاقة بين الشيعة والكرد تعتورها المشاكل وتنذر بنهاية وخيمة بعد ان امضى الطرفان سنتين في شهر عسل سرعان ما انتهى بازمة محتدمة على اثر قيام»الجعفري»بالتنصل من وعوده التي قطعها على نفسه عند توليه الحكم بتطبيق المادة(١٤٠) واتفاقه مع الاتراك سرا على الاجهاض على هذه المادة الدستورية التي من شأنها انهاء عقود من الصراع الدموي بين الشعب الكردي والحكومات العراقية المتعاقبة في حال تطبيقها ، وعلى اثر اكتشاف امره وازاحته عن الحكم ، تدهورت العلاقة بين الطرفين شيئا فشيئا حتى وصلت الى اسوء حالاتها في عهد»المالكي»الذي شكل قيادة قوات»دجلة»في مدينة»كركوك»المتنازع عليها لمواجهة القوات الكردية»البيشمركة»المرابطة هناك وسلم قيادها الى الجنرال المتقاعد»عبدالامير الزيدي»المعروف بانتمائه لحزب البعث العربي وقيادته لعملية»الانفال»ضد الاكراد عام ١٩٨٨.. وبتعطيل الدستور من قبل الاحزاب الشيعية ونزوعها نحو التطرف والتوسع واثارة الازمات مع الشركاء السياسيين ، يكون العراق قد سار نحو التصدع والتفكك ، وما لم يحققه الدستور ستحققه القوة وفرض الامر الواقع ..

# ڕەهەندەکانی نامۆیی




**غیاسەددین نەقشبەندی**

کتێبی نامۆییم کردووە بە دیاری بۆ ئەو کەسەی لە کۆمەڵگایەکی نایاساو ناداد، هەردەم بەرژەوەندیی کەسایەتی خۆی کردووە بە قوربانی بۆ بەرژەوەندی گشتی و هیچ جارێک لە کۆمەڵگا نامۆ نەبووە، ئەو کەسەی کە بەمردنی ئەو، سێ کەس لەدەستم چوو، مامۆستایەکی پەروەر، هەڤاڵێکی زۆر لێم نزیک، باوکێک بەهەموو ئاڵۆزی پەیڤەکەوە، بۆ گیانی عەلی شێخ غیاسەددین نەقشبەندی، کە پێموایە زۆر سەربڵندتر دەبووم ئەگەر پێش ڕۆیشتنی ئەو کتێبەی بدیتبا. بەرگی کتێبی نامۆیی لەلایەن (Rod Black borough) وە دیزاین کراوە دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆرم دا بۆ ئەوەی هزرەکەی بۆ بکەم بە ئینگلیزی وکتێبەکە دەربارەی چییە، بەڵام دوای چەند دانیشتنێک هەستم کرد کە ناتوانێت لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بگات منیش وێنەی (Jigsaw) م بۆ هێنا وێنە پارچەکراوەکە کە پێکەوەدەنێن وەک لەپشتی

> **زۆربەی داهێنەرەکانی دونیا ئەوانەی هەست و هزری خۆیان بەباشترین شێوە دەربڕیوە و کارەکانییان بوون بە مایەی گۆڕینی دیرۆکی مرۆڤایەتی**

بەرگەکە دیارە، کە پارچەیەکی هەڵە ناکەوێتە شوێنی پارچەیەکی تر، دەبێ پارچەکە هی ئەوێ بێت ئەگینا هەڵە قەبوڵ ناکات، پارچەی وێنە تەواوەکە بە لێکدانی پارچەکانی تر کامڵ دەبێت وێنەکە کۆمەڵگایەو پارچەکەش تاکە ئەگەر جێگای لەناو کۆمەڵگا ڕێک وەکو خۆی نەبێت ئەوە بێ گومان ناگونجێت وهەم وێنەکە تێکدەدات و خۆشی ناکەوێتە جێگای هەڵە. بەشێ یەکەم: دەروازە زمان شێوەیەکی دوواکەوتوی پەیوەندییە بۆ مرۆڤایەتی-هەموو زمانەکان- هەڵبەتە کە دێتە سەر کارە قورسەکەی پەسەن (وصف) یان دۆخێکی دەرونی، یان پەسەنی هەڵچونێکی ناخ و ئاڵۆزییەکی هزر، زمانەکان بەدەستبەستراوی بەرامبەر بە حاڵەتی وا ڕادەوەستن و هزرەکە چک دەکات چونکە زمان ناتوانێت ئەوە بگەیێنێت کە لەهزردا هەیە. بڕوانە سیمانتیکی لۆجیکی (Logical Semantic) کە بەشێکی پاڕلۆجیکی زمانییە وکاری شیکردنەوەی واتاو دوای واتای هەیە، بەڵام چەندی لێی قوڵ ببیەوە هەر بە قاسر دەمینێتەوەو ناتوانێت تەعبیر لە هزرەکە وەکو خۆی بکاتەوە، هەموو زمانەکان نەیانتوانیەوە ناو بۆ بۆنەکان بدۆزنەوە، ئێستاش بۆن بەوشتەوە بەستراوە کە لێیەوەدێت: بۆنی نێرگز، بۆنی پیاز، بۆنی خۆش وبۆنی ناخۆش.. هتد. بۆنەکان

ناوی تایبەتییان نییە، هەر هەمان ئیشکال لەسەر ڕەنگەکانیش هەیە کە ڕەنگەکان ناویشییان هەیە، بەڵام هەر مەسەلەی ئەوە دەمینێتەوە تەنها بە پێکهاتن (أتفاق) لەسەر ڕەنگەکان دەیانناسینەوە، واتا ڕەنگی سور کە هەموومان دەزانین سورە بەڵام کێ دەڵێ هەموومان وەکو یەک دەیبینین؟ شین، هەموومان دەزانین شینی کراوەو شینی تۆخ چۆنە بەڵام کەس نازانێ کە ئێمە وەکو یەک دەیبینین جارێ زانست ئیسباتی نەکردووە کە هەموومان ڕەنگەکان وەکو یەک دەبینین. هەرچەندە زمان زۆر کۆنە، بۆ سەرتاکانی ژیان و خۆڕسکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە تەنها زیندەوەرە دەتوانێت لۆجیکی زمان بەکاربهێنێت ئەویش بێگومان لەدوای پرۆسێسی Evolution گەشەکردنی بنەڕەتی مێشکی مرۆڤ، ئەگەر چی زمان لەوساوە زۆر پێشکەوتووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجی و کۆمپۆلۆجیانەو بەبەراورد لەگەڵ زانستەکانی تریش، زۆر زۆر لەدواوە ماوەتەوە، ملیۆنەها ساڵە مرۆڤ بەهەمان شێوە لاساکەرییە کۆنەکەوە زمانی خۆی دەجولێنێ و لێوی خۆی هەوراز و نشێو دەهێنێ ودەبا و وبا لەسینگی خۆی پاڵپێوەدەنێ و دەنگ دروست دەکات وناوی لێناوە زمان! ئەو هەموو پەیوەندییە بەرفراوانەی مرۆڤایەتی کە جیهانی بچووککردۆتەوەو مەودای نەهێشتوە تەنها لەسەر بناغەی چەند پیتێکی دیاریکراو دامەزراوەو ئەگەر بەکارهێنانی ژمارە نەببا بە ئەلتەرناتیڤ ئەوە پێموانییە تەنها تیپ توانای ئەوهەموو پێشکەوتنانەی هەبا بۆ جێگۆڕیی ئەلفەبێت کە هەر پیتێک چەند ژمارەیەک نوێنەرایەتی دەکات و وەکو سامبولێکی ژمارەیی دەیبینێت، ئەگەر ژمارە بەهانا نەهاتبا ئەوە بێگومان ژیاریش بەو مەودایە فراوانە نەدەگەیشت کە کۆمپیوتەر ئەمڕۆ لەناو هەموو بوارێکدا بەکاردێت. یەعنی چی؟ ئەو تیپە لەگەڵ ئەوە بەکار بهێنە دەلالەتی شتێک دەدات و ئەوەیتر لەگەڵی کۆبکەوە واتایەکی تر دەدات!! ئەو گەردوونە بەوهەموو وردەواڵەو پێچ وپەنا و ئاڵۆزییەوە چۆن بە ٢٩ تیپ یان بە سەد یان هەزار یان ملیۆن تیپیش پەسەن دەکرێت؟ تەنانەت زمانەکی وەکو چینییش کە لە کاریکتەر






Character پێکدێت لەجیاتی تیپ و نزیکەی ٤٠٠٠ کارێکتەری هەیە، ئینجا پەسەنی زۆر لە هەڵچون و ڕەنگ و بۆن بکات و لەزۆر مژاردا دەربڕین بەزمان دەبێتە کۆسپ لەڕێگای گەیاندنی هزرە بنەڕەتییەکە وەکو خۆی. من لێرەدا زمانی کوردی تاوانبارناکەم، چونکی لەڕووی سیمانتیک هیچ کەموکوڕی نییە لەچاو زمانەکانی تری دونیا، بەڵام زمانەکان بەگشتی تاوانی نەگەیاندنی مەبەست لەئەستۆدەگرن. زۆربەی داهێنەرەکانی دونیا ئەوانەی هەست و هزری خۆیان بەباشترین شێوە دەربڕیوەو کارەکانییان بوون بە مایەی گۆڕینی دیرۆکی مرۆڤایەتی، گلەییان لەزمان هەبووەو ئەگەر ڕێگایەکی ترییان بۆ دەربڕین هەبوایە، بێ گومان مرۆڤایەتی ئێستا شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوتری بەخۆیەوە دەبینی چونکە داهینی مەزنتریان پێشکەش دەکرد، بۆ نمونە: هگڵ یان دیکارت یان مارکس زۆ لەوە زۆرترییان پێبووە کە پیشکەشی مرۆڤایەتییان کردووە بەڵام تەنها ئەوەندەیان پێکراوە بە فۆرمێکی تێگەیراو مفهم بۆ خەڵکی تر ئەوەی کراوە هەموو هزری وان نەبووە، و یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی پێشکەوتنی زانست و ماتماتیک واتا مەتریالیزم بەسەر ئایدیالیزمدا ئەوەبووە کە ژمارە و سامبولی زانست زۆر لە زمان وردتربوون بۆ گەیاندنی هزرەکان. ئەو بیرماندانە زۆرترییان پێبووە، بەڵام هەرئەوەندە پێڕاگەیشتون بیکەن بە هزرێکی ڕێکخراو وتێگەیراو بۆ خەڵکی تر. لە ئەنجامی ئەوەوە مرۆڤی ئاساییش زۆر جار هەوڵدەدەین بیرێک بگەیێنین، بەڵام لەبەر ئەوەی وشەکان یارمەتیمان نادەن، بە نزیکترین وشە بەکاردەهێنین بۆ هزرەکە، نزیکترینیش مەرج نییە وەکو ئۆرجینالبێت بۆیە لەئەنجامدا هزرێکی وەکو ئەوەی ویستمان بیگەیێنین، دەگاتە ئەوەی بەرامبەر، کەواتە ئاخڤتنەکانمان تەنها هەوڵێکن بۆ گەیاندنی هزرو هەست و بۆچوونەکاننەک گەیێندراوی خودی هزرەکانە، بێگومانیش هەوڵدانی گەیاندنی هزرەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ گەیاندنی خودی هزرەکان بومەزبوتی، زۆر جاریش لەئەنجامی ئەو ئاڵۆزییە هزرەکان بەهەڵە دەگەنە ئەوەی بەرامبەرو ڕەنگدانەوەی جیاوازی لێدروستدەبێت کە مەبەستی ئاخڤتنەکە لەبنەڕەتەوە ئەوە نەبوو کە گوێگر لیی تێگەیشت، ئەوە نمونەیەکی بچوکە، بەڵام بۆی هەیە ببێتە کارێکی ترسناک ئەگەر لەکاتی گفتوگۆی دیپلۆماسی یان پەیوەندیی جیهانی دەوڵەتەکان یان دووارۆژی نەتەوەکان کە لەبەر تێگەیشتنێکی هەڵە یان لێک تێنەگەیشتن سەرتاسەری کێشەکان سەراوبن دەبن و بویەر و مەوقفی نوێ دروست دەکەن دووارۆژی میللەتانی پێ دەگۆڕێ، بۆیەش هەمیشە گوتومە ئەگەر زمان تەنها ڕێگای گەیاندنی هزرەکانبێت، ئەوە بێگومان باشترین ڕێگا نییە.

**بەشی سێیەم**

## پێشبینییەکە ڕاست دەرچوو

# فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە... بوو بە ڕاست!



د.مەولود ئیبراهیم حەسەن

دوو ساڵە کتێبی (فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە- لە ئەفسانەی کوردییەوە بۆ زانستی سەردەم) کە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری زانستی پێشبینیکارە، تەواو بووەو چاوەڕێی چاپکردنە، ئەم بابەتە کە باسی زانستێک دەکات، کە لە داهاتوویێکی نزیک زاناکان دەتوانن بەهۆی (لەبەرگرتنەوە – CLoning) مرۆڤ فێری زمانێکی نوێ بکەن، ئەم ڕا زانستییە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژەو خوێندنەوەیەکی ووردی – ئەفسانەو ئایین و مێژوو و واقیع و زانستی سەردەمە، بەتایبەتی زانستی جینەتیک- کۆکردنەوەی هەموو ئەم بابەتانە لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ داو بەدەستهێنانی ئەنجامێک. کە دواجار کاری پسپۆڕانی بواری بایۆلۆژی و ئینتەرنێت و نانۆتەکنەلۆژیە هەر وا ئاسان نییە! بەڵام لێکۆلەر لە ئەنجامی بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی. گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی بابەتەجیاجیاو زانستە لێکدوورەکان دواجار هەموویان یارمەتی دەری یەکترن و خزمەتی یەکتر دەکەن، چۆن هەموو ئەم بابەتانە، کە بەبەرچاو لێکدووورن، بەڵام هەرهەموویان بەسەرهات و تاقیکردنەوەو زانیاری و زانستێکن بەرهەمی ژیان و بیرکردنەوەو هەوڵدان و خەیاڵ و داهێنانی مێشکی مرۆڤن، مرۆڤ ئەگەر هەوڵی زانین و ناسینی هەموو ئەم (کەون) و دیاردە سروشتیانەی داوە، لە مرۆڤ ناسی و خۆناسیشدا بەدوور نەبووە، ئەگەر هەموو ئەمانەی بەهۆی مێشکەوە کردووە ئەوا دەمێکیشە خەریکی ناسینی مێشک و زانینی کارکردنی و وردی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزو پڕ نهێنییەیە، ئەوەبوو دواجار چینی بەرپرس لە قسەکردن و زمانی دۆزییەوە! ناسین و دۆزینەوەی ئەم چینەش دەرگای بۆ زۆر بابەتی تر کردەوە.

**ئێمە لە لێکۆڵینەوەی (فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە)زۆر نموونەمان لە ئەفسانەی کوردی و ئاینە کۆن و ئاسمانییەکان و مێژوو و واقیع هێناوەتەوە، کە هەواڵی ئەوەمان بۆ باس دەکەن کە مرۆڤ دەتوانێ:**

١-زۆر زوو فێری زمانێکی تازە ببێت.

٢-مرۆڤ دەتوانێت فێری زۆر زمان بێت، کە نموونەی سێ زمان و پەنجا زمان و تا دەڤاتە سەت زمانیشمان هەیە. کە ئەمانە ئەگەر بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوون و لێهاتوویی کەسەکان بن، ئەوا لە واقیعدا جۆرێکی ترمان هەیە، بۆ فێربوونی زمان، کە بەهۆی شۆک و کارەسات و تاو کەوتنەوەیە، کەسی بەرکەوتوو کە بەخۆ دێتەوە زمانی خۆی لە بیرکردووەو بە زمانێکی نوێ قسە دەکات کە پێشتر بەهیچ شێوەیەک نەیدەزانی، ئەم دیاردە زۆر و بەردەوام دووبارە بووەوەی مێژوو و ئێستاش بە (Foreign Accent Syndorm) ناسراوەو ئێمە لە کوردی دا بە (زمانگۆڕان) وەرمانگێڕاوە، لە ئەنجامی ڕووداو و سەربەر کەوتنەکان، زۆر لەو کەسانە لە پڕ و لەناکاو زمانی خۆیان بیر دەچێ و بە زمانێک، یان چەند زمانێکی نوێ قسە دەکەن، هەتا نموونەی وا هەیە کە کەسانێک بەم جۆرە کەوتن و زمانگۆڕانە، کە بەخۆ هاتوونەتەوە بەزمانی فیرعەونەکانی هەزارو سێ سەت ساڵ پێش زایین قسەی کردووەو هیچ کەس لە زمانەکەی نەگەیشتووە،تەنیا پسپۆران و شارەزایانی زمانە مردووەکان نەبێت.ئەم زمانگۆڕانە کتوپڕە لەنێو چیرۆکە ئەفسانەیی و پەرجوە ئایینی و هەواڵە مێژووییەکاندا زۆر دووبارە بۆتەوە، کە ئەمانە هەمووی لەگەڵ ڕووداوە واقیعەکان یەک ئەنجامیان هەیە ئەویش کەسێک لەپڕ فێری زمانێک یان زیاتر لە زمانێک دەبێت.

**نموونەی ئەم جۆرە کەسانە ڕاگەیاندنەکانی جیهان زۆر باسیان دەکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەن.**

لە ئەنجامی پێکگرتن و شیکردنەوەی هەموو ئەمانە- کە لەنێو کتێبەکەدا بە دوورو درێژی باسکراوە – و خوێندنەوەیەکی ووردی هەواڵ و زانیارییەکان سەبارەت بە (جینی زمان – Foxp٢)لێکۆڵەر گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئەگەر نەخۆشی گرانەتاو شۆکی جۆراو جۆر ئەم هەموو زمانگۆڕینەی




بەسەر کەسەکاندا هێنابێت بەردەوام ڕوو بدا و ڕوو بداتەوە ئەوا بۆچی زانست و زانایانی بواری جینەتیک و پسپۆڕان نەتوانن! کار لەسەر ئەم جینەی مێشک بکەن و سیستمی کارکردن و کارلێکردنی بدۆزنەوەو دواجار بگەن بەو ئەنجامەی کە سەدان ساڵە شۆک لە واقیعدا پێگەیشتووە هەر لەبەردەوامی لێکۆڵینەوەکەدا لێکۆڵەر گەیشت بەو ئەنجامەی ڕۆژێک دێت مرۆڤ بە لەبەرگرتنەوە فێری زمانێکی نوێ دەبێت هێندە هەیە لێکۆڵینەوەیەکی تیئۆری بوو، ئەم تیئۆرە دەبێ زانایانی پسپۆر لە بواری جینەتیک و مێشک ئەم تیئۆرە بکەن بە واقیع هەر بەو بۆنەشەوە لێکۆڵینەوەکەی خۆمان پێشکەش بەو زانایە پسپۆرە کرد کە لە داهاتودا دەتوانێ ئەم تیئۆرە بکات بە کردار.

خۆشبەختانە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەم هەواڵە گرنگ و خۆش و دنیا هەژێنە بەدنیادا بڵاو بووەوە هەواڵەکە لەژێر ناوی (بە خواردنی حەبیک زمانێکی بیانی فێرببە) ئەوەش لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی (نیکۆلاس نیگرۆ پۆنتە) زانای مێشک و کۆمپیوتەر لە زانکۆی ئێم – ئای – تی لە کەنەدا، ڕووی لە گوێگرو بینەرەکانی خۆی کرد و گوتی: (لە داهاتوودا خەڵک دەتوانن بە خواردنی یەک حەب فێری زمانی ئینگلیزی ببن و شەکسبیر بخوێننەوە) لەسەر قسەی نیکۆلاس نیگرۆ پۆنتە دامەزرێنەری تاقیگەی ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی کۆمپیوتەر لە ئامۆزگای – ماسا تشۆ ستس- هەروەها لە هەواڵە زانستیەکەیدا دەڵێت ئەو حەبە بەکۆمپیوتەر بە باشی خواردنی و لە ڕێگای خوێنەوە دەگاتە جێگای خۆی لە مێشک و دروستکاری خۆی دەکات، کەسی حەب خواردوو فێری زمانە نوێکە دەبێت ئەمە وەک دەڵێن زۆرتر لە کاری فیلمە خەیاڵی و زانستییەکانی سینەماوە دەکات. بەڵام نیکۆلاس سووره لەسەر ڕاستی هەواڵە زانستییەکەی و دەڵێ: لە سێ ساڵی داهاتوو ئەم هەواڵە زانستییە دەبێت بە واقیعێکی ڕۆژانە.

هەروەها نیکۆلاس ئەوە بەبیر دێنێتەوە کە پێش دەساڵ گوتویەتی ڕۆژێ دێت زانیارییەکان قوت بدەیت و سوودیان لێ ببینێ، ئێستا وەختی ئەوەیە کە ئەمە بکەوێتە کار. هەروەها دەڵێ لە ساڵانی نەوەتەکان گوتم: ڕۆژێ دێت تەلەفزیۆن بە دەست لێدان کارد دەکات ئەوکاتە گاڵتەتان بە بیرۆکەکەم دەکرد ساڵی ١٩٩٧ گوتم ڕۆژنامەکان بایەخیان نامێنێ و خەڵک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوەکان دەبێت، جارێکی وتیان نیکۆلاس شێتە، بەڵام وەکو دەبینن هەموو ئەو بیرۆکەو پرۆژانەمان بوون بە ڕاستی هەروەها گوتم لە داهاتوودا کۆمپیوتەر پێویستی بە ماوس و کیبۆرد نامێنێ سەیرکەن ئێستاکە قسەکەم هاتە دی.

خوێندەوارانی بەڕێز دەمێکە زانست شتە ئەفسانەیی و خەیاڵییەکان دەکات بە واقیع ئەوەی ئەم زانایە ڕایگەیاندووە ڕێک لە کاری ناو ئەفسانەی کوردی دەچێت ئەگەر




نیکۆلاس مونتگرۆ

ئەو زانایە دەڵێ بە قوتدانی حەبێت مرۆڤ فێری زمانێکی نوێ دەبێت ئەوا سەدان و هەزاران ساڵە لەنێو دەقی ئەفسانەی کورد باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە حەکیم یان سیمرخ (تف) تف دەکاتە ناو دەمی پاڵەوانی ئەفسانەو پاڵەوان یەکسە بەهۆی ئەو تفەوە فێری زمانێکی تازە یا زانیاریەکی زۆر دەبێت، ئەمەش هەر هەمان حەبی ئەو زانایەیە کە پاش قوتدانی کەسی حەب خواردوو فێری زمان و زانیاری تازە دەبێت هەر لە ئەفسانەی کوردییەوە ئەم زمان فێربوونە بەهۆی خواردنەوەی ئاوێکی تایبەتە، بەڵام ئەنجام هەر هەمان ئەنجامە، ئەمەش یەکەمین کاری نێو دەقی ئەفسانەیی نییە کە دەبێتە کاری نێو تاقیگەی زاناکان، تا ئێستاکە زۆر کاری تری ناو ئەفسانەمان دیوە، کە ڕۆژی هەر لەنێو دەقی ئەفسانەییدا هەواڵی هەبووە، بەڵام دواجار بوون بە کەرەستەی بەردەستمان و ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین.

لە ڕۆژی ٢٠١٣/١/٩ لە سیمینارێکدا لە (ئەکادیمیای کوردستان) کە ئەم بابەتەم پێشکەش کرد هەندێک لە ڕۆشنبیران بڕوایان بە پێشبینییەکە نەرکرد و ڕوو بە ڕوو ڕای پێچەوانەی خۆیان دەربڕی، بەتایبەتی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی تیئۆرییەوە چووینە نێو بوارێکی زانستی بایۆلۆژی و مێشکەوە!!؟ خۆشبەختانە ئێستا زانایەکی ناودارو داهێنەری وەکو (نیکۆلاس مونتگرۆ پۆنتە) کە زانایەکی پسپۆڕی بواری مێشک و کۆمپیوتەرە بێ ئەوەی ئاگاداری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بێت داهێنانەکەی خۆی ڕاگەیاند و جارێکی تر بە هەواڵێکی زانستی ئەستەمبڕ – خارق – دنیای هەژاند ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دواجار ئاوی زانستەکان هەموویان تێکەڵ بەیەک دەبنەوە.

**شادم نەمردم و ئەم هەواڵەم بیست، شادتردەبم ئەگەر ڕۆژێ بێت و بەچاوی خۆشم بیبی**

## تەندروستی (٢)



د. فەیسەڵ بڵباس

لەگۆشەی پێشوو باسێکی تەندروستی خۆپاراستنمان کرد بەو شێوەیەی کە بەشی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکان خۆیان، بەڵام تا ڕادەیەکیش کۆمەڵ و حکوومەت بەگشتی و دەزگا تەندروستیەکان بەتایبەتی، لێی بەرپرسیارن بەجۆرێک کە زانیاری ڕاست و دروست لەسەر نەخۆشیەکان و چۆنیەتی تێکەولێکەکردن لەگەڵیاندا بگەیەننە هاوڵاتیان.

هەرچی تەندروستی چارەکردنە ئەوە بەشی هەرە گەورەی دەکەوێتە سەرشانی دامودەزگا تەندروستیەکان، چونکە ئەو دەزگایانە سەرچاوەی دابینکردنی نەخۆشخانە و تاقیگە و کارمەند و پزیشکی شارەزاو پسپۆڕن و هەر ئەوانیشن کە دەتوانن نەخۆشیەکان دەستنیشان بکەن و چارەی ڕاست و دروستیان بۆ بدۆزنەوە، بەڵام لێرەشدا بەشێکی گرنگی ئەو جۆرە تەندروستیە دەکەوێتەوە ملی تاک و هاوڵاتی خۆی. ئەگەر تاک ئەوەندە زانیاری و هەشیاری تەندروستی هەبێ کە کەینێ و چۆن و بۆچی سەردانی ئەو دەزگا تەندروستیانە بکا، ئەوا بێگومان لایەنێکی زۆری ئەو گرفتە ئاسان دەکا. لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی شوێن و کات و کەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا دیسان هەر دەگەڕێتەوە سەرشانی تاک.

ئەوەی ئەمڕۆ لەلای ئێمە باوە، بەداخەوە دەڵێم، ئەوەیە کە هەرکە ناوبانگی نەخۆشخانەیەک یان پزیشکێک یان کارمەندێک دەکەوێتە سەرزاری خەڵک، ئیدی ئەو خەڵکە بەبێ بیرکردنەوە ڕووی تێدەکەن کە زۆر جار دەردەکەی ئەوان لەپسپۆڕێتی و شارەزایەتی ئەو کەس و شوێنە ئاگادار نین.

ناکرێ هەموو کەس ببێتە پزیشک، بەڵێ دەکرێ فێری ڕێوشوێنی ڕاست و دروست بین لە تێکەولێکەکردن لەگەڵ گرفتە تەندروستیەکانمان. هەر لەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ هەر ناوچە و گەڕەک و ژمارەیەک دانیشتووان لەشارێکدا، تاکە پزیشکێک یان نۆڕینگەیەک هەیە کە تاکەکانی ئەو شوێنە بۆ هەر گرفتێکی تەندروستیان، دەبێ سەردانی بکەن و پرسی پێبکەن. ئەویش دوای ئەوەی لەگرفتەکەیان دەکۆڵێتەوەو شتێکی لێ هەڵدەکرێنێ، ئەگەر لەتوانا و شارەزایەتی ئەودا بوو، ئەوا چارەی دەکا و دەینێرێتەوەماڵەوە دوای دڵنیاکردنەوەی. ئەگەر زانیشی لەتوانای ئەودا نیە و پێویستی بەپسپۆڕێتی دیکە و تاقیگە و نەخۆشخانە هەیە، ئەوا ڕەوانەی شوێنی مەبەستی دەکا دوای ئاگادارکردنەوەی ئەو شوێنە لەگرفتە تەندروستیەکەی ئەو کەسە.

ئەم جۆرە ڕێکخستنەی سەردانی پزیشک و دامودەزگای تەندروستی ڕێگە لەزۆر هەڵسوکەوتی نادروست دەگرێ کە ئەمڕۆ لەلای ئێمە باوەو بووەتە هۆی لەناوچوون و لەدەستدانی بڕێکی زۆری توانا و خەرجیەکانی دامودەزگا تەندروستیەکان و تەڕوهیشکیشی بەیەکەوە سووتاندووەو ڕەنگە مافی خەڵکی تێدا بخورێ و کەسی نەخۆش فەرامۆش بکرێ لەسەر حسابی کەسانی دیکەی کە پێویستیەکی ئەوتۆیان بەو سەردان و سەرقاڵیکردنەی دەزگا تەندروستیەکانەوە نیە.

زۆرکەس لەوانەی سەردانی ئەو دەزگایانە دەکەن دواجار لەبەر پشێوی و زۆری سەردانکەران ئەوەندە متمانەیان بەو شێوە نابێ و ناچار سەردانی شوێن و پزیشکی دیکە دەکەن، بەم شێوەیە جۆرە بێباوەڕی و نەبوونی متمانە لەناو خەڵک بەدەزگا تەندروستیەکان نامێنێ کە ئەمە بەخراپ بەسەر تاک و کۆمەڵ و دەزگا تەندروستیەکانیش دەشکێتەوە.

لەڕووی چارەکردنەوە هەندێک بەهۆی ئەوەی کەمێک خوێندەواریان هەیە ڕەنگە بەهەڵە هەوڵی چارەکردنی خۆیان یان کەسوکارەکانیان بدەن بەبەکارهێنانی دەرمان و ڕێگەچارەی ئەوتۆ کە لەوانەیە هەر تەنیا لەزاری خەڵکانی دیکەیان بیستبێ کە ئەوانە بۆچی دەبن و بۆچی باشن. ناوی چەند دەرمانێک دەزانن یان هەر لەڕێگەی خوێندنەوە شارەزایی لەهەندێک ڕێگەچارە پەیدا دەکەن و بەبێ گەڕانەوە بۆ پزیشکی پسپۆڕ ئەو جۆرە چارەسەریان بەسەر خۆیان و خەڵکی نزیکی خۆیان تاقی دەکەنەوە کە زۆرجار بوونەتە هۆی نانەوەی کارەسات.

با چەندە بزانی و هۆشیاری هەبێ لەسەر دەرمانان، نابێ بەبێ پرسی پزیشک و دەرمانساز ئەو مادەیە کیمیاویانە بەکاربهێنرێن، چونکە ئەگەر ئەوانە بۆ لایەنێک و کەسێک سوودیان هەبێ دوورنیە بۆ کەسانی دیکە و لایەنی دیکەی تەندروستی بەزیان بشکێنەوە.

هەشیاری تەندروستی ئەوەنیە تۆ ناوی دەرمان و نەخۆشیانە بزانی، پتر ئەوە بەهەشیاری دادەنرێ کە بزانی لە چ کات و بارێکی تەندروستیدا سەردانی دامودەزگا تەندروستیەکان بکەی. بەکارهێنانی دەرمان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە و هیچ دەرمانێک نیە کاریگەری لابەلایی نەبێ. بۆیە ئەو کەسەی دەرمانێک بۆ کەسێک و بارێکی تەندروستی دیاری دەکا دەبێ ئەو دوو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەی ئەو دەرمانە ڕەچاو بکا و بەراوردیان بکا و بزانێ کامە لایەنی پترە. ئەگەر دەرمانێک بۆ چارەکردنی دەردێک باشبێ بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆی بۆ نەخۆشە هەبێ کە گرفتی دیکەی بۆ پەیدا بکا ئەوا نابێ ئەو دەرمانە بکاربهێنرێ و پێویستە بیر لەڕێگەچارەی دیکە بکرێتەوە یان ئەو دەرمانەی بۆ بگۆڕدرێ.

هەر بۆ نموونە دەرمانێکی سادەی وەکە (ئەسپرین) کە بۆ زۆر جۆرە ژان و سووتانەوە بەکاردەهێنرێ، دوورنیە ببێتە هۆی بریندارکردنی ناوەوەی گەدە و ریخەڵۆکەکان تەنانەت کونبوون و خوێن بەربوونی کە ڕەنگە تاکە یەک دانەی ژیانی ئەو کەسە بخاتە مەترسیەوە. دانەی (پاراسیتۆڵ) کە ئەمڕۆ ماڵ نیە تێیدا نەبێ و بەردەوام بەکاردەهێنرێ، جاری وابووە بووتە هۆی لەکارکەوتنی جەرگ چونکە بەبڕی زۆر و بەردەوام وەکو ژەهر بۆ شانە و خانەکانی جگەر وایە. بۆ گورچیلەکانیش بەهەمان شێوە. لەبەر ئەوانە چارەکردنی نەخۆشیان دەبێ تەنیا لەلایەن پزیشکی پسپۆڕ و باوەڕپێکراوەوە بێ. ئەوەی کە دەکەوێتە ئەستۆی تاک لەم ڕووەوە ئەوەیە کە کەی بڕیاربدا سەردانی پزیشک بکا و سەردانی چ جۆرە پسپۆڕیەک بکا. بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە هەر کەس و خانەوادەیەک پزیشکێکی شارەزای خۆیان هەبێ و بۆ گرفتە تەندروستیەکانیان پرسی پێبکەن و هەر ئەو ڕێگەیان نیشان بدا کە سەردانی کێ و کوێ بکەن ئەگەر پێویست بوو.

# پارێزەرێکی کەیسەکە: لەکەیسی هەڵەبجەدا چەندین تۆمەتباری سەرەکی هەبوون، دادگایی نەکران

ئا: دانا حامید

٢-٢

*** بەگشتی چەند کەس تۆمەتباربوون لە کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، دواتر دادگای باڵای تاوانەکان سزای چەند کەسیانی دا؟**

+ بەکر حەمە سدیق: بەبڕوای من دەبوو زیاتر لە ٨٠ کەس دادگایی بکرانایە لەسەر کەیسی هەڵەبجە، هەر لەسەرکردایەتی سیاسی عێراقەوە واتە لە سەدام حسێنەوە (سەدام نەمابوو ئەو کاتە دۆسیەی هەڵەبجە خرایە ڕوو) تاکو ئەوانەی پێیان دەوترا (عوزوی قیادە قوتری) هەموویان بەشداربوون لەو تاوانەدا، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئیستخبارات، سەرۆکی ئەرکانی سوپا کە نزار خەزرەجی بوو، ماوەی ٣ مانگ لە کوردستان مایەوە دواتر بەبیانووی ئەوەی کە پیاوێکی تێکۆشەربووە بەردرا، وە لەکاتی خۆشیدا نەرویجیەکان پرسیاریان کردبوو لە سەرکردایەتی سیاسی کورد کە هیچ تێبینیەکتان هەیە لەسەر ئەو پیاوە، ئەوانیش وتبوویان ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەری و بەردرابوو، لەکاتێکدا تۆمەتباری سەرەکی بوو لە کەیسی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەشدا، شێخ جەعفەر یەکێکی ترە لە تۆمەتبارەکان، هەندێک تۆمەتباری تر هەن ئەوە ڕەمەزان بەکر ئاماژەم پێدا، زیاتر لە ٧٠ فڕۆکەوان هەن کە لەفڕۆکەخانەی بلد و حوریەو گیارە، کە ئەو ٣ فڕۆکەخانەیە بەشدارییانکردووە لە لێدانی هەڵەبجەدا، فڕۆکەوانەکانی ئەو ٣ فڕۆکەخانەیە هیچیان نەهاتنە بەردەم دادگاو لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرا، بەڵام فڕۆکەوانێک لەوانەش نەبوو کە لەو ٣ فڕۆکەخانەیە بوو هات شایەتی داو شایەتییەکەشی کاریگەری زۆری لەسەر بڕیارەکانی دادگا هەبوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە توانی خزمەتێکی زۆر باشی کەیسەکە بکات، بەدەر لەوانە هەندێک تۆمەتباری تر هەن کە کوردن



و ئێستا لە کوردستان دەژین پلەی جیدجدەیان هەبووە لەناو ئیستخباراتی عێراقیدا نەگیراون و لەوانەن چاو ساغیان بۆ ڕژێمی بەعس کردووە لە لێدانی هەڵەبجەدا.

*** ئەو فڕۆ کەوانەی باستکرد ناوەکەیت لەیادە؟**

+ بەکر حەمە سدیق: بەڵێ ناوەکەیم لەیادە بەڵام لەبەر ئەوەی ئیزنی خۆیم پێنیە ناتوانم ناوەکەی بڵێم، لەبەر باری ئەمنی ناتوانم ناوی بەرم.

*** بڕیارەکەی دادگای باڵای تاوانەکان چ سودێکی هەیە لەسەر کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەسەر ئاستی عێراقی، وە چ پاڵپشتییەکیشە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە بەجینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

+ بەکر حەمە سدیق: لەڕووی یاساییەوە گرنگە کە تۆ حەزینەیەکی یاساییت هەبێت، باوەشێکی قەزائی هەبێت باوەش بکاتەوە بۆ کەیسەکەی تۆ، گرنکە کەبڕیارێک لە دادگاوە دەربچێت، هەرکاتێک تۆ بڕیاری دادگات نەبێت بۆ نمونە کەیسی یەزیدییەکان، کەیسێکی جینۆسایدە بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارێکی دادگای بۆ دەرنەچووە شتەکە پەرش و بڵاوە، بەڵام بڕیاری دادگا دەربچێت نرخێکی تایبەت دەدات بە کەیسەکە یەکەم ئەو تاوانە ساغ دەبێتەوە بەسەر ئەو دەوڵەتەدا، دووەم مافی خۆتە داوای قەرەبوو بکەیتەوە، لەداهاتوودا تۆ هەقی خۆتە داوای دەوڵەت بکەیت واتە بنەمایەکی یاساییت هەیە، بەبڕوای من هەرچی کەیسێک کە کورد هەیەتی بیخاتە بەردەم ئەو دادگایە تادادگاکە کۆتایی بە تەمەنی نەهاتوە، چونکە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیار لەسەر هەر کەیسێک بدات نرخی تایبەتی خۆی هەیە.

*** بەوشێوەیەی باسی هەڵوێستی بەرپرسانی کورد و پەرلەمانتارانی کوردت کرد لە پەرلەمانی عێراق پێت وایە ئەگەر بەم نەفەسە کاربکەین دەتوانین کەیسەکانی خۆمان ببەینە دادگایەکی نێودەوڵەتی و بەجینۆسایدی بناسێنین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

+ بەکر حەمە سدیق: بردنی ئەم جۆرە کەیسانە بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی جگە لە کۆدەنگیە سیاسییەکە، کۆدەنگییەک یان بڕیارێکی یاسایشی دەوێت، بۆیە ئەگەر حکومەتی فیدراڵی عێراق وەکو قورسایی دەوڵەتێک نەچێتە ناو کێشەکەوە وا بەئاسانی ئەو شتانەت بۆ ناڕێتە بەردەم دادگا، بۆنمونە ئەگەر هەرکەیسێک لەو کەیسانەی کورد بەریتە بەردەم دادگای لاهای نێودەوڵەتی ئەگەر ئەندام نەبیت لەو دادگایە ناتوانیت ئەو کەیسە بجوڵێنیت، بۆیە زۆر پێویستە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بچێتە سەرخەت لەم بابەتەدا، حکومەتی هەرێمیش لەپێناو ئەوەی حکومەتی عێراق لەگەڵی بێتە خەت پێویستە هەماهەنگی و کۆدەنگی هەبێت لەگەڵی، ١١ کەیسی جینۆساید لە عێراقدا ڕووی داوە ٨ یان لە کوردستاندا بووە، بۆیە کورد پشکی شێری بەرکەوتووە لە کارەساتەکاندا، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێم پێویستی بەو دان پێدانانە نێودەوڵەتییە هەیە کە بکرێت ئەمە لەڕووە



بەکر حەمە سدیق

یاسایەکەوە، لە ڕووە سیاسییەکەوە کورد بەم نەفەسە حزبییە ناتوانێت کاربکات چونکە لەدەرەوە خەڵک گوێ لە حزب ناگرێت، ئیتر حزبەکە هەر مانایەکی هەبێت، لەبەرئەوە تۆ ئەگەر بتەوێت ئەم کەیسە ببەیتەدەرەوە دەبێت سیغەیەکی یاساییت هەبێت، پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم خۆی لەسەر خەت بێت، پەرلەمانی کوردستان چۆن بڕیاریدا هەڵەبجە ببێتە پایتەختی ئاشتی و چۆن بڕیاریدا ببێتە پارێزگا، ئەبێت ئاواش بڕیاربدات کە کەیسی هەڵەبجە بباتە ناوەندێکی نێودەوڵەتی ئیشی لەسەر بکات، ئێستا لەسەر ئاستی عێراق حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لەوەی بتوانێت قەرەبووی هەڵەبجە لە حکومەتی عێراق وەربگرێت، بڕیاری قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجە و ڕەفحا و کۆمەڵێک کەیسی تر دەرچووە، کورد سود مەند دەبێت لەو قەرەبووکردنەوانە بەڵام حکومەتی عێراق تائێستا یەک فلسی قەرەبووی بەکورد نەداوە لەکاتێکدا شیعەکان بەچەند جۆرێک ئەو قەرەبووانەیان وەرگرتووە، بۆیە بەم نەفەس نەک هەر ناگەین بەوە بەڵکو مافەکانی تریشمان زایە دەبن ئەوەتانێ کارەساتی یەزیدیەکانیشی هاتەسەر تۆ نەحەزینەی یاساییت هەیە نەهی قەزاییت هەیە دادگای لاهایش نایەت بەدەم کێشەکەوە چونکە حکومەتی عێراقی فیدراڵ کێشەکە ناجوڵێنێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەندام نیە لەو دادگایە لەبەر ئەوە پرسەکە هەر بەو شێوەیە دەڕوات تۆ دەبێت وەکو کەیسێکی مرۆیی سەیری ئەم کێشەیە بکەیت هەتاوەکو ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەشێکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە دەکەیتەوە.

*** باس لەوەدەکرێت کاتێک هەڵەبجە کیمیابارانکراوە کۆمەڵێک کۆمپانیای بیانی چەکیان بە ڕژێمی عێراق فرۆشتووە، ئایا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستتدا هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟**

+ بەکر حەمە سدیق: ئێمە کاتی خۆی لە بەشێک لە لائیحەکەدا ناوی هەموو کۆمپانیاکانمان دا بە دادگا، هەندێک لەو کۆمپانیایانە هەر نەماون هەندێکی تریشیان ئاسان نیە تەعامول کردن لەگەڵیان، چونکە دەوڵەتەکانی خۆیان پارێزگارییان لێدەکەن، ئەو دەوڵەتانە ئەگەر دان بنێن بەوەدا کە کۆمپانیاکانی ئەوان چەکیان فرۆشتووە بە ڕژێمی عێراق ئەو کۆمپانیایانە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی، کاتی خۆشی لەکەیسی فرانک ڤان ئەنراتدا کە لەلاهای یەکلایی بووەوە دانی بەناوی کۆمەڵێک کۆمپانیادا ناو ئێمە کاتی خۆشی ناوی ئەو کۆمپانیاییانەمان دا بە دادگا بەڵام هیچ کارێکی لەوبارەیەوە نەکرد.

*** کەواتە پێویستە چی بکرێت تا ئەو کۆمپانیایانە دادگایی بکرێن؟**

+ بەکر حەمە سدیق: ئەو کۆمپانیایانە هی ساڵی ١٩٨٨ ن هەندێک لەو کۆمپانیایانە نەماون، کۆمپانیای ئەڵمانی تێدایە، بەلجیکی تێدایە، هۆڵەندی تێدایە، بەریتانی و ئەرجەنتینی و بەرازیلی و ئەمریکی تێدایە، لە هەموو جۆرە کۆمپانیایەکی تێدایە، هەندێک لە کۆمپانیاکان بە ئاشکرا چەکیان فرۆشتووە بەعێراق، هەندێکیشیان وەکو کەرەستەی کشتوکاڵی فرۆشتیوویانە بە عێراق، هەندێکییان کەرەستە سەرەتاییەکانی چەکی کیمیاییان داوە بە عێراق بە تایبەتی ئەڵمانییەکان.

*** بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگانەی لەبەردەستی ئێوەدایە ڕژێمی بەعس لە چ ساڵێکدا کیمیاوی بەرامبەر گەلی کورد بەکارهێناوە؟**

+ بەکر حەمە سدیق: بەبۆچوونی من ڕژێمی بەعس بۆیەکەمجار لە ٢٨-٦-١٩٨٧ بەرامبەر بە شاری سەردەشت بەکاری هێنا، هەر لەو ساڵەدا بەرامبەر بە بالیسان و گۆپتەپەو بەرامبەر بە هەندێک شوێنی تر بەکاری هێنا، لەسەر ئاستی جەنگەکەی لە گەڵ ئێراندا، عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە لە شەڕگەکاندا، بەڵام ئەوەندە من بیزانم پێش مانگی ٦ ی ١٩٨٧ عێراق چەکی کیمیاوی بەرامبەر کورد بەکار نەهێناوە

> **لەکەیسی فرانک ڤان ئەنراتدا کە لەلاهای یەکلایی بووەوە دانی بە ناوی کۆمەڵێک کۆمپانیادا ناو ئێمە کاتی خۆشی ناوی ئەو کۆمپانیاییانەمان دا بە دادگا بەڵام هیچ کارێکی لەوبارەیەوە نەکرد**

بەڵکو لەدوای ئەو بەروارەوە بەکاری هێناوە بەرامبەر بە کورد (چ وەکو مەدەنی چ وەکو پێشمەرگە).

*** لەئێستادا هەڵەبجە بووەتە پارێزگایەک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و وەک دەوترێت ١٩ مین پارێزگای عێراقە، بەبڕوای ئێوە پێویستە یەکەمجار حکومەتی هەرێم چی بکات بۆئەوەی ئەم شارە نۆژەن بکاتەوەو بە نەخشەیەکی نوێ ئاوەدانی بکاتەوە؟ ئیلتزاماتی حکومەتی عێراق چی دەبێت بەرامبەر بەم پارێزگا نوێیە؟**

+ بەکر حەمە سدیق: خۆی هەردوو شتەکە پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، من وادەزانم جێکردنەوەی میزانیەی هەڵەبجە لە بودجەی عێراقدا (کە ئەمە هەواڵێکی خۆشە لەڕاستیدا)، دەبیستم کە جێی دەکرێتەوە، ئەمڕۆ بەڕێز کاک ئارام شێخ محمد باسی لەوەکرد کە جێمان کردوەتەوە (١٢-٣-٢٠١٥ بەکر حەمەسدیق ئەم قسەیەی کردووە _دانا)، ئومێدەوارم کە جێی بکەنەوە، چونکە ئەو کارە ئەوە دەردەخات کە هەڵەبجە وەکو پارێزگایەکی عێراق بە فعلی کاری بۆ دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت لەو بەشە بودجەیەی کەبۆی تەرخاندەکرێت خۆیشی هەندێک هاوکاری بکات، لەگەشەپێدانی پارێزگاکانەوە بۆی دێت، لە بودجەی عێراقیشەوە بۆی دێت، کە تۆدەڵێی پارێزگا دەبێت بەسەنگ و قورسایی پارێزگاوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت لە ڕووی ئیدارییەوە، لەڕووی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، لەڕووی ئابورییەوە، بەتایبەتی ئێستا هەڵەبجە کە دەرکەوتووە لە پشکنینی تازەدا ناوچەیەکی نەوتیە کە واتە تۆ خاوەنی پارێزگایەکیت کە خاوەنی قوربانیەکی زۆر گەورەیە هاوکات خاوەنی سەروەتێکی نیشتمانی نەوتی زۆر گەورەیە کەبۆ هەرێمی کوردستان سودی دەبێت، دەبێت ئەو شارە ئەو سیمای پێوە دیاربێت نابێت لەسەر نەوت دابنیشین بەڵام بە دەبە نەوت لەسەر ڕێگاو بانەکانمان بفرۆشرێت، ئەوە قبوڵ نیە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەولا لەئاستی قوربانیەکانی هەڵەبجەدابێت، هەڵەبجە قوربانیەکی گەورەی داوە بۆکورد دەبێت هەموو کورد هاوکاری ئەوەبن، من لێرەوە ڕووی دەمم دەکەمە هەموو ئەو هاوولاتیە کوردە بەڕێزانەی کە لە هەموو شارەکانی کوردستان داوای مافی شارەکانی خۆیان دەکەن، ئەوانیش هەقی خۆیان داوای مافی شارەکانی خۆیان بکەن، هەموو شارەکانی کوردستان مافی خۆیان برازێنرێنەوەو جوان بن بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە ئاگایان لێ بێت کە لەڕووی ئینسانیەوە هەڵەبجە قوربانیەکی زۆر گەورەی داوە، بائەوان ئەو لوتفە بنوێنن ئەو گلەییە لە ئێمە نەکەن کەزۆر ناز دەکەین بەسەر حکومەتەکەی خۆماندا چونکە هەڵەبجە گەورەترین قوربانی داوە، دروستە کارەساتی ئەنفال گەورەترە بەڵام پانتاییەکی جوگرافی زۆر گەورەی گرتەوە بابڵێین کارەساتەکە تەوزیع بوو، کە تەوزیع دەبێت کارەساتەکە هەر شوێنە بەشێکی بەردەکەوێت بەڵام هەڵەبجە پشکی شێری لەو کارەساتە بەرکەوتووە، ئێمە کاتێک باس لە قوربانیەکانی ئەنفال دەکەین دەبێت بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکەین، هەمیشە هەوڵبدەین پاڵپشتی ئەو داواکاریانە بین کەس و کاری ئەنفال دەیکەن، کە شارێی وەکو ڕانیە شارێکی وەکو قەزای سەیدسادق شارێکی وەکو کەلار شارێکی وەکو چەمچەماڵ ئەو شارانەی کە تووشی کارەسات بوون لە هەموو شارەکانی کوردستان، بەڵام باسی هەڵەبجە زۆرگرنگە دەبێت هەموو هاوولاتیان کورد پشتیوان بن لەو بابەتەدا، لە کوردستاندا ئەگەر دەنگێک هەبێت بڵێت نابێت هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا ئەگەر بڵێت نابێت هەڵەبجە خزمەت بکرێت، ئەو دەنگە لەسەر ئاستی عێراق کاریگەری خراپی هەیە، ئێمە لەبەغدا پێیان وتین خەڵک ڕەخنەی هەیە لەسەر بەپارێزگابوونی هەڵەبجە ئەوە بۆ ئێمە زۆر ناخۆشە شەقامی کوردی پێویستە لەسەر ئازارەکانی خۆی کۆک بێت بۆ ئەوەی ئاوەدانی هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتەوە.

# حاجی محمود:
# ئەو پیاوەی هەتا ماوە چاوەکانی لەدەست دا

دیداری: ئارام شەمێرانی

**مەحمود محەمەد سەعید شەریف، ساڵی (١٩٣٣) لە هەڵەبجە لەدایک بووە، تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، خەڵکی گوندی (دەڵەمەڕ)ە، ڕێژەی بەرکەوتنەکەی بە کیمیاوی (١٠٠٪)ە، هەردووچاوی لەدەستداوە لەو کارەساتەدا، دایک و باوکی بەو هۆیەوە مردوون، خاوەنی زیاتر لە پەنجا شەهیدی کیمیابارانن وەک بنەماڵەکەیان.**

*** بۆچی چوون بۆ حیجاز و چۆن چۆنی هاتنەوە بۆ هەڵەبجە؟**

حاجی مەحمود: تەقدیری خوا وابوو ئەم بەزمی کارەساتە هاتە پێشەوە، چەندین جاریش زەرەر و زیانمان لێکەوت ، ماڵمان چەندین جار وێران بوو ، ئاخری باریان کردین و خۆمان و ماڵ و منداڵ و تەنانەت ئاژەڵەکانیشیان پێهێنایەنە هەڵەبجەوە، زابتێک پێیوتم؛ وەڵاهی دەست ببەیت بۆ بزنێک دەتکوژم کە ماڵی خۆیشم بوو ئەوەندە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکردین، نەمانتوانی هیچ بڵێین و هیچ بکەین، بەم کوللە مەرگی و بێزاری و ژێردەستەییە ماینەوە تا ماوەی ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی، لەگەڵ دایک و باوکم دا بووم دیسانەوە شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕوویدا، ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) لە گوندی (دەڵەمەڕ) دەریان کردین و ماڵەکانیان تەقاندینەوە و پاشان سوتاندنیان و هەرچیمان بوو لە لادێ بە کەڵکی شار نەهات و دە فلسی نەدەکرد، وارێکەوت من و دایکم و باوکم و (حاجی عومەر) ی برام ڕۆشتین بۆ (حیجاز) لەوێش دیسانەوە هاتینەوە بۆ هەڵەبجە، عێراق ئەوبەری دەتەقاندەوە و دەیگرتین، ئێرانیش ئەمبەری دەدایە بەر تۆپ و دایدەگرتینەوە، وەڵاهی ڕۆژی ئیسراحەتمان نەبوو، کاتێک هات ئێران سەرکەوتوو کردیە ئەمبەرەوە بۆناو خاکی عێراق لە ڕێگەی لێدانی پردێکەوە لە گوێ چەمی (سیروان) ەوە هاتە ناوەوە، لە هەموو قۆڵێکەوە نزیک بوویەوە و ڕژایە ناو هەڵەبجەوە و جەیشی عێراقی سەرەڕای زەرەرێکی زۆر توانای شەڕەکەی نەماو کشایەوە، پاشان ناچار بوو چۆڵی بکات و لە نیوەڕۆدا کیمیاباران دەستی پێکرد لە شانزدەی مانگدا، نۆ تەیارە بەسەر هەڵەبجەوە بوون، تاقمێکیان دەڕۆشت و تاقمێکیان دەهاتن و مەجالیان نەدەدا بە کەس، قەرەباڵغیەکیان ببینیایە بەرە و گوندی (عەنەب) بەرە و (هاوار) بەرە و (سازان) بەرە و (عەبابەیلێ) بەرە و (جەلیلە) بەرە و مەنتیقەی (نەورۆلی)، هەرچیان ببینیایە سوێند بەخوا درێغیان نەدەکرد.

*** ئەو تەیارانە ئێرانی بوون یان عێراقی وەکو ئاگادار بیت؟**

حاجی مەحمود: قوربان درۆی ناوێت ئەو تەیارانە(مێرد میراز) ی (فەرەنسی) بوون هەتا یەکێکیشیان کەوتە خوارەوە لە مەنتیقەی گوڵان و ئێرانیەکان هەڵیان وەشاند و بردیان، تەیارەی عێراقی نەبوو، ئەو ڕۆژە چووینەوە بۆ (دەڵەمەڕ) و لەوێشەوە چووینەوە بۆ (سازان) ، خوا دەزانێت لە کۆڵانەکانی هەڵەبجەدا جەنازەی مرۆڤ و لاشەی ئاژەڵم بینیوە وەکو یەکتر کەوتوون و مردوون، نە دانەیەک بوو، نە دووان، نە هەزار، هەرکەس بەردەکەوت دەمرد و هەرکەس پێوە نەدەبوو ڕایدەکرد، کە چووینە (سازان) لەوێ لە (ڕێشاو) دایک و باوکم و دوو کەسی ترمان لەگەڵدا بوو لە ڕێگەی تەیارەی ئێرانیەکانەوە کە دەهاتن و خەڵکیان دەگواستەوە ناردنم بۆ ئێران هەرچەند لەوێش هەر کیمیاوی یان بەرکەوت و کۆچی دواییان کرد.

*** لەکوێ دایک و باوکت بەخاک سپارد؟**

حاجی مەحمود: لە (پاوە) ن لە خاکی ئێران دا، هەر ئەوانیش نین و چەند کەسێکی تریشیان لەگەڵدایە لە (زیارەتەڵان).

*** چەند کەستان لێ شەهید بووە؟**


حاجی مەحمود: نەفسی بنەماڵەکەمان زیاد لە (٥٠) کەسمان لێ شەهید بووە، چونکە ئێمە لە سەرەوە بووین لای مەنتیقەی مەعەسکەرەکەی ئەوسا و ئەوانی دیکەشمان لە مەنتیقەی (تووە وشک) بوون لە پاینی شارەوە، واتە لە هەردوو لاوە بەرکەوتین، قومبەلەیەک کەوتبووە ناو ئەوانەمان کە لە خوارەوە بوون لە ژێر زەمینێک دا وەڵاهی یەک دانەیان دەرنەچوو بوون و هەموویان مردبوون.

*** ئەو ژێرزەمینە لە ماڵی کێدا بوو؟**

حاجی مەحمود: ماڵی (حاجی محەمەدی ئەوڕەحیم ی دەڵەمەڕی) بوو، پیاوێکی ناسراو بوو، نەک هەر ئەوانیش بەخوا تەشبیە نەبێت وەکو ڕان خەڵک کەوتبوون کەس نەدەچوو بەدەمیانەوە.

*** بە تەواوی باسی ئەوەت نەکرد لە ڕێشاو چۆن چوونە ئێران و چیتان لێ بەسەرهات؟**

حاجی مەحمود: ئێمە چووینە ڕێشاو، تەیارەی ئێرانی دەهاتنو خەڵکیان دەپەڕاندەوە بۆ ئێران، تەیارەی عێراقیش شەوی دوو کوتە شەو چرایەکی لە هەرکوێ ببینیایە قەسفی دەکرد، ئامانی نەبوو بە هیچ شێوەیەک، چاوم لێ بوو لەو کەنار چەمی سیروانە کە باوکم و دایکیشمی



مەحمود محەمەد سەعید

لێ بوو زانی کۆمەڵێک خەڵکی لێیە هەموویانی شڵەژاند و قەسفی کرد، بەڵام ئێرانیەکان گورج حازر بوون و قومبەلەیان پێوەنا، شوێنێک لەوێ هەیە پێی دەڵێن ( کەمەرە سوور) نزیکەی (١٠) جەنازەم لە بنی ئەو ( کەمەرە سوور) ەدا دیوە، ئیتر با قەسفی تەیارە بوەستێت، لەسەر خاکی ئێرانیش تەیارەی عێراقی کیمیابارانیان دەکرد، من و (حاجی فەتاح) یان بردە (پاوە) ، لە پاوە هەرچۆن بوو سەر و شرەقەیان لێداین و نەختێک دەرمانیان داینێ و هەواڵەی (کرماشان) یان کردین و لەوێش خەریک بوو بمانکەن بە بەعسی! باش بوو تەسکەرەمان پێبوو، (حاجی فەتاح) تەندروستی تۆزێک لە من باشتر بوو، بەڵام من خەتەر بووم، وازیان لێهێناین، سواری تەیارەیان کردین من کوڕێکی دیکەم لەگەڵ بوو، بردینیانە (شیراز)، ئەوەندە جەنازە لەناو خەستەخانەکەی (شیراز) دا بوو نزیکەی چەند سەد مەترێک دەبوون بە ڕاکشاوی.

*** ئەو جەنازانە هەموویان هەڵەبجەیی بوون؟**

حاجی مەحمود: نازانم، چونکە من حاڵی ئەوەم نەبوو بڕۆم و بپرسمو بزانم کێن و کێ نین، هەر ئەوەندەم دەزانی خەڵکە و بەسەر قەرەوێڵەوە کەوتووە و مردووە، لەوێش دیسانەوە هەڵیانساندین و گواستینیانەوە بۆ (تاران)، لەوێش چەند کەسێکی وەک (حاجی فەرەجی عەبابەیلێ) ی و عەمری خوایان کرد هەر لەو خەستەخانەدا کە ئێمەی لێبووین، چەند ڕۆژێک ماینەوە و ئەوەندە بێزار بووین بڕیارماندا کە بڕۆین، هاتین و بڕۆین بەلایەکدا، لەڕێگادا چەند کەسێک منداڵێکیان هێنا و خاوەنی نەبوو (حاجی حسەینی تریفەیی) و چەند کەسێکی تر ئەو منداڵەیان کرد بە هی خۆیان، هەر لەناو (تاران) دا منداڵێکی تری بچکۆلەیان هێنا وتیان ئەمەش هی هەڵەبجەیە و خاوەنی نیە، ئەویشمان لەگەڵ بوو تا (سونغورد) ئیتر نازانم لەوەو دوا سەری لە کوێوە دەرچوو، هاتینەوە و لە (کرماشان) ەوە ڕۆشتین بۆ (هەرسین)، لەوێ دوو کەسی ترمان مردن هەر خەڵکی (دەڵمەڕ ) بوون.

*** بە نهێنی هاتنەوە یان بە عەفوات؟ ساڵی چەند بوو؟**

حاجی مەحمود: صەدام ڕوخا بوو ئێمەش هاتینەوە، هەندێک بە عەفوات هاتنەوە، بەڵام ئێمە دواتر هاتینەوە لەدوای ئینتیفازەکەی ساڵی (١٩٩١).

*** تەنها خەڵکی هەڵەبجە لە ناو هەڵەبجە و لە دەرەوەی هەڵەبجە کەوتبوون و شەهید بوو بوون یان جوندی عێراقی و سوپای پاسدارانیشی تێدا بوو؟**

حاجی مەحمود: ئەوەی لەناو شاردا بینیم تەنها خەڵکی هەڵەبجە بوون، بەڵام جەیشی عێراقیم بینیوە لە پشتی (ڕێشاو) و ( کەمەرەسوور) دا بە ئەمانەت کوژراون و لە شوێنی خۆیان دا ماونەتەوە بە کوژراوی و نەشنێژرا بوون.

*** کیمیاوی لێیدابوون یان کوژرابوون بە چەکی تر؟**


حاجی مەحمود: کوژرابوون، بەخوا سوێند دەخۆم جوندییەکی عێراقیم بینیوە لە پشتی (قەڵای زێڕین کەوش) لەوێوە جادەیەکە دەچێتە (ڕێشاو) و دێتەوە بۆ ( سازان) لەوێ دا بەستبوویانەوە و پێچیان دابوو جا کوشتبوویان، جا چیت بۆ باسکەم! چاوم کەوتووە بەچی! کۆمەڵێک جوندی عێراقیم دی پاسداری ئێرانی گرتبوونیان بە دیل و بەرەو کەناری ڕوباری سیروان ئەیانبردن.

*** کەس لە تۆی پرسیوەتەوە کە بەو هۆیەوە هەردوو چاوت لەدەستداوە؟**

حاجی مەحمود: چەندین جار لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارنی هەڵەبجەدا هەڵساومەتەوە و قسەم کردووە و هەمووشیان دەمناسن و باسی ژیانی خۆمم بۆ کردوون، تەنها یەکجار (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینارم وەرگرتووە ئەویش تەنها من نەبووم (٢٠٠) و دوو سەد کەس دەبووین وەرمانگرت، ئیتر نەمدیوە کەسێک هەواڵم بپرسێت، من ڕێژەی بەرکەوتنەکەم لە سەدا سەدە و هەردوو چاوم کوێر بوون بەهۆی کارەساتی تراژیدی کیمیابارانەوە، کیتابی پزیشکیشم هەیە لەو بارەیەوە، ئەو پارەیەش وەرمگرت وەک سوتفە وابوو، چونکە ناویان نوسی بوو منیشی بەرکەوتبوو، چەندین ناویتریش هەبوون لە کۆمەڵە یەک دیناریان بەرنەکەوت، چەند جارێکیش بانگ کراوم بۆ سلێمانی ئەوەندە هاتم و ڕۆشتم تاقەتی ئەم مرەمڕ و شەڕە گەڕەکەم نەما چیتر، کۆڵمدا، ئێستاش بانگم بکەن و بڵێن هەردوو چاوت بۆ چاک دەکەینەوە و چارەسەرت دەکەین ناڕۆم، چونکە دەزانم درۆم لەگەڵدا دەکەن.

---

داران



ئازاد دارتاش

## ٩ نیسانێ و عیراقا نوو

سێزدە ساڵ بسەر هەرفاندنا رژێما دیکتاتوری دەرباز دبە، سێزدە ساڵە عیراق ل ژێر ستەما هۆڤانەترین رژێم ئازاد بوویە، لێ پرسیار ئەوە پشتی ڤان ساڵان چ ل دیمەنێ سیاسی ل عیراقێ هاتیە گوهەرتن؟ گەلێن عیراقێ ب گشت پێکهاتەیێن خوە یێن نەتەوی، ئۆلی و مەزهەبی ب تەڤ هێزێن خوە یێن سیاسی چ کرنە ژبۆی کو جارەک دی ئەزموونێن تال و پر کارەساتێن بەرێ دوبارە نەبن؟ ئەڤ وەلاتە بەرەڤ چ قوناغەکێ دچە؟

لپەی بەرژوەندیێن دەولەتێن سەرکەفتی ل شەرێ یەکەمێ جیهانی و لدیڤ رێکەفتنا سایکس پێکو هژمارەک دەولەتێن نوو لسەر میراتێ دەولەتا ئۆسمانییان ل رۆژهەلاتا ناڤین دامەزران کو یەک ژوان دەولەتا بناڤێ عیراقێ هاتە سەر نەخشەیا سیاسییا جیهانێ. ئەڤ دەولەتە دوور ژ حەز و خواستێن پێکهاتەیێن وێ دامەزرا و پرانیا ئاکنجیێن ڤێ دەولەتێ ژ مافێن سیاسی بێ پاربوون.

نەتەوا بالادەست و ئۆلا زال و دناڤا ڤێ ئۆلێ ژی دە مەزهەبەک بۆ دەمێ پتر ژ هەشتێ ساڵان دەسەلاتا عێراقێ قورخ کر و دەنگێن نەرازی ژی تەپەسەرکر. دەولەتێ گشت سیمایێن خوە ژ دەستدان و بەر ب دەولەتەکا پۆلیسی چوو، دەولەتەک کو نهێنیێن وێ گەلەگ پتر بوون ژ ئاشکرایێن وێ، ئەڤ چەندە زەمینە خۆش کر کوحوکمێ عەسکەرتاری و توتالیتاری و پارتییەکا شۆفینزم و رەگەزپەرەست مینا بەعسیان ل عیراقێ دەسەلاتێ بدەست بێخە.

دەمێ کو سەدام حوسێنێ دیکتاتور شیا گشت رکاربەرێن خوە لناڤ ببەت و بگەهە لۆتکەیا دەسەلاتێ و پۆستێ سەرۆک کۆمار وەربگریت، دەرئەنجامەکێ ئاسایی و گونجاو بوو دگەل سرۆشت و چاوانیا رێڤەبرنا دەولەتا عیراقێ و سیاسەت و پلانێن رژیمێن دەسەلاتدار. ب گۆتنەکا دی دەما رێژەیا هەری زێدەیا وەلاتیان لسەر بنەمایێن نەتەوی و ئایینی و مەزهەبی ل پێگەهێن گرنگ و هەستیارێن دەولەتێ بهێنە دوورکرن، ئەودەم کێرفا نەرازیبوونێ بەر ب زێدەبوونێ دچە.

رێژیما تاکرەوییا بەعس بنەمایێن دووبەرکیێ ل عیراقێ چاند و نەهێلا ناسنامەیا عیراقی بۆ گشت پێکهاتەیێن وێ جهگیر بیت و ئەڤ شەرێ مەزهەبی کو نها ب مەتۆدەکێ دن بەردەوامە، یەکە ژ ئەنجامێن سیاسەتا تاکرەوی، دیکتاتوری و شۆفینیزما کو بۆ دەمێ هەشتێ ساڵان ل عیراقێ زال بوو.

ل 9 نیسانا 2003 رێژیما دیکتاتور رووخیا، لێ کلتوورێ هەشتێ ساڵان نەهاتە گوهەرتن. هەرچەندە پەیکەرێ دیکتاتور هاتە هەلوەشاندن، لێ هزر و دید و نێرینێن شۆفینزم ب سەروچاڤێن کەسێن دن بەردەوامە، پرسگرێکا عەقلێ عیراقی ئەوەیە کو هەڤدو قەبوول ناکن، ژ بهەڤرا ژیانا ئاشتیانە و دابەشکرنا دەسەلاتێ و رێز گرتنا جیاوازیان دوورن و تا ئەڤ مەتۆدێ هزرکرنێ نەهێ گوهەرتن، دەولەتا عێراقێ سەقامگیر و دیموکرات نابە.

بەلکە چارەسەرییا بنەمایی، دامەزراندنا دەولەتێن جیاواز بۆ پێکهاتەیێن سەرەکیێ عێراقێ بە و بڤێ ئاوایێ دکارن داوی بڤێ خوینرشتنێ ببینن کو ب دەمێ نێزیکێ سەدەیەکێ یە هەمبێزا عێراقیان گرتیە و زەمینە بۆ دەستێوەردانان وەلاتێن جیران و دەڤەر و جیهانێ خۆش کریە.

عیراق هەر دێ مینیت دەولەتەکا نەسەقامگیر و قەیرانکی، چونکە کلتوورێ زال د قەیرانێ دا یە، و نکارن ب ڤی کلتووری هەڤ دوو قەبوول بکەن و پرسگرێک یا گرێدایە ب عەقلێ زال و ئێک لایەن ڤە.


کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

**سەرپەرشتی کەلچەری بەدرخان**
**د.وریا عومەر ئەمین**

راوێژکاری زمانەوانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی -
بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم


# نامەیەکی تووڕە بۆ سەرۆکی (هەرێمی کوردستان)




**حسێن بەفرین**


**بەشی یەکەم**

## ١

بەڕێز کاک (مەسعود بارزانی) بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەو (هەرێمی کوردستان)ەی کە سێبەری (دەسەڵاتی کوردی)ی ئێوەی بە سەرەوەیە بە موو (ئازادی و ئازادی بیرورا دەربڕین)ی تیا نی یە تەنها بۆ ئەوانە نەبێ کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ چڵکاوخۆر و کاسەلێسی سەروبەری ئەو دەسەڵاتەن، بە غەیری ئەوەی ئەوانە پیاوی خۆتانن هیچ شتێکی تر لە ئارادا نی یە و هەموو قسەو باسێکی ئازادی و مافی مرۆڤ و شتی وا درۆیە و بە دەم ئێمەی خەڵکانی ئەم کۆمەڵگا خەساوەوە ئەکرێ، بۆیە هاتووم لە ڕێگەی (فەیسبووک)ەوە دەنگی خۆم بەو خەڵکانە بگەیەنم کە هێشتا بە (مەردی) ماونەتەوە و دڵسۆزیان (بۆژۆ) نەکراوە، ئیتر لەمەو بەدواوەش (فەیسبووک) بۆ من وەک ڕۆژنامەیەکی (ئەلکترۆنی) وایە کە بمەوێ قسەی خۆمی تیا بکەم. لێشتی ناشارمەوە لە ڕاستی دا من شاعیرێکی ئەوەندە سەرشێت و کەللە شەق و تووڕە و جنێو فرۆشم کە هات بە سەرمدا لە تەواوی دنیادا هیچ کەس بە پیاو نازانم. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم نامە تووڕەیەم بۆ نووسیت ، بەڵام کۆمەڵێک برادەرم ناچاری سارد کردنەوەیان کردم و هەندێک ڕاو بۆچوونیان پێ گۆڕیم و تاوتوێ ی هەندێک قسە و باسیان پێ کردم و بەم شێوەیەی لێهات کە خۆت و خەڵکی تر ئەیبینن واتە کورد و تەنی ئەمەی ئێستا لەچاو هی پێشوودا وەک ئەوەیە: (بە حەوت ئاو شۆرابێتەوە). بۆ ئەوەی دەنگیشم تێکەڵ بەو (دەنگە زڕانە) نەبێ کە لێرەو لەوێ قسە ئەکەن و دەنگی خۆم هەر بەو جیاوازیە بمێنێتەوە کە هی خۆمە ئەمەوێ هەر لە سەرەتاوە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەم نامەیە تایبەتە بە شەخسی تۆ وەک کاک (مەسعود) نی یە بەڵکو نامەیەکە بۆ تۆ و لە ڕێگەی تۆشەوە وەک (سەرۆکی هەرێمی کوردستان) بە گشتی ئاراستەی (دەسەڵاتی کوردی) کراوە، ئەو دەسەڵاتەی لە سەرجەم حیزبە جۆر بەجۆرەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پێکهاتووە ، چونکە (دەسەڵاتی کوردی) وەک باوە و باسی لێوە ئەکرێ تەنها بە دوو حیزبی دەسەڵاتدار بە ناوی (پارتی و یەکێتی )یەوە دروست نەبووە بەڵکو بە بڕوای من، چی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی لەم وڵاتەدا هەیە، بە ئاشکراو بە نهێنی ، ڕاستەخۆ یا ژێر بەژێر ، تاڵیان بێت و ترشیان بێت، کەم و زۆر ، پیاوی پێکهێنانی ئەو دەسەڵاتەن و هیچ لایەک نی یە بێ لایەن بێت یا پیاوی سەر (سفرە)ی ئەو (دەسەڵاتە کوردی)یە نەبێ ، بەڵام من هاتووم لە هەندێ شوێنی ئەم نامەیەشدا ڕووبەڕووی شەخسی تۆ بوومەتەوە وەک شەخسی کاک (مەسعوود) چونکە تۆ وەک کاک (مەسعود بارزانی) زۆر جار لە ئاستی ڕووداوە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکاندا نە وەک پێویست هەیت و نە وەک پێویستیش ئەبیت، ئەبووایە تۆ لەو حاڵەتانەدا خوێنی (مەلا مستەفا بارزانی) نەمر بە دەمارەکانتا بگەڕایە و ئەقڵی (ئەو)ت لەسەردا بووایە و جورئەتی (ئەو)ت لە کاتی بڕیاردانـدا لە لەشدا بووایە، واتە بە مانای وشە (مەلایی)بوویتایە نەک پیاوێکی حیزبی و شتی وا بوویتایە لەبەر ئەوە جار بە جارێک بە بێ لە ڕووداوان دا باریوم بە سەرتا و بەر پلارم داویت و لێ ی پەشیمان نیم و وەک کوردێکیش بە هەقی خۆمی ئەزانم کە بەو جۆرە بم.

## ٢

بەڕێز کاک (مەسعود) / ڕاستە من لە واقیعدا هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ، یا ژێر بە ژێر و لاوەکیم بە هیچ لایەکی (دەسەڵاتی کوردی)یەوە نی یە ، ئیتر ئەوە لە هەموو جۆرە مووچە وەرنەگرتنێکەوە بیگرە تا بە هەموو چەشنە دەنگ نەدانێک بە هەڵبژاردنە جۆر بەجۆرەکانی ئێوە ئەگات، مەگەر وەک (هاونیشتمانی) یەک ، لە مامەڵەی (کارەبا و ئاو)دا نەبێ کە بە یەکتریەوە بەستووین ئەگین هیچ سەرو کارێکی ترمان لەگەڵ یەکدا نی یە.
لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من چەند جارێک نامەی لەم بابەتەم ڕووبەڕووی تۆ کردووەتەوە و جۆرە حسابێکم بۆ کردوویت ، ئەویش بەهۆی ئەوەی جەنابت و من لە یەکدوو شتدا بەشدارین و ئەو هەقەمان بەسەر یەکترەوە هەیە، هۆکەش ئەوەیە هەردوو کوردین و هەردووشمان (هاونیشتمانی) ی یەک وڵاتین ، هەرچەند جەنابت لەو (کایە) یەدا دەسەڵاتدار و دەست ڕۆشتوویت و منیش گیرۆدەی دەستی ئەو (دەسەڵاتە کوردی)یەم کە هەیە . لێرەدا بە پێویستی ئەزانم یەکێک لەو نامانەت بخەمەوە بەر چاو کە من وەک (هاونیشتمانی) و (کورد)ێک بۆم نووسیت و تۆش وەک دەسەڵاتدارێکی ئەم کۆمەڵگایە، غرور و لووت بەرزی ، ڕێ ی پێ نەدایەت بە بای خەیاڵیشتدا بێت.
بەڵێ... جەنابی سەرۆکی هەرێم ، یەکێک لەو نامانە ساڵی (٢٠٠٤) بوو پاش ئەوەی (سەدام)ی نەفرەتی ڕووخا، من و یەکدوو برادەر بە ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان ئەزانی کە هیچ نەبێ بەشداری چالاکی یەکی ڕاگەیاند بکەین و هەوڵ بدەین قسەی خۆمان بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان بکەین و لەو خەڵکەی بگەیەنین بە دەنگی دەهۆڵی چەواشە و چەواشەکاری فریوو نەخۆن و ئامادە بن جارێکی تر ئەم هەلە لە دەست نەدەن. بۆ ئەو مەبەستە داوای (مۆڵەت)ی ڕۆژنامەی (هەڵوێست)مان لە بەڕێز (فەتاح زاخۆیی) وەزیری ڕۆشنبیریی (ئیدارەی سلێمانی – ئیدارەی یەکێتی ) کرد و بە پێ ی توانای گیرفانی خۆمان کەوتینە کارکردن . لەو کاتەدا (ئەمەریکی یەکان) شانۆگەری گاڵتەجاڕی (ئەنجوومەنی حوکم)یان خستەکار و هاتن بۆ ماوەی ساڵێکی حوکم کردن (دوازدە کەس)ی ناو (عێراقی) یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی هەرکەسەیان ماوەی مانگێک حوکم بکات و هیچ نەبێ بە هەر هەموویان ساڵێکی حوکمی (سەدام) پڕ بکەنەوە، ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو ئەو (دوازدە کەس)ە هەر یەکەیان لای خۆیەوە خۆی بە (کەڵەپیاو)ێکی ئەوتۆ ئەزانی کە کەس نی یە شان لە شانی بدات و بڵێ : (ئحم) کەچی بەلای (ئەمەریکی یەکان)ەوە (فرووج)یش نەبوون، بۆ دڵنیابوون (تکایە سەیری دەقی عەرەبی (ساڵەکەی عێراقم)ی (بریمەر) بکەن )کاتێک (تاڵەبانی) خەریک بوو حوکمی مانگەکەی خۆی تەواو ئەکرد هات لە ئاخر ڕۆژی تەواو بوونیدا لەگەڵ (بریمەر)دا پڕۆژەی (قوڕ بەسەر) ی (پارێزگاکان)ی ئیمزاکرد ، ئێمەش بە بێ (تەعلیق) و لە ڕووداوان کاتێک ئەو (بەڵگە) نهێنی یە سەیرەمان دەسکەوت هاتین لە ژمارە (دوو) ی (هەڵوێست)دا بڵاومان کردەوە (ئەمە ئەو بەڵگە نهێنی یە یە وەک ئەیبینن) جا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشایی یە چاوەڕوان نەکراوە هەوڵمان دا لە ژمارە (سێ)ی (هەڵوێست)دا نامەیەکی کراوە ڕووبەڕووی تۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ وەک (کوردێک) هەڵوێست وەربگری و بەشداری ئەو مانگە نەکەیت کە دواتر بۆ تۆ دیاری کرابوو (ئەمەش نامەکەیە وەک ئەیبینن) چونکە ئەمانزانی کێشەی کورد بەو هەڵوێست وەرگرتنە ئەبێتە جێ ی باس و باسکاری و لە لووتدانی چ (عەرەبەکان) و چ (ئەمەریکی یەکان) ئەدات و ناچار ئەکرێنەوە بە کێشە و (دۆسێ)کەی کورد – دا بڕواننەوە.

## ٣

بەڕێز کاک (مەسعود).. ئەم نامەیە یەکێک بوو لە جوانترین نامەکانی من کە زۆر بە تاسەوە بۆ (کابرا)یەکی بۆرژوازی کوردم نووسی بوو، داوای نیشتمانپەروەری و هەڵوێستی جوامێریانەی نەتەوەیی بوونم لێکردبوو، چونکە لەو کاتەدا کورد وەک نەتەوە و کوردستانیش وەک نیشتمان پێویستی بەوە بوو منیش وەک تاکێکی کەسی کورد لای خۆمەوە ئەو جۆرە (تەنازول) و داوایەم تەنانەت لە (بۆرژوازیە کوردیەکان) وەک پێویستی یەکی واقیعی هەبێت و بە ئەرکی کوردبوونی خۆشمی بزانم تا وەها داوایەک بکەم.
بەڵام دەرکەوت (جەنابت) وەک هەر بۆرژوازیەکی (بێ کەڵک)ی ئەم جۆرە وڵاتانەی بە (وڵاتانی ژێر دەستی ئیمپریالیزم ناسراون) کەسێکی دژە نیشتمان و دژە نەتەوە و دژە ئازادی بوویت، بۆ ڕۆژێکیش ئامادە نەبوویت دەسبەرداری سایە و سێبەری ئەو زلهێزانە بیت کە هاوچین و هاو دەسەڵات و هاو بەرژەوەندیت بوون ، ئەگەرچی لەو کاتەدا دەوڵەت و دەسەڵاتی عێراق بە تەواوی خاپوور ببوو، بە تەواوی هەڵوەشا ببووەوە و دار و پەر دووی بەسەر یەکەوە نەمابوو، جگە لە دەسەڵاتێکی لەقی ترساوی (ئەمەریکی) زیاتر هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو کە وەک داگیرکەرێک هاتبووە سەر (بەشە عەرەبی)یەکەی عێراق و خوا خوای بوو (دۆستێک) بۆ خۆی پەیدا بکات و خۆی لەو نەهامەتی یە ڕزگار بکات کە تێ ی کەتبوو. ئەمەش بۆ کورد وەک (بەشێکی تر) ی عێراق هەلێکی زێڕین بوو تا دەستکەوتێکی نەتەوەیی و چارەنووسێکی نیشتمانی بۆ خۆی دیاری بکات بەهۆی ئەو کارەساتە جەرگ بڕانەی پێشتر بەسەریدا هاتبوو کەسیش ڕووی نەئەهات چ ڕێگری لێ بکات و چ بڵێ نابێ ئەوە بکەیت.
کەچی بە پێچەوانەی هەموو ڕاستی یەکەوە کە هەبوو ئێوەی دەسەڵات و حیزبانی کورد وەک (دەڵاڵ) بە شانازیەوە لە بنیات نانەوەی دەوڵەتی تازەی عێراقدا گرنگترین و گەورەترین دەورتان بۆ سەپاندنی ئەمەریکی یەکان دی و ئەوەی نەئەکرا کردتان، تەنانەت ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئەو دەوڵەتە بە خەویش جارێکی تر لە دایک نەئەبووەوە.
جەنابی کاک (مەسعود)... من ئەزانم ڕەنگە فیز و لووتبەرزی و پایەی حیزبایەتی ئێوە دەرفەتی ئەوەی بە ئێوە نەدابێت یا نەدات خەڵکانی ئاسایی کورد (یا وەکی تر بڵێم شەقامی کوردی) چاو لێ بکەن و بۆ ئاستی قسە و باسی ئەوان گوێگر بن، بەڵام لەو بڕوایەدابە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا دەرفەتێک یا بۆشایی یەکی مەزن هەیە کە (مێژووی) پێ ئەوترێ . ئەو مێژووە لە تەواوی ژیانی گەلان و سەرتاسەری مرۆڤایەتی دا(سەنگی مەحەکە) و چاک و خراپ ئەبینێ و بڕیاردەری شتەکانە و لە بڕیارداندا دڵڕەق و بێ بەزەیی یە و بچووکترین شتی بیر ناچێتەوە، بۆیە دڵنیابە لەسەر ئەو کارو کردەوە دژ بە مێژووەی کردتان ، زوو بێت یا درەنگ ، وەک تاوانبارێکی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مێژوو دار بە ڕۆحتاندا ئەدات و شەرمیش لە کەس ناکات.
جەنابی کاک (مەسعود)... تۆ وەک بەرپرسێکی ناو (دەسەڵاتی کوردی) چەشنی هاو جنسەکانی ترت هەموو قسە و باسێکی خەڵکی کورد و شەقامی کوردی لە ڕێگەی دەم و زمانی ئەو چڵکا و خۆرانەی بە ناوی (ڕاوێژکار)ەوە ڕاتان گرتوون پێ ئەگات و بەچاوی ئەوانیش ئێمەی خەڵکی کورد ئەبینین و بە ئەقڵی ژەنگاوی ئەوان بیر لە ئێمە ئەکەنەوەو بە پێ ی بیر و بۆچوونی نەزۆکی ئەوانیش ڕووداوەکانی کوردستان ئەخوێننەوە ، لە هاتوچۆشدا بە (سەیارەی جام ڕەش) زۆر بە پەلە بەناو ئێمەدا تێ پەڕ ئەبن.
بۆیە هەقی خۆمانە کە ئێوە بە بەشێک لە خۆمان نازانین و نە ئێوە لە ئێمەن و نە ئێمەش لە ئێوەین.

## ٤


بەڕێز کاک مەسعود ... کاتێک (هەڵبژاردن) وەک شانۆگەریەکی (گاڵتەجاڕیی) هاتە پێش ، من لای خۆمەوە بێدەنگیم بە چاکزانی و نامەکەم وەستان، چونکە ئەوە هەم عادەتێکی ئەخلاقی خۆمە و نامەوێ لەو جۆرە حاڵەتانەدا بە قازانج یا زیانی هیچ کەس و لایەنێک قسە بکەم ، هەروەها لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانەدا دەنگم تێکەڵی ئەو دەنگی قەڵەمە بەکرێگیراوانەی (دەسەڵاتی کوردی) نەبێ کە بە ناوی (قەڵەمی ئازاد)ەوە لێرە و لەوێ سەربەرز ئەکەنەوە و بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی بەکار ئەهێنرێن یا هیچ نەبێ وەک ئاژاوەگێڕێکیش ئاماژەم پێ نەکرێت، لەبەر ئەوە من بێدەنگیم بەشیاو زانی و خۆم لە هەموو ئەو شتانە پاراست و چاودێری ڕەوتی ڕووداوەکانم ئەکرد و لەو ماوەیەدا وەستام و هیچم بڵاو نەکردەوە، ئێستاش پاش ئەوەی لافاوی درۆ و گزی و فزیەکان وەستانەوە و دۆخەکەش ئارام بووەوە ، وا دەستم کردەوە بە درێژەدان بە بڵاو کردنەوەی نامەکەم.
بەڕێز سەرۆکی هەرێم..... بە درێژایی تەمەنی (دەسەڵاتی کوردی) کە لە (١٩٩٢)وە دەستی پێکردووە، هەمیشە (هەڵبژاردن) وەک فێڵێکی کۆمەڵگا هەڵخەڵەتاندن شانۆگەریەکی (گاڵتەجاڕیی و گاڵتەبازیی) بووە و هیچ حیزب و لایەن و دەستە و تاقمێک لەو گەمەیەدا ڕەنجی بە با نەدراوە و بە مایەی خۆیەوە دەرباز بووە و زیانمەند نەبووە، بەشێوەی نەبراوە و نەدۆڕاو ماوەتەوە و بە بەردەوامیش عادەتیان ئەوە بووە بڵێن : (ئەوە سفرە و یەکیش بە دەستەوە) لە دواییشدا تەنها دێن دەموچاوەکان ئەگۆڕن و قاڵە ئەکەن بەماڵە و ئەحە ئەکەن بە ئەحلان و هیچی تر . هەموو جارێکیش بە دەهۆڵ و زوڕنای درۆ شاخدارەکانیان خەڵکە هەڵخەڵەتاوەکە ئەهێننەوە سەماو هەڵپەڕکێ و لە بەزمی شەڕە پەڕۆشدا شەکەت و ماندوویان ئەکەن و هاوار ئەکەن: ئەرێ بەتیم هەستاینەوە... وەک هەبووین واش ماینەوە .
بەڕێز کاک مەسعود ... لەبەر ئەوە ئەمەوێ لە درێژەی ئەم نامەیەدا دەسنیشانی کۆمەڵێک نیشانەی چەواشەکاری ئەم (دەسەڵاتی کوردی) یە بە ڕاست و ڕەوانی و بە کوردی و بە کورتی بخەمە بەردەمی جەنابت وەک بەرپرسی سەرۆکی هەرێم و بەردەمی هەموو ئەو ڕێکخراو و حیزب و دەستە و تاقمانەی ئەم دەسەڵاتە شێوا و شێوێنراوەیان پێکهێناوە و ئەیانەوێ بە زەبری درۆ و پاشقول لێگرتن بەڕێوەی بەرن و ناوی حکومەت و دەوڵەت و سیستەمی سیاسی لێ بنێن و وەها خۆیان دەربخەن کە ئەوان لە ڕاستی دا ڕژێمێکی حوکمن و هەموو شتێک بە پێ ی یاسا و داب و دەستوور بەڕێوە ئەبەن. کەچی لەسەر ئەرزی واقیع ئەوە نەک هەروا نی یە بەڵکو لە خەیاڵێکی دەسەڵات و دەسەڵاتداری زێدەتر نی یە . بەڵێ..بەڵێ... دەسەڵاتێک وەک هەر دەسەڵاتێکی تری ناو عادەت و نەریتی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان مرۆڤێک بۆ مرۆڤێک و خەڵکێک لە بەرامبەر خەڵکێکی تردا هەیە و هیچی تر.

# د. نەجات عەبدۆڵڵا: ئەو سێ بەرهەمەی دواییم زۆر خۆشەویستە

**ئا: بەدرخان**

لەم ماوەیەدا دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا سێ بەرهەمی تازەی خستە ناو کتێبخانەی کوردی، ڕۆژنامەی بەدرخان وێڕای پیرۆزبایی گەرمی بۆ ئەو بەرهەمە نوێیانە و خەرمان بەرەکەت و نەخشە بێت لە بەرهەمەکانی دیکەی کە تا ئێستا ڕووناکییان نەبینیووە. بەمبۆنەوەیە دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا بەمشێوەیە بۆ بەدرخان دوا و وتی ئەم سێ بەرهەمە یەک لەیەک خۆشەویستترن لای من.


### (کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی-عوسمانی ١٦٣٩-١٨٤٧)




بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی شوێنی کوردستان لە کلاوڕۆژنەی کێشەکانی سنووری ئێرانی-عوسمانی هەر لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە تا کۆتایی پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم (١٨٤٧) و لێکۆڵینەوەیەکە کراوە بە چوار بەش ، بەشی یەکەم تایبەتە بە دەروازەیەکی تیۆریی بۆ پرسی سنوور و نەتەوە (ناسیۆن). هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە خوێندنەوەیەکی خێرای پێشینەی ناکۆکییەکانی سنووری ئێرانی-عوسمانی و لەم کلاوڕۆژنەیەشەوە هەوڵدراوە شوێنی کوردستان لە هاوکێشەی فراوانخوازی و پێکداهەڵپڕژانەکانی ئێرانی-عوسمانی دیاری بکەین. بۆ ئەم مەبەستە لەم بەشەدا قامک خراوەتە سەر شوێنی کوردستان لە پەیماننامەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریا، هەر لە پەیماننامەی ئەماسییەوە (٢٩ ی ئایاری ١٥٥٥) تاوەکو پەیماننامەی زەهاو (١٧ ی ئایاری ١٦٣٩). بەشوێن ئەمە لە بەشی سێیەمدا لە ململانێی ئێرانی-عوسمانی لەسەدەی هەژدەهەم دەکۆڵێتەوە، واتە لەپەیماننامەی هەمەدان (١٣ی تشرینی یەکەمی ١٧٢٧) ەوە تا پەیماننامەی کوردان (٤ ی ئەیلوولی١٧٤٦). لەم بەشەدا باسی لە بەریەکهەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای سەفەوی بەهۆی داگیرکردنەکانی ئەفغان و دواتر باسێکی سەربەخۆ لە بارەی پێوەندییەکانی ئێرانی-عوسمانی لە دەورانی نادر شای ئەفشار و کەریم خانی زەندا باسکراون. دواجار دوا بەش تایبەتە بە جیۆپۆلیتیکی پرسی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ململانێی کۆلۆنیالیزمی ئاورووپایی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەرۆمی ١٨٢٣ و پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆمی ١٨٤٧. ئەم باسە لە بنەواندا پڕۆژەی سێ بەرگە کتێبە کە بەم شێوەی خوارەوە تەواو دەبێت: بەرگی یەکەم: کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی-عوسمانی ١٦٣٩-١٨٤٧ کە تا پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم درێژدەبێتەوە. بەرگی دووەم: کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی-عوسمانی ١٨٤٣-١٩٣٢ واتە لە پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم تا پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٢ی نێوان ئێران و تورکیا درێژ دەبێتەوە. بەرگی سێیەم: کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی- عێراقی ١٩٣٢-١٩٨٨ واتە تا کۆتایی جەنگی عێراق- ئێران دەگرێتەوە.

### (سەرەتاکانی پرسی ڕۆژهەڵات ١٧٧٤-١٨٣٩)

ئەم کتێبەی لێرەدا ئێمە لە فەرەنسییەوە کردوومانە بە کوردی تەنیا بەشێکە لە کتێبی (مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی)، کە لە لایەن کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس و عوسمانیناسی گەورەی ڕۆژئاواییەوە نووسراوە و کتێبەکە نزیکەی (٨١٠) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس بڵاوکرایەوە. ئێمە لەم





کتێبەدا تەنیا بەشی (سەرەتاکانی پرسی ڕۆژهەڵات (١٧٧٤-١٨٣٩) مان هەڵبژارد کە لە لایەن تورکناسی گەورەی فەرەنسایی ڕۆبیرت مانتران نووسراوە، شایانی گوتنە پێشتریش بەشێکی دیکەی تایبەتیمان هەر لەم کتێبە گەورەیە کردووە بە کوردی بە ناوی «سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩-١٨٧٩» لە نووسینی پۆل دۆمۆن و ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و تەنانەت لە کتێبە فەرەنسییەکەشدا هەر یەک لە دوای یەک هاتوون. هیوادارم وەرگێڕانی ئەم بەشە هەنگاوێکی دیکە لەو خەونەمان نزیک بکاتەوە کە بتوانین لە دوارۆژێکی نزیکدا



تەواوی کتێبەکە بکەینە دیاری دەستمان بۆ کتێبخانەی کوردی.

### شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)

بە فەڕەنسایی (Huis Clos) یەکێکە لە شانۆنامە هەرە دیارەکانی نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفی فەڕەنسایی ژان پۆڵ-سارتەر (١٩٠٥/٦/٢١-١٩٨٠/٤/١٥)، کە لە دوادواییەکەی ساڵی ١٩٤٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ لە دەورانی داگیرکردنی ئەڵمان بۆ فەڕەنسا نووسراوە و هەر لە سەردەمی داگیرکردنی ئەڵمانیاش، بۆ یەکەم جار لە ئایاری ١٩٤٤ پێشکەش کراوە. شانۆنامەی (دەرگا داخراوەکان)، کە سێیەمین کاری شانۆیی سارتەرە لە دوای (باریۆنا) (١٩٤٠) و (مێشەکان) (١٩٤٣)، توانی سەرکەوتنێکی ناوازە بەدەست بهێنێت. لەکلاوڕۆژنەی ئەم شانۆنامەیەدا سارتەر دەیەوێ لەبارەی (بوون)ی ئینسانیی بدوێت و لە ڕێگەی تەنها سێ کاراکتەری سەرەکی کە لە سێ ناوەندی جیاوازەوە هاتوون و هیچ کامێکیشیان هەمان چەشە و هەمان بیروباوەڕیان نییە و بریتین لە : گارسان، ئینەس و ئیستیل، کە بە مردوویی لەناو ژوورێکی دەورانی ئیمپراتۆریای دووەمی فەڕەنسادا دەژین، ئەم شوێنە هیچ پەنجەرە و ئاوێنەیەکی تێدا نییە و تەنیا یەک دەرگای هەیە، بەڵام ئەویش لەدیوی دەرەوەڕا کلیل دراوە و بەڕاستی شوێنەکە دۆزەخە و هەموو بەیەکەوە لەژێر یەک بنمیچدا دەژین. کاراکتەرەکان دوو ژن و یەک پیاون. لە ژنەکان یەکێکیان حەزی لە ژنە و ئەوی دیکەشیان حەزی لە پیاوە. ئەم سێ کاراکتەرە پرسیار لە گوناهباریێتی یەکتر دەکەن و جەنگێکی وشە لەگەڵ یەک بەرپادەکەن، واتاکانی




مەرگ و ژیان دەگێڕنەوە. شانۆنامەی دەرگا داخراوەکان لەسەر گریمانەی فانتازی بیناکراوە و کاراکتەرەکان لە یەک کاتدا هەم مردوون و هەم زیندووشن. گارسان گولله باران کراوە، ئینەس بە گاز خنکاوە و ئیستیلیش بە سییەسووتێ مردووە، بەڵام هەرسێکییان تا کۆتایی شانۆییەکە مردووی زیندوون و ڕووداوەکان لە دۆزەخ و لە دەرەوەی کات و شوێن دەگوزەرێن.

لەم شانۆنامەیەدا سارتەر پێ لەسەر چەند تێمایەکی سەرەکی دادەگرێت: لەوانە تێمای بەرپرسیاریەتی و پێویستی بوونی ئیلتیزامی سیاسیی، کە ئەوانە بۆ ئەو ئەنجامگەلی ڕاستەوخۆی ئازادیین، کە مرۆ لێیانەوە سوودمەند دەبێت. هەروەها تێمای سەربەستی و خراپەکاری: مرۆڤ چی لە ئازادی خۆی دەکات؟ چۆن شکستەکانی خۆی پەردەپۆش دەکات؟ دواجار بڕگەی هەر سەرەکی و خاڵی دیارکراوی شانۆنامەکە ئەوەیە (دۆزەخ: ئەوانی دیکەیە) بەجۆرێک چۆن ڕوانینی ئەوانی دیکە لە یەک کاتدا هەم پێویستە، هەمیش بەرگەنەگیراوە. ئەم بڕگەیە نابێ بەهەڵە لێکبدرێتەوە، سارتەر خۆی لەمبارەیەوە لە دیمانەیەکدا ساڵی ١٩٦٤ ڕوونکردنەوەی داوە و نووسیویە: ( کاتێک شانۆنامەیێک دەنووسین هەمیشە هۆکاری لاوەکی و ترس و نیگەرانییەکی قووڵ لە ئارادایە. هۆکارە لاوەکییەکە ئەوەبوو کاتێک (دەرگا داخراوەکان)م لە دەوروبەری ١٩٤٣ و سەرەتای ١٩٤٤ نووسی، سێ هاورێم هەبوو و دەمویست شانۆنامەیەکی من بەیەکەوە یاریی بکەن و ئەکتەرەکان تا کۆتایی هەر لەسەر شانۆ بمێننەوە، چونکە دەمووت ئەگەر یەکێکیان بکەمە دەرەوە، ئەوسا وا بیر دەکاتەوە کە ڕۆڵی ئەوانی دیکە گرینگترە. ئەوە لێرەوە بوو کە بیرۆکەی ئەوەم بۆهات هەرسێ کەسایەتییەکە بخەمە ناو دۆزەخەوە و هەریەکەیان بکەم بە جەللادی ئەوی دیکە. من لە ڕێگەی شانۆنامەکەوە ویستم بڵێم (دۆزەخ واتە ئەوانی دیکە). بەڵام ئەمە خراپ لێکدانەوەی بۆ کرا و پێیان وابوو کە من دەمەوێ بڵێم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکە هەمیشە ژاراوییە و پەیوەندییەکی دۆزەخییە. بەڵام من مەبەستم بوو شتێکی دیکە بڵێم، کە ئەگەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەسانی دیکە پێچاوپێچ و خەوشدار بوون ئەوسا ئەوی دیکە تەنیا دەبێتە دۆزەخ). هەر لێرەدا مژدانەی ئەوە بە خوێندەوارە خۆشەویستەکانم دەدەم کە شانۆنامەی (نیکراسۆف) کاری وەرگێڕانی باش چووەتە پێش و لە ئایندەیەکی نزیک دەیکەینە دیاری دەستمان بۆ خۆینەرانی خۆشەویست.



# پێشمەرگە

**ئەم شیعرە پێشکەشە بە هەموو پێشمەرگەکانی قووڵای مێژووی کوردو پانایی جوگرافیای کوردستان**

**د.مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**پاڵەوانێک هەیە**
**بە هەموو پاڵەوانییەتێکەوە**
**چاوە جوانەکانی خۆی بۆ هەمیشە**
**لە بینین دەخات**
**بۆ ئەوەی چاوەکانی من و تۆ**
**بەردەوام بە ئازادیەوە**
**سەیری جوانییەکانی ژیان بکەن.**
*******
**پاڵەوانێک هەیە**
**بە هەموو عەشقێکەوە**
**دڵی پڕ خۆشەویستی خۆی**
**بۆ هەمیشە لە کاردەخات**
**بۆ ئەوەی**
**دڵی من و تۆ**
**بەردەوام بە ئازادییەوە**
**بۆ خۆشەویستی ژیان لێ بدات.**
*******
**پاڵەوانێک هەیە**
**بە هەموو دڵسۆزێیەکەوە**
**هەناسەی خۆی بۆ هەمیشە**
**لە هاتووچۆ رادەگرێ**
**بۆ ئەوەی**
**سیەکانی من و تۆ**
**بەردەوام بە ئازادییەوە**
**بۆ ژیان هەناسە بدات.**
*******
**ئەو پاڵەوانە**
**عاشق و**
**دڵسۆز و**
**بە جەرگە**
**پێشمەرگەیە.. پێشمەرگە**
**٢٠١٥/٣ هەولێر**

# راز



عەبدولواحید ئیدریس شەریف

## بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کۆڕاڵێک بۆ هەڵەبجە

ئەو ساتانەی چەقۆکانی تاوان، هێلینەکانی ئەوین دەکەن بە گۆمی خوێن،کێ ئازارەکانی رادەموسێ، کێ زەرنەقووتە بێگوناهەکان دەلاوێنێتەوە، ئەو چرکانەی تەمتومانی مەرگ دەرگای کۆڵانی گەڕەکو شار دەگرێ، ڕەشەبای ئەنفال چرۆی خەونو هیواکان هەڵدەوەرێنێ، ئەو وەرزەی ژەهر دەبارێو نیشتمان دەبێ بە تاریکستانو تەنیا ئەستێرەیەکیش بە ئاسماندا ڕانابوورێ، کێ دەبێ بە ئێشکگرو خەمی ئەم برینانە دەکاتە کۆڵا، دەبێ چەند مەزن بن ئەو دەنگو پەنجانەی لەو وەرزە شوومەدا، وشە و نوتەکانیان گوڵلەی تۆڵەیەو بۆ سەر دڵی جەلادەکان و ئاهی سوکناییە بۆ شینگێڕی مەرگی (٥٠٠٠) گوڵاڵە سوورە، بەڵێ لە دووهەم ساڵیادی خەزانی هەڵەبجە کە هێشتا دنیای کەڕ و لاڵ لە ئاست هاواری جینۆسایدی شارێک گوێی دەئاخنێ، ڕۆژگاری ستەم وای دەخواست چی تاوانە بکرێ بەس دڵی دیکتاتۆر گەرد نەگرێ، لە یادی گەورەترین مەرگەساتی گەلەکەمان، هونەرمەندە شۆرشگێڕو خاوەن هەڵویستەکانی تیپی شەهید کارزان، هاودەنگو هاوڕازە ڕاستەقینەکەی پێشمەرگە، دەنگە زوڵاڵو ئاوازە بەسۆزەکانی شۆرشی نوێ، چۆن لە بەهاری سەرکەوتنو داستانەکان سروودەکانیان هەوێنی جۆشدانی پێشمەرگە بوو، هەر بەو گیانە لە ناخی شکستو کۆستی پڕ لە سۆ، مەتەرێزی هونەرو هەڵویستیان پیرۆزتر کردو ڕۆژانی ئاوارەییو ئازارەکانی ئەم کارەساتەیان لە دووهەم ساڵیادی مەرگی هەڵەبجە کردە کەرنەڤاڵێکو گیانی پشوودرێژیو کۆڵنەدانو سووربوون لە سەر خەباتیان وەبەر کەڵەپیاوان خستەوە.


ڕۆژانی ١٦-١٩٩٠/٣/٢٠ شاری سەقز مەکۆی جۆشدانو کۆبوونەوەی عاشقانی ئازادی بوو بۆ گوێ گرتن لە کۆڕاڵی هەڵەبجە کە کۆمەڵێک هونەرمەندی پێشمەرگە لە سەر شانۆی هۆڵی سینەمای سەقز بۆ ماوەی (٤) ڕۆژ پێشکەش بە پێشمەرگە خۆڕاگرو ئاوارە سەربەرزو خەڵکی کوردستانی ئێران کرد، کە دەقی هونراوەکانی کۆڕاڵەکە بریتی بوو لە هونراوەی شاعیران (مەولەوی، ڕێژەن، بێیڤان، جەوهەرکرمانج، ڕەفیق سابیر ... هتد) ، ئاوازی هونەرمەندو پێشمەرگە مامۆستا دلێر ئیبراهیمو دەنگی بە سۆزی هونەرمەندانی گەل (حەمەجەزا، شوان کابان، سەلام، سیار بامەرنی، عەتا حاجی عەلی) و کۆمەڵێک کوڕو کچی پێشمەرگەو چەند مۆسیقاژەنێکی بەهرەوەرو چەند ئامێرێکی سادەی ژەنین، بەڵام هەموو بەشداربووانی کۆڕاڵەکە ئاوا لە ناخەوە ئاوێزانی دنیای کۆڕاڵەکە ببوون کە هەر ١٠ خولەکی کاتی چڕین، سەرتاپای هۆڵەکە ببوو بە گوێو ساتەکانی ئەنفالو کیمیاباران دەهاتنە بەرچاوو هەراو گریانو نزای هەڵەبجە دەگەییە ئاسمان، ئەم کۆڕاڵە کە بەرهەمی ڕەنجو شەونخوونی هونەرمەندە ڕاستەقینەکانی ئەوێ ڕۆژییە کە تەنیا خەمیان داهێنانو هونەری پیرۆز بوو لە کێوی لوتکەی هەڵویستدا، لە کۆتاییدا جێی داخە وا ٢٥ ساڵا بە سەر ئەم بەرهەمە ڕادەبوری کە تا ئێستا هونەرمەندو نووسەران تاقە وشەیەکیان لەسەر ئەم کۆڕاڵە نەنووسیوە، تەلەفیزۆنەکانیش جگە لە خاک هیچ کامێکیان یادی ئەنفالو هەڵەبجەیان بە ٢٥ خولەکی ئەم کۆڕاڵە نەکردۆتەوە کە شاکارێکی هونەریو وەڵامێکی پڕ لە هەڵویستی تیپی شەهید کارزانە بۆ ڕۆژە دژوارەکانی گەلەکەمان.

# زاراوەی دۆخ



د. وریا عومەر ئەمین

ڕستە لە هەموو زمانانـدا لە ( کار) و چەن بەشێکی تری وەک ( بکەر – بەرکار – بەرکاری ناڕاستەوخۆ – ئاوەڵکار – و ...هتد.) پێک دێت . هەریەکە لەم بەشانە ئەرکێک پیشان دەدا و هەر یێکێ لەم ئەرکانە دۆخێکە Case. دۆخەکان پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەسنیشان دەکەن.




ژمارەی دۆخەکان لە هەموو زمانەکاندا لە بنجدا deep structure وەک یێکن. لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە لە سیمادا surface structure جیاوازییەکی زۆر پێشان دەدەن لە چۆنیەتی دارشتنی ڕێزمانییان. هەر دۆخێ نیشانەی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەم نیشانەیە ناسنامەی ئەرکەکەیەتی. نیشانەکانی دۆخ (پێشبەند) ن ..یا (پاشبەند) ن ، یا (پێشبەند و پاشگرێکی دۆخی) ن، یا (شوێنی بەشەکە لە ڕستەکەدا word order دۆخەکەی دەسنیشان دەکات.

هەر کارە دەسەڵاتی بەسەر ژمارەیێک دۆخ هەیە. بۆ نموونە دۆخی (دێتڤ) تەنها لەگەڵ ئەو کارانە دەردەکەوێ کە جووڵەی بەرەو هێرووەی بکەر هەیە (دوور کەوتنەوە لە بکەر). وەک ( چوون بۆ – هاویشت – فرێدان - ..هتد). دۆخی (ئەبلەتڤ) تەنها لەگەڵ ئەو کارانە دەردەکەوێ کە جووڵەی بەرەو بکەر دەبێ، وەک ( هاتن لە – وەرگرتن - ..). دۆخی (نۆمینەتیڤ) لەگەڵ هەموو کارەکاندا دەردەکەوێ. دۆخی (ئەکیوزەتیڤ) تەنها لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دەردەکەوێ...و بەم جۆرە.ئەم جۆرە پۆلکردنە بە Subcategorization ناو دەبرێ.

دۆخەکان و یاساکانی دەرکەوتنیان

١ – دۆخی بکەری (Nominative)

هەر کارێ بە هۆی کەسێ یا شتێ دێتە ئەنجام .. ئەو ناوەی لە ڕستەدا هێمایە بۆ ئەو کەسە یا شتە لە ڕێزمانا (بکەر) ـە.

ئازاد هات. ( ئازاد ئیشەکەی ئەنجام داوە – بکەرە)

رزگار و ئاواز و ئاهەنگ چوون. (رزگار و ئاواز و ئاهەنگ ئیشەکەیان ئەنجام داوە - بکەرن).

لە هەندێ زماندا بکەر نیشانەیێکی لەگەڵدا دەردەکەوێ هێمایە بۆ ئەرکەکەی لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا. واتا بارو دۆخی ئەو بەشەی ڕستە دەخاتە ڕوو و ناسنامەکەییتی لە ناو ڕستەکەدا. وەک لە زمانی عەرەبیدا زەممەی دەکەوێتە سەر . زەممە لەم زمانەدا نیشانەی بکەرییە.واتا (دۆخی بکەری).

لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا بەرکار و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێک دەکەون ..بکەر نیشانەیێک وەردەگرێ بە ئێرگەتیف ناو دەبرێ وەک لە شێوەزاری کرمنجیی ژووروودا.

ئازاد – ی هوون دیتن

بکەر دوو جۆرە ( ڕێزمانی و لۆژیکی) ..بکەری ڕێزمانی ئەو دانە ڕێزمانییەیە کە لە ڕستەدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە لە ڕستەی ئاساییدا شوێنی بکەر دەگرێ. بکەری لۆژیکی ئەو دانە ڕێزمانییەیە کە کاری ڕستەکە ئەنجام دەدات و مەرج نییە شوێنی ڕێزمانی بگرێ.

لەرستەی ( ئازاد ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە)

(ئازاد) بکەرێکی ڕێزمانی و لۆژیکییە. چونکە زمانی کوردی لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانێکی SOV یە لە ناو ڕستەکەدا شوێنی خۆی گرتووە . لە هەمان کاتدا بکەرێکی لۆژیکییە چونکە کارەکە ئەنجام دەدات . (ڕۆژنامە) بەرکارێکی ڕێزمانی و لۆژیکییە.ڕێزمانییە چونکە زمانی کوردی لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانێکی SOV یە لە ناو ڕستەکەدا شوێنی خۆی گرتووە . لە هەمان کاتدا بەرکارێکی لۆژیکییە چونکە کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە .

لەرستەی (ڕۆژنامەکە خوینرایەوە) ، (ڕۆژنامەکە) بکەرێکی ڕێزمانییە چونکە شوێنی ڕێزمانیی خۆی گرتووە لە ڕستەکەدا. بەڵام (بەرکارێکی لۆژیکییە) چونکە لەرووی واتاوە (ڕۆژنامەکە) بەرکارە.

لەم ڕستانەدا:

١ – ئازاد دەرگاکەی کردەوە.

٢ – دەرگاکە کرایەوە

لە رستەی (١) دا

ئازاد : بکەری ڕێزمانی و لۆژیکییە. چونکە زمانی کوردی لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانێکی SOV یە لە ناو ڕستەکەدا شوێنی خۆی گرتووە . لە هەمان کاتدا بکەرێکی لۆژیکییە چونکە کارەکەی ئەنجام داوە . دەرگاکە : بەرکارێکی ڕێزمانی و لۆژیکییە.ڕێزمانییە چونکە زمانی کوردی لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانێکی SOV یە لە ناو ڕستەکەدا شوێنی خۆی گرتووە . لە هەمان کاتدا بەرکارێکی لۆژیکییە چونکە کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە .

لە ڕستەی (٢) دا:

دەرگا : بکەرێکی ڕێزمانییە و بەرکارێکی لۆژیکییە.

٢ – دۆخی بەرکاری (Accusative)

دەشێ کارەکە بەسەر کەسێ یا شتێ تێپەڕێ بە شێوەییێکی ڕاستەوخۆ کاری تێبکات . ئەو ناوەی لە ڕستەدا هێمایە بۆ ئەو کەسە یا شتە لە ڕێزمانا (بەرکار) ـە.

ئازاد سێو دەخوات( ئازاد کارەکە ئەنجام دەدات – بکەرە / کارەکە تێدەپەڕێتە سەر شتێکی تر و دوخورێت – سێو بەرکارە)

لە هەندێ زماندا بەرکار نیشانەیێکی لەگەڵدا دەردەکەوێ هێمایە بۆ سروشتی ئەرکەکەی لەناو چوارچێوەی ڕستەدا. واتا بارو دۆخی ئەو بەشەی ڕستە دەخاتە ڕوو و (ناسنامەکەییتی) لە ناو رستەکەدا لە ڕێزماندا. وەک لە زمانی عەرەبیدا (فتحە) ی دەکەوێتە سەر . (فەتحە) لەم زمانەدا نیشانەی (بەرکارییە).واتا (دۆخی بەرکاری).

زمان هەیە بکەرو بەرکار هیچ نیشانەیێکیان لەگەڵدا دەرناکەوێ. لەم بارەدا ( شوێنیان لە ناو ڕستەکەدا ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکەن). لە کوردیدا کە دەڵێی: ئازاد رزگار دەبینێ.

ئازاد ( بکەر ) ـە, رزگار ( بەرکار )ـە.

(ئازاد و رزگار هیچ نیشانەیێکیان پێوە نەلکاوە. سروشتی ریزبوونیان لەناو رستەکەدا ئەرکەکانیان دەشنیشان دەکەن. ئەگەر شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕ کران , ئەرکەکانیشیان ئاڵوگۆڕ دەبن.

رزگار ئازاد دەبینێ.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە نیشانەی دۆخی بکەری و بەرکاری لە زمانی کوردیدا ( ریز بوونی وشەکانە).

لەرووی تایپۆلۆجییەوە زمانانی جیهان دەبنە سێ جۆر.

١ – ئەو زمانانەی بە نیشانە ئەرکی بەشەکانی رستە دەسنیشان دەکرێن.

٢ – ئەو زمانانەی بە ریزبوونی وشەکان ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکرێن.

٣ – ئەو زمانانەی تێکەڵن و بە تەواوی بەر یەک لەو دوو جۆرە ناکەون.

تێکەڵی و چوونە ناویەک و ئاڵۆزییەکی زۆر لە زۆربەی زمانەکاندا بەدی دەکرێ وەک ئەوەی لە زمانی کوردی .

دۆخەکانی ناڕاستەو خۆیی

ئەگەر کاری بکەر تێپەڕێتە سەر زیاتر لە یەک کەس یاشت بە دوو قۆناغی جیا .ئەو ناوەی هێمایە بۆ کارتێکراوی دووەم بە (بەرکاری دووەم) یا (بەرکاری ناڕاستەو خۆ) ناو دەبرێ

بەرکاری دووەم لە زمانە پێشبەندییەکاندا بە بێشبەند دەستنیشان دەکرێت.

ئازاد نامە بۆ ئاواز دەنێرێت.

لێرە (ئازاد) بکەرە ، (نامە) بەرکاری یەکەمە( ڕاستەو خۆیە) و (ئاواز) بەرکاری دووەمە (ناڕاستەوخۆیە). پێشبەندی (بۆ) ئەرکەکەی دەست نیشان کرد.

لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ هەبوونی پێشبەندا ناوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ نیشانەیێکیش وەردەگرێ ، کە (کسرە) یە.

ارسل محمد الکتاب الی الولد

لە زمانە پاشبەدییەکادا نیشانەی( بەرکاری) و (بەرکاری ناڕاستەوخۆیی) بە پاشبەند خۆیان دەردەخەن. وەک لە زمانی تورکیدا.لە زمانی کوردیدا بە پێشبەند ئەم دۆخە دەردەبرێ.

من گوڵەکەم دا بە کچەکە.

ئەمە گەلێ جۆر دۆخی لێ دەبێتەوە (دێتڤ – ئەبلەتڤ ...) وەک ئەبلەتڤ و دێتڤ و.....

٣ – دۆخی لەیی ( Ablative)

ئەو کارانەی کە چەمکی گوێزانەوەیان هەیە..بەرەوی direction گوێزانەوەکە چەمکی دۆخەکە دەسنیشان دەکات.

ئەگەر بەرەو شتەکە یا بکەرەکە هات ئەوە دەبێتە دۆخی ئەبلەتڤ Ablative . نیشانەی ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا (لە – ئاوەکار – ەوە) وەک لە:

ئازاد لە کەرکووکەوە هات.

من لە پارەوە لێرە دەژیم

٤ – دۆ.خی بۆیی ( Dative)

ئەگەر بەرەوەکە بە پێچەوانەوە بوو دەبێتە دۆخی Dative . ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بە پێشبەندی ( بۆ – بە ) دادەڕێژرێت بێ هیچ نیشانەیێک بچێتە سەر ئاوەڵکارەکە.\

ئازاد چوو بۆ بازاڕ.

لەگەڵ ئەو کارانەی چەمکی گوێزانەوە دەگەیێنن دەشێ پێشبەندی (بۆ) بە پاشبەندی ( ـە ) جێگیر بکرێ.

ئازاد چووە بازار.

٥ – دۆخی ئاوەڵکاری شوێنی و کاتی (Locative)

هەر کارە لەشوێن و کاتێکدا ڕوو دەدات. ئەو بەشەی ئەم لایەنە دەردەبڕن (ئاوەلکار) ن.ئەوەی شوێنەکە دەستنیشان دەکات (ئاوەڵکاری شوێنیە) و ئەوەی کاتەکە دەستنیشان دەکات (ئاوەڵکاری کاتییە).

زمان هەیە تیایدا ئەم چەمکە تەنها بە پێشبەند دەبرێ وەک ئینگلیزی:

He lives in Kirkuk

He was born in Hawler

زمان هەیە تەنها بە پاشبەند دەریدەبڕێ وەک تورکی:

زمان هەیە بە پێشبەند و پاشبەند ئەم لایەنە خۆی دەردەخات وەک زمانی کوردی. لە زمانی کوردیدا ئەم بەشەی ڕستە بە پێشبەندی (لە) و پاشبەندی ( ـ دا ) دەردەکەوێ.

لە + ناوی شوێن/کات + دا

لە + سلێمانی + دا

لە ساڵی ( ١٩٩٣) دا لە دایک بوو

٦ – دۆخی ئامێری (Instrumental)

لە ئەنجامدانی هەر کارێک بەهۆی ( ئامێرێ یا شتێ یا کەسێ) ، ئەو دۆخە بە (ئامێری) Instrumental ناو دەبرێت. ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بە پێشبەندی (بە) دادەڕێژرێت. وەک لە:

ئازاد بە بەرد گوێز دەشکێنێ

ئیشەکەی بە ئێمە جێبەجێ کرد.

....هتد

ئەرکی لۆژیکی دۆخەکە لە بنجدا دەسنیشان دەکات.لە هەندێ زماندا هەندێ لەو دۆخانە لە سیمادا نیشانەیان دەبیت.تێکەڵی و چووە ناویەک و ئاڵۆزی لە زمانەکاندا لەم ڕووەوە بەدی دەکرێ.

واتا ژمارەی دۆخە ڕێزمانییەکان لە سیمادا جیاوازە لە زمانە جیاوازەکاندا . بۆ نموونە:

١ – زمانی فنلندی ١٦ دۆخی ڕزمانیی هەیە:

nominative - accusative - genitive - partitive - essive - translative - inessive - elative - illative - adessive - ablative - allative - abessive - comitative - (.instructive

٢ – زمانی ڕووسی ٦ دۆخی هەیە:

Nominative – Genitive – Dative – Accusative – Instrumental - Prepositional

٣ - زمانی عەرەبی ٣ دۆخی هەیە:

مرفوعیە - منصوبیە – مجروریە

٤ - زمانی ئینگلیزی ٣ دۆخی هەیە. تەنها لە ڕاناودا دەردەکەون:

Subjective. - Objective - Possessive

٥ – زمانی تامیل ٨ دۆخی هەیە:


Nominative – Accusative – Instrumental - Dative - Ablative – Genitive – Locative - Vocative

....هتد

بەڵام لە بنجدا لەڕووی یونیڤێسالییەوە هەموو هاوژمارە و دەقاودەقن.

ماوەیەتی

# وێنە ئاڵۆزەکان!



سەعدوڵڵا نوری

که بەتەنێ شەقامی خەم دەپێچییەوە
ترسی ئەوەم لێ دەنیشێ
گیانم وەبەر گۆچانی نەیارکەوێ و،
وەک ڕیکلامێ چی جوانییتە
بەدیواری بارەگایێ شۆڕکەنەوە!
من دەمێکە
سینگم و چۆکی
کابووسی کورتی تەمەن لە ڕکەنە
نە ئەو چۆکی شل دەبێت و،
نە پەراسووی منیش
دەچنەوە یەک و تێکدەشکێن!
بڕواییت نایێ
نازانی
نەخۆت بەگۆماوەکانی شاردابدەی
نە پێیە ناسکەکانت بنێی بەسەر
خۆڵەپۆکی گەرمی ڕێگای
دێی قاچاخا!
هەرزوو وتم ئێروکانە
کانگای ویژدان فرۆشتنە
بۆیە هێندە متووی مەبەو،
تخووبەکان ببەزێنە
ئەوان لێرە
دەقیان بەسەر ئاودیو بوونی
لادیواری درزبردوودا گرتووە
وەک مارەزیو
پێ لەو گەرووانە گیردەکەن
لاوکی یاساخ دەڵێنەوە
هەنجەت دەگرن بەو پەنجانەش
حیکایەت و شانامەیان بۆ نانووسن!
چاوت لێیە
بەرلەوەی بێن گەڕانەوە چی گۆدۆیە
شار ئێواران
پڕە لە شەمشەمەکوێرە
بۆیە ...
– تا تارمایی کۆڵانی شاری
لە خم نراو
کچێنی هەرچی کیژە هەڕاج نەکاو،
دەنگی یاخیش
لە دیوەخانی خەساوان
بە فەلاقەی دۆڕاندن و،
تاکتیکی بردنەوەدا نەکرێ
دەبێ قفڵە ژەنگاوییەکان بکرێنەوە !
هەتا کەنگێ
پێکەنین
هەڵخەین بە لێوی تەلبەندا ؟
شەقەبرین
قەتماغەی سارێژنەناسێ ؟
دیسان لە گەڵ
تێپەڕبوونی مەرگەساتێکی تەمەندا
چاو سایەدی بەسەرهاتەو،
فایلی ڕووخان کراوەو هەرەسی تر بە
ڕێوەیە!!
چونکە ئەم وڵاتە
– دەلاقە تۆزاوییەکانی پڕە لە :
بیری خەساو
عەقڵی دۆگماو
هەستی نیوە گیانی لەکارکەوتوو
– هەرچیت بوێ دەست دەکەوێ
جگە لە: وتنی حەقیقەت و ئازادی ڕا !
گوزەران و ژینی خەڵکیش لێرە
هەروەک ئاشی نەزان وایە
خوا دەیگێڕێ
کێ بەیانی زووتر وەئاگا هات لە خەو
خۆی سوڵتان و بڕیار بەدەست و،
خۆی یاسایە !!
ئەیلوولی ٢٠١٤

# عەباس بەدری.. برا و مامۆستا.. قوتابی

عدنان گلی / سوید

( ٢ )

**(ولک اتورطنە عدنان، ابو شلال یریدنە.!!!!!)**

دوای هەوڵدانیکی زۆر دوو مانگی خایاند تاکو توانرا ژمارەی (٠) سفر دەربکەین، بەراستی ژمارەیەکی نمونەیی بوو، چی لەناوەڕۆکی و چی لەدیزاینی و لەساتەوەختیک ڕۆژنامەیەکی بێ وێنە بەزمانی عەرەبی، بەستافیکی توانا کە بریتی بوون لە عباس بەدری و عبدالغنی یحیا و فریاد رواندوزی و فەرید ئەسەسەرد و بەندە.


بێ گومان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆ بەرێز مام جەلال، ئەم ژمارەیە پێش هەفتەیەک لە کۆنگرەی موعارەزەی عێراقی لە صلاح الدین لەمانگی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو، دوای کەوتنی ناو



بازار لەشەش هەزار نوسخە زۆر کەمی مایەوە، وا بڕیار درابوو کە ژمارەی (١) لەمانگی دوایی دەربچێت، بەڵام پێش کۆنگرەی موعارەزە بە دوو ڕۆژ کاک عەباس بەتەلەفون هەر ئەوەندەی پێم وت (ولک اتورطنە عدنان .. ابو شلال یریدنە)

ئەبێ بچین بۆ شەقڵاوە بۆ لای مام جەلال، بڕیاڕ درا پێش ڕۆژی کۆنگرەکە ژمارەی (١) دەرچێ ، بەراستی زەحمەت بوو لەو ماوە کورتە،ئەبێ ئیتر هەموو هەفتەیەک ژمارەکان دەربچێت بە بەردەوامی، ناچار کەوتینە کار دوو شەو بێ خەوتن کارمان کرد بەهاوکاریەکی زۆر لەچاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، بەتایبەتی مامۆستا حەمید بەدرخان و عوسمان عەفان و سەلام محەمەد رەسوڵ و خەلیل هیدایەت هتد (کە ئەوسا کارمەندی چاپخانە بوون) و فریای کۆنگرە کەوتین، هەر لەچاپخانەوە یەکسەر ٣٠٠ نوسخەم برد و بووە موفاجەئەیەکی گەورە بۆ ئامادە بووان، بەرێکەوت مام جەلال و ژمارەیەک لەسەرکردەی موعارەزەی عێراقی لەناویان بەرێز عزیز محەمەد بوو یەکسەر کە چاوی بە رۆژنامەکە کەوت بە مام جەلالی وت بەعەرەبی: (الاتحاد غلب طریق الشعب ، ابارككم من كل قلبي)، بەراستی پێمان خۆش بوو بە هاندەرێکی گەورە بۆمان کە بتوانین بە رێکوپێکی ژمارەکانی دیکە دەربکەین، بەڵام کاک عەباس نەختێک سەخڵەت بوو لەبەر ئەوەی ئەبوایە بچێتە لای منداڵەکانی بۆ ئێران و کە هاتەوە ژمارەی (یەک) دەربچێ ، ئیتر توشبوو، هەر جارێ مام جەلال داوای ئێمەی ئەکرد زۆر جاریش ئەمەی دوبارە ئەکردەوە (ولک عدنان اتورطنە.. ابو شلال یریدنە !!!)

# Pêwendiyên Civakî di Navbera Kurdên Kurdistanê û Sirgûnê de



Konê Reş

Gelo! Em ê çilo karibin pêwendiyên danûstandinê di navbera kurdên Kurdistanê û sirgûnê (Ewropa, Amerîka, Libnan û Australya) de biparêzin? Nexasim ku ew kurdên me yên ku dûrî civaka xwe a kurdewarî ketine û bi taybet zarokên wan, ewên ku li wan welatan çêbûne û bi zimanê biyaniyan xeber didin? Mamoste Zinar Tovî ev pirs ji min kir. Da ku di rojnameya EVRO de balav bike.. Min jî ev bersiv lê vegerand:

Di vê biwarê de, dikarim bibêjim ku du rêk an du çek karin wan kesan nêzîkî welatê wan Kurdistanê bikin; Ziman yek û berdewamiya pêwendiyan bi Kurdistanê re dudo, anku çûn û hatin.

Sebaretî ziman dikarim bibêjim ku ziman, şertê heyîna wan pêwendiya ne. Wek nimûne, dikarim du tecrubeyan raxînim ber çavan, yek a Cihûyan û dûrketina wan ji welatê wan û belavbûna wan di her çar kenarên cîhanê de, ta ku vê paşiyê Elyêzer Bin Yehûda zimanê wan yê mirî ji nû ve vejand. Elyêzer Bin Yehûda di sala 1922 an de miriye, wî zimanê ibranî yê ku wê hingê wek zimanekî mirî bû, wî ew ziman kir zimanê miletekî û Cihûyên Îsraîl û sirgûnê di bin siya wî zimanî de kirin yek.. Îro ev ziman di Felestîn û Israil de zimanekî fermîye, zimanê dewlet û hikûmetê ye.

A din nimûneya Ermeniyan; wek ku ez wan li Qamişlo ji nêz ve nas dikim, tevî ferman û tevkujiya wan di 24ê nîsana 1915an de û belavbûna wan jî wek Cihûyan di çar kenarên dinyayê de, wan Ermeniyan zimanê xwe jibîr nekirin, di malên xwe de bi zimanê xwe bi hev re xeber didan û didin.. Di sala 1966an de, dema ku hikumetê rêk da wan ku vegerin Ermenistanê, hingê bi pirbûn vegeriyan.. Wê gavê hunermend Aram Dîkran jî di nav wan de bû, ji Qamişlo bi wan re çû Hayistanê.. Mebesta min ji van herdû nimûneyan ku rola ziman zor mezin e di mayîna pêwendiyên kurdên derve û Kurdistanê de.. Vêca erkê parastina vê yekê a herî mezin li ser malbatê ye, li ser milê dê û bav e ku zarokên xwe di sirgûnê de fêrî zimanê kurdî bikin û zimanê kurdî zimanê axaftina mala wan be û her wiha her salê çend carekî zarokên xwe bişînin Kurdistanê..

Mêzekin; piraniya Swîsriyan zarokên xwe di temenê neh deh salî de fêrî du, sê û çar zimanan dikin. Ev yek jî dike ku serê wan zêdetir kar bike û her wiha bi gelên din re têkilî û peywendiyên baştir ava bikin. Ev rewşa qels a neaxaftina di malê de bi zarokên kurdan re kêmasî û dûrbûneke ji Kurdistanê. Li dervî Kurdistan da ku zarokên Kurdan nehilin, asîmîle nebin, ji çand, dîrok, ziman û nirxên netewî dûr nekevin, pêwîste pêwendiyên wan bi welatê wan Kurdistanê re bimîne û her wiha divê malbat (Dê û Bav), rêxistin, partî, saziyên kurdan û konsolat anku nûnertiya herêma Kurdistanê zarokên Kurd li fêrgehên zimanê zikmakî bêne perwerde kirin û cihê perwerdekirina yekem jî pêwîste malbat bi xwe be.

Wiha em dikarin pêwendiyên kurdan yên derve û Kurdistanê bi parêzin û her wiha ez dikarim bêjim ku bandora fêrkirina bi zimanê kurdî di nav kurdên dervî Kurdistanê de rolek erênî di mayîna wan pêwendiyan de dilîze..

شکۆ



هێرش سنجاوی

# (سەگوەڕ)

لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژمارە (٣١) و لە (ئەدگار)ی کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٤٤) (٥٧٧١) هاتووە محەمەد موکری دەڵێت سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ بوو، بووم بە پێشمەرگە، لە یەکێتی نووسەرانی شاخدا ئیشم دەکرد، گۆڤاری نووسەرانی کوردستان و گۆڤاری گزنگ و پاشان گۆڤاری کەلتورمان لەگەل چەند هاورێیەکی نووسەرادا دەردەکرد، نووسەرانی بەغدا و کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و بادینان بەرهەمیان بۆ دەناردین ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەل مندا هەبوو، بەرهەمەکامیان بەناوی خوازراوەوە لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەبۆوە،

شانزە ژمارەی نووسەرانی کوردستان و حەڤدە ژمارەی گۆڤاری گزنگ کە تایبەت بوو بە لقی یەکێتی نووسەرانی کەرکوک و چوار ژمارەی (گزنگ)ی بچوکان و چوار ژمارەی گۆڤاری کەلتور، ئەم گۆڤارە سەربە یەکێتی نووسەران نەبوو، گۆڤارێکی ئازاد بوو، جگە لەم گوڤارانە شەست و حەوت کتێبمان چاپکردوو لە نێوان پێشمەرگە و شارەکاندا بڵاوبوونەوە.

موکری لە شاخ ڕۆمانێکی بەناونیشانی (سەگوەڕ) بڵاو کردەوە، کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی بوو کە بە زمانی ڕەخنە لەسەر شۆرش نووسراوە، ئامانج و مەبەستی (سەگوەڕ) ڕاچلەکاندنی کورد بوو لە خەوی بێ ئاگای، محەمەد موکری ئەو قەڵەمە بەبرشتە بوو، کە هەمیشە لە داهێنان نەدەوەستاو ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکان دنیای سەرسام کردبوو، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (سەگوەڕ)کە وەرگیردرایە سەر زمانی عەرەبی و توانی خۆی وەک گەورە ڕۆمان نوسێک بناسێنێت کەس نییە لە ئێمە رۆمانی (سەگوەڕ)ی موکری لە یاد نەبێت کە لەکاتی خۆیدا لە شاخ بۆ خۆی شورشێک بوو کە سیما و گووتاری نوێ لە ئازادیی ڕادەربریندا بەرجەستە کرد لە ناوەراستی هەشتاکان موکری (سەگوەڕ)ی بلاوکردەوە، ئەو سا زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی خوێنەوار بوون و هەندێک کادیران و سەرکردەکانی یەکێتی دلتەنگ بوون بەو دەربرینەی نووسەر لەسەر شۆڕش و سەرکردەکانی کورد، نوسینەکە کۆی ململانێیەکانی سەرکردەکانی هاوتا دەکرد بە سەگوەڕ،

لە (ئەدگار و گەلاوێژی نوێ) هاتووە، مام جەلال تالەبانی لەم بارەوە دەڵێت چیرۆک نووسی گەورەی کورد، مامۆستا محەمەد موکریم بە هۆی سەگوەڕەوە، باشتر ناسی وەختی کە لە دەست زولمی زۆرو ستەمی داگیرکەران رایکرد و خۆی گەیاندە برا شۆڕشگێرەکانی خوی، سەنگەری خەباتی ئەدەبی خستە پاڵ سەنگەری پێشمەرگایەتی هاتە ناوچەی رزگارکراوی (ی.ن.ک) بەڵام زۆری نەخایاند دەنگی تووڕەیی و نارەزایی لە نێوان هەندێ کادر و پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دا، دژی سەگوەڕ بەرز بووەوە قرتە و بولە لە ملا و ئەولا پەیدابوو، لەو سەردەمەدا منیش کەمێک بوو لە دڵ دەروونی خۆمدا دروشمی (دابینکردنی ئازادی و ژیان)م بۆ نووسەران و ئەدیبان خەملاندبوو، هەلەکەم قۆستەوە، بۆ چاکتر و بە دەنگ بەرزتر دەربرینی دروشمەکە و بەرزتر کردنەوەی ئالاکەی بۆیە دەتوانین بلێین هیچ نەبێ (سەگوەڕ) ئەو کەلکەی هەبوو..

گوتیان شتی وای نووسیوە بە دڵمان نییە دژی (ی.ن.ک)یشە ! لە وەلامدا گووتم:. دژی (ی.ن.ک)ی تێدا نی یە، بەڵام گەر بەدڵتان نییە، بەهەمان چەکی مامۆستا موکری بەرەنگاری ببنەوە ئێوەش لەسەر (سەگوەڕ) بنووسن و چیتان پێ هەڵەیە نیشانی بدەن و چیتان بێ باشە دەری ببرن.

ئازاد جوندیان دەڵێت من یەکێ بووم لەوانەی لە دژی سەگوەڕم نووسی، بەڵام دوای ڕاپەرین لە کۆرێکدا داوای لێبوردنم لە موکری کرد و درەنگ وەخت لە نووسینەکەی خۆم پەشیمان بوومەوە.

خالید سلێمانی رووناکبیر لە ساڵی ٢٠٠٣ لە وتارێکدا بەزمانی عرەبی لەسەر ئەدەبی کوردی نوێ کە رۆژنامەی (الحياه)ی لەندەنی بلاوکردەوە (سەگوەڕ) وەک نموونەیەکی زیندووی مەشهەدی سیاسی کوردستانی هەشتاکانی هێناوە، دوای سالانێک لەم نووسینەی پیشانی موکری دەدات، موکری لە وەڵامدا دەڵێت :. کورد ئەم چیرۆکەی لە بیر کردووە، تۆ دەتەوێت بۆ عەرەب باس بکەین، هەر لەم دانیشتنەدا کە سالی ٢٠٠٩ بوو موکری باسی هەندێک لەو ژیانە نهێنیەی کرد وا بەهۆی نووسینی (سەگوەڕ)ەوە تووشی بوو، زور جاریش لە ترسی کوشتن خۆی دەشاردەوە و لە کۆتاییشدا ووتی بۆ ئەمانەت دەڵێم:. مام جەلال ژیانی منی لە کوشتن پاراست.


موکری ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی نووسی کە هاوار کردنێک بە دەنگی بەرز بوو دژی تێکشکاندنی بیری باو بوو لەناو بزووتنەوەکەدا و دەرخستنی دەنگێکی کپکراوی ناو سیاسەت و کومەلگای کوردی بوو، (سەگوەڕ) بیر کردنەوەیەکی نوێ بوو لە چیرۆکی کوردیدا و هەوڵدانێکی بوێرانە بوو لە پێناو بە دەستهێنانی ئازادی ڕا دەربرین و داهێناندا.

هونەرێ بەدرخان
Bedirxan

بڵاوكراوەیەكی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: نیهاد جامی

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی كوردی - ساڵی چواردەهەم

## شانۆكار



نیهاد جامی

# نەخۆشخانەیەک بۆ شانۆیەكی نەخۆش


نەخۆشخانە چەمكێكە ڕێک هەمان واتای ئەو شوێنەی هەیە كە نەخۆشی بۆ دەبردرێت، بەكارهێنانیشی لێرەدا بەو مەبەستەیە كە شانۆیەكمان هەیە نەخۆشە ڕووبەرووی ئەو شوێنەی دەكەینەوەن ئەوە بردنی شانۆكەمانە بۆ ژووری ئینعاش، لەوێدا پێویستمان بە چارەسەری ونەشتەرگەری هەیە، بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشە ڕزگار بكرێت نەمرێت دەبێت پزیشكی بەتوانا بیپشكنێت، تەواوی ڤایرۆس ونەخۆشیەكانی تیا بخرێتە ڕوو، ڕەنگە ئەوەمان پێ ناخۆش بێت وتووشی نیگەرانیمان بكات بەوەی ئەوانیتر ئێمەی نەخۆش دەبینن، بەڵام ناكرێت واز لەو نەخۆشە بیچنین تاوەكو لەژووری ئینعاش پزیشكەكان چەرچەفە سپیەكەی بەسەر ڕووخساردا بدەنەوەو پێمان بڵێن «بەداخەوە شانۆكەتان مرد»
بۆ ئەوەی شانۆكەمان نەمرێت، چیبكەین بیبەینە نەۆخشخانە، كێشەكەمان ئەوەیە نەخۆشخانەكەمان پزیشكی تیا نیە، ئەی چارە چیبكەین؟ ئێمە گرفتمان ئەوەیە لەم نەخۆشخانەیە شانۆكەمان داوە بەدەستی جادووچیەكان تا بە فاڵ وجادوو دوعا شانۆكەمان لەمردن ڕزگار بكەن، بۆیە ئێمە شانۆكەمان تووشی نەخۆشیەكی كووشندە هاتووە نەخۆشیەک لەساتەوەختی مەرگیدایە «ئەرێ بەڕاست شانۆكەمان بۆهێنا بۆ نەخۆشخانە خۆ ئێرە پزیشكێكی تیا نیە؟» ئەوە نەک پرسیاری ئێمەیە، ئەو نەوە نوێیەش مافی خۆیەتی ئەو پرسیارە بكات، بەڵام كێشەی ئەو نەوەیە ئەوەیە هەست بەنەخۆشیەكەش ناكات، بۆیە ئێمە لەبەردەم شانۆی نەخۆش و نەخۆشخانەی بێ پزیشک دەبێت لەودیوو دەرگاكانی ژووری ئینعاش چاوەڕوان بین كە هەواڵی مەرگی شانۆكەمان پێ دەگات، چونكە نە پزیشكێک لێرەیەن نە چیتر دەتوانین بڵێین ئەو نووشتەچی ودوعافرۆشانە كۆمەڵێک ساختەچی و درۆزنن كە هۆكاری سەرەكی نەخۆش بوونی شانۆكەمانن، ئەوەش وا دەكات ئەو كورتە نووسینە لەم دەروازەیەدا نەهێلینەوەو بیبەینەوە ناو ژووری ئینعاش وچیتر لەو دیوو دەرگاكە چاوەڕوانی مردنی نەكەین.
بۆیە كاتێ قسە لەو شانۆ نەخۆشە دەكەین پێویستە تەواوی جەستەی ئەو شانۆیە بپشكنیتن بۆ ئەوەی ئەو شانۆیەش بپشكنیت پێویستت بە ئارگۆمێنتێكی مێژوویی دەبێت بۆ ئەو شانۆ نەخۆشە، ئەو كاتە ناچار دەبیت بۆ تێگەیشتن لەم شانۆیە خوێندنەوەی تۆبۆلۆگی «شوێنناسی» بۆ ئەو شانۆیە بكەیت و هەر شوێنێک لەدیدێكی شارەكەوە شانۆكەی بخوینیتەوەو ئەو كاتیش مەحكوم دەكرێیت بەكیشەی شارچێتیەوە، نەوەک بەو خوێندنەوەیەی شوێنناسیەوە بۆ شانۆو كە بەبڕوای من بۆ ئەوەی لەم شانۆیە تێبلگەین پێویستمان بە دوو ئاراستە دەبێتو ئاراستەی یەكەم هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێنتەرەی كە پێی دەووترێت شانۆی كوردی و ترازانی بۆ ناو شانۆی شارەكان، ئاراستەی دووەمیش ڕێكخستنەوەی بونیادە كۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەكانی شوێن بۆ قسەكردن لە گوتاری شانۆییمان.
گرفتەكەش لەوێوە دەست پێدەكات ئەو كاتەی لەهەندێک هەوڵ وئەزموونی شارەكان دەدوێیت خێرا كەسانێک هیستریا دەیانگرێت كە بۆچی ناوی ئەوان نەهاتووەو وەک ئەوەی ئێمە كاری ئەرشیفی ئەنجام بدەین، هەرلا كەسێک نمایشێكی كرد پێویست بكات ناوی بێت، ئەوە یەكێكە لەو كێشانەی زۆرجار ڕووبەرووی دەبینەوە، كە ئەو ئازیزانە ئێمە ئەرشیف درووست ناكەین هێندەی قسە لەهەوڵگەلێک دەكەین بە جدیبەتی ئەو گوتارەی دەبینینو یاخود وەک عەینەیەک وەریدەگرین بۆ قسەكردن.
هەر چۆنێک بێت سەرەنجام كە قسەمان لەو بابەتە كرد دەزانین دەرگای شەرێكی ترسناک لەخۆماندا دەكەینەوە، بەوەی لەشكرێک زویر دەكەین، ڕەنگە بووترێ جا چیە با تورە بن، بەڵام نەخێر وانیە، ئەوەتا كە قسیە لەئاستی كارەكانی هەندێک دەكەیتو دەكەونە درووست كردنی تۆمەت كە كێ دەڵێت ئەو نوسینانەی ئێمە دەینووسین بەرهەمی عەقڵی خۆمانەو لە شوینی تر وەرمان نەگرتووە، بۆمن ئەو قسەیە سەیر نیەو ئەوەی سەیرە ئەوەیە تۆ بلێی میللەتێک هەبێت لەسەر ئەم گۆی زەویە شانۆیەكی وەک ئێمە نەخۆش و كۆمەڵێک كارەكتەری شیزۆفرینی نەخۆشی هەبێتو خەریكی كاری ئاست نزم بێت وبشیەوێت وەک شانۆكاری جدیی لەڕووبەری ڕەخنەییدا سەیری بكەین.

# كوردێک جیاوازی كولتوری ئەویتر لەخۆی دەست نیشان دەكات



هونەرمەندێكی كورد لەناو دڵی خۆرئاوا بەگژ جیاوازیە كولتوریەكان دەچێتەوەولەناو تیكستێكی ئەویتردا ئامادەبوونی خۆی لەنێوان دوو كولتور دەخاتە ڕوو.
شانۆكاری كورد سەدیق عەزیز لەڕێگەی تێكستی شانۆیی (كەسێک هەر دێت) ی یۆن فۆسە ی نەرویژی تێكستەكە بۆ شانۆ دەردەهێنێت و بەزمانی تێكست ولەناو دڵی نیشتیمانی فۆسە نمایشەكە بەرهەم دێنێت، لەپەیوەندیەكی تایبەتی بەدرخان بە دەرهێنەرەوە بۆ ئەوەی دنیابینی خۆی بۆ شانۆكاری كورد بخاتە ڕوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە باسی لەوە كرد كە لەڕێگەی ئەم تێكستەوە دەیەوێت باس لەكۆمەڵگای مۆدێرنیتی بكات، كۆمەڵگایەک هیلاكی ڕووبەرووی مرۆڤەكان كردۆتەوە چ لەئاستی فەردی یاخود كۆمەڵی، ئەوەش وەک ئەو ناوی برد "پڕ لە گومان وڕاڕایی بەرامبەر بەخۆی بەرامبەر بەوانیتر، هەستكردن بەتەنهایی، تێک چونی پەیوەندیەكانی نیوان تاک و كۆمەلگە،هەلوەشاندنەوەی بنەماكانی خێزان، دروست بوونی ترس، ترس لەخۆت، لە خۆشەویستی و لەونكردنی مرۆڤەكان لەنێوا خۆیاندا"
عەزیز باسی لەچیرۆكی شانۆگەریەكە كرد بەوەی ژن و مێردێک دەیانەوێت كۆمەلگە بەجێ بهێڵن و لەدور، دور لە هەر كەسێک و لە شوێنیک چۆلەوانی خانویەک بكرن، بۆ ئەوەی دوربن لەهەموو كێشەو گرفتەكانی ناو كۆمەلگە، تا خۆشەویستیەكەیان لەنیو نەچێت، بەلام لەپرێكدا كەسێک لێیان قوت دەبێتەوە كە میراتگری ئەو خانوەیە و هاتوە بزانێت كێ ئەم خانوە كۆن و روخاو دورە دەستەی كریوە، لێرەوە جارێكی تر گومان و ترس و دوودلێ لە خۆشەویستی دروست دەبیتەوە،هەر دووكەسایەتیەكە تا كۆتای شانۆییەكە لە دژایەتی و ئاشتبونەوەی بەردەوامدان.
هەرچی لەبارەی كردەی دەرهێنان وداڕشتنەوەی خەونی ئەوە وەک دەرهێنەر باس لەكێشەی كۆمەڵایەتی ناو تێكستەكە دەكات، كە ئەو ترسە لەلای عەزیز بەشێوەیەكیتر خۆی دەخاتە ڕوو، بۆیە ویستویەتی باسیی مرۆڤی هاوچەرخ بكات ئەو مرۆڤەی بەرهەمی عەقڵی تەكنەلۆژیاو گەشكدرنە خێراكانیەتی، كە مرۆڤێكی كۆنترۆڵكراوو هیلاكە، دەرهێنەر جەخت لەئامێربوونی مرۆڤی هاوچەرخ دەكاتەوە، كە ئەو دۆخەو بوونی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان بەهۆكارێک دەبینێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان، خولقاندنی گومانی مرۆڤەكان بەرامبەر بە یەكتری، لەو بارەیەوە بۆ هونەری بەدرخان دەڵێت "لەڕێگەی ئەم نمایشەوە هەوڵمداوە دژایەتی وجیاوازیەكانی نێوان كولتوری ڕۆژئاوایی و خۆرهەڵاتی بخەمە ڕوو" بۆ ئەو كارەش ئەو كارەی لەڕێگەی گۆڕینی بونیادی كەسێتی كارەكتەری پیاوەكە كردووە بەوەی كردوویەتی بەخاوەن كولتورێكی خۆرهەڵاتی، لەگەڵ ژنێكی كولتوری خۆرئاوایی بۆ درێژەدان بە ڕوانینەكەی دەڵێت "لێرەدا ماناكانی غیرەو نەگونجان و دودڵی و گومان بەرامبەر یەكتری چرترو توندتر دەبێتەوە"
فۆڕمی نمایش وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەكات فۆڕمێكی سادەو سینۆگرافیایەكی ساكارە، ،لە پانتایەكی بچوكی چوارمەتر درێژ و دوومەتر نیو پانی، نمایش كەوتبوە نیوان بینەرانەوە، كە بینەران بەرامبەر یەكتری دانیشتبون نمایش لەناوەراستدا دەكرا"
لەبارەی ئەو نزیكیەی نێوان ئەكتەرو بینەر بینەرێک پرسیار لەو ئەكتەرە دەكات بێریت كە ڕۆڵی ژنەكەی بینییوە كە ئاخۆ ئەو هەستی بەترس وشڵەژان نەكردووە كاتێک كە زۆر نزیكە لە بینەرو لەڕووبەری تەسكی نمایش، لەوەڵامدا بێریت دەڵێت "ئەترسام، بەلام زۆر خۆش بوو بۆ من كە لەنزیكەوە هەستم بە گەرم و نیوان خۆم بینەر دەكرد، گوێم لە هەناسەی بینەر بوو كە هەناسەیان لەگەڵ هەناسەی مندا یەک ریتم و یەک هارمونیەتیان دروستدەكرد، كە قەد هەستم بەو گەرمیەی نیوان خۆم بینەر نەكردووە"
كەچی هەر لەبارەی نمایشەكەوە بینەرێكی نمایشەكە دەڵێت "ئەو نزیكیەی نیوان ئەكتەرو بینەر وای كردبوو، كە زۆر بەرونی لەنزیكەوە لەرزین و ئاماژەكانی دەموچاوی ئەكتەرببینین، هەستم بەراستۆگییەكی دروستكرد لە نێوان خۆم وئەكتەرەكاندا"

# شانۆكارێكی عیراقی شكسپیریەكان دەكاتە داعش





تێكستێكی شانۆیی نوێ هەوڵی دیدێكی فانتازی دەدات لەڕێگەی كارەكتەرە شكسپیریەكان كە بریتین لەكۆمەڵە ژنێكی ناو شانۆگەریەكانی شكسپیر.
شانۆكاری عیراقی عەواد عەلی لەئێستادا لەنووسینی شانۆگەری (داعشەكانی شكسپیر) تەواو بووە، كە تێكستەكە بریتیتن لە ١٠ ژن كە كارەكتەری ناو شانۆگەریەكانی شكسپیرن، ئەو كارەكتەرانەش بریتین لە "لیدی ماكبێس، گۆنرێل (كچی شالیر، گرترود (دایكی هاملێت) كنستانس (بێوەژنەكەی گفری یەكێک لە كارەكتەرەكانی شانۆگەری شاژۆن) گێسیگا (كچی شایلۆک)، كاترینا، سایكۆراكس (جادووبازەكەی زریان)، فۆلۆمینا (دایكی كۆریۆلانس)، كریسیدا (لەشانۆگەری ترۆیلۆس وكریسیدا)، لیدی ئان (بێوەژنەكەی ئەمیر ئێدواردلەشانۆگەری ڕیتشاردی سێیەم)"

# مەهاباد ئیبراهیم:
# دەمەوێت ئیتر لەگەڵ میللەتی خۆم بژیم و منیش وەک ئەوان ژیان بەرێ بکەم

**مەهاباد ئیبراهیم یەکێکە لە گۆرانبێژە دیارەکانی کوردستان و سالانێکی زۆرە لە ولاتی ئەمریکا ژیان بە سەر دەبات،ئەو خاوەنی ٦ ئەلبومی گۆرانیە و چەندان کۆنسرێت وئاهەنگی لە ئەمریکا و کەندا سازکردووە،لە دیدارێکی بەدرخاندا،مەهاباد باس لە هاتنەوەی بۆ کوردستان بە یەکجاری و پرۆژەی داهاتووی دەکات.**

**ئا: کاروان مەسعود**

**بەدرخان:هاتنەوەت بۆ کوردستان یەکجاریە یان سەردانە؟**

**مەهاباد ئیبراهیم:** من بە یەکجاری هاتوومەتەوە کوردستان، وڵاتەکەم بە بارودۆخێکی خراپ تێپەر دەبێت بە هۆی ئەو شەڕەی کە بەرۆکی گرتووە، بۆیە بریارمدا بە یەکجار بگەرێمەوە و لە رێگەی هونەرەکەمەوە خزمەت بە نیشتمانەکەم بکەم، هەورەک لە رێگەی گۆرانیەوە ئەگەر خزمەتێکی بچوکیش بێت پێشکەشی بە کەسوکاری شەهیدان و برا پێشمەرگەکانی بکەم، دەمەوێت ئیتر لەگەڵ میللەتی خۆم بژیم و منیش وەک ئەوان ژیان بەرێ بکەم.

**بەدرخان: پرۆژەی نوێی مەهاباد چیە؟**

**مەهاباد ئیبراهیم:** لە ئێستا لە هەوڵدام بۆ قسە کردن لەگەڵ موزیسیانەکان و شاعیران و ئەوانەی تێکستی سرود و گۆرانی دەنوسن بۆ ئەوەی بەرهەمێکی جوان و پڕ بە پێز پێشکەش بکەم،سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانم کردووە، تا بتوانن هاوکار و یارمەتیدەرم بن بۆ ئەوەی بەرهەمێک لە سەر دایکی شەهیدان و سرودێک بۆ پێشمەرگە تۆماربکەم.

**بەدرخان: کەی دەستت بە کاری هونەری کردووە؟**

**مەهاباد ئیبراهیم:** لە ساڵی ١٩٨١وە کاری هونەری ئەنجام دەدەم،ئەوکات تەمەنم بچوک بوو لە ئاهەنگێکی نەورۆز بەشداریم کرد ئەمە سەرەتای کاری من بوو،هەروەک لە زۆربەی شار و ویلایەتەکانی ئەمریکا کۆنسرێت و ئاهەنگم بۆ کوردەکان ئەنجامداوە.

لە دوای راپەرینەوە، ساڵی ١٩٩٢ سەردانی شاری دهۆکم کرد،کۆنسێرتێکیشم سازدا و هەموو بەربەستێکم تێپەراند، لەوکاتەدا گۆرانی ووتن بۆ ژنان کارێکی ئەستەم بوو، کۆمەڵگە بە جۆرێکی تر خوێندنەوەی بۆ دەکردی ئەو کات من و گوڵستان و شەهریبان گۆرانیمان دەوت بەڵام دواتر ووردە ووردە ژنان و کچانی تر هاتنە نێو بوارەکەوە.

**بەدرخان: ئەو چەند ساڵەی لەدەرەوە بویت ،ژیان زەحمەت نەبوو؟**

**مەهاباد ئیبراهیم:** بەهۆی ئەوەی لە لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە من رووم لە ئەمریکا کرد، زوو لەگەڵ بارودۆخەکە راهاتم، بەڵام ژیان لەوێ زەحمەتە،



چونکە ئەمریکا وەک وڵاتانی ئەوروپا نیە تۆ بتوانیت لە سەر هونەرەکەت بژیت بەڵکو ژیان سەختە دەبێ جگە لەوەش کاریش بکەیت بۆ ئەوەی ژیانی رۆژانەت بەرێ بکەیت.

دووری ئەمریکا و کەندا لە کوردستان و ئەوروپا ئەمەش زەحمەتیەکی ترە لە بەردەم گۆرانی بێژ بۆ ئامادەکردنی بەرهەمەکانی، ئەوروپا زۆر گونجاوترە لە ئەمریکا بۆ کاری هونەری.

**بەدرخان:لە کۆتایدا چیت هەیە بە خوێنەرانی بەدرخانی بڵێیت؟**

**مەهاباد ئیبراهیم:** من هەمیشە بیر لە رووناکی و ئاسۆی روون دەکەنەوە و ترسم نیە، باوەرم بە خۆم هەیە باوەرم بە هونەرەکەم و خەڵکی وڵاتی خۆم هەیە، ئەگەرچی من ماوەیەک ونم لە سەر شاشەکان بەڵام ئەوەی دڵخۆشی کردووم ئەوەیە خەڵکی کوردستان منیان لە بیرە، دەچمە هەر شوێنێک زۆر رێزم لێ دەگرن، ئەمەش وا دەکات من زیاتر خۆشەویستیم بۆ ئەوان و هونەرەکەم هەبێت، سوپاس بۆ رۆژنامەی بەدرخان کە توانی ئەو دەرفەت بۆ برەخسێنێت وەک یەکەم دەزگای میدیای چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجام بدات.

# No comment

مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠) لە وڵاتی (کوبا)، لە وێنەکەدا (چێ گیڤارا) ی شۆڕشگێڕی بە هەیبەت، چەرخێکی بە دەستەوەیە بۆ داگیرساندنی سیگارەکەی (جان پۆڵ سارتەر) ی گەورە فەیلەسوفی فەڕەنسا، لە تەنیشتیەوە خاتوونی مەزن (سیمۆن دی بوڤوار) دانیشتووە، سڵاو لە ڕۆحی پاکی هەرسێکیان .

**لە تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە.**



**تیۆر**



**د. دڵشاد مستەفا**

# شانۆ و جینۆساید

مێژووی مرۆڤایەتی جەنجاڵەبەو تاوانانەی خودی مرۆڤەکان لەسەرەتای چیرۆکی بوونەوەتا هەنووکەبەرامبەر یەکدی ئەنجامیان داوە. جەنگ و کارەساتەمەزنەکان ، ماڵوێرانییەگەورەکان ، نەهامەتی و کاولکارییەکانی دنیا مرۆڤەکان خۆیان بکەر و بەرپرسیاری یەکەمی بوون. هەڵبەتەهەردوو جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهان لەدیارترین ئەو تاوانانەن کە وێنەیەکی راستەقینەی مێژووی خوێناوی و کارەساتباری مرۆڤایەتییان نیگار کردووە. تاوانەکانی قڕ کردنی نەتەوەو کەمایەتییەئیتنیکی و ئایینییەکان سەرتۆپی ئەو دڕندەییەن . جینۆسایدی ئەرمەن کەدەسەڵاتدارانی ئەورۆژگارەی تورکیا ئەنجامیان داوەو تا هەنووکەش ناچنەژێرباری و دانی پێدانانێن یەکێکەلەتاوانەدیارەکانی نێو مێژوو و دوابەدوای ئەویش لەجەنگی دووەمی جیهاندا هۆلۆکۆست و دواتریش کۆمەڵکوژییەکانی کەمبۆدیا وئەرجەنتینا وکوردستان و سەرایڤۆ و رواندا و دارفۆر بەدوای یەکدا هاتوون و هیچ هێزێکی دژ نەیتوانیوەرێ بەدووبارەبوونەوەیان بگرێت .

یەکێک لەزولملێکراوترین نەتەوەکانی دنیا کەجینۆسایدی بەرامبەر کراوەکوردەو تەنها نەتەوەیەکیشەکەکۆمەڵکوژییەکانی تا ئێستا بەجینۆساید نەناسراوەو بەشی زۆری چیرۆکەکانی ونبوون و بەرەو نادیار ملیاننناوە.

بەڵنیایی‌چیرۆکەکانی جینۆساید لەدنیای خۆرئاوادا ، بوونەتەجێی سەرنجی نوسەران و شانۆکاران و کەرەستەیەکی دروستبووەبۆ هێنانەگۆی ئەو سەردەمەی کارەساتەکانی تێدا روداوە. نموونەی دیاری ئەو سوود وەرگرتنەلەمێژووی کارەساتباری تاوانەمەزنەکان شانۆیی (لێپێچینەوە) ( Invastigation) ی پیتەر فایس ە. کەراستەوخۆ کارکردنێکی دروستەبۆ بەدۆکیمێنتکردنی هۆلۆکۆست و ئەو تاوانانەی نازیزم لەسەردەمی جەنگی دووهەمی جیهان لەدژ جوولەکاکانی ئەوروپا ئەنجامی دا . فایس لەو کارەدا هەوڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی قوربانی دەدات بەبێ زیادکردن و پشتگوێ خستنی گرنگتریین وردەکارییەکان . دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەن ژمارەیەک تێکستی ناوازەبەرهەمهاتوون لەدیارترینیان ( Exile in the Cradle )( تاراوگەلەبێشکەدا) ی لۆرین شیرینیان ەکەساڵی ٢٠٠٣ نوسراوە. شیرینیان دەربارەی ئەو ناهامەتیانەدەدوێت کەتورکەکان لەوپەڕی دڵرەقی و توندوتیژیدا بەسەر خەڵکی سڤیلی ئەرمەنیدا دەهێنن . دەقی ( Silence of God 2002)) بێدەنگی یەزدانی ( Catherine Fillouxs ) هەوڵێکی ترەبۆ کارکردن لەسەر کۆمەڵکوژییەکانی پۆڵپۆت و خەمیر روژ دەرهەق بەگەلی کەمبۆدیا ئەنجامیان داوە. ( A Patch of Earth ) ی ( Kitty Feldes ) کەدەربارەی دادگاییکردنی دراژن ئەردمۆڤیچ و تاوانەکانی جەنگەکەلەیۆگۆسلاڤیای جاران ئەنجامدراونیەکێکی ترەلەو دەقەناوازانەی لەوێناکردنی هونەریانەی جینۆسایددا پێگەی خۆی هەیەو جگەلەوانەی ئاماژەیان پێکرا ،جینۆسایدی نەتەوەکانی دیکەش دەقی زیندویان دەربارەبەرهەمهاتووە.

ئەوەی بۆ من جێی بایەخەمامەڵەکردنی بزووتنەوەشانۆییەکەی کوردەلەگەڵ ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتون و ستایڵی مامەڵەکردنی شانۆکارەلەگەڵ ئەو دۆزەگرنگەدا .

بەدرێژایی دوو دەیەی ڕابردوو شانۆکاری کورد سەرقاڵانەهەوڵی مامەڵەکردنی لەگەڵ کارەساتەکانی کورددا داوەو لانی کەم هەوڵی رازیکردنی ویژدانی خۆی کردۆتەپێشەنگ و ئامانجی سەرەکی خۆدەربازکردن بووەلەو ئازارەویژدانییەی کارەسات بۆی دروستکردوە. هەڵبەتەپرۆژەکانی کارکردن لەسەر ئەو نەهامەتیانەبۆ بەر لەراپەڕینی ١٩٩١ دەگەڕێتەوەو لەرۆژگاری دەسەڵاتەتۆتالیتارییەکەی ئەوێ ڕۆژێ دا شانۆکاری کورد بێ دەنگی شکاندوە. نموونەی دیاری ئەو ستایڵەبەزیندوویی ڕاگرتنی میراتی کورد بووەلەڕێی پرۆژەشانۆییەکانەوە، هەوڵەکانی ئەحمەد سالار لەشانۆی ئاهەنگسازیدا نموونەیەکی دیاری ئەو هەوڵەی شانۆکاری کوردە. بێگومان تەکنیک و ستایڵ و گوتاری ئاهەنگسازی وەک ئەزموونی ئەحمەد سالار خۆی جێی سەرنجەو بابەتێکی دەوڵەمەندی توێژینەوەیە بەڵام دەرفەتی فراوانتر لەم بابەتەی پێویستە. ئەزموونی (ئەوەڵ سەحەر ) ی شەماڵ عومەر یەکێکی ترەلەو ئەزموونانەی بەر لەڕاپەڕین بۆ هێنانەگۆی ئەو کارەساتەهاتەبەرهەم .( لەچاوەڕوانی سیامەند دا) ی میدیا رەووف و نیگار حەسیب قەرەداغی ،ئەزمونێکی ناوازەی ئەو فەزا کارەساتبارەی کورد بوو. رزگار ئەمینیش لەو دەمەدا و پێش مێژووی ئەو نمایشانەش سەرقاڵی بەرهەمهێنانی (داستانی شێخ بەدرەدین) ی نازم حیکمەت بوو کەکارکردنێکی وردبوو لەنێو مێژووی کارەساتی قڕکردنی شۆڕشگێڕەکاندا وەلێ ئەو ئەزموونەنەگەیشتەنمایش .

هەڵبەتەدوای ڕاپەڕین بوارەکەوالاتر بوو و چەندەها ئەزموونی جۆراو جۆر هاتنەگۆڕێ لەوانە( میهرەجانی کەلاوەکان) ی ڕزگار ئەمین و (یاداشتەکانی عەرعەر) ی مۆفەق لهۆنی و ئەزموونەکانی حوسەین میسری و بەرهەمەکانی تیپی شانۆی کوردستان و شانۆیی( کارەسات )ی توانا غەنی و گەلێک بەرهەمی تر لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان نمایش کراون .

بەشی زۆری ئەو نمایشانەگێڕانەوەی چیرۆکی کارەساتەکانن و پاڵەوانەکان ڕاشکاوانەنمایشی بریین دەکەن . هەڵبەتەئەوگشتاندنەدروست نییەبۆ تەواوی ئەوەی لەو بوارەدا بەرهەمهاتوە، بەڵام بمانەوێت یان نا سیمایەکی دیاری زاڵ بووە.

گەڕان بۆ تەکنیک و ستایڵێکی جیاواز لەوەی دی و بەتایبەت لەگێڕانەوەی چیرۆکی نەهامەتییەکاندا کەمجار ئەوپرسیارەبووەکەشانۆکاری کوردی سەرقاڵ کردوە، چونکەئەو بڕوای وابووەکەقەبارەی کارەسات خۆی بەتەنها بەسەبۆ ئەوەی وەرگر قایل بکات . هەڵبەتەئەو گریمانەبۆ سەرەتاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زامەکان دروست بوو وەلێ دواتر ئاکامی باشی لێ نەکەوتەوە، بەجۆرێک ئیدی وەرگری ئێمەلەو گێڕانەوەباوو ڕاستەوخۆیەبێزار بوو و بەشوێن ئەڵتەرناتیفێکەوەبوو کەویژدان و چێژی ئیستاتیکیانەی پێکەوەرازی بکات . هەڵبەت لەنێو ئەو نمایشانەی ئاماژەیان پێکرا کاری ناوازەهەبوون و لانی کەمی ئەوپێداویستییەیان پڕکردۆتەوەوەلێ نەبوونی بزاوتێکی ڕەخنەیی دروست کارکردی تۆمارنەکردن و نەمانەوەی ئەو کاریگەریانەن لەئەرشیفی بزووتنەوەشانۆییەکەی کورددا و فاکتەری بەیاک نیگا ڕوانینی ئێستای ئێمەشەوەک هەڵەیەکی باو لەوەی ڕابووورد ، بۆیەئەرکی گرنگی دامەزراوەکانی شانۆیەئەرشیفی بەڵگەیی و ڕەخنەیی ئەو بزوتنەوەشانۆییەلەئەستۆ بگرن تا داهاتوی وەک ئێستا و ڕابردوی کارەساتبار نەبێت .


رۆژنامەنووسی بەدرخان Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕۆژنامەنووسی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری رۆژنامەنووسی بەدرخان
د.سامان جەلال

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم

ڕۆژنامەوان



سمکۆ ئەنوەر

بەشی یەکەم

# پێناسەو پۆلێنکردنی ڕۆژنامەوانی کوردی لە شاری هەولێردا ١٩٣٥- ١٩٧٥

ڕۆژنامەوانی کوردی لە شاری هەولێردا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ — ١٩٧٥ کە ناوونیشانی نامەی ماستەرەکەم بوو لەم بووارەدا لە ساڵی ٢٠١١ لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەستم هێنا، بەپێویستم زانی لە ڕێگەی ئەم گۆشەیەدا لە دوو توێی چەند بەشێکدا پوختەیەک لە باسی پێناسەو پۆلێنکردنی ڕۆژنامەوانی کورد لەم شارەدا لە میانی ساڵانی دیاریکراو بخەمە بەر دەستی خوێنەران بە مەبەستی ئاشنا بوونیان بە ڕەوتی ڕۆژنامەوانی کوردی لەم زەمەنەدا... باسی یەکەم: ١-ڕۆژنامەوانی ئەهلی: .. ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە خۆ دەگرێت کە هەوڵ و کۆششی تاکە کەسی یان کۆمەڵە کەسێک بەپشت بەستن بە پارەی گیرفانی خۆیان هێزو توانای تاکە کەسی لە نووسین و ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بێ ئەندازە لە چوار چێوەی یاسا ڕێگە پێدراوەکان لەم وڵاتەدا بڵاوکراوەتەوەئەم دەستەواژەیەی تازەی چەمکی ڕۆژنامەوانی بەوە ناسراوە کە تەنیا بینەری ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ بە خستنە رووی کێشە جۆر بە جۆرەکانی وەکو گەندەڵی و هەژاری و نەخوێندەواری و ژینگەو تاوان...تد. بەڵکو بە ئامانجی گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی بابەتەکان و هەوڵدەدات بۆ بنەبڕکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم کێشانە لەپێناو ئەوەی تاکە ئەندامانی پێشەنگی کۆمەڵگە لە خوێندەواران و ڕۆشنبیران بەرەو کرانەوە ببەن و گۆرانکاری لە نێو خودی کۆمەڵگادا دروست بکەن ڕەخنە لە دیاردە دزێوەکان بگرن و کەرەستەی پێویستی بۆ بڕیار دابین بکەن. لەمبارەیەوە میدیای ئەهلی لە زانکۆو سەندیکاو ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی مەدەنی وەکو دانیەمیکی سەرەکی گەیاندنی پەیامی سەرەکی خۆی دەزانێت. میدیای ئەهلی تاکو ناچاری چوونە ژێر باری حزب و ئایدۆلۆژیا نەبێت ئەوا دەبێت پشت بە چ جۆرە سەربەخۆییەک ببەستێت لە ڕێگای ریکلام و سەرچاوە داراییەکانی تر، سەربەخۆیی دەربڕینی خۆت بپارێزیت کاتێکیش دەتوانی ئەم ئەرکە سەرەتاییە جێبەجێ بکات و لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و بەرژەوەندییە تایبەتی و کەسەکان نەبێت، کاتێک توانی بێ سڵکردنەوە پەیامی خۆی ئاراستەی سیما دزێوەکانی حزبێک یان دەسەڵاتێک بکات کە لە پشت ئەم دیاردە دزێوانەدابن، دوو لە بنچینەی مجامەلەی سیاسی هەروەک دەبێت میدیای ئەهلی خەونی هێنانە دی خەونی کۆمەڵگابێت بۆ خۆشگوزەرانی و بەرپرسیارەتی ئەخلاق بەرامبەر کۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرێت لە جیاکردنەوەو دپۆلێنکردنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان و ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ هەموارکردنی فەزای بیروبۆچوونە جیاوازەکان و تێپەڕاندنی حاڵەتی شازی یەک دەنگی خۆ سەپێنەر و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە هێزو تاکە ئایدۆلۆژیای سیاسی و کرانەوەی لە کۆمەڵگا بەرەو کرانەوەی یەکتر قبوڵ کردن کاتێک ڕۆژنامەی ئەهلی وەکو چاودێرێک کاروکردەوەکانی دەسەڵاتی خستە ژێر چاویلکەی خۆیەوەو توانی هاوڵاتیان لە سیاسەتی ڕۆژانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هۆشیار کردەوە ئەوا میدیای ئەهلی دەبێتە پردی ڕایەڵەو گرێدانی خەڵک و دەسەڵات و سەرەنجام دەبێتە فاکتەری گەیاندن و تێک گەیشتنی نێوان جەماوەرو دەسەڵات. ڕۆژنامەو هۆکارە ئەهلییەکانی تری ڕاگەیاندن بە حوکمی ئەوەی سەرچاوەی دەسکەوتنی زانیاریەکانی خۆی.لە چەق ململانێکان و جیاوازییە بەرجەستە کراوەکان دەبینێتەوە، بۆیە ئەم خەسڵەتەی لە هەموو مەژیا جیاوازەکانی هونەری و ڕۆژنامەوانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و سیمایەکی ڕەخنە ئامێز لە خۆ دەگرێت. ڕۆژنامەوانی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ — ١٩٧٥ ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەی لەخۆ گرتووە: یەکەم: گۆڤاری ڕۆناکی: یەکەمین گۆڤاری کوردی هەفتانەی ئەهلی شاری هەولێرە لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی) دەرچووە. ژمارەی یەکەمی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ بڵاوکراوەتەوە دوا ژمارە (١١)یە لە ١٦ مایسی ١٩٣٦دا دەرچووە. دووەم: هەتاو: یەکەمین ڕۆژنامەی ئەدەبی کوردی هەفتانەی ئەهلی شاری هەولێر بوو، یەکەمین ژمارەی (کە تاکە ژمارەی بڵاوکراوەبوو) لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٤٨دا دەرچووە، بە دووەمین هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەی ئەهلی شاری هەولێر دادەنرێت. سێیەم: هەتاو: گۆڤارێکی ئەدەبی هەفتانەی شاری هەولێر ژمارەی یەکەمی لە ١٥ی مایسی ١٩٥٤ بە هەوڵ و کۆششی (گیوموکریانی) ١٨٨ ژمارەی لێ دەرچووە کە دوا ژمارەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بوو. چوارەم: چیا: گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی گشتی کوردی ئەهلی مانگانە بوو بەهەردوو شێوە زاری سۆرانی و کرمانجی لە شاری هەولێردا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی یەکەمی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا و ژمارەی دووەمیشی لە (١)ی شوباتی ١٩٧١ لەسەر دەستی بەدرخان سندی دەرچووە. پێنجەم: یاخیبوون: گۆڤارێکی ئەدەبی ئەهلی شاری هەولێر بوو بەرهەمی کۆمەڵێک گەنجی سەرکێش و تورەی شاری هەولێر لەسەر شێوازی ئەدەبی کۆنی کوردی کە ئەوکات پیادە دەکرا بە ژمارەی یەکەمی لە مانگی ئاداری ١٩٧٣ لە دوو توێی (٢٨)لاپەڕەدا بەشێوەی دەفتەری هێڵکاری دەرچووە. شەشەم: خەرمانەی وشە: گۆڤارێکی ئەدەبی کوردی شاری هەولێربوو ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٣ کە ئاراستەیەکی گشتی ئەدەبی هەبووە دەرچووە، ژمارەی دووەمی ئامادەی چاپکردن بوو بەڵام لەبەر هەڵگیرسانی لە ئاداری ١٩٧٤ و پەیوەندیکردنی نووسەرانی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بڵاونەکرایەوە.

# ڕۆژنامە چۆن زمان دەشێوێنێت؟



غازی حەسەن

باسی ڕۆژنامەکان لە چۆنیەتی شێواندنی زمانی کوردی بۆتە چیرۆکێکی بێ کۆتایی و بنی نایێت، هەرچەندە ئێمە دەزانین هەر ڕۆژنامەشە ئەو زمانە فراوان و گەشەکردووەی ئێستەی دروست کردووە. با ئێمە لە جیاتی ڕۆژنامەکان نەئاخڤین، با ڕستە و هەڵە و زاراوە نادروست بەکارهاتووەکان خۆیان باسی ئەو بەزمە بکەن، کە بەسەریان هێنراوە.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥٢٠ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦-٣-٢٠١٥ لە بابەتێکی لاپەڕە شەش، لە مانشێتیکیدا ئەوها نووسراوە (فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بەبڕی ٢٠٠ ملیۆن دینار غەرامەی بۆ ٢٥ کارگەو پاڵاوگە کردوە بەبێ ئەوەی کارگەکان پارە بدەن)

ئەگەر وەکو هەر ئاخێوەرێکی ئاسایی گوتمان ٢٠٠ ملیۆن دینار جەزا کراوە، چی دەبێت، لەلای هێروە ئێمە لە (بەبڕی) دەربازمان دەبێت، (بڕ) بەواتای بەشێک دێت، ڕەنگە ئەو (بڕ)ە هەر لە (بڕین)ەوە هاتبێت، بە واتای لەتکردن و کەرتکردن، واتە بەشێک دوای لەتکردنەکە دەمێنێتەوە، ئایا بۆ پارە گونجاوە ئەو بڕە بەکاربێت، ئەگەر ڕەواش بێت، ڕەوایەکی بەزۆر سەپێنراوە و بەهەڵە هاتۆتە نێو مەسەلەی پارە و پارەبەشکردن و جەزاکردنی کەسان و لایەنی سەرپێچیکەر. (غەرامەی بۆ ٢٥ کارگەو پاڵاوگە کردوە). من بیستومە دەڵێن (دیواری بۆ خانووەکە کرد)، بەڵام ناگوترێت (جەزای بۆ کرد)، ئەو (بۆ)یە لێرەدا بەواتایەکی ئەرێنی بەکاردێت، باشتر و لەبارترە بگوترێت (غەرامەی..... کردووە). کە بڵێین ( جەزای بۆ ٢٥ کارگە و پاڵاوگە کردووە)، ڕۆڵی (بۆ) لە گۆڕینی واتا و ئاراستەی کارەکە و سزادانەکە سەرتاپا دەگۆڕێت. ڕەنگە ئەمە بۆ قسەکەر ئاسایی بێت و تێپەڕێت، بەڵام لە نووسیندا چاو زەق دەبێتەوە و زار تەتەڵە دەکات و مێشک دەکەوێتە لێکدانەوە. هەروەسا لە کۆتایی ڕستەکەدا هاتووە (بەبێ ئەوەی کارگەکان پارە بدەن)، واتا لێرەدا پاکانە دەگرێتەوە کە ئەم کارگە و پاڵاوگانە سەرپێچیان نەکردووە و پارەیان نەداوە، دیارە لە ڕاستیدا مەبەستی ڕۆژنامەنووسەکە ئەوەیە کە ( بەبێ ئەوەی کارگەکان پارەی سزاکە درانەکەیان بدەن). واتە ئەو کارگانە تاوانی دووەمین ئەوەیە کە ئەو پارەی سزادراون، نەیانداوە سەرباری پیسکردنی ژینەگەی دەڤەرەکەش. بزانە لێرەدا واتای ڕستەکە ڕێک پێچەوانە دەردەکەوێت، کە کارگەکان هیچ تاوانێکی پارە دانیان نەکردووە.

ئینجا نووسراوە (بەڵام خاوەن کارگەو پاڵاوگەکان ئامادەنین قەرەبوو بدەن). لێرە باسی (غەرامە) دەکرێت، کەواتە (قەرەبوو) شتێکی دیکە لەڕووی یاساییەوە. شوێنی پێوەبەندی بە دانی (غەرامە) ناگرێتەوە.

هەروەسا نووسراوە (بەوپێیەی دەوڵەمەندترین پارێزگای هەرێمە لەڕوی وزەو چالاکیەکی زۆری پیشەسازی تێدایە)... (پابەندیشنەبوون بەڕێنماییە ژینگەیەکانەوەو..) لێرەدا باسی ڕێنووس و شێوازی ڕێزمانی نووسین لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ناکەم، دەنا ئەویش جێگەی گفتوگۆیە، بەڵام کە (بەوپێیەی) بەیەکەوە بەستەوە زۆر ئاسایی دەبێت (پابەندیشنەبوون) لێکبدرێت. ئەگەر (بەو) چووە سەر وشەی دوای خۆی ئاسایی دەبێت (ئەو و ئەم) یش وەها بنوێنن. ( پا/ بەند/ی/ش/ نە/ بوون) ئەمە پێکهاتەی ئەو وشەیە کە لەشەش یەکە و بەش پێکهاتووە. جا کە وەها وەکو شەمەندەفەر لێکدەخرێن، گەلی براینە ئێوەش وەکو من، هەناسە بڕکێ نابن؟.

لە مانشێتەکی دیکەدا نووسراوە (تائێستا ئەم کارگانە بەردەوامن لەکارکردن و ئامادەنین ئەو بڕە پارەیە بدەن، هەرچەندە هەوڵی داخستنیمانداون بەڵام بێ ئەنجام بوە، چونکە کەسی دەستڕۆیشتوو خاوەنداریەتی دەکەن و لەپشتی کارکردنیەوەن).

با لە نێوان خۆمان بێت، ئەگەر باسی هونەری مانشێت لە ڕۆژنامە بکرێت، ئەمەی سەرەوە هەڵەیە و لەبڕگە دەچێت، نەک مانشێت، چونکە ڕەگەزی مانشێتی ڕۆژنامەنووسی دیارە و لەم کورتە نووسینەدا شوێنی قسە لەسەر کردنیمان نییە. لای ئێوەش هەروایە و بەروونی بۆتان دەردەکەوێت، کە کەسێک ئەم قسەی کردووە، بەڵام ناوەکەی قرتێندراوە. وەلێ شێوازی ئاخاوتنەکەی دوای قرتاندنی ڕۆلە ڕاشکاوەکەی لە نێو ڕستەکەدا هێشتا نەگۆڕدراوە، کە خۆی شون بزر کراوە و قسەکانیشی خودانی خاوەنن و ئەوەی گوتیەتی کەسێکی دیارە. (داخستنیمانداون) لێرەدا ئەوەی قسە دەکات بە (ئێمە) (کۆ) دەدوێت، هەروەسا شوێنەکانیش (کۆن) بۆیە (ی) پێش (مان)ەکە هەڵەیە و واتا و پێگە و ڕێژە و ژمارەی کارگە و پاڵاوگەکانی لە (کۆ) کردۆتە (تاک). ئینجا (داون) کارە، با بەجیا بنووسرێت (دا)+ (ون) دروست بووە. ڕاسترە (دان) بنووسرێت چونکە (دا+ن) ئەوان دەگرێتەوە کە شوێنەکانیان دادەخرێت. بۆیە (ی)ەکە کە ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، ناکۆکە لە گەڵ (ن) کەخراوەتە سەر (داو)ەکە، ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ. لەیەک وشەدا نووسەر جیاوازی لە نێوان (تاک و کۆ)ی حالەتەکە نەکردووە کە دەبێت دابخرێن. ئینجا کە نووسراوە (کەسی دەستڕۆیشتوو خاوەنداریەتی دەکەن)، لێی وردبینەوە هەم لە باری تاک و کۆیەکە، هەم لەباری جۆری خاوەندرایەتییەکەش دژبەیەک بوونێک هەست پێدەکرێت. واتە لێرەدا دەکرێت بەوەش لێکبدرێتەوە کە پاڵاوگەکان کەسەکان خاوەنداریەتی دەکەن، ڕاستر ئەوەیە بێژین کە (خاوەنەکانیان کەسانی دەستڕۆیشتوون). لە کاتی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامە، ئەوەی من زانیومە دەبێت سادەیی و دیقەت و ڕونی و دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوەی لاوەکی ڕەچاو بکرێت. لەمجۆرە دەستەواژە و ڕستانەی دەبینرێن، ئاڵۆزی دەچنینەوە، نەک سادەیی. (لە پشتی کارکردنیەوەن). من پێم وایە ئەو کەسە دەستڕۆیشووانە لە پێشەوەی کارەکە سەنگەریان گرتووە و بەهێزن و ڕێگری لە جێبەجێ کردنی یاسا دەکەن. ئەگەر مەبەست (کارگەکانە) واتە لە حالەتی (کۆ) دەبوایە بگوترێت (کارکرددنیانەوەن). کورد دەڵێت (من لە پشت تۆم- لە پشتتم- لە پشت کارەکەم) ئەوە واتایەکی هێزدارییە، نیشانەی پاڵپشتی و هاوکاری و پشتگرتن نیشان دەدات، بەڵام کەدەڵێین (لەپشتی تۆم) ئەوە واتای (شوێن) دەگرێتەوە. بزانە گرینگی زمان لەوەیە مرۆڤ ئاگاداری وردەکاری و گۆڕانی حالەت و شێوە و جۆری دەربڕینەکان بێت، دەنا تووشی تێکچرژان و ناکۆکی و دژبەیەکبوونەوەی بارە جیاکانی پێکهاتە (کەسی و دەروونی و هێز و کۆمەڵایەتی و شوێن و کات و مەبەست و پەیامەکان) دەبین.

**ئاخ لەم (هەڕەشە)یە چۆتە ناو هەموو شتێکەوە**

گەلێکجاران بەهۆی زۆری بەکارهێنانی هەندێک زاراوە و وشە لە نێو کۆمەڵگە کە ئەویش پەیوەستە بە ڕووداوە خێرا و گەرمەکانی نێو خەڵکییەوە، ئەو زاراوانە بێ پێوانە کردن و دەستکاری وەکو هەڵەی باوی کولێرە ئاسا، دەخزێتە نێو خوێنی هەموو بابەت و ڕستەیەکەوە. لەهەمان ژمارەی هاوڵاتی لاپەڕە (٧) ئەم پەرەگرافەم خوێندەوە (بەرهەمە کشتوکالیەکانی ئەمساڵی هیوا، بەهەمانشێوەی ساڵی ڕابردوو هەڕەشەی فەوتانیان، ئەوەش بەهۆی ئەو شەپۆلە سەرماو سۆڵە بەهێزەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هەرێمی کوردستانی گرتەوە). نازانم مەبەست لە (ساڵی هیوا) چییە؟. ئینجا (هەمانشێوەی) بەزۆر بەیەکەوە نووساندووە، چونکە لەم حالەتە دەبێت (هەمانکەس و هەمانساڵ و هەمانسەرباز و هەماندۆخ و هەمانگەرما و هەمانسەگ...) یش بەیەکەوە بنووسێرن. باشە کورد (پار) ی بۆ ساڵی ڕابردوو هەیە، بۆ ئێمە هێندە ڕقمان لەم جۆرە وشانەیە و پەنا دەبینە بەر شتی دیکە. من مەبەستم (هەڕەشەیە). من لەوەتای هەم هەر بیستومە کە حکوومەت (هەڕەشە) لە کورد دەکات، مرۆڤ هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، قەت نەم بیستوە سروشت و کارەساتی سروشتی هەڕەش بکەن و بنەڕێنن و چەقۆ و چەک بەکاربهێنن. ئەوانە (مایە) دروست دەکەن. کورد زۆر بەکرمانجی گوتیەتی (قسەکانی کابرا دەبنە مایەی کێشە). هەندێکجار دەبینم یا دەبیستم دەگوترێت (سەگەکان بوونە هەڕەشە بۆ سەر خەڵک ، هەنگ هەڕەشە دەکات، باران هەڕەشە دەکات).

بێگومان لێرە تەنیا مەبەستمان ڕۆژنامەی هاوڵاتی نییە، چونکە ئەمجۆرە نووسینانە کە بوونەتە مایەی شێواندنی زمان، لەزۆربەی ڕۆژنامەکانی دیکەشدا باوە، باسەیری لاپەڕە (٩) ی هەمان ژمارە بکەین بزانین چۆن وەرگێڕان واتا و مەبەست دەگۆڕێت. تەنیا بۆ نمونە ( سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەیی تایلەند بۆ ڕاگرتنی ئاشتی و سیستم، لەوەڵامی چەند ڕۆژنامەنووسێکدا ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە ئەوان هەرچی ڕۆژنامەنوسێک «ڕستیەکان نەڵێت» لەسێدارەی دەدەن). کەواتە ئەم سەرۆک وەزیرانە دژی (ئاشتی و سیستەمە) چونکە ڕایدەگرێت. (ڕاستییەکان) بۆتە (ڕستیەکان) (هەر ڕۆژنامەنووسێک) کراوەتە (هەرچی ڕۆژنامەنوسێک). لەبەر ئەوەی قسەکەی ئاراستەی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسانە دەبوایە بگوترێت (لە سێدارەی دەدەین)، نەک قسەکەی جارێکی دیکە لەسەر زاری کەسی سێیەم بگوترێتەوە، لەکاتێکدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو خۆی ڕاستەوخۆ دەدوێت.

یاخود نووسراوە (زۆر لە چاودێران لەو باوەڕەدان کە بەجێهێشتنی سەرۆک هادی بۆ وڵاتەکە شەڕو پێکدادانەکان کۆتاییان نایەت و هەر درێژەیان دەبێت) من هیچ شتێک ناڵێم، بەڵام کە زمان لە گرێچنە دەرچوو، دەرگا هەردەم بەخواری پێوەدەدرێت، یانژی ناو ماڵ واڵا دەبێت و کەلکی خۆ وەشێرانی تێدا نامێنێت.



دیاری رۆژنامەی بەدرخان لە یادی (١١٧) ساڵەی رۆژنامەنوسی کوردی وێنەیەکی بڵاونەکراوەی مام جەلال (پیرۆت)

# شکـــۆ

بـڵاوكـراوەيـەكـی
فۆتۆگرافییە لەگەڵ
بەدرخان دەردەچێ

**سەرپەرشتیاری شکۆ**
**حەمید بەدرخان**

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم


# شکۆ (٢)

## زانا و ئەكادیمیست د. كەمال عەبدولكەریم فوئاد ١٩٣٢ - ٢٠١٤

پاش پرسە و ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی ئەكادیمیست(د.كەمال فوئاد) لە ڕۆژانی ١١/٣٠ و ١٢/١ی ٢٠١٤ ، لە شاری بەرلین لە گۆرستانی (پارک فرید هۆف، نیو كۆڵن (بوكۆڤەر دامم ١٤٨/١٢٣٤٩ بەرلین).

بە راوێژكردن لەگەڵ بنەماڵەی (د.كەمال فوئاد) (د.جەمال فوئاد ، سەعدیە فوئاد ، ئاریانا كەمال فوئاد و د.ئەحمەد بەرواری)، بڕیاریاندا لە یادی یەكساڵەی كە دەكاتە١٦-١١-٢٠١٥ ، كتێبێكی شایستە بە (د.كەمال فوئاد) لەلایەن بنەماڵە و كەسانی نزیكیەوە و بە تایبەتی هاورێ و نوسەر و ئەكادیمیستەكان و هاوخەباتی سیاسی و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان..هتد بنوسرێت و كە لەلایەن (حەمید بەدرخان) ەوە ئامادەبكرێت و دەزگای بەدرخانیش چاپ و بڵاوی بكاتەوە ، بۆیە لێرەدا رایدەگەیێنین و ئاگاداری سەرجەم ئەكادیمسیت و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و سیاسییەكان و هاورێیانی (د.كەمال فوئاد) دەكەین، هەرچی یادەوەری و وێنە و نامە و دۆكیۆمێنت و دەستنوسێكی لایە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ئیمێلە یان ژمارە مۆبایلەوە، بۆمان بنێرێت یان ئاگادارمان بكاتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٣ لە شاری سلێمانی سەردانی ماڵی سەعدیە خان كە دەكاتە خوشكی د. كەمال فوئادم كرد، پاش ئەوەی بەرنامەی كاری ئەو كتێب و ئەلبومەی تایبەتە بە یادی یەک ساڵەی ڕەوانشاد د. كەمال فوئاد تواندرا لە بەشی یەكەمی پاشكۆی ڕۆژنامەنوسی بەدرخان بە ناوی شكۆ كە چەندین وێنەی ژیانی منداڵی و قۆناغەكانی دیكەی ژیانی بڵاوبكەینەوە لێرەدا پڕبەدڵ سوپاسی سەعدیە خان دەكەم بۆ ئەو هاوكاری و خەمخۆرییەی كە دەیخواست بە هەر نرخێک بێت ئەو پرۆژەیە بە سەركەوتوویی بە ئەنجام بگات.

ناونیشان دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان
هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری، نزیک هۆتێل لارسا bedirxanpp@gmail.com
009647504555878


تێبینی:هەر ئازیزێک ناوی هەر بەڕێزێكی ناسییەوە كە لە شكۆ (1 و 2) بڵاوكراوەتەوە دەتوانێ بنەماڵەكەی یا بەم ناونیشانەی سەرەوە كە ئاماژەمان پێداوە ئاگادارمان بكاتەوە، سوپاسی دەكەین.


د. كەمال فوئاد لەگەڵ كەریم بەگی باوكیان ساڵی ١٩٣٣ سلێمانی



لە ڕاستەوە د. كەمال فوئاد - مام جەلال - نەناسراوە. ساڵی ١٩٧٧


د. كەمال فوئاد لە سەیرانگەیەكی شاری سلێمانی


د. كەمال فوئاد لەگەڵ كەریم بەگی باوكیان



د. كەمال فوئاد لە نێو خانەوادەكەیدا




د. کەمال فوئاد لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٦٤


جواز الاشتراك في الامتحانات العامة
١٩٤٨ — ١٩٤٩
الدراسة المتوسطة
الاسم واسم الأب واللقب كمال عبدالكريم محمد فؤاد
الرقم الامتحاني ٥٠٠٢
المدرسة ثانوية السليمانية
اللواء السليمانية
في المعدلات السنوية
التاريخ
الصف الثالث المتوسط
مدير


بطاقة جواز الاشتراك في الامتحانات العامة
١٩٥١ — ١٩٥٢
الدراسة الاعدادية – الفرع العلمي
الاسم واسم الأب واللقب كمال عبدالكريم محمد فؤاد
الرقم الامتحاني ١١٢٠٢
المدرسة ثانوية السليمانية
اللواء السليمانية
في المعدلات السنوية
الصف الثاني الاعدادي (الخامس الثانوي) مدير الثانوية


| نوع المسكن | رقم المسكن | المحلة والقرية | الناحية | القضاء | اللواء |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| دار | ٢٥ / ١٠٠ | سرشقام | | السليمانية | |

الاسم والشهرة: كمال
اسم الأب والجد: عبدالكريم بن محمد فؤاد
حوادث تغير المسكن
حوادث الطلاق والنكاح والافتراق
اسم الموظف
مدير نفوس لواء السليمانية
في ١٩٥٦/٨/١٦



پێناسی باری کەسی د. کەمال فوئاد ١٩٥٦/٨/١٦




د. کەمال فوئاد




د. کەمال فوئاد لە نێو ئازیزانیدا







کەریم بەگی باوکی د. کەمال فوئاد




د. کەمال فوئاد لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا ساڵی ١٩٦٤/١٠/٧ سلێمانی




د. کەمال فوئاد لە نێو خۆشەویستانیدا



د. کەمال فوئاد لەگەڵ هاوڕێیانی رەوەندی کوردی لە ڤینا ساڵی ١٩٥٩



د. کەمال فوئاد



د. کەمال فوئاد لەگەڵ خانەوادەکەی ساڵی ١٩٤٨ هەڵەبجە



د. کەمال فوئاد



د. کەمال فوئاد لەگەڵ دایکی و خوشەویستانی



د. کەمال فوئاد لە نێو زانستخوازاندا ساڵی ٢٠٠٤/٩/١ سلێمانی



لە دەستی راستەوە حەپسەخانی رەشید بابانی دایکی و د. کەمال فوئاد و کەریم بەگی باوکی و ئیحسان فوئاد و چراخانی خوشکی ١٩٦٠



ئەم وێنەیە لە نێو ئەرشیفخانەی د. کەمال فوئاد دەستکەوتووە کە سەرۆک مام جەلال بەشداری تێدا کردووە ڕۆمانیا ساڵی ١٩٥٦




لە ڕاستەوە دەرباز کۆسرەت - ڕێباز کۆسرەت - کۆسرەت ڕەسوڵ - د. کەمال فوئاد - د. لەتیف ڕەشید و شاکێو کۆسرەت



مام جەلال میدالیای ئیفتیخاری دەبەخشێتە د. کەمال فوئاد




لە ڕاستەوە د. کەمال فوئاد - د. کەمال خۆشناو - نەناسراوە - سەرۆک د. فوئاد مەعسوم



د. کەمال فوئاد لە نێو تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەختی کوردایەتی



د. کەمال فوئاد لەگەڵ حەمە فەریدی خۆشکەزای



د. کەمال فوئاد نامەی شەرەفمەندی بۆ قادر خەبات دەنووسێ

# گیــونامە

بڵاوکراوەیەکی دیۆکۆمینتیە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری گیونامە
حەمید بەدرخان

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم


# دوانـامەی گیو بــۆ کۆڕی زانیـاری کـورد



کوردستان موکریانی

**لە یادی ١١٧ ساڵەی رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی کە ئەوەی دوێنێ ئەمڕۆیان دروست کرد کە تواندرا زمانی شیرینی کوردی بە زیندویەتی بمینێتەوە رۆژنامەی بەدرخان بە باشیزانی پاش راوێژکردن لەگەڵ نوسەری ئەم بابەتە بڵاویبکەینەوە. سڵاو لە رێبەرانی رۆژنامەنوسی کوردی.**
**بەدرخان**

**روونکردنەوەیەکی پێویست**

لەدوای ئەوەی بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز لە رێکەوتی ٢٠١٠/٨/١٦ دا وتارێکی بەنرخی لە ژمارە ١٢٦ ی رۆژنامەی رووداودا بڵاوکردەوە. هێندێک کەناڵی راگەیاندن پێوەندییان پێوەکردم بۆئەوەی لێدوانێک بدەم لەسەر هۆی چاپنەکردنی فەرهەنگی نۆبەرە لە لایەن کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا و هەروا روونووسکردنی فەرهەنگی کوردستان و..
لەنێو وتاری نێوبراودا نامەیەکی گیو موکریانی باوکم بڵاوکراوەتەوە. نامەکەی گیو لە رێکەوتی ١٩٧٧/٧/٦ دا نووسراوە، بەواتا ١٨ رۆژ بەر لە کۆچی دواییکردنی و تێیدا راشکاوانە دەردی دڵی خۆی لەبارەی چاپنەکردنی فەرهەنگەکانی بۆ بەڕێز د. جەمال نەبەز هەڵدەڕێژێت.
من تا ئێستا هیچ لێدوانێکم لەبارەی دەستنووسی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستان نەداوە. بەلای منەوە لەچاپدانی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستان لەلایەن دەزگەی ئاراسەوە چاکترین وەڵامە بۆ ئەوانەی رێگر بوون بۆ لەچاپنەدانیان.
ئەمڕۆ هێندێک رۆژنامەنووسی کەناڵەکانی راگەیاندن دەیانەوێت لە برێتی گیو بدوێن. بۆ ئەم مەبەستەش لێدوانیان لە من دەوێت.
وەڵامی من بۆ ئەم رۆژنامەنووسە بەڕێزانە ئەم نامێلکە چاپکراوەیە. ئێستە کەرەستە و بەڵگەیەکی باش لەبەردەستیان دا هەیە بۆ ئەوەی بە وردی بەدواداچوونی بۆ بکەن، هەتا وەڵامی ئەم پرسیارانەیان دەستبکەوێت:
١ ) بۆ کۆڕی زانیاری بەڵێنی خۆی بۆ لەچاپدانی فەرهەنگەکانی گیو موکریانی نەهێنادی؟ هەروەک لەنێو نووسراوەکانیان هاتووە.
٢ ) بۆ کۆڕی زانیاری ماوەی دوو ساڵ و نۆ مانگ و هەفتەیەک دەستنووسی فەرهەنگی نۆبەرەی لای خۆی گلدایەوە؟
٣ ) بۆ کۆڕی زانیاری لەسەر چاپکردنی فەرهەنگی نۆبەرە بەردەوام نەبوو لەدوای ئەوەی هەوت مەلزەمەی لە فەرهەنگەکە چاپکردبوو، کە دانەیەکیان لە لای بنەماڵە پارێزراون.
٤ ) بۆ کۆڕی زانیاری ئەو ٧٠٠ هەوت سەد لاپەرەیەی لە فەرهەنگی نۆبەرەی لەلایەن مەلا عەبدوڵڵا و کاردۆ وە نووسیبووەوە بۆ گیو نەگەراندەوە؟
٥ ) بۆ دەبێت کەسانێک، کە نێوی ئەکادیمییان لەخۆیان ناوە، بەمجۆرە رەفتار لەگەڵ کەسایەتییەکی کورد بکەن، کە هەموو ژیانی خۆی بێبەرامبەر بۆ راژەکردنی وشەی کوردی تەرخانکردبوو؟
٦ ) ئەو بەندیوارییەی لەنێوان فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە و فەرهەنگی کوردستان دا هەیە چۆن پەیدابووە و چییە؟

**ناوەرۆکی بەرهەمی بەردەست**

ئەم بەرهەمە دوو بابەتی سەرەکی و چەند بەڵگەیەکی گرنگ دەگرێتە خۆی:
**یەکەمیان:** نووسراوەکانی کۆڕی زانیاری
کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لەنێوان رێکەوتی (١٠/٢/ ١٩٧٣ ـ ١٩٧٦/١٢/١٩) دا (١٠) نووسراوی بۆ گیو موکریانی ناردووە. نووسراوەکان لەبارەی چاپکردنی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستانن. نووسراوەکان لەلایەن بەڕێزان: مەسعود محەمەد، ئیحسان شێرزاد، د. کەمال مەزهەر، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، مەلا شکور و عەبدوللەتیف عەبدولمەجید محەمەد واژۆکراون.
**دووەمیان:** دوانامەی گیو موکریانی بۆ کۆڕی زانیاری
دوا نامەی بەهەشتی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لە ١٩٧٧/٦/٩ دا پاکنووسکراوە. نامەکە ٤٥ چل و پێنج رۆژ بەر لەدواماڵاواییکردنی نووسراوە.
ناوەرۆکی نامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بارەی فەرهەنگی الباکورە ـ نۆبەرەیە، کە فەرهەنگێکی ئارەوی ـ کوردییە و گیوی باوکم ئامادەی کردووە و لەلایەن کۆڕی زانیارییەوە لە چەند نووسراوێکدا بەڵێنی لەچاپدانی پێدراوە. فەرهەنگی نێوبراو ماوەی دوو ساڵ و نۆ مانگ و هەفتەیەک لای لێژنەی فەرهەنگ ماوەتەوە. هەوت مەلزەمە لەم فەرهەنگە چاپکراوە. کەچی کۆڕی زانیاری لە پر دەستی لەچاپکردنی ئەم فەرهەنگە هەڵگرت و بە چاپنەکراوی بۆیان ناردووەتەوە.
من چەند جارێک هۆی نەهێنانەدی بەڵێنەکانی کۆڕی زانیاری بۆ لە چاپدانی فەرهەنگی نۆبەرەم لە بەڕێزان: مەسعود محەمەد، د. ئەورەحمان و مەلا شکور کردووە. ئۆیاڵی بەردەوامنەبوونی کۆڕ بۆ لەچاپدانی فەرهەنگی نێوبراویان هەریەکە دەخستە سەر ئەستۆی ئەوی دی. بەداخەوە دەڵێم لەنێویاندا بوێریکم نەدیت بەرپرسیارییەتی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی.
چەند زانیارییەک لە بارەی فەرهەنگی کوردستان گیو موکریانی لە سەردانی یەکەمیدا بۆ کۆڕی زانیاری لە بەغدا، کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ دا بوو. دەستنووسی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستانی بردبوو. دەستنووسی هەردوو فەرهەنگەکە تا ماوەیەک لای لێژنەی فەرهەنگ ماوەتەوە. ئەوسا ئەم لێژنەیە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو: مەسعود محەمەد ـ سەرۆکی لێژنە و بەرێزان: هەژار، جەمال بابان، هێمن، د. عەبدولرەحمان ـ ئەندامی لێژنە بوون. ئەم زانیارییە لە نووسراوی ژمارە ٧٦/١٠ ی بەڕێز مەسعود محەمەد، کە لە رێکەوتی ١٩٧٣/٢/١٠ دا نووسراوە، باسکراوە.
وا دیارە لێژنەی فەرهەنگ لەو کاتەدا زێتر پێویستی بە فەرهەنگی نۆبەرە هەبووە، تا فەرهەنگی کوردستان، بۆیە لەگەڵ گیودا وا رێکدەکەون، کە پێشتر فەرهەنگی نۆبەرەی بۆ چاپبکەن، جا دواتر فەرهەنگی کوردستان. ئەمەش بە روونی لە نووسراوی ژمارە ١٠/ ٣٦٢ لە رێکەوتی ١٩٧٣/٥/٨ دا دیارە. نۆبەرە فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە. ئەم فەرهەنگە سوودێکی باشی پێبەخشیون بۆ دانانی زاراوەی زۆربەی بوارەکان.
گیو موکریانی لە دوانامەیدا بۆ کۆڕی زانیاری لە هێندێک شوێندا ئاماژە بە فەرهەنگی کوردستانیش دەکات. گیوی باوکم ئەوەند باوەری بە ئەندامانی کۆڕی زانیاری هەبوو، بڕیاری دابوو، کە لەدوای لەچاپدانی فەرهەنگی نۆبەرە فەرهەنگی کوردستانیشیان پێشکێش بکات، هەڵبەت لەدوای پاکنووسکردنیدا. هەر لەم روانگەوە ئەم بڕیارنامەیەی بۆ کۆڕی زانیاری نووسیوە:

**بڕیارنامەی بەندە**

لەگەڵ زانا پایەبەرزەکانی هەڵسوورێنەری کۆڕی زانیاری کوردی خۆشەویست
بەندە هەروەکوو لەسەر بەڵێنی خۆم لە پایزی رابردووەوە دەستم بە نووسینەوەی فەرهەنگی نۆبەرە کردووە و تا ئێستا ٦٨٠ لاپەڕەم لێنووسیوەتەوە و گەیشتووەتە پیتی (غ) خوا یاربێ بە دوو سێ مانگی تر کۆتایی پێدێنم و بە شانازییەوە پێشکەشی کۆڕی زانیاری دەکەم.
هەر بەو چەشنە پەیمانی خۆم دووپاتدەکەمەوە، کە دوای نۆبەرە دەستبەجێ و بەبێووچان دەست بە نووسینەوەی فەرهەنگی کوردستانیش بکەم.
بەڵان لەبەرئەوەی فەرهەنگی کوردستان ٨ بەرگی گەورەیە و چەندین هەزار لاپەڕەیە، ئەگەر لە ماوەی نووسینەوەیدا تووشی کوێری و یا شەپلە (شەلەل) یی هاتم و یا بەسەریدا مردم ئامۆژگاری و راسپاردەم لە کانگای دڵەوە بۆ منداڵەکانم ئەوەیە، کە هەر هەشت بەرگەکەی فەرهەنگی ناوبراو پێشکەش بە کۆڕی زانیاری کورد بکەن. بەو مەرجە کە بە ناوی خۆم چاپکرێ و دووای نووسینەوەش بدرێتەوە بە منداڵەکانم، تا لە پەرتووکخانە دێرینەکەماندا بەناوی یادگار بمێننەوە، چونکوو مایەی سەربڵندێتی خۆم و خانەوادە بێکەس و بەدبەخت و پشت تێکراوەکەمە.
باوکم هەردەم پێیدەگوتم: نازانم بۆ وا خۆشباوەربووم دەستنووسی هەردوو فەرهەنگی نۆبەرە و کوردستانم خستەبەردەست ئەندامانی کۆڕی زانیاری. گیوی باوکم چەندین جار داوای لێکردووم، کە لەدوای مەرگی هەوڵی لە چاپدانی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستان بدەم، چونکە ئەو دڵنیابوو لەوەی، کە دەستنووسەکانی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستان لەلایەن کۆڕی زانیارییەوە روونووس (فۆتۆکۆپی) کراون.

**هەوڵەکانم بۆ لەچاپدانی فەرهەنگی الباکورە ـ نۆبەرە**

١) لە ساڵی ١٩٧٨ دا دەستنووسەکەی فەرهەنگی نۆبەرەم پێشکێش بە زانکۆی سلێمانی کرد. دوای ئەوەی بەهەشتی د.کامل بەسیر و بەڕێز د. عەباس تۆفیق وەک شارەزا بڕیاری لە چاپدانیان دا. لەژێر سەرپەرشتیکردنی خۆم، هەر لە چاپخانەی زانکۆ دە مەلزەمەی لێ چاپکرا، کەچی ئەو فەرمانبەرەی کاری لەسەر فەرهەنگەکە دەکرد، داوای لێکردم، کە مانگانە ٦٠ دینار، یانی نیوەی مووچەی خۆمی پێببەخشم، بەرامبەر بەم کارەی!! منیش لە وەڵامدا پێمگوت: ئێمە بنەماڵەی گیو بڕیارمانداوە لەگەڵ تەواوبوونی چاپی فەرهەنگەکەدا پاداشتت بکەین. ئێمە دەمانتوانی داخوازییەکەی ئەم فەرمانبەرە بهێنینەدی، بەڵام داواکارییەکەی ئەومان بە داوێک دەزانی، چونکە نارەوابوو. فەرمانبەرەکە بە بیانووی ئەوەی هەبوونی دوو جۆرە رێنووسی کوردی و عەرەبی کارێکی سەختە دەستی لە چاپکردنی فەرهەنگەکە هەڵگرت. کەچی دەستی بە چاپکردنی تەفسیری قورئانی بەهەشتی شێخ محەمەدی خاڵی کرد، کە ئەویش هەر بە دوو زمانە!! دواتر بۆم دەرکەوت دەستتێوەردانێک هەبوو بۆ لە چاپنەدانی فەرهەنگەکە.
٢ ) لە ساڵی ١٩٨٢ دا هەوڵمدا فەرهەنگی نۆبەرە لە زانکۆی سەلاحەددین چاپبکەم. لە ساڵی ١٩٨٦ دا بەرگی یەکەمی لە چاپخانەی الحوادپ لە بەغدا چاپکرا، بەڵام نیوەی پارەی چاپی فەرهەنگەکە کەوتە سەر ئێمە بنەماڵەی گیو، ئێمەش لەپێناو لەنێونەچوونی ئەم کارە زانستی و سەختەی باوکم بە هەموو شێوەیەک ئامادەی هاوکاری بووین.
بەرگی دووەمی فەرهەنگەکە بە دەست نووسراوە و روونووسکراوە، گوایە زانکۆی سەلاحەددین لە توانایدا نەبوو فەرهەنگێکی ئاوا بە چاپکراوی پێشکێش بە نامەخانەی کوردی بکات. لێرەشدا دیسانەوە دەستتێوەردانێک هەبوو بۆ لە چاپنەدانی هەموو دەستنووسەکە.
٣) لە ساڵی ٢٠٠٥ دا هەموو دەستنووسەکەی فەرهەنگی الباکورە ـ نۆبەرە لە چاپێکی پاک و جواندا لەلایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسدا پەخشکرا. بەمە دەزگەی ئاراس ئارامی بە رەوانی پاکی گیو موکریانی بەخشی و خەونە نارەواکانی ناحەزانی وشەی کوردی پووچەڵکرد.


**سوودی فەرهەنگی نۆبەرە بۆ ئەندامانی لێژنەی فەرهەنگ**

لێژنەی فەرهەنگ لە کۆڕی زانیاریدا وەک هەر لێژنەیەکی دی دەبا بەرنامەیەکی هەبا بۆ












گیو موکریانی

کۆبوونەوەکانی. چاکترین کەرەستەی بەرنامەی لیژنەی فەرهەنگ دەستنووسی فەرهەنگی نۆبەرە بووە. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەم گوتەیەم ناوەرۆکی نووسراوێکی بەهەشتی د. ئەورەحمانی حاجی مارفە، کە لەرێکەوتی ١٩٧٤/١١/٢٠ دا بۆ گیو موکریانی ناردووە و تێیدا دەڵێت: ماوەیەکە لیژنەی فەرهەنگ چالاکانە خەریکی گەیاندنە چاپی فەرهەنگەکەتانە. لیژنە هەفتەی جارێک بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبێتەوە و بەشێکی زۆری بە تەواوی ئامادەکردووە.

ئەوەی شایەنی باسە لە هەر کۆبوونەوەیەکی لیژنەکانی کۆڕی زانیاریدا بڕی ١٠ دینار بۆ هەر یەک لە ئەندامانی لیژنە سەرفەدەکرا. لە ماوەی دوو ساڵ و نۆ مانگ و هەفتەیەکدا، یانی ئەو ماوەیەی دەستنووسەکەیان لەلا بووە، دەبێت ئەندامانی لیژنەی فەرهەنگ چەندیان قازانج کردبێت؟

لێرەدا ئەوە روونەدەبێتەوە، کە ئەم هەموو بەڵێنانەی کۆڕی زانیاری لەنێو نووسراوەکانیدا بە گیو موکریانی بەخشیوە، هەر تەنێ بۆ خافڵاندنی ئەو و بۆ گەرمکردنی گیرفانی خۆیان بووە، نەک لەپێناو راژەکردنی وشەی کوردی، هەروەک یاسای کۆڕی زانیاری جەختی لەسەردەکرد.

**نووسراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد بۆ گیو موکریانی**

کۆڕی زانیاری کورد لە (١٩٧٣/٢/١٠- ١٩٧٦/١٢/١٩) دا (١٠) نووسراوی بۆ گیو موکریانی ناردووە لەبارەی چاپکردنی فەرهەنگی نۆبەرە و فەرهەنگی کوردستان. لە ژێرەوە هەموو نووسراوەکان بڵاودەکەمەوە. هەوڵمداوە هەموو نووسراوەکان بە رێنووسی ئاسایی بنووسمەوە:

١ - نووسراوی ژمارە ٧٦/١٠ لە رێکەوتی ١٩٧٣/٢/١٠ دا

**کۆڕی زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**مامۆستای بەڕێز .. مامۆستا گیو مکریانی**
**سلاوێکی گەرمی برایانە**

کۆڕی زانیاری کورد خەریکە فەرهەنگێکی (یەکگرتوو) ی ئەوتۆ ئامادەبکا زیاترین وشەی کوردی کۆبکاتەوە کە لە دەسەڵاتی کۆکردنەوەی دا بی. یەک لە هۆی هەمواركردنی کۆسپ و سەختی ئەم رێبازەوە دەستهێنانی کۆمەڵە وشە و فەرهەنگی چاپکراو و چاپنەکراوە، کە تا ئێستا لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە نووسراون.

دەزانین بەڕێزتان لەو زەمینەدا تەواوێک خەریکبوون بە کۆکردنەوەی وشەی کوردی خزمەتێکی گەورەی زمانەکەتان گەلاڵەکردووە. لێرەدا تکای برایانەمان ئەوەیە بۆ مەبەستی پێکهێنانی ئەو فەرهەنگە یەکگرتووە لەسەرەوە باسمان کرد سود وەرگرین لە کۆشش و بەرهەمتان. بۆیە لەم نامەیەدا زەحمەتی ئەوەتان دەخەینە پێش، کە هەوڵ و تەقەلای کۆڕ بەردارتر بکەن بە ناردنی کۆمەڵە وشەیەکی تا ئێستا کۆتانکردوتەوە. هەڵبەت کۆڕ درێغناکا لەوەدا بۆ ئەو کارە میللەت پەروەرانەتان هەر ئەرکێکی مادی پێویست، کە خۆتان رەچاوی دەکەن، پێشکەشتانی بکا. چونکە دەزانین هەرچەند دڵسۆزی رووت و سادە بیەوێ بە لە خۆبوردن خزمەتێکاڵە زۆر جێگە و کاتدا بێیارمەتی و ئاسانکردنی مادی لە خزمەتەکەیدا دادەمێنێ . ئەو کارەی وا بەسەر شانی کۆریشەوە وا داوادەکا لە ئێوە هەندی لە قورساییەکەی بخاتەسەر شانی خۆتان لە هەردوو لانی ئەرک و پاداشەوە بۆ هەمووان یەکێکە، چونکە کۆڕ ماڵی هەموو کوردێکە. ئەم راستییە بوو هانیدام وا بە برایانە و جۆرێکی روون و کراوە لەگەڵتان بدوێم.

شایانی وتنە ساڵی رابوردووش لەم بارەیەوە نامەیەکمان بۆ نووسین بەڵام بە داخەوە وەرامەمان وەرنەگرتەوە.

ئەمە و ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستیمان.

**دڵسۆزتان - مەسعود محەمەد**
**ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد**
**سەرۆکی لیژنەی فەرهەنگ**

٢ - نووسراوی ژمارە ٢٠٠/١٠ لە رێکەوتی ١٩٧٣/٤/٢ دا

**کۆڕی زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**بەڕێز مامۆستا گیو**
**حورمەت و سۆزتان پێشکەشدەکەم**

نامەت هات دوای چاوەنوورییەکی دوورودرێژ، بەڵام ناوەرۆکی هیند شیرن بوو تاڵایی چاوەنوری لەبیربردەوە.. لیژنەی فەرهەنگ بۆی کۆبووەوە، کە خوم ئەندامیکم تێیدا و شەرەفی بەرێوەبردنیشی بە من سپێرراوە. نامەکەت خوێندرایەوە و بە وردی هەڵسەنگێنرا بۆ مەبەسی دۆزینەوەی باشترین جۆری مامەڵەت لەگەڵ جۆری پێشنیارەکانت.

دوای سەروبەر و ئەم دیو ئەو دیوکردنی گەلێک لە گۆشەی نیگای (وجهة نظر - زاوية نظر) ئەندامان، تیکرایان گەیشتن بەو قەناعەتە کە رێککەوتن لەسەر کارێک هەموومان دلنیاکا بەندە بە کوبونەوەی لیژنە لەگەڵتان، تا لە هەموو رووییەکەوە بە خێرایی و کوردی گوتەنی کوت و مت چی بە بیری هەمووان لە گرنگی کارەکە دەوەشێتەوە توێ لێ رازیدەبی ئەوە بکرێ بە بنجی هەنگاوی دواییتر. لەوباوەڕەدام هاتووچووی نامە بەرەرای درێژخایاندن ناشتوانی هەموو راز و نیازێک راگەیەنێ، کە دەڵێن ( شنیدن کی بود مانند دیدن). من دەڵێم (نوشتن کی بود مانند گفتن) .

ئەم پێشنیارەی لیژنە خرایە بەرچاوی ئەنجومەنی کۆڕ لەدوا کۆبوونەوەی کە رێکەوتی ٩٧٣/٣/٢٨ بوو، ئەویش رای لەسەر بوو بڕیاری لەسەر هێندێ دا، کە بەندە کاغەزت بۆ بنووسم و بانگهێشتت بکەم بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی فەرهەنگ. بەو ئومێدە بێی وە خران بکەوینە سەر باری سوودوەرگرتن لەو کارە فراوانەی بەدرێژایی دەیان ساڵ خەریکی کردوون. خۆت دەزانی هاتنی لیژنە بۆ هەولێر لە ئیمکاندا نییە. دەنا حەزمان بەوە دەکرد ماندووت نەکەین و چاوێکیش بە دیمەنی بەهاری وڵات روونکەینەوە. لەبەرئەوە ئەرک و عەزابی سەفەر بە تێرادیتن و بۆ مەبەسی سوودگەیاندن بە زمانەکەمان خرایە پێش جەنابت. لیژنەش خۆی بە بەختیار دەزانی مێوانداریت بکا. بە هاتووچوو ماوەی مانەوەتانەوە لە بەغدا لەسەر عادەتی کۆنی کوردەواری .

حەزدەکەم بە زویی کاتی تشریف هێنانتان بۆ بەغدا بزانم، تا بتوانم لە کاتی پێویست خەبەرداری ئەندامانی لیژنە بکەم کە بریتین لە مامۆستا هەژار و جەمال بابان و هێمن و د. عبدالرحمن و خۆم. بۆ ئەوە دەچم ئەگەر زەحمەت نەبی فەرهەنگەکە هەمووی یا چەند جزمێکی لەگەڵ خۆتدا بێنی ، چونکە وا بزانم بە درێژایی دوانمان سەرەتاتکەی لێ دەکەین.

**ئەمە و ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستنم بێت.**
**برات مسعودی جەلیزادە ١٩٧٣/٤/٢**

٣ - نووسراوی ژمارە ١٠/ ٣٦٢ لە رێکەوتی ١٩٧٣/٥/٨ دا

**کۆڕی زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**زۆر بەڕێز جەنابی مامۆستا گیو موکریانی.**
**دوای سلاو !**

ئەنجومەنی کۆڕ لە کۆبونەوەی ١٩٧٣/٤/٢٥ یدا بەدرێژی لە ئەنجامەکانی هاتنەکەی بەغداتان و کۆبونەوەکانتان لەگەڵ لیژنەی فەرهەنگ و مامۆستا مەسعود محەمەد و سکرتێری گشتی کۆڕدا کۆڵیەوە و لە ئەنجامدا بریارێکی سەرەتایی داوە لەبارەی ئەوەوە کە فەرهەنگە عەرەبییە - کوردییەکەتان لەسەر ئەرکی کۆڕ چاپ بکرێت. لەبارەی فەرهەنگەکەی تریشتانەوە پێویست بە هەندێک وتو وێژی تر دەکات و لەبەر ئەوە تکا ئەکەین جارێکی تر بفەرموونە بەغدا و ئەو کاتە بە درێژی لە هەموو باسەکانی هەردوو فەرهەنگەکەتان دەکۆڵینەوە.

تکایە فەرهەنگە عەرەبییە - کوردییەکەشتان لەگەڵ خۆتان بهێنن.

لەگەڵ قەدر و رێزماندا بۆتان.

**ئیحسان شێرزاد**
**سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد**

٤ - نووسراوی ژمارە ٩٩/٦ لە رێکەوتی ١٩٧٤/٢/٣ دا

**کۆڕی زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**مامۆستای بەڕێز گیو موکریانی**
**دوای سلاو**

تکایە فەرهەنگە عەرەبی - کوردیەکەی خوتان بنیرن بو کۆڕی زانیاری کورد بینا لەسەر قسە لێ کردنی پێشوو.

لەگەڵ قەدر و رێز لێ گرتنماندا بۆتان.

**لە بریتی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد**
**د. کمال مەزهەر ئەحمەد**

٥ - نووسراوی بێ ژمارە لە رێکەوتی ١٩٧٤/٢/٢٥ دا

**کۆڕی زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**زۆر بەڕێز مامۆستا گیو موکریانی**


دوای هەواڵ پرسینێکی گەرم، هیوامە لە خۆشیدا بن.


دو بەرگ (فەرهەنگی رابەر) *م وەرگرت و وا بە خێرایی ئەم چەند دێرەم بۆ نوسیت و داوای لێ بوردن ئەکەم. هەر شتێکی نوێ بوو خۆم ئاگادارتان ئەکەم. خۆشیتان مامۆستای بەڕێز.

فەرهەنگەکە کاک محەمەدی حاجی حیکمەت بۆی هێنام، سوپاسیش بۆ ئەو.

**کەماڵ ١٩٧٤/٢/٢٥**


* لەم نووسراوە و لە نووسراوی داهاتووشدا، کە لەلایەن د. کەمال مەزهەرەوە نووسراون. نێوی فەرهەنگی نۆبەرە بە نێوی (فەرهەنگی رابەر) هاتووە. ئەوەی شایەنی باسە فەرهەنگی رابەر هەر لە لایەن گیو موکریانییەوە داندراوە و لە ساڵی ١٩٥٠ لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپکراوە.











٦- نووسراوی ژمارە ٣٥٩/١٢ لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٩ دا

**کۆری زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**زۆر بەڕێز جەنابی مامۆستا گیو موکریانی**
**دوای سڵاو ورێز**

ئەنجومەنی کۆر لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٧ یدا لە ڕاپۆرتی لیژنەی فەرهەنگ و نرخێنەر کۆڵییەوە و بڕیاری دا فەرهەنگەکەتان (فەرهەنگی ڕابەر) لە چاپ بدا، هەروەها بڕیاری دا کاری لابردنی ئەو کەموکورتییانەی لە هەندە شوێنێکیدا هەن بە دوکتۆر عەبدوڕڕەحمان مەعرووفی بسپێرێ. بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ باسی (فەرهەنگی کوردستان) دا هاتنتان بۆ ئێرە بە پێویست دەزانین.

لەگەڵ ڕێز و قەدرزانینماندا بۆتان.

**د. کەمال مەزهەر لە بریتی سەرۆکی کۆر**

٧- نووسراوی بێ ژمارە لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٨/٢٦دا بەغدا ١٩٧٤/٨/٢٦

**زانا و بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا گیو**

لە قوڵایی دڵەوە سۆز و ناسەم پێشکەشدەکەم. لەگەڵ سۆز و تاسەشدا عوزری بێدەنگی و بێ نامەیی ئەو چەند مانگەی ڕابردووتان بۆ دێنمەوە. کورتەی وەزعی من ئەمەیە کە پەیوەندیشی زۆرە بە فەرهەنگەکەتانەوە: لیژنەی فەرهەنگ چەند کۆبوونەوەیەکی بەست بۆ خستنەژێر چاپی فەرهەنگەکەت بۆ ئەم مەبەستە کاکەی فەللاحی ڕاسپارد لەگەڵ چاپخانەیەکی بەغدادا ڕێککەوێت.. لیژنە گەیشتە بڕیارێک کە دەبوا بخرێتە بەرچاوی ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد بۆ ئەمە پەسەندی بکا و لەسەری بڕۆین. کۆبوونەوەی کۆڕ لە ڕۆژی ٧٤/٦/١٢ دا دەبوا بگیرێ کەچی لە ڕۆژی ٦/١١ واتە یەک ڕۆژ پێش ئەم کۆبوونەوەی کۆڕ، من دووچاری قەزاوقەدەری بریندار بوم و کۆبوونەوەکەی کۆڕ دواخرا. هەم لەبەر پەککەوتنی (نصاب) هەم لەبەر ئەوە کە نەبوونی من لە کۆبوونەوەکەیدا دەرگەی موناقشەکردنی باری لە چاپدانی دەبەست. تا ئەم ڕێکەوتە ناگەهانە بوو بە هۆی دواکەوتنی بڕیاری نیهایی لەبارەی فەرهەنگەکەوە. من لە ٦/١٦ لە خەستەخانە دەرچووم بەلام لەماڵەوە ناساغ کەوتبووم و ئیجازەم هەبو تا ٧/١٦ . لە ڕاستیشدا بێهێزیم لەوە زیاتری خایاند.. لە دەوری ٦/٢٥ مامۆستا ئیحسان چووە دەرەوەی عیراق تا ئێستاش نەهاتۆتەوە.. لەم ڕۆژانە تەنها ٣ ئەندامی کۆر لە بەغدا ماوینەوە کە هیچ شتیکیان بۆ ناکریت بڕیار نە لە بارەی فەرهەنگەوە نە لە هیچ بارێکی گرنگی ترەوە.. بە ناچاری چاوە نوری بەسەر چوونی پشووی هاوینە دەکەین بۆ پەیدا بوونەوەی ئەندامە سەفەر کردوەکان و کەوتنەوەگەری مەکینەی کۆڕەکەمان. بروات نەبێ چ درێغی لە منەوە بوبی. بێگومان ناشبێ ، لێرە بە پێشەوە کە نامەت بۆ نووسیوم من کەوتەی ناو جێگە بووم. بە بەرمەوە نەبوو کاغەز بنووسمەوە، ئێستا بە هەل و دەرفەتم زانی ئەم چەند دێرەت بۆ بنووسم بە ئومێدی ئەوە کە لە ڕێی ورونکردنەوەی وەزعی تایبەتی خۆم و تێکرای کۆڕەوە عوزر پەزیری بفەرمون و لە کەم و کووڕی ناچاریش چاوبپۆشن. چ گومان لەوەدا نیە پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی کۆنینەمان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردن و پتر بەهێز بووندا دەبێ. لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیە و پاکانە بۆ خۆکردنەمدا دواجار و هەمیشەکات ریزم نوێ دەکەمەوە و دوعای خۆشی و تەنسازیت بۆ دەکەم.

**برات جەلی زادە.**

٨- نووسراوی بێ ژمارە لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/١١/٢٠دا

**کۆری زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**بەرێز مامۆستا گیو موکریانی !**
**حورمەت و سۆزتان پێشکەشدەکەم.**

ماوەیەکە لیژنەی فەرهەنگ چالاکانە خەریکی گەیاندنە چاپی فەرهەنگەکەتانە. لیژنە هەفتەی جارێک بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبێتەوە و بەشێکی زۆری بە تەواوی ئامادەکردووە. بەداخەوە کار زۆری چاپخانەکانی بەغدا هەندێک دوایان خستووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نەبووە بە کۆسپ لە ڕێگای زوو بڵاوبونەوەی فەرهەنگەکەتاندا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەگەڵ چاپخانەی (السلام) دا ڕێکەوتووین و بەڵێنیان داوینێ کە لە (١٩٧٥/١/١) ەوە دەستبکەن بە چاپکردنی و لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی بکەن.

**ئەمە و ئەوپەری ڕێز و سڵاو**
**د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف**
**و. سکرتێری گشتی کۆڕی زانیاری کورد**

٩ - نووسراوی ژمارە ٢١٥/١٢ لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٣٠ دا

**کۆری زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**
**بەرێز مامۆستا گیو موکریانی!**
**حورمەت و سۆزتان پێشکەش دەکەم.**

ئەنجومەنی کۆڕ بڕیاری دا کە فەرهەنگەکەتان لە چاپخانەی ((شیمال)) لە کەرکوک هەزار دانەی لێ چاپ بکرێ.

هەروەها کۆڕ بڕیاری وابوو کە پێشەکییەک بۆ فەرهەنگەکەتان بنووسێ . وا لەگەڵ ئەم نامەیەدا ئەو پێشەکییەمان بۆ ناردن.

چاوەڕوانی وەڵامتانین تا بە ڕازیبونی جەنابتان فەرهەنگەکە بخەینە ژێر چاپ.

**ئەمە و ئەوپەری ڕێز و سڵاو**
**د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف**
**و. سکرتێری گشتی کۆڕی زانیاری کورد**

هاوپێچی نووسراوی ژماە ٩ :
پێشـەکی کۆڕی زانیاری بۆ فەرهەنگی نۆبـەرە:


**کۆری زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**

العدد/
التأريخ/ / ١ / ١٩٧٥

کۆڕی زانیاری کورد بۆ پێکهێنانی فەرهەنگێکی کوردی یەکگرتووی وردپێوی بەرفراوان لە سەرەتای دامەزرانییەوە خەریکی گرد و کۆیە.

لە ڕێی لیژنەی فەرهەنگەوە بە نامە و ڕاسپاردن لەگەڵ هەموو ئەو کوردە بەرێزانەی خەریکی فەرهەنگسازی، یا وشەکۆکردنەوەی پەیوەندی بنیاتناوە و خواهشتی هاریکاری و یارمەتی لێکردوون. یەکیچک لەو بەرێزانە مامۆستا گیو موکریانی بوو، کەوا جگە لەو فەرهەنگانەی تا ئێستا بڵاویکردوونەوە فەرهەنگێکی گەورەی (کوردی بۆ کوردی) بە ناوی (فەرهەنگی کوردستان) لە ماوەی چەندین ساڵی هەوڵ و تەقەلادا پێکهێناوە و وشە و زاراوەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورەی پێ گرتۆتەوە. بۆ سوودوەرگرتن لەم کارەی مامۆستا گیو لیژنەی فەرهەنگ چەند جاران بە نامە و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا گیودا راوێچیکرد تاکو لە ئەنجامی کاردا بڕیاردرا، کەوا لە پێشەوە کۆڕ ئەرکی مەسرەفی لە چاپدانی ئەم فەرهەنگەی وا لەبەردەستاندایە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە. هەر لەو ماوەیەشدا مامۆستا گیو خەریکی ڕێکخستن و ئامادەکردنی فەرهەنگە گەورەکەی (کوردستان) بێت بۆ لە چاپدانی. مامۆستا گیو لەرووی دڵسۆزییەوە بە خەتی خۆی ئامۆژگاری نووسیوە بۆ ئەوە فەرهەنگی کوردستان لە هەموو حاڵ و ئیحتیمالێکی دوارۆژدا بە ماڵی کۆڕی زانیاری کورد بژمێرێت، کە ئەمە کارێکی جوانمێرانە و شایانی ڕێز و سپاسە.

هەڵوەستی کوڕ لە چاپکردنی ئەم فەرهەنگەدا بەنیازی خزمەتی زمان و ڕۆشنبیری کوردییە، کەوا مامۆستا گیو خۆیشی تەمەنی هەر لەم مەیدانەدا بردەسەر. لەڕێکخستن و ئامادەکردنی فەرهەنگەکەدا کۆڕ بە هیچ جۆرێک خۆی تێکەڵ



دەستنووسی فەرهەنگی نۆبەرە

نەکردووە. تاکە بەرپرسی لایەنی چەند زو چۆنی فەرهەنگەکە مامۆستا گیو خۆیەتی.

بە چاپگەیاندنی ئەم فەرهەنگە ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی خزمەتی کوردەواری، کەوا لێرەدا کۆڕ بە شانازییەوە پێشکەش خوێنەری کورد و کوردی دەکات.

کۆڕی زانیاری کورد.

١٠ - نووسراوی بێ ژمارە لە ڕێکەوتی ١٦/ ١٩٧٦/٢ دا:

**زانای گەورە و بەرێزمان مامۆستا گیو موکریانی ڕۆژتان باش.**

قوربان هیواداری خۆشیتانم و خودا تەمەنتان درێژبکا و هەر لە خۆشیدابن.

مامۆستا گیان نامەکەتان لەگەڵ دەسنوسی فەرهەنگەکەتاندا گەیشت. بۆ ڕۆژی دووایی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵامان تەکلیف کرد چاودێری لە چاپدانی نۆبەرەکەتان بکا و وا خەریکی لە چاپ دانین.

بۆ ئەوەی کە هەزار نوسخەی لێ لەسەر حیسابی خۆتان بۆ لە چاپ بدەین، بە داخەوە سەبارەت بە هەندێ هۆی قانونی و حیسابی پێمان نەکرا. بەڵام بڕیارمان دا ١٠٠٠ هەزار نوسخەکە بکەین بە ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد و ئەودەم لەوانەیە بەشەکەی جەنابیشتان زیادبکا.

مەسەلەی گەراندنەوەی دەسنوسەکانیش ئەوە کۆڕ خۆی دەیزانێ، لەوانەیە مانیعی نەبێ بتانداتەوە.

**ئیدی حورمەت دڵسۆزتان مەلا شکور**

١١ - نووسراوی ژمارە ٢٠٠٤/٢٦ لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/١٢/١٩ دا :

**کۆری زانیاری کورد**
**المجمع العلمي الكردي**
**الوزيرية - بغداد**

**الاستاذ طيو موكرياني المحترم**
**صاحب مطبعة كردستان - أربيل**

سبق أن تم ايداع (٢٠) عشرين بند ورق ميكانيک لدى المجمع المشتراة من دار الحرية للطباعة بموجب المستند المرقم ١٠٧٧ في ١٩٧٦/١٠/٢٨ والعائدة اليكم حسب الطلب المقدم الى الدار المذكورة المتبرع من قبل المقاول المهندس السيد حسيب صالح لغرض طبع مؤلفكم الموسوم (نوبەرە) فی مطبعة المجمع كعمل تجاری.

هذا ولصرف النظر عن طبعه لدى المجمع نرجو أعلامنا عما نتخذه بشأن الورق المودع لدينا.

**مع التقدير**
**عبداللطيف عبد المجيد محمد**
**ع. الامين العام للمجمع العلمي الكردى**

**وتارێکی بڵاوکراوەی من لەبارەی نووسراوەکانی کۆڕی زانیاری**

ئەم نووسراوانەی کۆڕی زانیاری بوون بە مایەی ئەوەی ئەم وتارە بنووسم و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاویبکەمەوە، هەتا بزانم وەڵامی کۆڕی زانیاری چی دەبێت. دوای چەند ڕۆژێک دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف زۆر بە توندی وەڵامی ئەم وتارەی منی دایەوە.

نامەکانی کۆڕی زانیاری ملکەچن

بەرەو شاری خامۆشان، بەرەو ئەو پارچە زەوییە پیرۆزەی، کە تەنی بابە گیانی گرتۆتەئامێز بە هەنگاوی خێرا دەرۆیشتم.

بابە گیان!

بەیانی جێژنی قوربانە، وا بەم بۆنەیەوە بەم پایزە سەختە دەستێک گوڵی هەڵبژاردەم بۆ هێناوی. لەو چەشنە گوڵانەی، کە مێزی نووسینم بۆت پێیدەرازاندەوە. لەو کولیلکانەی هاقینێ، کە هەموو ڕۆژێک پێکڕا ئاوماندەدان.

هەستە بابە گیان. دە هەستە دڵسۆزترین هاورێی سەر گێتیم. دڵی چووکەم ئازارمەدە و مەشکێنە و ئەم دەستە گوڵانەم لێوەرگرە.. ئۆی.. لەگەڵ کێمە! گۆر کپ و خامۆشە. بابە دوا نوستنییەتی. دواماڵاوایی و دواکۆچکردنێتی.

دەستەگوڵم ئەو چەپکە گوڵانەی هێناوەبیرم، کە لە ڕۆژی چلەی ماتەمینیدا نووسەران و نوێنەرانی داو و دەستگایان پێشکەشی بابەیان کرد. دەنێو هەموویاندا وتەکەی کۆڕی زانیاری کوردم هاتەوەیاد بۆ؟ چونکە بابە کەسەری وانی بردە ژێرگڵ. کە بابە کۆچیکرد تەنێ لە کۆڕ بەدڵشکاوی ماڵئاواییکرد. وا ئەمڕۆ ئەم وتە ڕازاوەیەی کۆڕ بە بابە چی دەبەخشێت؟ چ ڕاژەیەک پێشکەش بە وشەی کوردی دەکات؟ گەر ئێستە بابە لە توانا و لە وزەیدا هەبا تکای لێدەکردم، کە لەسەر گڵکۆشی بە هەست یادی کۆڕی زانیاری نەکەم بە زار نێوی کۆڕ نەبەم. دڵ و دەروونیشم بۆ ئەو نێوە نەچێت.

بابە گیان! ببوورە ناتوانم باسینەکەم، چونکە نامەکانی کۆڕ ، کە پڕن لە بەڵێن بۆ چاپکردنی (فەرهەنگی نۆبەرە) ت وان لەلام ملکەچن، چونکە خاوەنەکانیان نێوەرۆکی ئەو نامانەیان نەهێنادی.

نامەکانی کۆڕ وەک خۆتن نایانەوێت بەسەرشۆری بژین. دەڵێیت هەوارێکی پڕهاوارن. بۆیە هەرچەندی تەماشایان دەکەم و دەیانخوێنمەوە، وشەکانیان هاوارهاواریانە تکام لێدەکەن، کە پەردەیان لەروو هەڵدەمەوە و بە خوێنەرانیان بەناسینبدەم. جا بابە گیان گەر ڕێم پێدرا و لە داهاتوودا بەم ئەرکەی سەرشانم هەستام، تکایە ڕەوانی پاکت لێم زویرنەبێت.

هاوکاری. ژمارە ٤١٥. دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٢/٢٧.

**لێدوانێکی مەسعورد محەمەد لەبارەی فەرهەنگەکانی گیو.**

هەوڵێکی نەزۆکم دا بۆ سوودوەرگرتن لەو گەڵاڵەی فەرهەنگی کوردی، کە خوالێخۆشبوو مامۆستا گیوی موکریانی ڕەشنووسیکردبوو. دەمڕاستی لیژنەی فەرهەنگ بووم. بڕیارمان دا لەسەر دەستخستنی ئەو گەڵاڵەیە. پێوەندیشم بە مامۆستا گیو کرد و (عربون) یشم بۆ هەنارد( ٢٠٠ دینار). زۆرزۆر بە داخەوە، کە من ناچاربووم لیژنەی فەرهەنگ چۆلبکەم بۆ ئەوەی کاروباری لیژنەی چاپخانە و گۆڤار بە ئەستۆوە بگرم ( چونکە نەدەشیا ئەندامی کۆڕ لە سێ لیژنە پتر سەرپەرشتی بکات. منیش لیژنەی زمان و لیژنەی ئەدەبیشم بە ملەوە بوو). یەکسەر دوای من لیژنەی گۆڤار بە سەرپەرشتیلێکردنی دەمراستێکی دیکە، کە ئەندامی کارای کۆڕ بوو بڕیاری کۆنی هەڵوەشاندنەوە لە بارەی فەرهەنگەکەی گیوەوە.. مەرحوم هاتەلام بەکۆڵێک پەژارەییەوە. ئەو دووسەد دینارەی بۆم هەناردبوو بێ ئەوەی دەستی لێدرابێت و لە هەمان زەرفدا، کە خۆم پارەکەم تێخستبوو نایەوە دەست منەوە. ( بە) چاوی تەرەوە گوتی: ئەم ڕۆژەم لەبەرچاوبوو.. ئەمە پارەکە بە دەقی خۆیەوە بۆتی دەهێنمەوە.. وای، کە کاری تێکردم بەڵام چ سوود!!

**ڕۆژنامەی ئاسۆ. گەشتی ژیانم ٣. ژمارە ٣٥. ٢٧ ی / شەعبان/ ١٤١٠ ک./ ١٩٩٠/٣/٢٤**

**دوانامەی گیو موکریانی بۆ کۆری زانیاری**

برا کوردە ڕەوشەنبیر و ڕۆژهەلاتناسەکانی زۆر شوێنان تێکرا ئاگادارن، سا بە دیتن یان بە بیستن، کە بەندە ٦٢ ساڵی ڕەبەقە سەرڕای هەزاران دەردەسەری و ڕەنج و ئازار و نەخۆشی بە تاکی تەنیایی بە بێ بەزین و کۆڵدان و خاوبوونەوە و بەبێ ئەوەی، کە هەست بە ماندووبوون بکەم. وشەی زۆرترینی زاراوەکانی شار و دێهات و مەڵبەندەکانی کوردستانێم بەزۆرترین هۆز و خێڵ و تیرە و خێلات و بەرەبابەکانییەوە بۆ چەند مەبەسێکی پیرۆز کۆکردوونەتەوە:

١) رابەر - المرشد: فەرهەنگێکی ئارەوی و کوردییە. دەستنووسەکەی ١٢٨٦ لاپەڕەی گەورەیە. لە ساڵی ١٩٥٠ دا (٤٠٠) لاپەڕەی گچکەم بە تیپی شکاوو لەسەر قاقەزی خراو و گەند و بێکەلک خستەبەر تیشکی چاپ. بەشە چاپنەکراوەکانیشم ناو ناوە (نۆبەرە).

٢) کۆلکەزێرینە: فەرهەنگێکە لە کوردییەوە بۆ فارسی - ئارەوی - فرەنسی و ئینگلیزی دەستنووسەکەی (٤٠٠) لاپەڕەی گەورەیە، بەڵان لە ١٩٥٥ دا (١٣٢) ویم لەسەر قاقەزی خراو و گەند و بە تیپی شکاو و کۆن و سوواو لە چاپخانەی کوردستاندا بە چاپ گەیاند.

٣) کۆلکەزێرینە: چاپی دووەمی لەسەر قاقەزی سپی و باش و بە تیپی تازە (٢٤٠) لاپەڕەی لە چاپخانەی خۆماندا چاپکرا.

٤) فەرهەنگی مەهاباد: کە کوردی - ئارەوییە و (٧٩٥) لاپەڕەیە و لە ساڵی ٢٥٧٣ ی کوردیدا لەسەر قاقەزی باش و بە تیپی تازە لە چاپخانەی کوردستاندا ڕۆشنایی چاپی دیتووە.

٥) فەرهەنگی کوردستان: (٨) بەرگی گەورە و وێنەدارە و (٤٠٠٠) لاپەڕەی گەورە پترە. لە کوردییەوە بۆ کوردییە و لەسەر ویستی کۆڕی زانیاری کورد ئەوا دوو ساڵ پترە شەو و ڕۆژ دەینووسمەوە، واتا ڕوونووسی دەکەم، تاکو کۆنەکە لە نامەخانە دێرینەکەی خۆماندا بمێنێتەوە. ئەمڕۆ کە ١٩٧٧/٦/٩ ە ٣٢٠٠ لاپەڕەیم لێ نووسیوەتەوە، هێشتا تیپی (ک) نیوەش نەنووسراوەتەوە. سەرچاوەی زۆرترینی وشەکان بە چەند تیپێکی قوڵەکراوە لە تەنیشتیانەوە نیشاندراوە، تا نەڵێن دارێژراون. گەورەترین و گرنگترین مەبەس و

ئامانجم لەو هەموو ڕەنج و ئەرکەی، کە کێشاومە، ئەمەیە کە نەتەوەی کوردی بەشبراو و دواکەوتوو لە شەرمەزاری و کەموکووری بێ فەرهەنگی ڕزگاری بێت. وێڕای دامەزراندنی بناخەی شێوەی یەکێتی زاراوەکانی کوردی، کە بێگومان ئەمە یەکەمین هەنگاوە بەرەو یەکێتی زمانی کوردی هاوێژراو بێ ، چونکوو بەپێی توانا و دەستەڵات و دەستکەوت فەرهەنگی کوردستان زۆرترین زاراوەکانی کوردی داگرتووە. هەرچەندە هێشتا نەمبژاردووە، کە چەند وشەیە، بەڵام لە جەنگەی شەڕی دووەمی جیهانیدا کاکم بژاردبوونی ئەوسا چل هەزار پتربوون. ئێستا بێسوو (شک) دووچەندانی پتر لێهاتووە. هەرچەندە هەزاران کەس پتر دیتوونی هەرکەسیش ئارەزووی بکات دەتوانێ بیانبینێ.

٦ ) مێژووی وێژە: شوێنەواری هەزاران بوێژ و هەستیار و زانا و دانەر (موئەلیف) انی تێدایە. بە هەڵبەست و بەسەرهاتییانەوە لەگەڵ ناوی پەرتوکی دانەرەکان. هەڵبەستی هەر هەستیارێکی بە زمانی کوردی دەستکەوتبێ لە شوێنی خۆیدا تۆمارکراوە، بەڵام هەر دانەر و هەستیارێکی شوێنەوارەکەیان بە زمانی کوردی دەستنەکەوتبێ و بە زمانی بێگانان بێ، ناوی شوێنەوارەکانیان و بەسەرهاتەکانیانەوە تۆمارکراوە. وێنەی هۆنەر و هەستیارەکانم لە ١٢٥ ساڵ لەمەوپێشە و دەستکەوتوون تا ئەمڕۆ و بەتایبەتی لە ١٩١٥ ەوە تا ئەمڕۆ سەرڕای ئەوانەی، کە وێنەی خۆیان داومێ، یا بۆ ناردووم و لە هەموو شوێنێکیدا وێنەی چەند سەد هەستیارێکم بەدەست خۆم کێشاوە. لەسەرەتای لاویمەوە، کە لە سوریا و لوبنان بووم، سەرڕای ئەو هەموو پیشە نرخدار و سەنگینانەی، کە کاکم دەیزانین و ڕەنیوی دەهێنان وێنەگەرێتی لەلای وێنەگرێکی ئەرمەنی فێربووم، هەر بۆ ئەو مەبەسەی، کە لە هەر شوێنێکیدا هەر هۆنەر و هەستیارێکی کوردم دیت، دەرفەت لە کیس نەدەم دەمودەست هەر خۆم وێنەی وەرگرم.

بۆ نموونە و ئاگاداری گشتی پێویستە ئەوەش بدرکێنم لام وایە لە ساڵی ١٩٤٦ دا چەند دێرێکم لە گەلاوێژی پرشنگداردا پەخشکرد و تکام لە هەموو هەستیارە بەرزەکانی خاکی پاکی بابان کرد، کە لە فیسارە ڕۆژیدا لە شاری سلێمانی لە مێوانخانەی ( ) دا بەچەند پارچە هەڵبەست و بەسەرهاتی خۆیانەوە ئامادەبن. من خۆم بەدەستی خۆم وێنەیان وەردەگرم، بەڵێ لە هەمان کاتدا، کە چوومە سلێمانی هەستیارەکانی شاری سلێمانی و پێنجوێن و هەڵەبجە و قوڵادزە و دەوروبەری هەموو شار و شارۆچکە نێوبراوەکان لەوێ کۆببوونەوە، ئەوانەی کە هێشتا هێندێکیانم لەبیر ماون، بریتین لە مانە: ـ پیرەمێرد، قانع، بێکەس، زێوەر، گۆران، بەختیار، سەلام، موفتی سلێمانی، بێخود، شێخ نوری، موفتی پێنجوێن، سەفوەت، سایق (شاهۆ)، ناتیق، عەلی کەمال باپیر ئاغا، ڕەمزی، مەدهۆش و دوو هێندەی دیش، کە تێکڕا بەسەرهات و چەند پارچە هەڵبەستێکی خۆیانیان دامێ.

ئەوسا بە پارانەوە ڕووی دوو مەبەسانم لێنان: ـ

١) هەرکەسێ نازناوێکی کوردی بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

٢) ئەوانەی، کە بەرگی کوردییان لەبەردا نییە، کڵاوشەدە و کەواو پشتێنەکەی من لەبەربکەن بۆ وێنە وەرگرتن، چونکوو حەزدەکەم مێژووی وێژەکەم ئاوێنەیەکی بە گرنگ بێت. مەبەستم ئەوەیە هەروەکو هەڵبەست و بەسەرهاتەکانتان بە زمانی شیرینی کوردییەوە وێنەکانیشتان با بە بەرگی کوردی بێت. با مێژووی وێژەکەم ئاوێنەیەکی سەردەمی خۆی بێت.

هەموویان هەردووک تکاکانی منیان پەسندکرد و بەرگەکەی منیان پۆشی و وێنەیەکی نیوەچڵی پۆست کارتم بە جامی کارەبایی بۆ وەرگرتن. گۆران نەبێت و کوتی: تۆ بە لای خۆتەوە لە هەندەران ژیاوی، سەرەرای خوێندەواری چەندین زمانی بێگانە دەزانی، ئەو بەرگەی ئێمە لەبەرماندایە هی شارستانییانە، بەرگی کوردی هی درندە و جانەوەرانە، دەبێ هەوڵبدەین لەناوی بەرین. خودا هەڵناگرێ نەوەکو کەس گوێینەدایە و بەس، بەڵکو خۆیان لێ تووڕەکرد و بێکەسیش زۆری قسە پێگوت. گۆران دەرپەڕی لە دوورەوە گوتی: من ناڵێم هەر نەمێنێ، بەڵکو لە جێژناندا منداڵان لەبەریبکەن، دیسان بە هەموویان قسەیان پێگوت، هەرچێکوو مەلاکانیشە، مەلا مستەفا سەفوەت و موفتی مەندیلەکانیان دانا و کڵاوشەدەکەی منیان لەسەرنا و کوتیان با دڵی گیوی موکریانی نەشکێ و هەر کامێکیان، کە نازناویان کوردی نەبوو، هەرکەسەی ناوێکی کوردییان بۆ خۆیان هەڵبژارد.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، وێنەی پیرەمێردی لە هەندێک ڕۆژنامە و پەخشناماندا، کە چاپکراوە، وای لەسەر دەنووسن، کە بە سەودای میللی بەرگی کوردی لەبەرکردووە، کە خوا دەیزانێ و نیوەی خەڵکی سلێمانی و بەتایبەتی دکتۆر عیزەددین مستەفا و مەدهۆش ئاگایان لەم هەموو کەین و بەینانە هەیە، کە باسکرا و یارمەتیشیاندام.

لە ساڵی ١٩٧٢ دا کە چەند کەسێ لە سەرۆک و ئەندامانی کۆڕی زانیاری کورد فەرهەنگی نۆبەرەیان، کە لە ئارەوییەوە بۆ کوردییە و ١٢٨٦ لاپەڕەی گەورەیە. پرسیان بۆچی چاپی ناکەی ؟ لە وەڵامیاندا کوتم هەرچێکوو ماکینەی چاپەکەمە گچکەیە ئەگەر خۆم چاپیکەم بە ٧٠٠ ڕۆژان تەواودەبێ، چونکوو کارگەری زرنگ و لێهاتووم نییە و پارەی قاقەزی بەرگەکەشم بۆ هەڵناسووڕێ. کاتێکی، کە پەرتوک و فەرهەنگەکانی پێشووم چاپدەکرد، خۆم کارکەر و تیپچن و هەڵسوورێنەریان بووم، چونکوو کەمێک هێز و توانای لەشیم هەبوو، بەڵام داخەکەم ئێستا لە جیاتی هێز و توانا گرفتاری نەخۆشیانی دڵ و تەوژمی خوێن و باداری دەردی پاشایان (دا الملوک) بووم.

بێهێزیش بەجێی خۆی. نەک کارکردن، بەڵکو ناتوانم هەر بە پێشەوە زۆر ڕاوەستم. لام وایە ئەوساش، کە فەرهەنگی مەهابادم چاپکرد دوو ساڵ و نیوی خایاند. ئەوانە بەجێی خۆی فەرهەنگی ١٢٨٦ لاپەرەییم لە چاپخانەکانی هەندەراندا لەسەر ئەرکی خۆم بۆ چاپناکرێت، نەبوونی و دەستکورتی شەرم نییە، بەڵام تەفرەدانی مەردووم بەمڕۆ و سبەی پەردەی نامووس دەدرێنێ.

کوتیان، کە وایە بیدە بە ئێمە لەسەر ئەرکی کۆڕی زانیاری چاپیدەکەین. پێشەکی ٢٠٠ دینار و پاشەکیش ٢٠٠ دیناری تریش و ٢٠٠ بەرگی چاپکراویشت پێشکەشدەکەین.

مامۆستا مەسعود محەمەد و مامۆستا سوجادی ئاگادارن، کە پارە و ٢٠٠ بەرگە چاپکراوەکانم نەویست. هەر بە خۆرایی مافی چاپیم پێشکێشکردن و کوتم: کەی لەژێر چاپ کۆتاییهات، نزیکەی سەد بەرگێکتان لێدەکڕم. یەکێکیان بۆ نامەخانە دێرینەکەی خۆمان، ئەمانی تریش بۆ دۆست و ئاشنایانی دوورەوڵات و چەند ڕۆژهەڵاتێکی کوردپەروەر و کوتم: من تەمەنێک ڕەنجم کێشاوە بۆ نەتەوەکەم، نەک بۆ پارە، ئەگەر تاکە فلسێکیش وەرگرم لاپەڕەی خەباتم پەڵەداردەبێ و شەرمەزاری گەل و مێژوو دەبم.

لە ئەنجامی وتووێژدا تکام لێکردن، کە ماوەم بدەنێ تا ڕوونووسی بکەم ئەوسا ڕوونووسەکەیان بەشانازییەوە پێشکێشبکەم.

مەبەستم لە ڕوونووسکردنی تەنها ئەوەبوو، کە دەستنووسە کۆنەکە لە نامەخانە دێرینەکەی خۆماندا بمێنێتەوە بۆ پارێزگاری ناو و ڕەنجکێشانی من، نەوەکوو بەسەردا بمرم و ساختەی لەگەڵدا بکرێ. لە بەرواری ١٩٧٤/٢/٣ دا دکتۆر کەمال مەزهەر نووسیوویە تکایە فەرهەنگە عەرەبی و کوردییەکەتان زوو بنێرن بۆ چاپ. منیش لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆم توانیم هەردووک بەرگەکانی فەرهەنگی نۆبەرە لە ماوەی ساڵێکیدا تەواوبکەم و لە ١٩٧٤/٢/٢٥ دا بۆم ناردن. پسووڵەی گەیشتنیان بەدەستنووسی دکتۆر مەزهەر پارێزراوە.

ئیتر هەر گنخاندییان و منیش داوام لێکردنەوە و دەمکوت مادام چاپی ناکەن بمدەنەوە. لە ئەنجامی ئەمڕۆ و سبە پێکردنێکی زۆر سەرەرای چاپخانەیەکی گەورە و پوختی خۆیان و سەد چاپخانەی وەکوو بروسکی بەغدا بۆ چاپخانەیەکی گچکەی شارەوانی هەولێریان نووسی، کە چاپییکات. چاپخانەی نێوبراو لە ١٩٧٥/١/١٥ دا وەڵامیدانەوە، کە ئەگەر لە ماوەی چەند ساڵاندا هیچ کارێکی نەکەین ئەوسا بۆمان تەواودەبێ، کەوایە بە ئێمە ناکرێ.

دوای وی بۆ چاپخانەی شیمالی کەرکووکیان نووسی. دکتۆر ئەورەحمان لە ١٩٧٥/٣/٣٠ دا بۆی نووسیم بڕیاردرا، کە فەرهەنگەکەت لە چاپخانەی شیمالی کەرکووک ١٠٠٠ نوسخەی لێ چاپکرێ. ئەویش سەرینەگرت و نازانم بۆچی نەکرا.

ئەوجار مەلا عەبدوڵڵا ناوێکیان دۆزییەوە، بڕیاریان دا، کە ٤٠٠ تا ٥٠٠ دینار پارەی بدەنێ ، تا بە پێی ڕێنووسی کۆڕ بینووسێتەوە و سەرپەرشتی کاتی چاپیشی بکات. ئەوەش پووچەڵ دەرچوو. بەو گرێ و قۆرتانە هەرجارەی چوار ـ پێنج مانگیان دەخافڵاندم.

ئەوجار دکتۆر ئەورەحمان لە ١٩٧٤/١١/٢٠ دا نامەیەکی بۆ ناردووم و نووسیوییە: بەشێکی زۆرمان لە فەرهەنگەکەت ئامادەکردووە، هەرچەندە چاپخانەکانی بەغدایە زۆر پڕکارن، بەڵام ئەمە نەبووە بە کۆسپ لەگەڵ چاپخانەی السلام ڕێککەوتووین، کە لە ١٩٧٥/١/١ دا دەستی پێ بکات و زوو تەواوی کات. ئەویش پووچەڵ دەرچوو.

جارێکی بە مەهانەی ئەوەی چەند وشەیەکی بخەمەسەری بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک فەرهەنگەکەم لێ وەرگرتنەوە و نامەیەکی دوورودرێژم بۆ نووسین، کەوا دیارە بە ئەمڕۆ و سبەی ڕادەبوێرن و چاپی ناکەن، کەوایە بۆ ئەوەی کە سەرتان پتر نەئێشێنم وای بە بەرژەوەند دەزانم، کە فەرهەنگەکەتان بۆ نەنێرمەوە. لە ١٩٧٦/٢/١٦ دا مەلا شوکور نووسی تکایە فەرهەنگەکەت بنێرەوە، وا مەلا عەبدوڵڵامان تەکلیفکردووە، کە چاودێری چاپی بکات و خەریکی لە چاپدانین.

بەڵێ لەبەر دڵ و دەروون پاکێتی خۆم دووبارە بۆم ناردنەوە. پسووڵەی گەیشتنی ویشم لەلایە. لەپێش چەند مانگێکیدا، کە چوومە بەغدایە بە چاوی خۆم دیتم ٢٠ ـ ٣٠ لاپەڕەیەکی لەسەر کاغەزی لێ چاپکرابوو، خەریکی هەڵەبژێری و سەرپەرشتی چاپی بوون. بەراستی ئەوجار هیچ گومان و نیگەرانم نەما و زۆر دڵخۆشبووم و گەشامەوە، کەچی لە ١٩٧٦/١٢/٢ دا هەردووک بەرگەکانی فەرهەنگەکەیان بۆ نارمەوە و ئەم پێشنیازانەی خوارەوەشییان بۆ نووسیوم: ـ

١) فەرهەنگەکەت زۆری هەڵە تێدایە. لەرووی زانستییەوە دەبێ یەکێکی شارەزا لە هەردووک زمانەکەدا پێیدا بچێتەوە.

٢ ) زۆر تەکراری تێدایە، دەبێ چاکبکرێت.

٣ ) وشەکانی بەپێی زنجیرەی ئەبجەدی نەرۆیشتووە، دەبێ چاکبکرێت.

٤ ) خەتەکەی لە زۆر شوێناندا ناخوێندرێتەوە، دەبێ جارێکی تر بە خەتی یەکێکی خۆشنووس نەک بە خەتی خۆت بنووسرێتەوە بە ئیملای کۆڕ.

٥ ) دەبێ یەکێکی لە بەغدایە تەعیین بکەی، کە سەرپەرشتی بکات. موەزەفەکانی مەجمەع هیچیان لەوانە نین، کە ئەو کارە بەجێبهێنن.

**وەڵامـەکـانییان : ـ**

**لە بابەت نوختەی یەکەمەوە:**

ا ـ ئایا کە لە سەرەتایەدا وەبەرچاوتان کەوت بە وردی سەرنجتان نەدایە و چاوتان قووچاندبوو؟

ب ـ مامۆستا سوجادی دوو سێ جاران مزگێنی دامێ و کوتی بڕیاری قەتعی درا، کە فەرهەنگەکەت چاپکرێ. ئایا ئەو بڕیارە هەر لە گۆترە بوو و چاوتان قووچاندبوو، با چەند پسپۆرێکی زمانەوانی دوای سەرنجدانی بڕیاری لەسەرداوە؟

پ ـ کاک ئیحسان شێرزاد لە ١٩٧٣/٤/٢٥ دا بۆی نووسیوم، کە لجنەی زمانەوانی کۆڕ لە کۆبوونەوەیدا چەند جاران بڕیاری لەسەرداوە، کە دەبێ چاپکرێ.

ت ـ کاک مەسعودیش چەند جاران خۆم لێم بیستووە، کە فەرهەنگەکەت هەر چاپدەکرێت، چونکە لێژنەی زمانەوانی بڕیاری لەسەرداوە.

ج ـ دووبارە کاک ئیحسان شێرزاد لە ١٩٧٣/٥/٨ دا بۆی نووسیوم، کە لێژنەی فەرهەنگ بڕیاری دا، کە فەرهەنگە عەرەبی و کوردییەکەت لەسەر ئەرکی خۆی لە چاپبدات.

ئایا کە سەرۆک و ئەندامەکانی بەڕێزی کۆڕ هەر لە خۆیانەوە ئەم مزگێنییەیان داوە بە من ؟

ئایا چەند جاران لێژنەی فەرهەنگ، کە بۆ فەرهەنگەکەم کۆبوونەوە، هەر کوێرکوێرانە تەماشایانکرد، یان بە وردی سەرنجیاندایە و ئەوسا بڕیاری لە چاپدانیان دا ؟

جارێکیش لە ئێوەم بیست، کە ٤٠٠٠ ـ ٥٠٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە بۆ ئەرکی چاپی!! ئایا ئەو گوژمە پارەیەش هەر کوێرکوێرانە بۆی تەرخانکراوە؟

ئەدی ئەگەر هەڵەی زانستی زۆر تێدایە بۆچی د. کەمال مەزهەر دووجاران داوای لێکردم، کە پێیان بفرۆشم، تا بۆ مەرجەع لە نامەخانەی کۆڕدا بمێنێتەوە. دکتۆری نێوبراو بەبێ سەرنجدان چتی وا ناڵێ، چونکوو فەرهەنگێکی هەڵەی زانستی زۆربێ چۆن بۆ مەرجەع دەستدەدات؟ بەڵان ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێ. ئەدی کە هەڵەی هەیە بۆچی بە مەلا عەبدوڵڵا و کاردۆی نزیکەی هەزار لاپەرەتان پتر لەبەر نووسیووەتەوە؟

لەو ماوەیەی، کە لەلای ئێوە بوو هەر ئەمڕۆ و سبەتان پێدەکرد. چەندجارانم داوالێکردنەوە بۆچی نەتاندامەوە؟

زۆرترینی کوردستان بەتایبەتی ڕەوشەنبیر و دڵسۆزەکانی کوردی هەموو شوێنێکی و ڕۆژهەڵاتناسە ئاشناکانیشمان دەزانن و ئاگادارن، کە بەندە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ ەوە تا ئەمڕۆ


گیو موکریانی لە نێو چاپخانەی کوردستان



کیو موکریانی بەو چاپخانەیەی شۆڕشێك و نەوەیەکت پەروەردە کرد

خەریکی کۆکردنەوەی وشەی هەموو شێوە و زاراوەکان و گشت شوێنەوارەکانی کوردانم، بۆ ڕەخساندنی چەند جۆرە فەرهەنگێک و مێژووی وێژەی کوردی، کە لە سەردەمی زەردەشتییەوە تا ئەمڕۆ بەبێ جیاوازی بگرێ!تەوە. بەڵگەی یەکەمین یادگارە چاپکراو و چاپنەکراوەکانی من هەرچەندە هەزاران کەس دیتوونی، هەرکەسێکی تریش ئارەزووبکات بە ئاسانی دەتوانێ بیانبینێ.

بۆ وەراست گێرانی ئەو مەبەسە بەڵگەی گرنگتریش لەدەستدایە. بەندە، کە چل ساڵ پترە لە کۆنترین شاری جیهاندا، کە شارە پیرۆزەکەی هەولێرە جێگیربووم. باوەڕناکەم لەوساوە تا ئەمڕۆ کەس منی لە نادی و چایخانە و سینەما و تەیاترۆ و دیوەخانان، هەتا دەگاتە مزگەوت و تەکییە و خانەقایانیش دیتبێ. سەرەرای ئەوەش لە ژووری تایبەتی خۆمدا تەلەفۆن و تەلەڤزیۆن و دەنگوەرگر و رادیۆ، یا هەر چتێکی کەم و زۆر کاتم بە فیرۆ ببات نییە، چونکوو تەنها سەوداسەر و گراو (عاشق) ی راژەی زمان و وێژە و مێژووی کوردی دواکەوتووم و بەس. ئەو فەرمانە پیرۆزەی، کە خستوومەتە سەرشانی خۆم هەمیشە پێم لە سەیران و کەیف و بەزم و رەزم و خۆشرابووواردن و ساز و ئاواز و مەی و جغارە پەسندترکردووە و دەشیکەم بەرادەیەکی وا کە هەر شەوێکی نەخۆشی یا هەر هۆیەکی تر روویدابا کەم و زۆر لە کارمبکات لە کانگەی دڵەوە پێی سەخڵەتدەبووم و بە خەفەتباری سەرمدەنایەوە وەکوو یەکێکی تەنها دینارێکی هەبێ و ئەویش بزربکات، یا بیدۆرێنێ.

فەرمانەکانی لەسەر شانمن گەورە و گران و سەخت و دژوارن. گەورە و گرنگترین فەرمانن لە جیهانی زانیاری و زانستیدا، بەڵکوو بە گرنگترین سەرچاوە و کانگەشیان دەژمێردرێت، هەرچەندە کاریشیان زۆر ماوە، بەڵان پیری و کزی چاو و بێتینی بە یاریکاری هەزاران جوورە نەخۆشییانەوە ماوەی ژیانیان کورت کردوومەتەوە. لەوانەیە چەند کاتژمێرێکی تر یا چەند رۆژێکی دی روو لە جیهانی خامۆشی بکەم.

رابەری ئەم وانە و سەرمەشقانە و ئەم چەشنە ژیانە پەروەردگاری زانا و پڕ شێوازی مەزن داماو موکریانی چارەرەش و بێکەس و خۆشینەدیتووی برام بووە، کە تا تەڕاییم لە لەشیدا ماوە لەم رێگا بەرز و پیرۆزە لانادەم، چونکوو رەوای داد نییە، کە ئەو خۆشی و ئاسوودەیی نەبینی و من بیبینم! هەروەکوو رۆژگار بە رووی وییەوە پێنەکەنی منیش بە پێکەنینی رۆژگار خەڕۆنابم. ئەوجار با بێینەوەسەر مەبەسی بەندە سەرڕای ئەو هەموو رەنج و مەینەت و دەردەسەری و شەونخوونی و ئەرک و تەقەلا و تێکۆشانە بێوچانەی، کە ٦٢ ساڵە دەیکێشم و سەرەرای ئەو هەموو زاڵبوون و دەسەڵاتەی لەو مەیدانانەدا هەمە، ددان بەوە دادەنێم، کە یادگارەکانم بێ هەڵەنین و هیچ ناگونجێ، کە هەڵەیان تێدا نەبێ، چونکوو فەرمانێکی وا گەورە و گران و دژوار، کە هەروەکوو دەریایەکی پڕ شەپۆڵ و سامدارە، یا وەکوو هەور و هەڵاییەکی ئاڵۆز و برووسکاوی وایە، نەک بۆ یەکەمین چاپ، بەڵکوو بۆ دەیەمین چاپیش هەڵەبڕ نابێ، چونکوو بەرهەمێکی وا گەورە و سەخت بە تاکە کەسێکی بێکەس و بێهاودەم و بێیاریکار لە بارێکی وادا، کە گوزەرانی خانەوادەیەکی دوازدە کەسیشی بەسەرەوەبێ بەبێ کەموکووری هەڵناسوورێ. فەرهەنگی دراوسێکانیشمان، کە هێندێکیان هەزار ساڵ پترە، کە زۆرترینی زانایانی خۆیان و هەندەرانیش راژەیان کردووە، ئێستاش هەڵەبڕ نەبوون و کەم و زۆر هەڵەیان تێدا ماون.

هەرچێکوو فەرهەنگی نۆبەرەکەشمە بەڵێ هەڵەی تێدایە، بەڵان نەک بەو ئەندازەیەی کە بەرپرسیارێکی کۆڕ دەریبڕیوە ئەوەش بەجێی خۆی کەی رەوای داد و مرۆڤایەتییە، کە بەسەر ٩٩ وشەی راستدا بازدەن و ئاوڕی لێنەدەنەوە، بەڵان تاکە هەڵەیەکی بکەنە ئاڵای رۆمێ. دووریش نییە ئەوانەی کە ئێوە بە هەڵەی دەزانن لەوانەبن، کە ئێوە خۆتان شارەزای نەبن، یا نەتانبیستبێ.

هەروەکوو خۆتان ئاگادارن لە هەموو زمانێکی وشەی وا هەیە تاکە واتایەکی نییە، بەڵکوو هی وا هەیە دوو یا چەندین واتایان دەگەیەنێ. بۆ ئەوەی درێژەی پێنەدەم تەنها ٣ وێنان بۆ نموونە دەهێنمەوە:

١ ) ئاوارە: ئێستا ئەگەر ئێوە ئاوارە بە واتای جەوهەر ببینن بە هەڵەی دەزانن، چونکوو ئێوە ئاوارەتان تەنها بە غەریب و دەربەدەر بیستووە، ئێتر ئاگاتان لەوە نییە، کە ئاوارە لە زاراوەی هەورامیدا جەوهەرە.

٢ ) تاوان: ئاشکرایە، کە بە کرداری گەند و ناڕەوا دەڵێن، بەڵان دەبێ ئاگاشتان لە واتای دووەمی بێت، کە ترس و هەراس و ناچارییە، وەکوو دەڵێن: لە تاوان خۆی کۆتایە پشت بەرد و نەگیرا و هەڵات.

٣ ) تاوان: تووانەوە// تاوانەوە// تاواندنەوە// تواندنەوە.

ئەوانە هەموو بەجێی خۆیان، کە دەڵێن یەکێکی شارەزای هەردووک زمانەکان بێ بەسەریدابچێتەوە. بەڵێ عەرەبی زان زۆرە، بەڵان بەندە کە بە ئاگاداری هەموو رەوشەنبیرێکی کوردستان ٦٢ ساڵە بەبێ پسانەوە و یا هەست بە ماندووبوونکردن خەریکی وەدەستهێنان و دۆزینەوە و کۆکردنەوەی زۆرترینی زاراوەکانی کوردیم، بۆ نموونە فەرهەنگی کوردستان، کە لە کوردییەوە بۆ کوردییەکی پەتییە، ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە ٥٠٠٠ لاپەڕەی گەورە و سەرچاوەی زۆرترینی وشەکانیشی لە تەنیشتییانەوە بەیەکدوو تیپی قوڵەکراوە و نیشاندراوە، ئەگەر بەچاوێکی مرۆڤایەتی و راست و دادوەرییەوە سەرنجی بدرێتێ بە گەورەترین بەڵگە دەژمێردرێت بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون و پێشکەوتنم لەو لقەدا و بێجگە لەوەش ئەو هەموو دەرفەتانەی، کە لە سایەی ناوبانگی بەرزی ئابڕوومەندانەی داماوی برام و چاپخانەی کوردستانەوە بۆ من رەخساوە بۆ یەکێکی تر و یا بۆ چینێکی تر بە پارەش نارەخسێ.

جا ئەمنێکی، کە ٦٢ ساڵی تەمەنی خۆم بەگۆشەگیری رابوواردبێ وەچەشەم لە گەران و سەیران و خۆشرابوواردن و.. نەکردنی بەڵکوو تەنها لەسەر شارێگای ئەم فەرمانە پیرۆزە خۆم کرووژم هەڵێنابێ و شەورۆژ تەنها خەریکی کۆکردنەوە و رێکخستنی تەواوی زاراوەکانی کوردیم. سا لە رێگای خودا و هەموو پێغەمبەرەکان و زەردەشتیدا لە هەموو کوردستاندا کێتان پێدەدۆزرێتەوە، کە نەک ٦٢ ساڵان، بەڵکوو ٦٢ رۆژان وەکو منی رابوواردبێ و کەم و زۆر فەرهەنگێکی وەکوو دەسکە گوڵێکی لە هەموو زاراوەکان پێشکەش بە نەتەوە دواکەوتووەکەمان بکات!!

دەستم داوێنتان کێ گومان دەبەن، کە نەک بەقەد من بەڵکوو دەیەکی من شارەزای زاراوەکانی کوردی بێت، تا بەسەر فەرهەنگەکەم دابچێتەوە و هەڵەبژێری بکات؟!

پارەکە بە ملی شکاومەوە هاتمە لاتان نزیکەی دووبەند (ملزمە) تان لەبەر نووسیبووەوە، گوتتان قایلی کە چەند وشەیەکی لێ فڕێدەین، پرسیم وەکوو چی؟ کوتیان چەند وشەیەکی کوردین، کە ئێمە نەمانبیستووە و بە هەڵەی دەزانین.

بەندە لە وەڵامیاندا کوتم: هەر وشەیەکی، کە ئێوە نەتانبیستبێ، یا نەیزانن بە هەڵەی بزانن، رەوای داد نییە ئەمن کەموزۆر قاییل نابم، کە نەک چەند وشەیەک بەڵکوو تیپێکی لێفڕێبدرێ. کوتیان کەوایە لەم بارەیەوە بە دەستنووسی خۆت چتێکمان بۆ بنووسە. بەندەش بە دەستنووسی خۆم بۆم نووسین: لەرووی ئەوەوە، کە پسپۆری هەموو زاراوەکانی کوردی لە کۆڕی زانیاریدا نییە، بە پەسەندی نازانم کەموزۆر هیچ لە فەرهەنگەکەم فڕێدرێ و نە هیچیشی بخەنەسەر. نازانم بۆ لەو هەموو وتووێژەدا بۆ باسی هەڵەی زانستییان نەکرد؟

ئایا بۆچی هەرکەسێکی چەند چیرۆک و پەند، یان دیوانێکی لەو دیوانەکانی من، کە چەنجار چاپ و پەخشکراون، شیدەکاتەوە بۆی چاپدەکەن و گیرفانیشی بەپارە دەئاخننەوە!! خۆ ئەمن فەرهەنگەکەم بە خۆرایی پێشکەشکردوون. بەبێ ئەوەی کە چاوەروانی فلسێکتان لێ بکەم، واتە دەسکەگوڵێکی، کە بە لای کەمییەوە ٣٠ ـ ٤٠ ساڵان رەنجمکێشاوە، هەروا پێشکەشکردن، کە هەموو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و بەشی زمانی کوردی زانکۆیەکان ئاتاجیان پێیەتی، چونکوو هیچ فەرهەنگێکی وا گەورە و پوختیان لە دەستیدا نییە، کە لە عارەبییەوە بۆ کوردی بێت.

ئەدی، کە مەلا عەبدوڵڵاتان گرت بڕیار وابوو ٤٠٠ ـ ٥٠٠ دیناری بدەنێ، کە لەسەر رێنووسی کۆڕ بینووسێتەوە و سەرپەرشتی چاپی بکات، بۆچی ٨٠٠ تا ٩٠٠ لاپەرەتان پێ نووسییەوە و چاپتان نەکرد! سەرەرای ئەو هەموو لە دودانەی ئێوە و ئەو هەموو کردارە مەردانە و چاوتێرانەی کوردستان پەرستانەی من دەتانەوێ هێشتا لە کیسەی خۆشم یەکێکی بەکرێ بگرم بەچەند سەد دینار بەپێی رێنووسی ئێوە بینووسێتەوە، کە کەموکوورێکی زۆر گەورەشی تێدایە و چەند سەد دینارێکی لە بەغدا بدەم بە یەکێکی سەرپەرشتی بکات!!

بەداخەوە کرداری وا ناشیاو و پووچ لە ئێوە نەدەوەشاوە، کە لە بەندی چوار و پێنجی ئامۆژگاریەکاندا دەرتانبریوە. بەخوا برادەرینە حاڵ لە چەند لایان خاڵی نییە. یەکەمین: ئەوەیە بۆ بە کاردۆ ٣٠٠ لاپەڕە و بە مەلا عەبدوڵڵاتان ئەوەی، کە من بیستبێتم ٧٠٠ لاپەڕەتان نووسیوەتەوە. دەزانن، کە ئەگەر لەبەر پیریش نەمرم لەبەر ئەو نەخۆشییە کوژندانەی، کە ئێخەیان گرتووم بەو زووانە لەبەرچاوتان تەفروتوونادەبم و دەستبەجێ بە ناوی کۆڕ و پسپۆرە زمانەوانەکانی کۆڕ چاپیدەکەن و شەقێکی لەناوی گیو هەڵدەدەن، کە لەناو گۆری تەنگوتاریکیشدا نەسرەوم، دە ئێستا داوادەکەم بۆ نامدەنەوە؟!

بەهانەتان ئەوەیە، کە گۆیا پارەتان لێ سەرفکردووە. لە بارێکی پارەی بابتان نییە هی میرییە. ئایا من، کە ٣٠ ـ ٤٠ ساڵ پتر لاوێتی و پیرێتیشم لەسەر داناوە، کامەیان نرخدارترە؟ ئەمن بۆیەم دانێ، کە بۆخۆتانی لەسەر بنووسنەوە، یا بۆ چاپی؟

لایەنی دووەم: ئەگەر ئەو پارەی بۆ مەلا عەبدوڵڵا تەرخانکرابوو، درابا بە ئێوە لەمێژبوو چاپدەکرا و بڵاویش دەبووەوە و ئەو هەموو لقە نالەبار و قۆڕ و وێنە جوانانەشی لێپەیدا نەدەبوو، کە بوو بە مایەی بەڵێن و پەیمان شکاندنی ئێوە و دڵشکاندنی من، بەتەنێ من لەو بڕوایەی دا نیم، بەڵکوو زۆرترینی رەوشەنبیرانی کورد لەو باوەرەییەی دان و دەڵێن بۆیە ٣ ساڵە هەر ئەمڕۆ و سبەیان پێکردووی و نە چاپیانکرد و نە دەیاندایەوە، کە دەشیانکوت بەشەرەف چاپدەکرێ مەبەسیان دوای مردنی تۆ بوو. ناوی تۆ فڕێدەدرا و بە ناوی لێژنەی فەرهەنگی کۆڕ لە چاپدەدرا، جا کە خودای نەخوازتە لەو بیرو باوەڕەدابن، زۆر زۆر شوورەییە، چونکوو ئەمن سەردەمی لاوێتی و پیریشم لەسەرداناوە. مەردانەش بۆتان هاتمەپێشەوە و نیازم وابوو، کە دوای وی فەرهەنگی کوردستان و مێژووی وێژەکەم و هەموو یادگارەکانی کاکیشم پێشکێش بە کۆڕی کورد بکەم.

بەداخەوە ئێوە وەکوو من نا، بەڵکوو بەناوی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و لەسەر رێبازی مێژوو و وێژەپەرستی نەهاتنەپێشەوە و بێگومان لە ئەنجامدا هەر خۆتان زیاندەکەن و بایەختان نامێنێ.

**وەڵامی ٢ : دەڵێن زۆر تەکراری تێدایە.**

ئەگەر بەهانە نەبێ و راستبێ دەیانتووانی لە کاتی چاپدا تەکرارەکەی فڕێدەن. بۆ نموونە دەبوو یەکدوو وشەی تەکراریان بۆ نووسیبام.

**وەڵامی ٣ : دەڵێن وشەکانی بەپێی زنجیرەی ئەبجەدی نەنووسراوە.**

بەڵێ فەرهەنگی نۆبەرە، کە لە ئارەوییەوە بۆ کوردییە لەسەر شێوەی کوردی و فرەنسی دانراوە و رێکخراوە، تا قوتابیێکی پۆلی ٥ و ٦ ی سەرەتایی بتوانێ بەبێ رەنج و گەرانێکی زۆر هەر وشەیەکی بیەوێ بیدۆزێتەوە، بەڵان فەرهەنگەکانی ئارەوی، کە بە پێی زنجیرەی (أبجد)ی رێکخراون، یەکێک دەتوانێ وشەی ئارەوی تێدا بدۆزێتەوە، کە لە دەریای رێزمانی ئارەویدا مەلەوانێکی لێهاتووبێ . هەر وشەیەکی بیەوێ دەبێ شارەزای چاوگەکەی بێ، چونکوو هەر چاوگەیەک چەندین لکی لێدەبێتەوە و هەموو لکەکانیش لە تەنیشت چاوگەکەیانن، بۆ وێنە: ـ

مرجع، مراجع، مراجعە، إرتجاع، رجوع: چاوگەکەیان (رجع) یە.

شائق، تشویق، مشتاق، إشتیاق، مشوق: چاوگەکەیان (شوق) یە.

بەڵان شێوەی زنجیرەی کوردی بەپێچەوانەیە. هەر وشەیەکی بە چ تیپێکی دەستپێبکات لەو تیپەدا دەدۆزرێتەوە.

**وەڵامی٤ : دەڵێن خەتەکەی لە زۆر شوێنان ناخوێندرێتەوە، دەبێ جارێکی تر بە یەکێکی خۆشنووس، نەک بە خەتی خۆت بنووسرێتەوە، بە ئیملای کۆڕ.**

بە قوربانتان نەبم ئەدی، کە خەتەکە لەزۆر شوێناندا ناخوێندرێتەوە پار، کە دوو مەلزەمەتان لەبەر نووسیبووەوە چۆنتان بۆ خوێندراوە؟

ئەدی کاردۆ چۆن ٣٠٠ لاپەڕە و مەلا عەبدوڵڵا چۆن ٨٠٠ ـ ٩٠٠ لاپەڕەی لەبەر نووسیوەتەوە و چۆنیان بۆ خوێندرایەوە؟

ئەدی لەکاتی نووسینەوەی فەرهەنگەکە لەلایەن ئێوە و مەلا عەبدوڵڵا و کاردۆیدا بۆچی ئەو بەندوباوە هەڵبەستراوانە نەبوو؟

**وەڵامی ٥ : گۆیا دەبێ یەکێکی لە بەغدایە تەعیین بکەم، کە سەرپەرشتی کاتی چاپی بکات، چونکوو مووچەخۆرەکانی کۆڕ لەوانە نین، ئەو کارە بەجێبێنن.**

پەرتووکی هەموو کەسێکی لەکاتی چاپیدا خۆتان سەرپەرشتی دەکەن و چەند سەد دیناریێکیشی بەچەند سەد بەرگێکەوە پێشکێشدەکەن. خۆ بەندە فەرهەنگەکەم بە هەموو مافییەکییەوە پێشکەش بە کۆڕی زانیاری کورد کردبوون سەرڕای ئەوەش هێشتا دەبێ یەکێکی لە بەغدایە بدۆزمەوە و چەند سەد دیناریێکیشی لە کیسەی خۆم بدەمێ، تا لە کاتی چاپیدا سەرپەرشتی بکات!

هەزاران ئافەرین بۆ ویژدانی پاکتان و بۆ هەستی بەرزی بێ پەڵەی کوردایەتیتان، خودا هەڵناگرێ کەرێکی باشتان دۆزیوەتەوە کەوا خەریکبوون باروسەرباریشی لێبنێن کەرانەشی لێبستێنن.

زانا و فەیلەسوفینە هەروەکوو لە شوێن خۆیدا باسکرا، ئەگەر هەڵەی زانستی زۆربایە هەروەکوو کاک ئیحسان شێرزاد و مامۆستا مەسعود و مامۆستا سوجادی و مەلا شوکور و دکتۆر ئەورەحمان بە زمان و نووسین پێیان ڕاگەیاندم، کە لێژنەی زمانەوانی و فەرهەنگ چەند جاران بڕیاری چاپکردنیان داوە. لێژنەکە چەند جاران بەبێ لێوردبوونەوە چۆن بڕیاری چاپیدەدات. ئەدی لێژنەی ناوبراو بۆچی باسی هەڵەی زانستی نەکرد؟

کە ئارەزووی چاپکردنیتان نەبوو، بۆچی هەمووتان بە کاردۆ و مەلا عەبدوڵلا نووسییەوە؟ ئەمن دام بە ئێوە کە چاپیکەن، یان نوسخەیەکی لێبنووسنەوە و هەڵیگرن بۆ دوای مردنی من؟

ئەگەر مەبەستتان دزی نەبا، کە مەلا عەبدوڵلا و کاردۆ نووسیبیانەوە چاپتان دەکرد، یا ئەو پارەی کە دەتاندا بە مەلا عەبدوڵلا بۆ سەرپەرشتی چاپ بتاندایە بە مەلا شوکور.

کە مەبەستتان چاپی بایە نزیکەی سێ ساڵتان لەلای خۆتان گلنەدەداوە، دەتاندامەوە و وای بەسەر نەدەهات، کە ببێتە مایەی شکانی ئێوە بە بەرچاوی دۆست و نەیاران، نە منیش سەرڕای پیری و هەزاران نەخۆشی کوژندە لە جیاتی تەقدیر. دڵشکاو دەبووم.

ئێمە لە گەرمێنیدا هەروا ڕێزگیراوین، ئەگینا چاپخانەیەکی ٦٢ ساڵ دامەزرابێ بۆچی دەبێ مەکینەیەکی گەورە و هەندێک تیپی تازەمان نەبێ، کە بتوانێ پەرتووکی گەورە چاپبکات و نەگەینە ڕادەیەکی وا، کە لەبەرچاوی ئەم و ئەو کەنەفت بین و بۆ چاپی قامووسەکانی خۆم و **٢٢ بەرگە مێژووەکانی کاکم داوێنگیری ئەم و ئەو بم.**

**ئێستاش ئەمن خۆ لە ڕچەی ڕاست نامەوێ لادەم، جا بۆ ئەوەی ئەو گلە و گازاندانە لە ڕۆژنامەکاندا پەخشنەکەم، نەوەکوو نەیارانی ئێوە قامکی تێوەردەن، تکایە بەبێدەنگی ئەوانەی خوارەوەم بۆ بنێرنەوە:**

**١) ٧٠٠ لاپەڕەکانی، کە مەلا عەبدوڵلا لەسەر فەرهەنگەکەمی نووسیوەتەوە *.**

**٢) بەڵێننامەکەی من، کە بڕیاروابوو دوای چاپی فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگی کوردستانیشتان پێشکێشبکەم.**

**٣) تەواوی دەستنووسەکانی من، کە لەلاتانە، تا بە جارێکی ڕەگ و ڕیشەی بەندیوارییەتیمان هەڵکەنرێ.**

**ئەگەر دیسان بڵێن پارەمان لە دەستنووسەکان سەرفکردووە، بەندە ژیانی خۆم لە گەنجێتی و پیرییەتی لەسەرداناوە. هی کاممان نرخدارترە؟**

**ئێوە لە کیسەی خۆتان فلسێکتان لێ سەرفنەکردووە، بەڵکوو کەوتوونەتە سەر گوژمەییەکی گەورە و بە کەیفی خۆتان تەخشان و پەخشانی دەکەن.**

**کە خوا نەخوازتە نەیاننێرنەوە وەباڵی ئێوە و منیشتان بە ئەستۆی، چونکوو بەڕاستی نەک دزیتان لە من کردووە و بەس و ئەمنتان شکاندووە، بەڵکوو هەتکێکتان پێکردووم، کە بەکەس نەکرابێ.**

**دزی لێکراو و ئابڕووبراو و دڵشکاو و هەتککراو**
**گیوی چارەڕەش موکریانی**

**بۆ زانیاری. ئەو ٧٠٠ لاپەرانە نەگەڕێندراونەتەوە.**
**کوردستان.**
**هەولێر ٢٠١٣/٦/١٦**
**بەڕێز کاک هۆمەری جاف.**
**سڵاو**

دەستخۆش بۆ ئەو نەخشەیەی بۆ ئەم بەرهەمەت کێشاوە. زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونت.

هیوادارم وێنەت زۆربێت.

من هێندێک دەستکاری لاپەڕەکانم کردووە، هەڵبەت بەپێی بابەتەکان. ئومێدەوارم بەدڵت بێت.

ئەم بابەتانەشم خستوونەتەسەر:

١/ نووسراوی بێژمارە لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٨/٢٦ دا ، کە بەپێی ڕێزبەندی ژمارە ٧ ی بەردەکەوێت.

٢/ وێنەیەکی ئەم نووسراوەی سەرەوە.

٣/ لێدوانێکی مەسعود محەمەد لە بارەی فەرهەنگەکانی گیو.

٤/ وێنەیەکی لێدوانەکەی مەسعود محەمەد.

٥/ وێنەیەکی خۆم و باوکم. بۆئەوەی لە لاپەرە ٣ دا بڵاوبکرێتەوە.

٦/ کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمە چاپکراوەکانی گیو. ئەمەیان بۆ کۆتایی بەرهەمەکەیە.

چەند تکایەک:

ئەگەرچی ئەو تکایانەی دەیانکەم باش لێی دەزانن، بەڵام هەر بۆ وەبیرهێنانەوە تۆماریاندەکەم.

١/ تکایە نێوی بابەتەکە لەسەر هەموو لاپەرەکانیش بکرێت بە:

دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد

٢/ تیپی ناونیشانی بابەتەکان لە ناوەرۆکەکانیان گەورەتربێت.

٣/ دێری یەکەمی هەر پەرەگرافێک چەند سپێسێکی بدرێتێ.

تکایە ئەم تێکستەی هەرەدوایی نامەکەی باوکم لەسەر بەرگی دواوەی دابەزێنن.

ئێستاش ئەمن خۆ لە ڕچەی ڕاست نامەوێ لادەم، جا بۆ ئەوەی ئەو گلە و گازاندانە لە ڕۆژنامەکاندا پەخشنەکەم، نەوەکوو نەیارانی ئێوە قامکی تێوەردەن، تکایە بەبێدەنگی ئەوانەی خوارەوەم بۆ بنێرنەوە:

. ٧٠٠ لاپەڕەکانی، کە مەلا عەبدوڵلا لەسەر فەرهەنگەکەمی نووسیوەتەوە.

. بەڵێننامەکەی من، کە بڕیاروابوو دوای چاپی فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگی کوردستانیشتان پێشکێشبکەم.

. تەواوی دەستنووسەکانی من، کە لەلاتانە، تا بە جارێکی ڕەگ و ڕیشەی بەندیوارییەتیمان هەڵکەنرێ.

ئەگەر دیسان بڵێن پارەمان لە دەستنووسەکان سەرفکردووە، بەندە ژیانی خۆم لە گەنجێتی و پیرییەتی لەسەرداناوە. هی کاممان نرخدارترە؟

ئێوە لە کیسەی خۆتان فلسێکتان لێ سەرفنەکردووە، بەڵکوو کەوتوونەتە سەر گوژمەییەکی گەورە و بە کەیفی خۆتان تەخشان و پەخشانی دەکەن.

کە خوا نەخوازتە نەیاننێرنەوە وەباڵی ئێوە و منیشتان بە ئەستۆی، چونکوو بەڕاستی نەک دزیتان لە من کردووە و بەس و ئەمنتان شکاندووە، بەڵکوو هەتکێکتان پێکردووم، کە بەکەس نەکرابێ.

**دزی لێکراو و ئابڕووبراو و دڵشکاو و هەتککراو**
**گیوی چارەڕەش موکریانی**
**لەگەڵ ڕێزی**
**کوردستان موکریانی**

٧ ـ نووسراوی بێ ژمارە لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٨/٢٦ دا

**بەغدا ١٩٧٤/٨/٢٦**

**زانا و بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا گیو**

لە قوڵایی دڵەوە سۆز و ناسەم پێشکەشدەکەم. لەگەڵ سۆز و تاسەشدا عوزری بێدەنگی و بێ نامەیی ئەو چەند مانگەی ڕابردووتان بۆ دێنمەوە. کورتەی وەزعی من ئەمەیە کە پەیوەندیشی زۆرە بە فەرهەنگەکەتانەوە: لیژنەی فەرهەنگ چەند کۆبوونەوەیەکی بەست بۆ خستنەژێر چاپی فەرهەنگەکەت بۆ ئەم مەبەستە کاکەی فەللاحی ڕاسپارد لەگەڵ چاپخانەیەکی بەغدادا ڕێککەوێت.. لیژنە گەیشتە بڕیارێک کە دەبوا بخرێتە بەرچاوی ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد بۆ ئەمە پەسەندی بکا و لەسەری بڕۆین. کۆبوونەوەی کۆڕ لە ڕۆژی ٧٤/٦/١٢ دا دەبوا بگیرێ کەچی لە ڕۆژی ٦/١١ واتە یەک ڕۆژ پێش ئەم کۆبوونەوەی کۆڕ، من دووچاری قەزاوقەدەری برینداری بوم و کۆبوونەوەکەی کۆڕ دواخرا. هەم لەبەر پەککەوتنی (نصاب) هەم لەبەر ئەوە کە نەبوونی من لە کۆبوونەوەکەیدا دەرگەی موناقشەکردنی باری لە چاپدانی دەبەست. تا ئەم ڕێکەوتە ناگەهانە بوو بە هۆی دواکەوتنی بڕیاری نیهایی لەبارەی فەرهەنگەکەوە. من لە ٦/١٦ لە خەستەخانە دەرچووم بەلام لە ماڵەوە ناساغ کەوتبووم و ئیجازەم هەبو تا ٧/١٦ . لە ڕاستیشدا بێهێزیم لەوە زیاتری خایاند.. لە دەوری ٦/٢٥ مامۆستا ئیحسان چووە دەرەوەی عیراق تا ئێستاش نەهاتۆتەوە.. لەم ڕۆژانە تەنها ٣ ئەندامی کۆڕ لە بەغدا ماوینەوە کە هیچ شتێکیان بۆ ناکرێت بڕیار نە لە بارەی فەرهەنگەوە نە لە هیچ بارێکی گرنگی ترەوە.. بە ناچاری چاوە نوری بەسەر چوونی پشووی هاوینە دەکەین بۆ پەیدا بوونەوەی ئەندامە سەفەر کردوەکان و کەوتنەوەگەڕی مەکینەی کۆڕەکەمان.

بڕوات نەبێ چ درێغی لە منەوە بوبی. بێگومان ناشبێ ، لێرە بە پێشەوە کە نامەت بۆ نووسیوم من کەوتەی ناو جێگە بووم. بە بەرمەوە نەبوو کاغەز بنووسمەوە، ئێستا بە هەل و دەرفەتم زانی ئەم چەند دێرەت بۆ بنووسم بە ئومێدی ئەوە کە لە ڕێی ورونکردنەوەی وەزعی تایبەتی خۆم و تێکرای کۆڕەوە عوزر پەزیری بفەرمون و لە کەم و کووڕی ناچاریش چاوبپۆشن. چ گومان لەوەدا نیە پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی کۆنینەمان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردن و پتر بەهێز بووندا دەبێ. لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیە و پاکانە بۆ خۆکردنەمدا دواجار و هەمیشەکات ڕێزم نوێ دەکەمەوە و دوعای خۆشی و تەنسازیت بۆ دەکەم.

**برات**

**جەلی زادە.**

**لێدوانێکی مەسعود محەمەد لەبارەی فەرهەنگەکانی گیو.**

هەوڵێکی نەزۆکم دا بۆ سوودوەرگرتن لەو گەلاڵەی فەرهەنگی کوردی، کە خوالێخۆشبوو مامۆستا گیوی موکریانی ڕەشنووسیکردبوو. دەمڕاستی لێژنەی فەرهەنگ بووم. بڕیارمان دا لەسەر دەستخستنی ئەو گەلاڵەیە. پێوەندیشم بە مامۆستا گیو کرد و (عربون) یشم بۆ هەنارد(٢٠٠ دینار). زۆرزۆر بە داخەوە، کە من ناچاربووم لیژنەی فەرهەنگ چۆلبکەم بۆ ئەوەی کاروباری لیژنەی چاپخانە و گۆڤار بە ئەستۆوە بگرم ( چونکە نەدەشیا ئەندامی کۆڕ لە سێ لیژنە پتر سەرپەرشتی بکات. منیش لیژنەی زمان و لیژنەی ئەدەبیشم بە ملەوە بوو). یەکسەر دوای من لیژنەی گۆڤار بە سەرپەرشتیلێکردنی دەمراستێکی دیکە، کە ئەندامی کارای کۆڕ بوو بڕیاری کۆنی هەڵوەشاندنەوە لە بارەی فەرهەنگەکەی گیوەوە.. مەرحوم هاتەلام بەکوڵێک پەژارەییەوە. ئەو دووسەد دینارەی بۆم هەناردبوو بێ ئەوەی دەستی لێدرابێت و لە هەمان زەرفدا، کە خۆم پارەکەم تێخستبوو نایەوە دەست منەوە. (بە) چاوی تەڕەوە گوتی: ئەم ڕۆژەم لەبەرچاوبوو.. ئەمە پارەکە بە دەقی خۆیەوە بۆتی دەهێنمەوە.. وای، کە کاری تێکردم بەڵام چ سوود!! ڕۆژنامەی ئاسۆ. گەشتی ژیانم ٣. ژمارە ٣٥. ٢٧ ی / شەعبان/ ١٤١٠ ک./ ١٩٩٠/٣/٢٤

**گیو موکریانی (١٩٠٣ مەهاباد – ١٩٧٧/٧/٢٤ هەولێر)**

**نێوی سیانی:** عەبدولرەحمان عەبدوللەتیف ئیسماعیل ناسراو بە گیوی موکریانی

١٩٠٣ لە مەهاباد هاتۆتە دنیا.

١٩١٣ لەگەڵ باوکی چووە بۆ حەڵەب لای حوسێن حوزنی موکریانی برای ژیاوە.

١٩٢٥ لەگەڵ حوزنی برای ڕوو لە ڕواندوز دەکات و ئەو چاپخانەیەی لە حەڵەب بوو دەگوازنەوە بۆ ڕواندز و لەوێ بە نێوی زاری کرمانجی دایدەمەزرێنن.

١٩٢٦ـ ١٩٢٩ بەڕێوەبەری کارگێری کۆڤاری زاری کرمانجی بووە.

١٩٢٩ دەگەڕێتەوە مەهاباد.

١٩٤٠ ڕوو لە هەولێر دەکات و ستۆدیۆی وێنەی هونەراوی تێدا دادەمەزرێنێت.

١٩٤٨ دەبێتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان.

١٩٥٤ – ١٩٦٠ کۆڤاری هەتاو دەردەهێنێت.

گیو شارەزایی لە زمانانی کوردی، فارسی، عەرەبی ئازەری، ئینگلیزی و فرەنسی هەبوو.

گیو موکریانی بە باوکی فەرهەنگی کوردی دادەندرێت، چونکە ئەم فەرهەنگانەی داناوە:

١ـ فەرهەنگی ڕابەر. عەرەبی – کوردی .چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٥٠ .

٢ـ فەرهەنگی کۆلکەزێرینە. کوردی، فارسی، عەرەبی، فرەنسی و ئینگلیزی. چاپخانەی کوردستان.هەولێر. چاپی یەکەم ١٩٥٥. چاپی دووەم ١٩٦٦.

٣ـ فەرهەنگی مەهاباد. کوردی – عەرەبی . چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٦١.

٤ـ فەرهەنگی کوردستان. کوردی ـ کوردی. هەولێر و ئیستانبول. لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ٢٠٠٠.

٥ـ فەرهەنگی نۆبەرە. عەرەبی – کوردی. لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر ٢٠٠٥.

٦ـ Ferhengi Kurdistan . Enstituya Kurdi. Amed ٢٠٠٤.

٧ـ فەرهەنگی مەهاباد. کوردی – عەرەبی. چاپی دووەم. لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر ٢٠١٢.

هەروا ئەم کتێبانەش بەرهەمی بیری ئەون:

٨ـ ناوی کچ و کوڕانی کوردی. چاپخانەی کوردستان . هەولێر. چاپی یەکەم ١٩٥٨ . چاپی دووەم ١٩٧٠. چاپی چوارەم ١٩٨٥ . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر ٢٠٠٢.

٩ـ ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٦٠.

١٠ـ گیونامە. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٦١.

١١ـ بۆپێکەنین. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٦٥.

١٢ ـ خەون نامە. وەرگێران. چاپخانەی کوردستان . هەولێر. ١٩٧١.

١٣ ـ ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی. بە زاراوەکانی سۆرانی. بادینی. فەیلی هەورامی. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٧٢.

١٤ ـ تعلم اللغة الكردية في ثلاثة اشهر بدون معلم. چاپخانەی کوردستان. هەولێر. ١٩٦٣. ١٩٦٩. ١٩٧٤.

گیوی موکریانی دیوانی دەیان شاعیری کوردی کۆکردوونەتەوە، ئامادەیکردوون و بەچاپیگەیاندوون:

١٥ ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٥٣ . ١٩٦٢.

١٦ ـ ئەحمەدی خانی. مەم و زین. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٦٨.

١٧ ـ دیوانی دڵدار. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ٢٥٧٣.

١٨ـ دیوانی کوردی. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ٢٥٧٣ . ١٩٧٣.

١٩ـ دیوانی ئەدیب. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ٢٥٧٣. ١٩٧٦.

٢٠ ـ دیوانی نالی . چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٧٣.

٢١ـ دیوانی ئەدەب. چاپخانەی کوردستان. هەولێر ١٩٧٦.

٢٢ـ دیوانی تایەر بەگی جاف. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٦٦.

٢٣ـ دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٦٩.

٢٤ـ دیاری مەلا محەمەدی کۆیە. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٦٩.

٢٥ ـ دیوانی سالم. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٧٢.

٢٦ـ دیوانی سافی. چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٧٣.

٢٧ـ کەشکۆڵی گیو. بەرگی یەکەم. کوردستان موکریانی ئامادەیکردووە و پێیداچووەتەوە. چاپخانەی عەلا. بەغدا ١٩٨٦.

٢٨ـ کەشکۆڵی گیو. بەرگی دووەم. کوردستان موکریانی ئامادەیکردووە و پێیداچووەتەوە. چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان. هەولێر. ١٩٨٨.




بەشێک لە بەرهەمەکانی (جوتەبرا) حوسێن حوزنی و گیو موکریانی

# وەرزشی بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی وەرزشیی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری وەرزشی بەدرخان
کاروان مەسعود عەلی

خولی سێیەم، ژمارە (١٧٤)، چوار شەممە، نیسان- ٢٠١٥/٤/٢٢ زایینی - بانەمەڕ ٢٧١٥ی کوردی - ساڵی چواردەهەم

کاروان مەسعود

## پێشانگای کتێب و نەبوونی سەرچاوەی وەرزشی

لە رۆژانی ٢-١٢ نیسانی٢٠١٥،لەشاری هەولێر دەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب کرایەوە،کەتیایدا سەدان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداریان تێداکردبوو،ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بەشداربووانی پێشانگاکە بوو پێشوازی گەرمی خوێنەر بوو لە کتێب.

بەش بەحاڵی خۆم بەو پێیەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەشداربوویەکی پێشانگاکە بوو،تا تەواو بوونی پێشانگای کتێب رۆژانە لەوێ بووم،هەزارەها ناونیشانی جۆراوجۆری کتێب بە چەندین زمانی جیاوازەوە بەر دیدەی خوێنەران دەکەوتن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی من بوو چ وەک خوێنەرێک چ وەک راگەیاندکارێکی وەرزشی، نەبوون یان کەمی سەرچاوەی وەرزشی کوردی بوو لەو پێشانگا گەورەیەدا، رۆژانە چەندین خوێنەر پرسیاری کتێبی وەرزشی کوردیان دەکرد بەڵام نەبوو، ئەگەرچی ئێمە وەک دەزگا بەدرخان کتێبێکی وەرزشیمان لەو پێشانگایە نمایش کردبوو بەڵام ئەوە تینوێتی خوێنەری وەرزشی کوردی ناشکێنێت و پێویستە سەرجەم دەزگا و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە، جگە لە بابەتەکانی تر ئاوڕێکی پڕ لە بایەخ لە کتێبە وەرزشیەکان بدەنەوە و چاپیان بکەن و لە زمانەکانی تریشەوە وەربگێردرێنە سەر زمانی کوردی، چونکە دڵنیام خوێنەرێکی زۆری دەبێت.

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و بەرێوەبەرایەتی وەرزشی سەر بەو وەزارەتی ساڵانە پلانێک بۆ بە چاپ گەیاندنی چەند کتێبێکی وەرزشی دابنێت جا چ وەرگێردراو بن یان نوسەرەکانی خۆماڵی بن، بەو کارە دەتواندرێت کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوەی وەرزشی دەوڵەمەند بکرێت یان تێزی ئەو ماستەر و دکتۆرایانەی کە لە بواری وەرزش دەنوسرێن بیان کات بە کتێب.

دەست خۆشی لەو برا نووسەرانە دەکەم کە لە رابردوو و بە ئێستاشەوە کتێب و سەرچاوەی وەرزشیان خستۆتە نێو رەفەکانی کتێبخانەی کوردیەوە،کە بەهۆیانەوە کتێبخانەی کوردی بە کتێبی وەرزشی ئاشناکراوە و دەوڵەمەندکراوە، بەڵام ئەوەش بەس نیە پێویستە هەموو بە لایەک هەوڵ و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی ساڵانە چەندین کتێبی وەرزشی بخەینە بەردیدی ئارەزوومەندانی وەرزش و وەرزشدۆستان و خوێنەران، ئیتر هەموو لایەک لە کەمی یان نەبوونی کتێبی وەرزشی و سەرچاوەی وەرزشی گرنگ نیگەران نەبن.

# لێدانی سزای پانینکا بە سیب مایەری ئەڵمانی تاقیکرایەوە

## ئەنتۆنین پانینکا دەناسی؟

**زاگرۆس نانەکەلی**

وەرزش جیهانێکی پڕ لەجموجۆڵی جەستەی وهزری و خۆشییە،تۆپی پێش یەکێکە لەو وەرزشانە،کە پڕە لەهونەرو ئاسای جوان ورێک،بەڵام بەدەر لەیاساکانی یاریزانەکان لەنێو لاکێشەی سەوز هونەری سەیر وسەمەرە و سەرسوڕمان ئەنجام دەدەن،کەدەبێتە مایە خۆشی بۆ ئامادەبوان وبینەران و هەروەها دەبێتە مێژوو بۆ یاریزانەکە و تیپەکەی.

لە(10) ساڵی رابردوو یاریزانەکانی تۆپی پێی جیهانی وەکو (تۆتی و پێرلۆ وزێدان وئیبراهمۆڤیچ و سێرجیۆ رامۆس و هاوار مەلا محەمەد و یونس مەحمود و عومەر عەبدولرەحمان (عموری ئیماڕاتی) ئەم لێدانە سزایەیان بەسەرکەتووی ئەنجام داوە،بۆیە ئەمە نوێ بوونەوەی لێدانی پانینکایە بۆ ئێستای تۆپی پێ.

**پانینکا کێیە؟**

ئەنتۆنین پانینکا یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی تۆپێ پێی ( چیکۆسلۆفاکیا) یە، لە رێکەوتی 2-10-1943 لەپراگ پایتەختی پێشووی ئەو وڵاتە لەدایکبووە، ساڵی 1967تا ساڵی 1981 بۆ یانەی (بۆهینیانس) ی براغی یاریکردووە،پاشان دەچێتە یانەی ( رابید ڤییەنا) ی نەمساوی و چوار وەرزش یاری بۆ دەکات لە ساڵی 1981 تا 1985،لەساڵی 1973 تا ساڵی 1982 بۆ هەڵبژاردەی چیکۆسلۆفاکیای پێشوو یاری دەکات و لەکۆی (59) یاری (17) گۆڵ تۆمار دەکات،لەم ماوەیە توانی جامی وڵاتانی ئەورپا ساڵی 1976 بۆ هەڵبژاردەکەی بەدەست بێنێت،هەروەها پلەی سێیەم لەهەمان پاڵەوانیەتی بەدەست بێنن ساڵی 1980.

**بۆچی سزای پانینکا بەناوی ئەنتۆنین پانینکا کرا؟**

ساڵی 1976 لە جامی وڵاتانی ئەوروپا کە وڵاتی یۆگۆسلافیای پێشوو بەرێوە چوو،یاریزانی هەڵبژاردەی چکۆسلۆفاکیا (ئەنتۆنین پانینکا) یەکێک بوو لە یاریزانە باش ودیارەکانی ئەو هەڵبژاردە و پاڵەوانیەتییەکە، لەکۆتایی ئەم پاڵەوانیەتییە هەردوو هەڵبژاردەی (ئەڵمانیای رۆژئاوا) ی پێشوو و هەڵبژاردەی (چکۆسلۆفاکیا) ی پێشوو گەیشتنە یاری کۆتایی.


یاری کۆتایی لەنێوان ئەڵمانیای رۆژئاوی پێشوو و چکۆسلۆفاکیای پێشوو

لەرێکەوتی 20-6-1976 لە یاریگای یاریگای (کرفینا زفیزدا) لە شاری (بەلگراد) بە ئامادەبوونی (45) هەزار هاندەر بەرێوەچوو،یارییەکە لەکاتی یاسایی وزیادکراو بەئەنجامی (2-2) یەکسان بوون، ناچار یارییەکە بە ئاقاریی لێدانی سزای یەکلاکەرەوە تێپەڕی،سزای یەکلاکەرەوە دەستی پێکرد و هەڵبژاردەی چکۆسلۆفاکیا و گۆلچیەکەی (زدینیک هرۆسکا) سزایەکی ئەڵمانیەکانی گەڕاندبووەوە، لێدانی پێنجەمی چکۆسلۆفاکیەکان ونۆیەمی یارییەکە بۆ یاریزان (ئەنتۆنین پانینکا) بوو،ئەوکاتە گۆڵچی ئەڵمانیای رۆژئاوا (سیب مایەر) بوو،لێدانی سزای یاریزان پانینکا بۆیەکەم جار بوو لەمێژوو بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت کاتێک یاریزان پانینکا تۆپەکەی بە هێمنی ولەسەرخۆ ئاراستەی ناوەراستی گۆڵی کرد و سیب مایەری گۆڵی ئەڵمانیا بۆ لای چەپ خۆی هەڵدا،کەچی بینی تۆپەکە بەشێوەیەکی سەیر لەناو گۆڵەکەیەتی وبەو لێدانەی سزای یاریزان پانینکا هەڵبژاردەی چکۆسلۆفاکیا بۆیەکەم جار لەمێژووی خۆی بووە پاڵەوانی جامی وڵاتانی ئەوروپا،بۆیە لەم مێژووە وبەم لێدانەی یاریزانی چکۆسلۆفاکیا ( ئەنتۆنین پانینکا) سزای بانینکا بەناوی ئەو یاریزانە کرا کە لەداهێنانی خۆی بوو و ئێستاش دەڵێن لێدانی سزا لەسەر بەشێوازی ( پانینکا).

**چۆن سزای پانینکا لەلایەن پانینکا هاتە کایەوە؟**

ئەنتۆنین پانینکا باسی چۆنیەتی هاتنە کایەوەی ئەو لێدانە سزایە دەکات،بەر لەوەی جامی وڵاتانی ئەوروپا دەست پێ بکات،هەڵبژاردەی چکۆسلۆفاکیا لە وڵاتی یۆگسلافیا مەشق وراهێنانمان دەکرد، لەگەڵ گۆڵچی هەڵبژاردەکەمان ( زدینیک هرۆسکا) دوای مەشق کردن ئەم لێدانە سزایەم تاقی دەکردەوە،هەروەها هەردەم گرۆمان لەسەر شوکولاتە دەکرد!، دەتوانم بڵێم 90% سەرکەتووبووم، بۆیە ئەمە داهێنانی خۆم بوو،تا گەیشتینە یاری کۆتایی رووبەڕووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووینەوە، یارییەکە گەیشتە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە، وەمنیش لێدانی سزای پێنجەم وکۆتایی بۆ هەڵبژاردەکەم جێ بەجێدەکرد و گۆڵێکیش لەپێش بووین ،بۆیە بەێ دودڵی لێدانی سزاکەم بە شێوازی خۆم لێدا و بۆ ناوەراستی گۆڵ وسیب مایەری گۆڵچی ئەڵمانیا بۆ لای چەپ خۆی هەڵدا و ئێمە بووینە پاڵەوان،بۆیە ئەگەر بتەوێت سەربکەوی تەنها یەک رێگا هەیە ئەویش دەبێت تۆپ هاورێت بێت، نەک دوژمن!.









**پانینکا بوو بە مێژووی لێدانی سزای پانینکا**

لێرەوە هەڵوەستەیەک دەکەین ودەڵێین نەتەوەکانی جیهان تێکڕایان تێکۆشانیان بۆ مرۆڤایەتی لامەبەستە،خۆشی وشادی وخەندە و پشوو و سەرکەوتن و هونەری ناوازە و یەکتر خۆش ویستن ،هەموو دەکرێتە چەپکە گوڵی ژیان لەبەرۆکی سەرکەوتووەکان دەدەرێت، کوردەوای خۆشمان دەڵێن (دەست دەچێ ،دەسکار دەمێنێ) ، بەڵی یاریزانی تۆپی پێی چکۆسلۆفاکیا (ئەنتۆنین پانینکا) ئێستا تەمەنی (72) ساڵە ولە ژیان ماوە، ساڵی (1976) واتە بەر لە (39) ساڵ لەمەوبەر سزایەکی لەسەر شێوازی خۆی وداهێنانی خۆی ئەنجامدا،چووە نێو مێژووی وەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی،تا مانەوەی ئەم گەردونە یاریزان (پانینکا) و لێدانی سزاکەی بەرانبەر گۆڵچی ئەڵمانیا (سیب مایەر)،خۆی ئەبدێت دەکاتەوە بە نەوەی نوێ.



# رۆژنامەنووسانی وەرزشی و وەرزشکاران لەساڵیادی رۆژنامەنووسی کوردی چی دەڵێن!؟

**ئا:کاروان مەسعود**

**ئەمرۆ 2015/4/22، 117 ساڵ تێپەردەبێت سەر دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بە ناوی رۆژنامەی (کوردستان) کە لایەن میقداد مدحت بەدرخانەوە لە قاهیرە چاپکرا،ئەمەش بووە هەوێنی رۆژنامەگەری کوردی و وەک رۆژنامەی دایک دەناسرێت،بۆ ئەم یادە رۆژنامەنووسان و راگەیاندکاران و وەرزشکارانی هەرێمی کوردستان دید و بۆچوونی جیاوازیان هەیە.**

**حەربی خالید/ سەرۆکی نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق**

بەرزو پیرۆزبێت ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی، بە هیواین ئەم ساڵ یادە ببێتە هۆکاریک بۆ پێشخستنی رۆژنامەگەری وەرزشی کە من پێم وایە لە ئێستادا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە،بەڵام بە بڕوای من رۆژنامەنووسانی وەرزشی پەرتەوازەن،بە هیوام ئەو پەرتەوازەیە نەمێنێت و هەموان لە یەک دەزگا یاخود سەندیکا یان لیژنەیەکی ئەکتیڤتر کارەکانیان ئەنجام بدەن،رۆژنامە و گۆڤاری وەرزشی سەربەخۆیان هەبێت،کە لە ئێستادا بۆشاییەکی گەورە لەو بوارە بەدی دەکرێت.

هیوادارم کۆمپانیاکان بیر لە دەکردنی رۆژنامە و گۆڤاری وەرزشی پرۆفیشناڵ بکەنەوە و شێواز و دیزاینی پێشکەوتوو بێت، تا چاوی خوێنەری وەرزشی بە وێنە و بابەتی جوان تێر بکات.

**سامان بریفکانی/رۆژنامەنووس**

راگەیاندنی وەرزشی لە کوردستاندا ماوەیەکی زۆرە لە قەیراندایە،نەبوونی دەزگایەکی سەرپەرشت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی راگەیاندنکار و بۆ گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی ئاست و شێوازی رادەربڕین و شێوازی نووسین و رێنماییکردنیان بۆ گەیشتن بە لوتکە،لاوازیی ئەدای لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشیی کوردستان هۆکارێکی گەورەی دروستبوونی ئەو قەیرانەیە،بە هۆی ئەو لاوازییە،ئەم خاڵانە هاتوونەتە کایەوە: پەرتەوازەبوونی راگەیاندنکارانی وەرزشی. نەبوونی زمانێکی نووسینی ستاندەرد. نەبوونی هەفتەنامەیەکی وەرزشیی تایبەت و بێلایەن. نەبوونی راگەیاندنکاری تایبەتمەند بە بوارێکی وەرزشیی تایبەت،نەبوونی خولی بەهێزکردن. نەبوونی سیمینار و کۆڕ،هەبوونی دیاردەی حزبایەتی و شارچێتی،ناعەدالەتی لە گەشتکردن،نەبوونی پەیوەندی بە دەزگاکانی راگەیاندنی وەرزشیی بیانی،بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە،بە بۆچوونی من پێویستە بە پەلە دەستەیەک لە راگەیاندنکارانی وەرزشی کۆببنەوە و هەوڵ بدەن لیژنەیەکی کاتی پێک بهێنن تاکو بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا جێگرەوەیەکی لیژنەکە پێک بهێنن و بە شێوەیەکی تەندروست خاڵەکان لەسەر پیتەکان دابنێن و راگەیاندنکارانی وەرزشی لەژێر چەترێکدا کۆ بکەنەوە و کار بۆ بەرەوپێشبردنی بواری راگەیاندنی وەرزشی بکەن.

**بەهمەن غەریب/ راگەیاندنکار**

رۆژنامەگەری وەرزشی هەنگاوی زۆر خراپی بەرەو دواوە ناوە، ئەویش بەچەند هۆکارێک ١- بەرپرسانی وەرزشی ئەم هەرێمە باوەریان بە رۆژنامەگەری وەرزشی نیە و کارئاسانی بۆ رۆژنامەنووسان ناکەن ٢- بەرپرسانی وەرزشی زانیاریی دەشارنەوە و جیاوازی دەکەن لەناو دەزگاو رۆژنامەنووساندا ٣- بەرپرسانی وەرزشی رەخنە قبوڵ ناکەن و تەنیا ستایشیان پێخۆشە ٤-بەشێک لە رۆژنامەنووسان هەژمونی حیزبی زاڵە بەسەریانداو پیشەکەیان کردۆتە قوربانی دڵی حیزب.

**مەسعود حەسەن/ رۆژنامەنووس**

ناتوانین بڵێین راگەیاندنی وەرزشی هیچی نەکردووە، هەوڵ و هەنگاوی بەردەوام هەیە بەڵام وەکو پێویست نییە، راگەیاندنی وەرزشی نەیتوانیوە بەدروستی و بەکاملی رۆلی خۆی ببینێت و ببێتە چاودێرێک بەسەر کەموکوڕیی و گیروگرفتەکانی وەرزش لە هەرێمی کوردستان،چونکە دابەشبوونی رۆژنامەنوسانی وەرزشی بەسەر دەزگا حزبییەکان وای کردووە کە رۆژنامەنوس نەتوانێت بە ئازادی رەخنە بگرێت و پەنجە لەسەر کەموکوڕییەکان دابنێت،چونکە لەکاتی رەخنەگرتندا نانبڕاو دەکرێت. نەمانبینیوە بە وتار و بەدواداچوونی رۆژنامەنووسێکی وەرزشی بەرپرسێک دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆربەی کاری رۆژنامەنوسانی وەرزشی لەچوارچێوەی هەواڵ و راپۆرت خۆی دەبینێتەوە،پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی کار لەسەر گەندەڵی وەرزشی دەکەن ئەمە لەکاتێکدایە کە لە کوردستان چەندین نادادپەروەری و فرەپۆستی و گەندەڵی وەرزشی بەدی دەکرێت.

دەستنەکەوتنی زانیاری، گرفتێکی ترە کە بەرۆکی زۆربەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی گرتووە،پێدانی زانیاری لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە زۆر ئەستەم بوە،لیژنەی رۆژنامەنوسانی وەرزشی کەسەر بە سەندیکایە نەیتوانیوە ببێتە چەترێک بۆ رۆژنامەنوسانی وەرزشی، نەیتوانیوە رۆلی خۆی ببینێت بۆ پێشخستن و رۆشنبیرکردنی رۆژنامەنوسانی وەرزشی بە کردنەوەی خولی جۆراجۆر، بوون و نەبونی لیژنەکە وەکو یەکە، دەکرێت لەڕێگای ئەو لیژنەیەوە قورسایی و هەیبەتی رۆژنامەنوسی وەرزشی پارێزراو بێت و مافەکانیان دەستەبەر بکات، چونکە ماوەیەکە هەست بەوە دەکرێت بەچاوێکی کەم سەیری پیشەی رۆژنامەنووسی وەرزشی دەکرێت،لە ساڵرۆژی رۆژنامەگەری کوردیدا داوای باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی رۆژنامەنوسانی وەرزشی دەکەم و داوا دەکەم ئاورێک لە گوزەرانی رۆژنامەنووسانی وەرزشی بدرێتەوە.

**ئەحمەد شوکر/ یاریزانی تۆپی پێ**

رەوشی رۆژنامەگەری وەرزشی لەکوردستاندا لە دۆخی هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆیی نوسین و را دەربڕینی واقیعیانەیە بەرامبەر رووداوە وەرزشیەکان کە ئەمە ئاواتی هەموومانە ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی ببێتە هۆی چالاککردنی پێنوسەکان بۆ دیاری کردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی وەرزشی ناوخۆیی و گرنگیدان بە رۆڵەکانی ئەم وڵاتە تاکو بەهرەو تواناکانیان بناسێنرێت و بتواندرێت پێنوسەکان ئاراستەکانیان بەرەو راستیەکان بێت و کاریگەری کەسی بەسەرەوە نەبێت.

**هەردی مالیک / رۆژنامەنووس**

بەداخەوە لە کوردستان رۆژنامەی وەرزشی تایبەتمەند زۆر کەمە، ئەوانەی هەشن پشکی شێریان داوەتە وەرزشی دەرەوە، من بەش بە حاڵی خۆم پارە بە رۆژنامەیەک نادەم کە تەنیا بە وێنەی یاریزانانی ئەورووپی و خانمە تێنسزانەکان لاپەرەکانی پر بکاتەوە، ئێمە لە ئێستادا زۆرترین کار لەسەر وەرزشی نێوخۆ بکەین و بابەتە هەستیارەکان بورژێنین، بە رای من ئەگەر رۆژنامەنووسێک و رۆژنامەیەکی وەرزشی بە بابەتە نێوخۆییەکانیان شەقام وەرزشی نەجولێنن، ئەو رۆژنامەیە کەمترین خوێنەری دەبێت. هۆکارێکی تریش کە بووەتە هۆکاری کەم خوێنەری رۆژنامە وەرزشییەکان بوونی پێگە و ماڵپەرە وەرزشییەکانن.


خاڵێکی تر حەز دەکەم ئاماژەی پێبکەم زۆربەی ئەو پەیامنێرانەی لە رۆژنامە وەرزشییەکان، یان لە لاپەرە وەرزشییەکانی رۆژنامەیەکی سیاسی کار دەکەن مەیدانی نین! زۆربەیان بە تێل زانیارییەکان وەردەگرن، ئەمەیش تا رادەیەک پیشەکەی ناشیرن کردووە و بووەتە هۆکارێک کە وەرزشوانان و وەرزشدۆستان دوور بکەونەوە لە خوێندنەوەی رۆژنامە وەرزشییەکان.

**ئاکۆ بیبانی/ راگەیاندنکار**

پێم وایە بواری رۆژنامەنووسی هەنگاوی گەورەی بڕیوە بەڵام هێشتا لەجێگەی تموحدا نییە،هەمیشە رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەم وڵاتەی ئێمەدا لە پلەی دووەمدا دێن،دوای رۆژنامەنووسانی سیاسی،دەربارەی دۆخی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەکەرکوک بە بۆچوونی من سەرباری پێشکەوتنەکان هێشتا رۆژنامەنوسان خودی خۆیان نەیانتوانیوە تەجاوزی حیزبی بکەن لە رووماڵکردنی کاروچالاکیەکاندا بەئاشکرا ئەوە هەستی پێدەکریت،بەو هیوایەی لەساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا، رۆژنامەنوسانی وەرزشیش بە شێوەی پرۆفیشناڵانە کاربکەن و هەنکاوی یەکەم و سەرەتایان بەرەو پێش بردنی وەرزشی کوردستان بێت .

**ئاکۆ عەبدولقەهار/رۆژنامەنووس**

رۆژنامەگەری کوردی لەم چەند ساڵەی دوایی بەرەوپێش چوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام ئەوبەرەوپێش چوونە تاچەند خزمەتی گشتی کردووە ؟ ئایا ئەوەندەی لەخزمەتی تاکن ئەوەندە سوود بەگشتی دەگەیەنن؟ بە بۆچوونی خۆم نەخێر چونکە ئێستاش زۆرێک هەن لەپێناو دەستکەوتنی ئافەرینێک بەسەرپشتی میللەت و دۆستانی دەکەوێت تا ئێستاش راگەیاندنکار هەیە تەنیا بۆ شان و باڵای تاکەکان کاردەکات . ئەمە جگەلەوەی راگەیاندنی کوردیش گەیشتۆتە رادەیەک کەرەخنەی توند ئاراستەی سەرو و بەرپرسەکان دەکات بەڵام لەکەشێکی جیاوازدا چونکە ئەوانەی ئەم کارەدەکەن هەمیشە دەبێت ئامادەیی ئەوەی تیابێت کەوەڵامی دەدرێتەوە نمونەش زۆرن،بەڵام بەگشتی رۆژنامەنووسی بەتوانا هەن کەبەم دوایە هاتوونەتە مەیدان و رۆڵێکی بەرچاویشیان هەیە لەگەیاندنی چالاکیە وەرزشیەکان بۆ هەواداران و جێگای دەست خۆشی گشت لایەکن و رۆژانەش کارەکانیان شاهیدیان بۆدەدەن و هیوادارین بەردەوام بن.



**زاگرۆس نانەکەلی**

لەیادی 117 ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی

## میدیای وەرزشی کوردی لەکێی هاوکێشەکەیە؟!


لەوانەیە بڵێن ناونیشان یاخود مانشێتێکی زەبەلاح و ناوەرۆکێکی خاڵی بەرجەستە بکەین! کێ دەڵێ وایە؟ کێ دەڵێ راست نیە،ئەگەرەکان خۆیان لەنێوان بەڵێ ونەخێرە،بۆیە دەبێت نرخی سین لەم هاوکێشە قورسە مێژوو و ئەکادیمیە بدۆزینەوە.

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم رۆژنامە بەناوی کوردستان ساڵی (1898) و دوای تەنها (23) ساڵ و لە رێکەوتی 2-6-1921 رۆژنامەی (پێشکەوتن) بابەتێکی وەرزشی بەناوی (ئەسپ تاودان ) بڵاوکردەوە،پاشان هەواڵەکەی گۆڤاری ( روناکی) ساڵی 1935 کە ( حوزنی موکریانی لەژمارە (2) ی ئەم گۆڤارە هەواڵێکی وەرزشی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت دەوڵەمەند وناودارانی هەولێر بۆ موسابەقە کاسێکی زیویان دروست کردووە، دواتر لەساڵی 1960 لە گۆڤاری رۆژی نوێ (عەلی ئەحمەد تەها) دیمانەیەکی وەرزشی لەگەڵ سکرتێری یانەی سلێمانی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی وەرزش،ئەمجارەیان لەرێکەوتی 6-5-1967 رۆژنامەی برایی ئاگادارییێکی وەرزشی بڵاوودەکاتەوە کە هەواڵی وەرزشی هەبوو بۆیان رەوانە بکەن،چونکە لەم رۆژنامە لاپەڕەیەکی وەرزشییان تەرخان کردووە،ئینجا گۆڤاری سلێمانی ورۆژنامەی هاوکاری ورۆژنامەی ژین و کاروانی وەرزش و ئینجا ساڵی 1994 یەکەم پاشکۆ لەرۆژنامەی وەرزشی کوردی ئازاد لەدایکبووە بەناوی (پاشکۆی مۆندیال).


ئەمە وەکو مێژوو،بەڵام ئێمەی میدیاکارانی وەرزشی دوای تێپەڕبوونی (117) ساڵ ئێمە لەکوێی ئەم مێژووە و هاوکێشەداین،دڵنیام لەسەدەیی بیست ویەک وسەردەمی جیهانگیری و تەکنەلۆژیا وپێشکەوتن و لوتکەی میدیای وەرزشی جیهانی داین،کەچی میدیاکارانی کورد تا ئێستا دەزگایەکی وەرزشی تایبەتمان نیە،هەروەها کەرستەو کەل وپەلی میدیای وەرزشی جیهانیش تائێستا بەلای ئێمە تێنەپەڕیوە،هەورەها رێکخراوێکی سەربەخۆی میدیای وەرزشیمان نیە تا هەموومان بەیەکەوە کۆبکاتەوە،تەنانەت زۆربەری زۆرمان نازانین یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی وەرزشی (ئیپس) نەک ئەندام بین بەڵکو زانیاریشمان لەسەری نیە،ئەمە جگە لە ئاسیایی وعەرەبی و عێراقیش هەندێک رۆژنامەنوسی وەرزشی بە حوکمی برادەرایەتی ئەندامن.

لەهەمووش سەیرتر تا ئێستا میدیاکارانی وەرزشی کورستان ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان نیە، ئەو ناسنامەی کە وەریان گرتووە سەر بەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، واتەگشتیەکەیە، بۆیە پارساڵ دیمانەیەکم لەگەڵ نەقیبی سەندیکا ئەنجامدا وتی:بۆ ساڵی ئایندە میدیاکارانی وەرزشی ناسنامەی تایبەتی خۆیان دەبێت!

بۆیە من وێرای پیرۆزبایم بۆ تێکڕایی میدیاکاران ورۆژنامەنووسانی کوردستان، دەبێت نرخی سین لەم هاوکێشە بدۆزنەوە کە میدیاکارانی وەرزشییە،ئەگەرنا سین لە کۆتایی جارانی (سفر) بکریت، دەبێتە سفر،کە هیوادارم وانەبێت!.



حەربی خالید



سامان بریفکانی



بەهمەن غەریبش




مەسعود حەسەن




ئەحمەد شوکر




هەردی مالیک



ئاکۆ بیبانی



ئاکۆ عەبدولقەهار




## وەرزێکی تر



# گەمەی مرۆڤە دووڕووەکان

**سمکۆ عەبدولکەریم**

**( کاتێ کە «گا» یەک، تیژ، بەلاتدا تێدەپەڕێ، ئەگەر نەتوانی لە پێشەوە قۆچی بگری و بەرزەفتی بکەی، ناتوانی لە پاشەوە کلکی بگری و بیوەستێنی)**

**داغستانی من- ی هەمزە تۆڤ**

لە سەرەتای ژیاندا مێشکمان هێندە بچکۆڵە بوو، مەودای ئەقڵمان هێندە کورت بوو نەمانتوانی لە خۆمان تێبگەین، دەرک بە هەموو شتێک بکەین، نەمانتوانی لەوە تێبگەین کە، کەسێک چۆن دەتوانێ لە یەک کاتدا شیرینی ببەخشێتەوە و مرۆڤیش بکوژێ، شیعر بۆ جوانی، بۆ خۆشەویستی، بۆ ژیان، بۆ ئاوەدانی بنووسێت، تفەنگیشی بە شانەوە بێت، ئەمە وەک ئەوەی کە نزار قەبانی سەبارەت بە باوکی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: « باوکم هەم حەڵوای دروست دەکرد، هەم شۆڕش، من سەرسام بووم بەم دووڕوییەی ئەو، واقم وڕما کە باوکم چۆن دەتوانێ شیرینی لە گەڵ توندوتیژی کۆبکاتەوە.

بۆیە ئەوە تەنیا مرۆڤە بەم مێشکە بچکۆلانەیەوە، دەتوانێ بە هەموو شتێک رابگات، بە زەوی، بە ئاسمان، لە ئاودا مەلە بکات و بجەنگێ، لە زەویدا یاری بکات و بجەنگێ.

بەڕاستی سەیرە، مرۆڤەکان بۆ هێندە لە داخی یەکتر دەتلێنەوە، هێندە بێز لە یەکتر دەکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا هێندە شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، ئەمە چ سەلیقەیەکە، خوا بە مرۆڤی داوە، چ ئەقڵێکە، چ مێشکێکە، چ دەروونێکە، خوا پێیداوە.

«نف»ی تەلارساز کاتێک لە گەڵ «موسا»دا قسەی دەکرد خۆزگەی بە «خۆر»برد، کاتێک خۆر لە بارەگای خۆرئاوابووندا نیشتەجێ بوو.

وتی: ئەمە بابەتێکی تازە نییە زۆربەی خەڵکی پابەند نین بە بەڵێن و گوتەکانیانەوە، وەفای راستەقینە بوونی نییە، ئەوانەی وا خۆیان دەنوێنن کە بیروباوەڕێکی تایبەتیان هەیە، تەنیا بۆ مەبەستێکی تایبەت و فریودانی خەڵکی وا دەڵێن، بۆیە خۆر خۆی دەشارێتەوە و نایەوێ چیتر چاوی بە خەڵکی دووڕوو بکەوێت.

هاوڕێکەم بۆی گێڕامەوە، کاتێک بەم شاخانەوە بووین، شۆڕشگێڕێک نامیلکەیەکی نووسی» شۆڕشگێر کییە؟» زۆری پێنەچوو شۆڕشگێرەکە خۆی بەدەستەوەدا.

عاریفەکان ئەقڵیان بە هاوتای زانست زانیوە، وەک روناکییەک لێیان روانیوە، کە مرۆڤی لە تاریکی و نەزانین دەربازکردوە، بە یەکێک لە فاکتەرەکانی نزیکبونەوە لە خەڵوەتی هەق-یان، وێناکردوە، عاریفەکان «دڵ» یان بە دوژمنی هەمیشەیی»ئەقڵ»داناوە. پاولو کۆیلۆش، باش بیرکردنەوەی، بە بەرهەمی ئەقڵ زانیوە و لە زاری کۆنڤۆشیۆسەوە دەڵێت:» باش بیرکردنەوە، واتە، بزانیت بە چ شێوەیەک لە زەین و دڵ، لە نەزم و هەستکردن کەڵک وەربگریت» بۆیە لای من دڵ و سۆز وەک نەسیمێک وایە هەر ئەو دەمە دێت و دەڕوا، بەڵام ئەقڵ کە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە هەردەمێنێ.

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
Facebook: دەزگای بەدرخان
bedirxanpp@gmail.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر-ئەڵمانیا

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
■ حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
بەڕێوەبەری نووسین:
■ نیهاد جامی
nihad_jami@yahoo.com
■ سکرتێری نووسین: کاروان مەسعود
karwanpress@gmail.com
■ نەخشەساز: کاوە فاروق

■ راوێژکاری زمانەوانی: د.وریا عومەر ئەمین
■ راوێژکاری رووناکبیری: د. عادل گەرمیانی
■ راوێژکاری کەلتووری: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم
■ راوێژکاری رۆژنامەوانی: سمکۆ ئەنوەر
■ راوێژکاری هونەری: نامیق عەلی قادر
■ راوێژکاری یاسایی: مافپەروەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +